www.kurdistannet.org

# دوای هەژانی دنیا

«بەشێک لە ڕا و بۆچوونی روناکبیرانی کورد و جیهان
سەبارەت بە رووداوی ١١ی سیپتەمبر»

## وەرگێڕان و ئامادەکردنی: ڕێبوار کەریم وەلی

www.kurdistannet.org

ناوی کتێب: دوای هەژانی دنیا
«بەشێک لە ڕا و بۆچوونی ڕوناکبیرانی کورد و جیهان
سەبارەت بە ڕووداوی ١١ی سیپتەمبر»
وەرگێڕان و ئامادەکردنی: ڕێبوار کەریم وەلی
***rebwar2001@yahoo.com***

ژمارەی سپاردنی بە کتێبخانەی نیشتمانی( ٧٦ )ساڵی٢٠٠٢

پێرست

پێشەکی ........................................................3
محمەد حسنەین هەیکەل ....................................4
ئیدوارد سەعید ...................................................9
ئیدوارد سەعید ...................................................13
یۆرگن هابرماس ................................................15
گۆنتەرگراس ....................................................17
خۆزێ ساراماگۆ .................................................20
ژاک دریدا..........................................................22
تاهیر بن جەلون .................................................24
ئاڤرام نوام چۆمسکی ..........................................28
سامۆئێل هنتگتن ...............................................30
ئێمبرتۆ ئیکۆ .....................................................32
ئارۆند هاتی .......................................................36
ئێمبرتۆ ئیکۆ .....................................................38
گۆر وایدڵ .........................................................44
ئێریک هابسباوم ................................................47
دۆکتۆرۆف .........................................................49
پییێر بۆردیۆ .......................................................53
سەرۆ قادر .........................................................56
جەمال نەبەز ......................................................61
مێزگردێک .........................................................67
(سەرۆ قادر-مەهدی خۆشناو-سەلاح بەدرەدین-ئازا حەسیب قەرەداغی)
فەرهاد شاکەلی ..................................................75
فەرهاد شاکەلی ..................................................79
ئازا حەسیب قەرەداغی ......................................86
ئازا حەسیب قەرەداغی ......................................93
بەختیار عەلی ....................................................97
ڕێبوارسیوەیلی ..................................................112

www.kurdistannet.org

# پێشەکی

ئەم وتارانەی بەردەستتان، بیروڕای ژمارەیەک خاوەنفکرو ڕۆشنبیری ناسراوی جیهان و کوردستانن، کە سەبارەت بە قۆناغی ئێستای دنیا تیایدا دەژیت ڕاوبۆچوونی جیاوازیان دەربڕیوە.

ئەمەریکا شەڕی سێیەمی جیهانی دەستپێکرد، بەناو بۆ دژایەتی کردنی تیرۆر. پشتیوانییەکی نێودەوڵەتیشی لێکرا- هەرچەند بەشێکی ئەم پشتگیرییە بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتدا لەترسی کوتەک بوو.

لەم گفتوگۆیانەدا، نیقاش لەسەر چۆنیەتی بەرخورد لەگەڵ کولتوری ڕۆژهەڵات کراوە. بۆچی ڕۆژهەڵاتییەکان بە توندی بەرەنگاری کولتوری ڕۆژاوا دەبنەوە؟ ئەی بۆ ڕۆژاوا کەمتر حساب بۆ کاریگەریەتی کولتوری ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی لەسەر ئەو فەرهەنگە دەکات کە بە جیهانگیریی ناودەبرێت؟ بۆچی سەرچاوەکانی توندوتیژی تا دەگاتە ئەوپەڕی تیرۆڕ هەمووی لە جیهانی ئیسلامەوەن، ئایا ئەمە بە شناسنامەی فەرهەنگی گەلانی ئیسلامی دادەندرێت؟

لە کوردستان، ڕوناکبیران چۆن ڕوانیانە ئەم گفتوگۆ و هەڵزۆقینەوە گێتییە؟ چەند کەوتنە بەر کارتێکردنی ئەو کولتورەی ئیسلامییە توندڕۆکان دایانڕشتووە؟ ئەدی کاتێک ڕۆژاوا کوردستان لەدەست وێرانکاریی براموسوڵمانە هاوڕۆژهەڵاتیەکانمان دەپارێزێت، چەند لە ڕوانگای ڕوناکبیرانی ئێستای گۆڕیوە تاکو بە چاوی بەرژەوەندی نیشتیمانی، وەک دەڵێن سیاسییانە بڕواننە کێشەکە؟

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە، بیروڕای ئەم ڕۆناکبیرانەمان لە دوتوێی ئەم کتێبەدا کۆکردەوە، تاکو خوێنەری کورد بتوانێ هەموو ڕەنگەکان ببینێ و لە چەند پەنجەرەی جیاوازەوە، کێشەی نێوان شارستانیەتەکان بخوێنێتەوە. ئەو کێشەیەی بەرەو گفتوگۆ دەچێ بەڵام شێوازی سەپاندنیشی تێدا بەدیدەکرێت. چونکە وەک سوننەتی مێژوو بووە؛ هەمیشە پشکی فرە بۆ براوە بووە.

**ڕێبوار کەیم وەلی**
**کانوونی دووەمی٢٠٠١**

www.kurdistannet.org

# ئاگرێک لە ئەمەریکا و لە جیهان

**محمەد حسنەین هەیکەل**

یەکەم: هەمووان دەزانن کەچی تووشی سەرسوڕمان دەبن

گەوارەی ئاگر و کاولبوونی نیویۆرک و واشنتۆنی سەر لە بەیانیی ڕۆژی ١١ی ئەیلولی ٢٠٠١، چەند سەعاتێکی بەسەردا تێپەڕی، ئینجا سەرۆکی ئەمەریکا بە حەپەساوی و سەرسوڕمانەوە بە دیارکەوت و، دوای چەند سەعاتێکی دیکەش هاتەوە سەر خۆ و، ئەوەی ڕووی دا بە (ڕاگەیاندنی شەڕ لە دژی ئەمەریکا)ی لە قەڵەم دا.

لەوەشدا (جۆرج بوش) هیچ بەهانەیەکی نەبوو، تەنیا ئەوە نەبێ کە (کەسێکە ئاگادار نییە، یان نەیتوانیوە لەو (مەسەلەیە) تێبگات کە پێشتر بۆی باس کرابوو و، لەبەر دەمیدا گفتوگۆی لەسەر کرابوو، ئەو مەسەلەیەی کە پەیوەستە بە ئاسایش و بەرژەوەندیی ئەمەریکا، تەنانەت ئەو (مەسەلەیە) نەک هەر گفتوگۆ و باس کردن، بەڵکو ستراتیژییەتی پێویستیشی بۆ ئامادە کرابوو بۆ مامەڵە لەگەڵ کردن و بەرەنگاربوونەوەی لە کاتی هاتندا، هەمووش پێیان وابوو کە دێت، چونکە بەپێی هەموو لێکدانەوەیەک لەسەر ئاسایش و بەرژەوەندییەکان لە دوارۆژدا (شێوازی داهاتووی بەرەنگار بوونەوەیە).

کاتێک (جۆرج بوش) لەو حەپەسان و کتوپڕییەی بەخۆ هاتەوە و ڕووداوەکەی بە (ڕاگەیاندنی شەڕ) داناو، بەو پێیەش هەڵسوکەوتی کرد، ئەوکاتە (بوش) سەرکردەیەکی دۆڕاو بوو، ئەو شەڕەی دۆڕاند کە چاوەڕێی دەکرد و خۆی بۆ ئامادە کردبوو، تەنانەت ئامادەباشیی بۆ بەرەنگار بوونەوەش کردبوو. ئەو کەموکورتییەشی (یان لەبیر چوونەوەشی) لەو ساتە یەکلاکەرەوەیەدا، زیانێکی یەکجار گەورەی لێکەوتەوە: ئەمەریکا هەزاران هاووڵاتیی لە دەست دا، دەیان ملیار دۆلاری زەرەر کرد، هەروا بەشێکی گەورەشی لە شکۆمەندی و خۆ بەگەورە زانیی لە دەست دا، کە ئەوەش بۆ زلهێزێکی وەک ئەمەریکا کارەساتێکی بێ سنوورە، بەتایبەتیش کە تاکە زلهێزی ئەو سەردەمەیە کە بەسەر سیستەمی جیهانیدا زاڵە، یان لە هەوڵی ئەوەدایە زاڵ بێ.

لە واقیعدا سەرۆکی ئەمەریکا لەوساتە ترسناکانەی گەلەکەیدا دە سەعاتی ڕێک (لە دەی بەیانییەوە تا هەشتی ئێوارە) لە نووسینگەکەی خۆی و بنکەی سەرکردایەتییەکەی دوور بوو و، لە ناو فڕۆکەیەک لە ئاسماندا دەسوڕایەوە و، نەیدەتوانی بڕیارێک بدا.

حاڵی سەرۆک لەو ماوەیدا بە نهێنی نەمایەوە، چونکە لە ناو ئەو فڕۆکەیەی ئەوی تێدا بوو، ژمارەیەک ڕۆژنامەنووسی (تیروپشک)یش هەبوو: (سەرۆک لە ڕێگەی تیروپشکەوە ئەو ڕۆژنامەنووسانە هەڵدەبژێرێ کە لە گەشتەکانیدا لەگەڵیدا دەبن)، سەرەڕای ئەوەی ئەو ڕۆژنامە نووسانە پەیمانیان دابوو لەو بارەیەوە هیچ نەنووسن بۆ ئەوەی ئەو هەلە لە دەست نەدەن گەر جارێکی دیکە بەخت یاوەریان بۆوە، کەچی قسە و باسەکانیان بە وردەکارییەکانەوە بابەتی هۆڵەکانی ڕۆژنامەنووسی و کەناڵە ئاسمانییەکان و ڕۆژنامەکانی نیویۆرک بوو، گێڕانەوەیەکیان بەو شێوەیە: کاتێک سەرۆک بوش لە قوتابخانەیەکی فلۆریدا و لەنێو دەستەیەک قوتابیی منداڵدا خەریکی قسەکردن بوو و، هەواڵەکە یان پێ ڕاگەیاندن، سەرەتا باوەڕی نەدەکرد و زمانی تێک ئاڵاو دەموچاوی زەرد هەڵگەڕا، بەتایبەتیش کە هەواڵی پێدرا سەرۆک خۆی لەژێر هەڕەشە دایە و یەکێک لە فڕۆکە (ڕۆکێتەکان) بە شوێن ئەودا دەگەڕێ، لەو ساتەدا ئەو کەسەی بە تەنیا کلیلی هێزی ناوکیی ئەمەریکای بە دەستە لە سەرۆکی (دنیا)وە بووە دیلێک بە دەست پاسەوانە تایبەتییەکانییەوە، پاسەوانەکانیش بڕیاریان دا تا بارودۆخەکە بە تەواوی ڕوون نەبێتەوە و، تا دوا نیشانەی مەترسی لەسەر پایتەخت دوور نەکەوێتەوە، سەرۆک ناگەڕێتەوە واشنتۆن. لەبەر ئەوەش کە

www.kurdistannet.org

نەدەکرا سەرۆک لە فلۆریدا بمێنێتەوە، فرۆکەکەی بەرەو (لویزانا) بەڕێکەوت و چوار فرۆکەی شەڕکەریش بۆ پاراستنی شوێنی کەوتن. لەوکاتەدا (دیک چینی) پەیوەندیی بە سەرۆک کرد، کە لە نێوان زەوی و ئاسماندا، گیری خواردبوو، سەرۆک پێی ڕاگەیاند کە ئەو دەیەوێ بە زووترین کات بگەڕێتەوە واشنتۆن، بەڵام (ئەو پیاوانە) نەک تەنیا لەبەر خودی خۆی بەڵکو لە پێناو هەموو ئەمەریکا ڕێگەی پێنادەن، (دیک چینی) داوای لێکرد گەر بڕیاری سەرۆک ئەوەیە ئێستا نەگەڕێتەوە واشنتۆن، باشتر وایە بچێتە بنکەی سەرکردایەتیی هێزی ئاسمانی لە (نبراسکا) کە بنکەیەکی یەدەگی سەرۆکایەتیشی لێیە و، ئامادەبوونی سەرۆک لەوێدا و لەوکاتەدا کارێکی باشە، ئیتر فرۆکەی سەرۆک بەرەو (نبراسکا) بەڕێ کەوت و، ژمارەیەک لە سەرکردایەتیی دەوڵەت و حزبەکەی پەیوەندییان پێوە کرد و، نیگەرانیی خۆیان دەربڕی لە دواکەوتنی سەرۆک، ئەویش بەهانەی بە مەترسییەکان و پاسەوانەکان هێنایەوە. تا (بەر بارە بوش)ی دایکی پەیوەندیی پێوەکرد و، پێی گوت کە (هەموو ئافرەتانی ئەمەریکا، چ هاوسەر بێت یان دایک یان خوشک یان کچ، پێیان ڕاگەیاندووە (بە بەربارە) کە ئەوان ئەوکاتە دڵنیا دەبن کە کەسی بەرپرس لە هەموو ژن و پیاوانی نیشتمان لە نووسیگەی خۆیدا بێت و ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات)، ئەویش وەک دایکی سەرۆکی ئێستا و، وەک خێزانی باوکێک کە پێش کوڕەکەی سەرۆک بووە، پێی باشترە کوڕەکەی لەو ساتانەدا لە مەترسیدا بێت، نەک دوور لە ئەرکەکەی ببینێ.

ویستی (دایک) توانی بەسەر پاسەوانەکانی سەرۆک زاڵ بێ.

بەم شێوەیە (جۆرج بوش) لە ئاسمانەوە گەڕایەوە بارەگای سەرکردایەتی لە کۆشکی سپی، لە ماوەی ٢٤ سەعاتی یەکەمدا (بوش) پێنج جار لە بەردەم خەڵک و کامێراکانی تەلەفزیۆندا فرمێسکی لە چاو هاتە خوارەوە، دواتر خەڵک دەیان گوت: ئەو گریانە گیانی پاک کردەوە و دڵ و دەروونی چەسپاند.

ئەوەی سەیرە ئەوەیە کە نزیکترین پیاوانی سەرۆک لە کاتی دواکەوتنیدا لە شوێنی خۆیان و لە نووسینگەکانیاندا بوون، بەڵام نەیان ویست نە بەفرمێسکەوە و نەبێ فرمێسک خۆیان دەربخەن، هاتنی ئەوانیش بۆ بارەگاکانیان بەم شێوەیە بوو: جێگری سەرۆک (دیک چینی) کە چووە ناو نووسینگەی خۆیەوە، بەرپرسی ئاسایش لە کۆشکی سپی داوای لێکرد بچێتە خوارەوە بۆ ژێر زەمینەکەی ژێر بنکەی سەرۆکایەتیی ئەمەریکا، کە بەشێوەیەک دروست کراوە بەرگریی لێدانی بۆمبی ناوکی بکات، چینی دوو دڵ بوو، بەڵام سەرۆکی پاسەوانانی کۆشکی سپی پێی گوت گەر خۆی نەچێت ناچارن هەڵی بگرن و بۆ ئەوێی ببەن، چینی خۆی گێڕاویەتییەوە کە ئەفسەرانی ئاسایش لە باوەشیان کردووە و بەشێوەیەک بردوویانە کەپێی بە زەوی نەدەکەوت، بۆیە ناچار لە گەڵیاندا دەستی کردووە بە ڕۆیشتن و بە ناچاری داواکایانی قبوڵ کردووە، چونکە لە هەر دوو حاڵەتدا هەر لەنێو کۆشکی سپیدایە، چ لەسەر زەوی و چ لەژێر زەویدا بێت.

دواتر خاتوو (کۆندالیزا رایس) ڕاوێژکاری سەرۆک بۆ ئاسایشی نەتەوەیی شوێنی کەوت بۆ ژێر زەمینەکە.

سەرکردەی زۆرینەی کۆماری لە ئەنجوومەنی پیراندا تەلەفۆنی بۆ (چینی) کرد و لێی پرسی: (بۆچی دەرناکەوێ و خەڵک دڵنیا ناکاتەوە؟)، ئەویش وەڵامی دایەوە کە (نایەوێ سەرۆک بخاتە هەڵوێستێکی نەویستراوەوە)، هەروا چینی گوتی: نامەوێ ئەو هەڵەیەی (ئەلیکساندەر هیگ)ی وەزیری دەرەوە دووبارە بکەمەوە، کاتێک سەرۆکەکەی (ڕۆناڵد ڕێگن) لە هێرشکێکی چەکدارانەدا سێ گوللەی بەرکەوت و ڕەوانەی نەخۆشخانەکراو، لە ژووری نەشتەرگەیدا و لەژێر کاریگەریی ماددەی بێهۆشکەردا بوو، لە هۆڵی کۆنگرە لە کۆشکی سپی ڕۆژنامەنووسان باسیان لەو بۆشاییە کرد کە لە دەستەڵاتدا دروست بووە، هیگ بە هەڵەداوان و هەڵچوون و کەمێک ئارەقەشەوە خۆی گەیاندە بەردەمیان و هاواری کرد: (ئێستا من لە هەموو شتێک بەرپرسم)، کاتێکیش سەرۆک لە ژووری نەشتەرگەری هاتە دەرەوە و بەهۆش خۆی هاتەوە، کۆتایی (ئەلیکساندەر هیگ) دەستی پێکرد: خاتوو (نانسی ڕێگن) بەوانەی ڕاگەیاند کە بۆ سەردانی سەرۆک هاتبوون: (هێشتا سەرۆک لەژیاندا بوو یاریدەدەرانی خەریک بوون میراتی بگرنەوە).

پێدەچێ (کۆڵن پاوەڵ)ی وەزیری دەرەوە و (دۆناڵد ڕامسفیلد)ی وەزیری بەرگریش، لەبەر هەمان

www.kurdistannet.org

مەبەست خۆیان دەرنەخستبێ.
بەوەش لوتکەی سەرکردایەتیی ئەمەریکا بۆ دە سەعات بۆشاییەکی گەورەی تێکەوتبوو و، بەشێوەیەک بێ دەنگ و بێ دەستەڵاتی سیاسی و مەعنەوی بوو کە نەیتوانی دڵنیاییەک بداتە میللەت و لەو ترسی لە نێوچوونە رزگاریان بکات.
لەو بارودۆخە شلەژاو و پڕ کێشمە کێشەدا، کە سەرۆک و گەورە لێپرسراوانی ئیدارەکەی لە یەکدی و لە بنکەی سەرکردایەتیی پچڕابوون، بڕیاری وا درا کە کاریگەریی رووداوەکەی زیاتر کرد نەک کەمتر، بۆ نموونە بڕیاردرا هاتووچۆ لە ئاسمانی ئەمەریکادا قەدەغە بکرێ و، ئەو قەدەغەکردنە پێنج رۆژی خایاند، کە ئەو دەرمان زۆر لە دەردەکە کوشندەتر بوو (هەر وەک دواتر بەسەر کۆمپانیاکانی هاتوچۆی ئاسمانیی ئەمەریکا هات و نزیکەی ٦ ملیار دۆلاریان زەرەر کرد).
لەوەش سەیرتر؛ تەنیا سەرۆکی ئەمەریکا و گەورە لێپرسراوانی حکومەتەکەی نەبوون کە بەو شێوەیە هەڵسوکەوتیان کرد، بەڵکو کارەساتەکە لەوەدا بوو ئەوانەی لە دروستکردنی بڕیارە ستراتیژییەکانی ئەمەریکا بەرپرسن و، ئەوانەش کە پێشتر بەرپرسیارێتییان هەبوو، لەگەڵیاندا بەشدار بوون، گەورە لێپرسراوانی دەزگا سەرەکییەکانی وەک ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لە کۆشکی سپی و، وەزارەتی بەرگری و دەرەوە و دەستەی هاوبەشی ئەرکانی شەڕ و، وکالەتی موخابەراتی سەربازی و گشتی، هاوشانی بەڕێوەبەرایەتیی نەخشەکێشانی ستراتیژی دەوڵەت کە ئەمڕۆ سەرۆکایەتیی سیستەمی نێودەوڵەتیش دەکات.
بەرپرسیارێتیی هەموو ئەوانە، لەوە گەورەتر بوو کەموکورتییان هەبێت یان شتێکیان لەبیر بچێت، چونکە ئەوانە (نەک کەسانی دیکە بوون) کە بیریان کردەوە و لێکیان دایەوە و نەخشەی (بەرەنگار بوونەوەی داهاتوو)یان کێشا، کە رووبەڕوویی ئاسایش و بەرژەوەندییەکانی وڵاتی ئەمەریکا دەبێتەوە و، گەیشتنە ئەوەی ئەو مەترسییە دیاری بکەن و، تەنانەت ناویشی لێ بنێین (شەڕی نابەرابەر).لە راستیدا ئەوانە لانی کەم لەساڵی ١٩٩٥-ەوە راسپێردرا بوون توێژینەوە لەسەر ئەو هەڕەشەو مەترسییانە بکەن کە ئەمەریکا لە داهاتوویەکی دیاردا رووبەڕوویان دەبێتەوەو، چۆنیەتی خۆئامادەکردنیش و بەرەنگاربوونەوەش دیاری بکەن، دوای چەند ساڵ لێکۆڵینەوەو توێژینەوە لە کۆتایی ماوەی سەرۆکایەتیی کلنتۆن و سەرەتای ماوەی سەرۆکایەتیی بوشدا گەیشتنە دانانی ئەو ستراتیژییەتە.
ئەو ئاکامانەی کە ئەوان پێیگەیشتن، ولیام کۆهێن وەزیری بەرگری ئەمەریکا لە ئیدارەی پێشوو و بیل کلنتۆن ئیمزایان کردو بەناوی (رێنمایی سەرۆکایەتی) بڵاویان کردەوەو، دواتر دۆناڵد رامسفیلدی وەزیری بەرگریی ئێستا پێیدا چووەوەو (جۆرج بوش) بڕیاری لەسەرداو، دووبارە وەک (رێنماییەکی سەرۆکایەتی) بڵاوی کردەوە، دەکرێ کورتەی ئەو ستراتیژییەتە (کە دواتر بۆ هەمووان بڵاوکرایەوە) لێرەدا دەستنیشان بکەین:
* دەوڵەتانی (لادەر) پەندیان لە شەڕی کەنداو وەرگرتووەو، لە هەوڵی ئەوەدان تواناکانی خۆیان لە دۆزینەوەی خاڵی لاوازی ئەمەریکا سەرف بکەن، بۆ ئەوەی بەو هۆیە زیان بە ئەمەریکا بگەیەنن، نەک بیر لە شەڕی تەقلیدی و ناوەکیی ئەمەریکا بکەنەوە.
* دەوڵەتانی دۆست، توانایان نەماوەو، رووەو ئیفلاس بوون دەچن و، ئەگەری رووخانیان لە گۆڕێدایە، ئەگەرچی ئەمەریکا نایەوێ بڕوخێن، بەڵام هیچ رێگەیەکیشی نییە بۆ یارمەتیدانیان.
* لەهەمان کاتدا کە وڵاتانی دنیا گەیشتوونەتە قۆناغی جیهانگیری ئیرهابیش سوودی لەو دیاردەیە وەرگرتووەو، گەیشتۆتە قۆناغی جیهانگیری.
(شەڕی ناهاوتەریب) هەوڵی لایەنێکە کە دژایەتی ئەمەریکا دەکات و، خاڵە لاوازەکانی دەقۆزێتەوەو، بە پشت بەستن بە رێگای تەواو جیاواز لەو پرۆسەبا وانەی چاوەڕوانی دەکرێ، ئامانجی خۆی دەپێکێ.
ئەوەش تەواو وەکو ئەوە بوو کە رۆژی ١١ی سێبتەمبەری رووی دا: چوار فڕۆکە لە ماوەی نیو سەعاتدا

www.kurdistannet.org

له فڕۆکەخانەی (بۆستن) رفێنران، هەرچواریان پڕ بەنزین (چونکە دەبووایە بەرەو کالیفۆرنیا برۆن)، دوای هەڵسانی ڕێڕەوی بەرەو لای دیکە گۆڕدران، دووان بۆ نیویۆرک و سێیەم بەرەو واشنتۆن و چوارەمیش نەگەیشتە ئەنجام.

بەکارهێنانی ئەو فڕۆکانە بە رفێنەران و فڕۆکەوانان و سەرجەم گەشتیارەکان بە ژن و پیاو و منداڵەوە، لەگەڵ بۆدیی کانزایی فڕۆکەکەو مەکینەکەی و ئەو بەنزینەی تێیدایە، بەهۆی توندی بەرکەوتن و گەرمیی ئەو ئاگرەی لێی کەوتەوە لە نێو یەکدا هاڕدران: کانزاو ئاگرو، گۆشت و ئێسک و، ترس و بێ ئومێدی، هەمووی بووە هەویرێک و ئەو فڕۆکانەی کردە رۆکێتێکی تۆقێنەر.

دوو رۆکێتی لەو جۆرە هێمای ئابووریی ئەمەریکا (هەردوو تاوەری بازرگانیی بەناوبانگی نیویۆرک و سێیەم هێمای هێزوتوانای ئەمەریکا (پنتاگۆن) یان پێگاو، چوارەم نەیتوانی بگاتە ئەو شوێنەی بۆی دیاری کرابوو.

(بوش) لە یەکەم لێدوانیدا گوتی: (ئەوە راگەیاندنی شەڕە)، دواتر گوتی (ئەوە شەڕێکی نوێیە)، هەروا گوتی: (ئەوە شەڕی سەدەی بیست و یەکەمە) هەموو ئەوانەش ئاماژە بوون بۆ بیرۆکەی (شەڕی ناهاوتەریب)، لەو شەڕەدا گۆڕەپانێک نییە شەرکەران تیایدا بەرامبەر بەیەک بوەستن، هەروەها ئەو چەکەی بەکار دەهێنرێ (چوونیەک) نییە، سەرەڕای ئەوەش لەنێوان کاروکاردانەوەدا هیچ پەیوەندییەک نییە، ئەگەرچی لە هەموو شەڕێکدا کۆکردنەوەی هێزو خێرایی لە جووڵەو کتوپڕی پێویستە، بەڵام لەو شەڕەدا (شەڕی ناهاوتەریب) هەموو ئەوانە زیاتر پێویستن.

لە بەرامبەر ئەو شەڕە ناهاوتەریبەشدا پێویست دەکات
چەند هەنگاوێک بهاوێشترێت:

* لەکاتی ڕوودانی ئەو شەڕەدا، نابێت کاردانەوە دوا بخرێ بۆ گەڕانەوە بۆ دەزگاکانی بڕیاردان و وەرگرتنی رای وڵاتانی دۆست و، جۆشدانی رای گشتی، بەڵکو دەبێ کات بە فیڕۆ نەدرێ و هەموو ئەو لایەنانە لە کاردانەوە بە هێزەکەدا وەڵامی ئەمەریکا بزانن و، وەک ئەمری واقیع وەری بگرن.

* پێویستە لەو شەڕەدا پشت بە تەکنەلۆجیای پێشکەوتوو و ئامێری جۆراوجۆری چاودێری و پشکنین نەبەسترێ، بەڵکو دەبێ بۆ جاسوسی تەقلیدی بگەڕێنەوە کە مرۆڤە، مرۆڤی جاسوسی، کە دەکرێ لەکات و ساتی پێویستدا ئامادە بێت و کاری خۆی بکا.

* پێویستە خاڵە لاوازەکان دەستنیشان بکرێن و چارەسەر بکرێن، تەنانەت گەر بە بەرتەسککردنەوەی ئازادییەکانی تاکی ئەمەریکیش تەواو ببێ.

* پێداچوونەوە بەو ئیجرائاتانەی بۆ پاراستنی ئاسایشی ناوخۆی ئەمەریکا ئەنجام دەدراو، پتەوکردنی ئاسایشی ناوەوە (شارەکان، ڕێگاوبان و فڕۆکەخانەکان، بنکەگەورەکانی بازرگان و بازاڕەکان....)

کە شەڕە ناهاوتەریبەکەش هات، ئیدارەی ئەمەریکا بە ڕێگا تەقلیدییەکەی جیهانی سێیەم کەوتنە چارەسەرکردنی:

دانی بە بەرپرسیارێتی خۆی دانەناو، هەموو کەسێکی تاوانبارکرد تەنیا ئیدارەکەی خۆی نەبێ.
دواتر بۆش پەنای بۆ (ئاین) برد تا لە ڕێی نوێژ و دوعاوە ڕاستیەکان لەو خەڵکە بشارێتەوە.

هەنگاوی دواتر جۆشدانی گیانی نیشتمانی و فرمێسک ڕژاندن بوو، کە هەموو ئەو خۆسازدانەی کرد، ئەوجا دەستی کرد بە پەنابردنە بەر توندوتیژی و هێز و، دەیویست لەو ڕێگەیەوە کۆنە حیساباتی خۆی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پاک بکاتەوە.

لە تێڕوانینی ئەمەریکاوە ئەوەی لە بنکەی (خوبەر) ڕوویدا لە حوزەیرانی ١٩٩٦ بریتییە لە کاروکاردانەوە لەنێو کات و شوێندا، هەموو ئەوانەش لەگەڵ خۆپیشاندانەکانی سیاتڵ و جێنوای بە جەنگی نوێ ناوزەد کرد کردەوەیەکی سیاسی توندە و بکوژانە نییە.

لەبەر ئەوە کارەساتەکەی نیویۆرک و واشنتۆنی ڕۆژی ١١ی سێپتەمبەر جۆرێک بوو لە راگەیاندنی

www.kurdistannet.org

(جەنگی ناهەوتەریب). سەرنجی سێیەم لە یەکەم ساتەوەختدا دەستی پێکرد کە پێش لێپێچانەوە دەستی تاوان بۆ ئوسامە بن لادن و قاعیدە درێژ کرا کە ئەمەریکا پێشتریش باشی دەناسین و هەر CIA لــەو سەردەمەشدا خاوەنی بیرۆکەی دروستکردنی پشێوی بوو لە کۆمارەکانی پێشووی سۆڤیەت.

سەرەتای ململانێکانی ئەو کاتەی نێوان سۆڤیەت و ئەمەریکا لە سنووری ئەفغانستانەوە سەرچاوەی گرت بەناو ئیسلامەوە. لەم کارەشدا دەوڵەتانی عەرەبی بەشدارییان کرد، بەوەش ئامانجی مرۆڤی بزربوو لە ئەفغانستاندا کە دەبوایە رووی بکردایەتە فەلەستین. کاتێک جەنگی سارد کۆتایی هات، هەموو لایەک کشانەوە، ئیدی لاوە موسڵمان و عەرەبەکان لە زەمەنی خۆیان کرانە دەرەوە، کە گەڕانەوە خۆیان لە نێو زیندانی وڵاتەکانیاندا بینیەوە. تێبینی چوارەم بریتیە لە کەسایەتی ئوسامە بن لادن کە پێویستە دیراسەی سایکۆلۆژی ئەم کەسە بکرێت، خۆی لە نێوان دووڕیانێکدا بینیەوە یان دەبێت ئەمیش بکشێتەوە لە ئەفغانستان یان دەبێت وەکیلی CIA بێت و بەردەوام بێت لەسەر ئەرکەکەی لەسەر گیرفانی خۆشی تا بۆ خۆی و بۆ کەسانی دیکەشی بسەلمێنێت کە هەر موجاهید بووە و دژ بەکفرە. گەرچی شەڕی ئەفغانستان پاش کشانەوەی سۆڤیەت پەیوەندی بە ئیمان و بێ ئیمانیەوە نەما، بەڵکو جەنگی نێوان هۆزەکان بوو، لە راستیدا چیرۆکی ئوسامە بن لادن لە ئەفسانەی ئەو دڕندەیە دەچێت کە دکتۆر فرانکشتاین دروستی کرد تا بیسەلمێنێت زانست توانای موعجیزەی خەلقکردنی هەیە و دواتریش بووە بەڵابۆی. گەرچی بن لادن توانای دڕندەکەی فراکشتاینی نیە.

تێبینی پێنجەم: پرسیارە گەر بن لادن نەبێت، کێ هەستاوە بەو کارە؟

هەندێک دەڵێن ئوسامە بن لادن نەبووە، چونکە بەدرێژایی ئەم ماوەیە پاش تەقینەوەکەی کۆل USS چاودێرییەکی توندی لەسەر بووە، هەروەها هەواڵگری پاکستانیش توانیویەتی ڕۆبچێتە نێوان ڕێکخراوی قاعیدەوە، لەبەر ئەوەی ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچن، لایەنێکی دیکە بوو بێت کەزۆر چاوی لەسەر نەبووە، لایەنێک کە هیچ بۆشاییەکی بۆ دەرفەت نەهێشتۆتەوە لایەنێکی تووڕە بووە و مکووڕ بووە لەسەر تۆڵەسەندنەوە. لەبەر ئەوە جارێکی دیکە ئاماژەکان بەرەو بەڵکان دەچنەوە بەتایبەتی سربەکان. نەتەوەیەکن دەستدرێژییان کراوەتە سەر، سوپاکەیان ریسوایی و سوکایەتی پێکراوە، میللەتەکەی بۆ ماوەی ٥٠ رۆژ لەلایەن ئەمەریکا و ناتۆوە لێدرا، کەواتە ئەندامیان تێدایە هێندە بوێر بێت بۆ ئەنجامدانی مەرگێکی لەو جۆرە.

هەموو مەرجەکان لە سربیا دەبینرێنەوە. لە مێژووشدا ئاشکرایە کە بەڵکان بەرمیلە باروت بووە، جەنگی یەکەمی جیهان لەوێوە بڵێسەی سەند، جەنگی دووەمی جیهانیش بەهەمان شێوە، هەر ئەو بەرمیلە باروتە جەنگی فرێدایە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

رەنگە بەرمیلە باروتی بەڵکان و بەرمیلە باروتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بن لادن لەگەڵ چەندێکی دیکەدا یەکیان گرتبێت و ئەو کارەساتەیان لە ئەمەریکا بەرپاکرد.

خراپترین باجی سیاسی لە چوارچێوەی جەنگی نابەرامبەردایە، هێزی سەربازیی ئەمەریکا دەتوانێت ئەفغانستان بگێڕێتەوە بۆ چاخی بەردین.

بەڵام واپێدەچێت ئەمەریکا دەیەوێت دەرگەو پەنجەرەکانی بەرووی دەرەوەدا دابخات و وەزیری ئاسایشی ناوخۆ پارێزگاری بکات لە خەونی ئەمەر

www.kurdistannet.org

# کاردانەوەی ئەمەریکا لە نێوان توندوتیژیی و پاشەکشەدا

ئیدوارد سەعید

موسڵمانانی ئەمەریکا، کە ژمارەیان دەگاتە حەوت ملیۆن کەس(عەرەبەکان لە دوو ملیۆن تێپەڕ ناکەن)، لە دوای کارەساتەکەی ١١ی ئەیلولەوە بە قۆناغێکی دژواردا تێپەڕدەبن، ئەگەر لە نێو قوربانیانی قەسابخانەکانیشدا ژمارەیەک عەرەب و موسڵمانی بێگوناه هەبوو بن، بەڵام ئەمە رێ لە فراوانبوونی کەشوهەوای قینی دژ بەم جالیەیە ناگرێت.

سەرۆک بوش دەستیکرد بە بەستنەوەی هەڵوێستی ئەمەریکا و دادوەریی خوایی بە یەکەوە و جەنگی دژ بەو(کەسانە) راگەیاند؛ گوایە ئەنجامدەری قەسابخانەکانن، ئێستا هەموو ئەوانە«بە زیندوویی، یا مردوویی» داواکراون، ئەمەش بووە هۆی دانانی ئوسامە بن لادن ئەو توندڕۆ موسڵمانە نارِوونەی کە نوێنەرایەتی سەرجەم ئیسلام دەکات لە دیدی زۆرینەی ئەمەریکییەکان، دانانی لە نێوەندی وێنەکەدا، هەروەها کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن و رادیۆکان بێ پسانەوە دەستییان کرد بە پەخشکردنی وێنەکانی و گێڕانەوەی ژیانامەکەی(یەکێک لەو قسانەش ئەوەیە گوایە کاتی خۆی لە گەنجاتی عەبەسی بووە)، هەروەها پەخشکردنی وێنەی ئەو ئافرەت و منداڵە فەلەستینیانەی کە ئاهەنگیان بۆ کارەساتەکەی ئەمەریکا گێڕا.

هەروەها پسپۆڕان و پێشکەشکارانی بەرنامەکان باس لە«شەڕی ئێمە» لەسەر ئیسلام دەکەن و وتەکانی وەک«جیهاد» و«تیرۆر»یش هەستی تورەیی و ترس، کە سەرتاپای وڵاتی گرتووەتەوە، زیاد و فراوان دەکات و دوو کەس«یەکێکیان سیخ» بە دەستی هاووڵاتییە تورەکان کوژران.. پێدەچێ هاندەری ئەم کارانە لێدوانەکانی کەسانی وەک(پۆل وۆلفۆڤیتس)ی جێگری وەزیری بەرگری ئەمەریکا بوو بێت، کە باسی لە«کۆتاییهێنان»ی چەند وڵاتێکی دیاریکراو و بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی دژ بە«دوژمنەکانمان» کرد.

هەروەها سەدان موسڵمان و عەرەب لە نێویشیاندا قوتابی و ئافرەتانی موحەجەبەو هاووڵاتیانی ئاسایی رووبەڕووی جنێو و سوکایەتی پێکردن بوونەوە.

هەروەها لە هەموو شوێنێک دیوار بەندو نوسراو دەرکەوتن، کە هەڕەشەی مردنی زوویان لێدەکات.. لە لایەکی دیکەوە بەر لە چەند رۆژێک بەڕێوەبەری رێکخراوی سەرەکی ئەمەریکییە عەرەبەکان پێی راگەیاندم؛ کە هەموو ساتێک دە نامەی هەڕەشەو جنێوی پێدەگات.

هەروەها بەپێی ئەو راپرسییەی کە دامەزراوی«گالوب» ئەنجامیدا، ٤٩٪ ئەمەریکییەکان لەگەڵ ئەوەدان، عەرەبەکان، تەنانەت هاووڵاتییە عەرەبە ئەمەریکییەکانیش ناچار بکرێن کارتی تایبەت بە ناسنامە هەڵبگرن، لەبەرامبەریشدا ٤٩٪ ئەمە رەت دەکەنەوە).

هەروەها ٥٨٪ داوا دەکەن عەرەبەکان بخرێنە ژێر لێکۆڵینەوەی تایبەتی توندتری ئاسایش، کەچی ٤١٪ ئەم هەنگاوە رەت دەکەنەوە. پاشان پاشەکشەیەک لە دوژمنکارێتی هەڵوێستی رەسمی وەدەرکەوت: جۆرج بوش بۆی دەرکەوت کە هاوپەیمانەکانی لەهەمان پلەی رشدیدا نین و گوێی لە هەندێ لە گەورە راوێژکارانی خۆی بوو، بە تایبەتیش کۆڵن پاوڵی وەزیری دەرەوە دەیگوت؛ بەسەرداداني ئەفغانستان کارێکی ئاسان نییەو، ئەوەندەش نییە میلیشیایەکی ویلایەتی تەکساسی بۆ بنێریت.. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا راپۆرتێکی زۆر باس لە ئەو تەنگپێهەڵچنینانە دەکەن کە لە لایەن پۆلیس و (F.B.I) دژ بە عەرەب و موسڵمانان ئەنجام دەدرێن.

هەروەها بوش سەردانی مزگەوتێکی واشنتۆنی کردو داوای لە سەرکردەکانی جالییەکان و کۆنگرێس کرد واز لە گوتاری قین بهێنن و ئەگەر بەقسەش بێت بوش عەرەب و موسڵمانانی وەک(ئوردن و میسر و سعودیە)ی لەگەڵ ئەو تیرۆریستانە کەتا ئێستاش زۆر بە روونی دەستنیشان نەکراون، لە یەکدی جیاکردەوە، ئەگەرچی

www.kurdistannet.org

بوش لە گوتارەکەیدا لەبەردەم ئەنجومەنی کۆنگرێس دووپاتی کردەوە، کە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەگەڵ ئیسلام لە حاڵەتی شەڕدا نییە، بەڵام ئاماژەی بەو شەپۆڵە هەڵچوونەی دوژمنکاریی و هێرشکردنی سەر عەرەب و موسڵمانان نەکرد کە سەرتاپای ولاتی گرتووەتەوە.

هەروەها پاول نیگەرانی خۆی نیشاندا لەهەمبەر هەوڵەکانی ئیسرائیل و شارون بە قۆزتنەوەی ئەم قەیرانە بۆ شەرعیەتدان بە داپلۆسینی فەلەستینییەکان.. بەڵام پێ دەچێت وەک نەریتی هەمیشەیی، لەگەڵ جیاوازییەک بەپێی پێشهاتەکان ئەویش جەنگێکی گەورە بەڕێوەیە یەکێ لە گرفتەکان ئەوەیە زانیارییەکی ئیجابی لەسەر ئاستی گشتیدا لەسەر عەرەب و موسڵمانان لە ئارادا نییە، کە پشتی پێ ببەسترێ بۆ هاوسەنگکردنی ئەو وێناکردنە زۆر نێگەتیڤانەی، کە لە هەموو شوێنێک بەرچاو دەکەون. هەروەها تا ئێستاش دۆزی فەلەستین نەیتوانیوە بیرو مێشکی ئەوان قاڵ بکات بە تایبەتیش دوابەدوای کۆنگرەی دێربن، تەنانەت لەو زانکۆیەی منیش وێڕای ناو و دەنگەکەشی، کە هەیەتی لە هزر و هەمە جۆریی قوتابی و مامۆستایانی، نابینین خولی فێرکردنی قورئان بکرێتەوە.

هەروەها سالانێکی زۆرە چاپێکی نوێی کتێبەکەی فیلیپ حوتەی«مێژووی عەرەبی»کە باشترین جۆریەتی لە زمانی ئینگلیزیدا بەرچاو ناکەوێت.. بە پێچەوانەوە ئەو ماددانەی، کە لێرە هەن زۆربەیان ناکۆک و دوژمنکارانەن واتە بەلایانەوە عەرەب و ئیسلام ماددەیەکە بۆ مشتومڕ نەک وەک هەر ماددەیەکی دیکەی رۆشنبیری و ئایینی.

هەروەها لە فیلمە سینەمایی و تەلەفزیۆنییەکانیشدا لە«تیرۆریستانی عەرەبی» بەولاوە هیچی دیکە نابینیت، ئەوانەی بەر لەوەی تیرۆریستانی ڕووداوەکەی ناوەندی بازرگانی جیهانی و پنتاگۆن ئەو فڕۆکانە برفێنن و بیکەنە ئامرازێک بۆ کوشتنی بە کۆمەڵ لە کردەوەیەکدا کە بۆنی تاوانی نەخۆش ئامێزانەی لێ دێت، وەک لەوەی لەبەر ئعتبارێکی ئایینی بێت، بەر لەوەش ئەوانە لە مێشکی و دەروونی میللیدا نەخش بیوو. لەوە دەچێ هەڵمەتێکی لاوەکی لە رۆژئاوا هەبێت هەوڵبدات قەناعەت بەڕای گشتی بکات بەوەی کە ئێمە ئێستا هەموومان ئیسرائیلین» و کردەوە خۆکوژییەکانی تەقاندنەوەکانیش بە تەواوی هاوشێوەن لەگەڵ هێرشەکانی کرانە سەر ناوەندی بازرگانی جیهانی و پنتاگۆن... بێگومان ئەم ئاراستەیە هەوڵ دەدات دەستبەسەر داگرتنی فەلەستینییەکان و داپلۆسینی سەریان بە تەواوی لە مێشکدا بسڕێتەوە.

هەروەها زۆر لەو پرۆتستۆکردنانەش بسڕێتەوە،کە فەلەستینییەکان رایانگەیاندووە؛ یەکێ لەوانەش پرۆتستۆکردنی تەقاندنەوە خۆکوژییەکانە. پوختەی مەسەلەکە لەوەدایە هەر هەوڵێک بۆ دانانی ڕووداوە ترسناکەکەی ١١ی ئەیلوول لەو ڕێڕەوەی کە کردەوەکانی ئەمەریکا و وتارە سیاسییەکەی بگرێتەوە، یا هێرشی دەکرێتە سەر، یاخود بە قایلبوون بە تەقینەوە تیرۆریستییەکان لە قەڵەم دەدرێ، ئەم هەڵوێستە کارەساتێک پێکدێنێ لە ئاست هزری و ئەخلاقی و سیاسیەکاندا، چونکە هاوکێشەی لێبووردەیی (التسامح) هەڵەیەکی قووڵی تێدایەو، بە تەواوی لە راستییەوە دوورە. ئەوەی لە هەموو شتێ زیاتر زەحمەتە ئەمەریکاییەکان بڕوای پێ بکەن ئەوەیە ڕەفتارەکانی ئەمەریکا وەک دەوڵەتێک بەرامبەر رۆژهەلاتی ناوەڕاست و جیهانی عەرەبی رقێکی قووڵ دەوروژێنێت و بەناوی گەلی ئەمەریکاییەوە (ئەمەش لە راستییەوە دوور نییە)، ئەم ڕەفتارە پیادە دەکات، یەکێ لەو سیاسەتانەش پشتگیریی بێ مەرج لە ئیسرائیل و سزاکانی سەر عێراق، کە هیچ کاریگەرییەکی بۆ خودی سەرۆکی عێراق نییە، بەڵکو حوکمدانی سەدان هەزار عێراقییە بە مردن و نەخۆشی و بەدخۆراکی.

هەروەها بۆردوومانکردنی سودان و تیشکی سەوزی ئەمەریکا بۆ ئیسرائیل بۆ داگیرکردنی لوبنان لە سالی ١٩٨٢ لە کردارێکی سەربازیدا، کە بووە هۆی کوژرانی بیست هەزار خەڵکی سیڤیل، وێڕای هەردوو قەسابخانەکەی سەبراو شاتیلاو، ڕەفتارکردنی لە ژمارەیەک ولاتی عەرەبی وەک ئەوەی خاک و موڵکی ئەوبن.

کەلێنێکی قووڵ لە نێوان ئەو زانیارییە دایە، کە هاوولاتی ئاسایی دەیزانێ لەگەڵ ئەو سیاسەتە بێ

www.kurdistannet.org

ڕەحمانەیەی، کە وڵاتەکەی لە دەرەوە پیادەی دەکات و هاووڵاتی ئاسایی ئەمەریکایی لە نبراسکا و ئێیوا بایەخ بەو هەموو ڤیتۆیەی ئەنجومەنی ئاسایش نادات کە ئەمەریکا دەیخاتە ڕوو دژی ئەو پرۆژەو بڕیارانەی کە ئیسرائیل پرۆتستۆ دەکەن لەسەر نشینگەکان و بۆردمانکردنی خەڵکی سڤیل و هی دیکە، بەڵام دووبارە بوونەوەی ڤیتۆکانی دژ بە پرۆتستۆکردنی ئیسرائیل هاووڵاتی میسری، یاخود فەلەستین، یان لوبنانی لەناخەوە بریندار دەکات و لە مێشکیدا ڕۆدەچێت. بەگوزارشتێکی دیکە پێوەندییەکی جەدەلی هەیە لە نێوان سیاسەتەکانی ئەمەریکا وکردەوەکانی لەلایەک و ئەو هەڵوێستانەی، کە لە ئاکامی ئەم سیاسەتانەو کردەوەکانی دژ بە ئەمەریکاوە سەر هەڵدەدەن.

بێگومان ئەم هەڵوێستانە پێوەندییان بە ئێرەیی و قین بەرامبەر دەوڵەمەندیی و ئازادی و سەرکەوتنە جیهانییەکانی ئەمەریکاوە نییە، بەڵکو ڕەوشەکە پێچەوانەی ئەمەیە و قسەم لەگەڵ هەر عەرەبێک، یان هەر موسڵمانێک کرد بێت سەرسوڕمانی خۆیان لەوە دەربڕیوە، چۆن وڵاتێکی ئەوها دەوڵەمەند و شایستەی ڕێزو (گەلێکی وەکو گەلی ئەمەریکا وەک هاووڵاتی شایستەی دۆستایەتی)، بە چاوێکی سووک دەڕوانێتە ئەو گەلانەی کە کەمتر هەلیان بۆ ڕەخساوە.

هەروەها ڕەنگە زۆر لە عەرەب و موسڵمانان دەرک بە کارتێکردنی لۆبی ئیسرائیلی لە سیاسەتەکانی ئەمەریکا بکەن، لەو ڕێچکە ڕەگەزپەرستی و پرۆپاگەندانەش بە ئاگا بن، کە چاپکراوە لایەنگرەکانی ئیسرائیل وەک «نیوریپبلیک» و «کۆمێنتاری» بڵاوی دەکەنەوە، وێڕای لێدوانەکانی چارلز کراوتهامر و ولیام ساڤاییر و جۆرج ویل و نۆرمان بۆرۆرتیز و ڕۆزنتال، کە نووسینەکانیان بەردەوام پڕیەتی لە قین و دوژمنکاریی بەرامبەر عەرەب و موسڵمانان.. وەک باویشە نوسینەکانی ئەوانە لە هۆیەکانی ڕاگەیاندنی سەرەکی (وەک، لاپەڕەکانی بیروبۆچوون لە «واشنتۆن پۆست» دەدۆزینەوە، کە هەموو خەڵک سەیری دەکەن و دەیخوێننەوە، نەک لە لاپەڕەکانی کۆتایی چاپکراوە پەراوێزییەکان.

ئێمە خۆمان لە قۆناغێکی دژو تەقینەوەی هەست و نیگەرانییەکی قووڵ دەبینینەوە لە میانی ئەوەشەوە کۆنترۆڵی هۆشمان دەکات، بە تایبەتیش لە نیویۆرک و واشنتۆن، کە تاکو ئێستاش ڕووداوە ترسناکەکان لە مێشکی ئێمەدا زیندوون، بێگومان ترس لە توندوتیژیی و تیرۆری زیاتر هەستی من و هەستی هەموو خەڵکانی دەوروبەری منە، بەڵام ئەوەی جێگای گەشبینییە، دەرکەوتنی پلە بە پلەی لێرەو لەوێی دەنگی ئۆپۆزسیۆنی داواکاری ئاشتییە، لە جیاتی توندوتیژی و وێرانکاری زیاتر، ئەم ئاراستە ژیرانەیەش شایانی بایەخ پێدانە، لە نێوەندێکی فراوانی خەڵکدا نیگەرانییەک هەیە لە پاشەکشەکردنی مافە مەدەنییەکان و ئازادی تاک ئەمەش دوای ئەوەی حکومەت مافی چاودێریکردنە سەر تەلەفۆن و دەستگیرکردنی هاووڵاتیانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەدەست دێنێ.

هەروەها ترس لە بڵاوکردنەوەی دۆخی نا ئارامی و واگا هاتنەوەو خۆ تەیارکردن، کە ڕەنگە بگاتە پلەیەک لە هەوەسی ماکارسییانە... نەریتی ئەمەریکییەکان لە بەرزکردنەوەی ئاڵا لە هەموو شوێنێک دوو ڕووی هەیە، بێگومان ڕووی یەکەم بریتییە لە گوزارشتکردن لە نیشتمانپەروەریتی، ڕووی دووەمیش ئەوەیە ڕەنگە ببێتە هۆی سەرهەڵدانی ڕەگەزپەرستی و تاوانی قین و چەندین هەستی قێزەونی دیکە، زۆر لە لێکۆڵەران سەبارەت بەو هەموو شتە هۆشدارییان داوە لە نێویشیاندا سەرۆک بوش، کە لە گوتارێکی خۆیدا گوتی: «ئێمە لەگەڵ ئیسلام و موسڵمانان لە حاڵەتی شەڕدا نین»، بەڵام مەترسییەکە لە ئارادایە و بەوەش دڵخۆشم، کە خەڵکانی دیکەش ئاوڕیان لێ داوەتەوە. لە لایەکی دیکەشەوە چەندین داواکاری زۆری کاری سەربازیی هەبوون و بەپێی ڕاپرسییەکان ٩٣٪ ی ئەمەریکییەکان پشتگیریی لێ دەکەن.

سروشتی کاری سەربازیی داواکراو تا ئێستاش شاراوەیە، چونکە ئیدارەی ئەمەریکا ئامانجەکانی جەنگی بە تەواوی دیاری نەکردووەو ڕیشەکێشکردنی تیرۆریش زیاتر میتافیزیکییە، نەک پراکتیکی، بەڵام بە گشتی دەتوانرێت بگوترێ زمانی هەڕەشەکردن بە تێکشکاندنی سەرتاپاگیر و دوژمنکاریی ئایینی و «قوربانی» و «ئەم شەڕە لە هەموو شەڕەکانی دیکە جیایە» ئەمانە هەموو بەم دواییە پاشەکشەیان

www.kurdistannet.org

کردو (بیرۆکەی هەڵمەتی خاچپەرستی) بە تەواوی ون بوو، لە جێی ئەوانەش بیرکردنەوە لە هەنگاوی پێویست بۆ رووبەڕووبوونەوەی رەوشەکە هاتە ئاراوەو ئێستا لە زانکۆ و کۆلێژ وکەنیسە و ئەنجومەنەکاندا گفتوگۆی ئەوە دەکرێت، کە پێویستە وڵات چی بکات، تەنانەت گوێم لە راگەیاندنی ژمارەیەک خێزانی قوربانیانی هێرشەکان بوو، کە تیایدا هاتبوو کاری سەربازیی بە وەڵامدانەوەیەکی گونجاو نازانن. خاڵی گرنگ ئەوەیە بیرکردنەوەیەکی زۆر هەیە سەبارەت بەوەی لەسەر ئەمەریکا پێویستە چی بکات؟ بەڵام بەداخەوە دەڵێم هێشتا کاتی پشکنینی رەخنەییانەی سیاسەتەکانی ئەمەریکا بەرامبەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی ئیسلامی نەهاتووە... بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا هیڤی خوازم، کە بێت.
ئەوەی مە دڤێت ئەوەیە ژمارەیەکی زۆری دیکەی ئەمەریکی و دەرەوەی ئەمەریکاش دەرک بەوە بکەن، کە هیوای جیهان تا ماوەیەکی زۆری دیکەش لەو کۆمەڵانەی ناوەوەو دەرەوەی ئەمەریکا بەرجەستە دەبێت کە داوای لێکتێگەیشتن و حوکمی ویژدان دەکەن و لە تواناماندا هەیە بەپشت بەستن بە لێکتێگەیشتن و شیکردنەوەی ژیرخوازانە لە دۆزەکانی وەک پاراستنی مافە دەستوورییەکان، یاخود یارمەتیدانی قوربانیانی هێزی ئەمەریکا (وەک لە عێراق)، بەمانە دەتوانین لەوە زیاتر بکەین، کەتا ئێستا کردوومانە، بەڵام بێگومان راستەوخۆ ئەمە نابێتە هۆی گۆڕانی سیاسەت بەرامبەر فەلەستین، یاخود کەمکردنەوەی بودجەی سەربازیی، یاخود هەڵوێستێکی رۆشنبیر بەرامبەر ژینگەو وزە، بەڵام بۆ چاوخشاندنەوەیەکی دڵسۆزانە بەم دۆزانە لەو هیواخواستنەمان زیاتر نییەو رەنگە ئەم توێژانەی ئەمەریکا لە داهاتوودا هەلی گەشەسەندن و بڵاوبوونەوەیان بۆ بڕەخسێت.. بەڵام من وەک فەلەستینییەک لەسەرم پێویستە هیوای دەرکەوتنی توێژی هاوشێوەش لە جیهانی عەرەبی وئیسلامدا بخوازم.. ئێمە، کەبەرپرسین لە هەژاری و نەخوێندەواریی و سەرکوتکاری نێو کۆمەڵگەکانمان پێویستە دەستبکەین بە بیرکردنەوە لە خۆمان.. وێڕای سکاڵامان لە زایۆنیزم و داگیرکەر.. بەڵام ئێمە خۆمان رێگامان بە خراپەکاریی داوە گەشە بکات..
بۆ نموونە چەند کەس لە ئێمە هەڵوێستی خۆی دەربڕیووە بۆ داکۆکیکردن لە عەلمانییەت و بەهەمان شێوەی ئیدانەکردنی ئیستیغلالکردنی دین لەلایەن یەهوودی و مەسیحیەوە لە ئیسرائیل و رۆژئاوا، چەندمان بەهەمان شێوەو راستەوخۆ و جدییەوە ئیدانەی بەکارهێنانی دینمان کردووە لە جیهانی ئیسلامیدا،
چەند کەس لە ئێمە ئیدانەی هێرشە خۆکوژییەکانی کردووەو بەنا ئەخلاقییانەی لە قەڵەم داوە؟
بێگومان ناکرێ بەردەوام بین لە خۆشاردنەوە لە پەنا ئەو نەهامەتییانەی، کە هاتۆتە سەرمان هەروەک چۆن ناشتوانین بەتەواوی بەردەوام بین لە سلبیەتی گریان لەسەر پشتگیریی ئەمەریکا لەو فەرمانڕەوایانەی، کە خاوەن جەماوەر نین. کارێکی پێویستە سیاسەتە عەلمانییەکانی عەرەب ئەگەر بۆ ساتێکیش بێت بەبێ لێبووردن و پشتگیریکردن لەمجۆرە توندڕۆییە شێتانەیەی ئەو کەسانەی، کە ئامادەن کاری کوشتنی هەڕەمەکی ئەنجام بدەن. ئەگەر بۆ ساتێکیش بێت پێویستە خۆیان رابگەیەنن و ئاشکرا بکەن. ساڵانێکی زۆرە دەڵێم چەکی سەرەکی ئەمڕۆی ئێمە وەک عەرەب سەربازیی نییە، بەڵکو ئەخلاقییە و لە هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی خەباتی فەلەستینیش دژ بەکاری داپلۆسێنەرانەی زایۆنیزم بە پێچەوانەی خەباتی دژە رەگەزپەرستی لە باشووری ئەفریقیا و نەتوانینمان لە گۆشکردنی خەیاڵگەی جیهان.. بریتییە لەوەی کە نەمانتوانییوە ئامانج و ئامرازەکانمان بەروونی دیاری بکەین و بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوەش رامان نەگەیاندووە، کە داواکاریی ئێمە پێکەوە ژیان و بەردەوامبوونە، نەک گۆشەگیری و گەڕانەوە بۆ رابردوویێکی میسالی ئەفسانەیی.
ئێستا کاتی ئەوە هاتووە وەک ئەمەریکی و ئەوروپییەکان، چاو بە سیاسەتەکانماندا بخشێنینەوە و پێویستە لەوە کەمتر داوا لە خۆمان نەکەین، کە لە خەڵکانی دیکەی داوا دەکەین.. خۆزگە هەر یەک لە ئێمە کاتێک بدات بە خۆی بۆ ئەوەی سەرنج لەوە بدات و بزانێ سەرکردەکانمان بەرەو کوێمان دەبەن و گومانکردن و سەر لەنوێ نرخاندنیش کەمالیات نییەو کاری زۆر پێویستن.

www.kurdistannet.org

# ئیسلام و رۆژئاوا و دوو ئالای نەشیاو

ئیدوارد سەعید

ئەم جۆرە ترس و مەینەتییەی شاری نیویۆرک و بەپلەی کەمتر شاری(واشنتۆن)ی گرتەوە بەرەو جیهانێکی نوێی نادیار و نەناسراوی هێرشکەرانمان دەبات، ترس و تۆقاندن و هەست بە تووڕەبوون و راچڵەکان و هەست بە هەڵچوون و زوڵم و مەینەتی لەناو جەرگی دانیشتوانی ئەم شارە بریندارە بۆ ماوەیەکی درێژ دەمێنێ و بەردەوام دەبێت، جگە لە خەموپەژارەی راستەوخۆ، کە باڵی بەسەر زۆرینەی خەڵک کێشاوە، شێوەیەکی دیکەی ئەم کارەساتەیە. دانیشتوانی شاری نیویۆرک بەختەوەرن، کە(مایورگیولیان) ئەو کەسایەتییەیە کە رۆڵی سەرکردەیی لە ئازایی و پۆلیسی ناو شار و کارگوزاری و حاڵەتی فریاکەوتن گێڕابێ، بەگیانێکی پڕ ئازایانەو نەترس، یەکەم کەسیش بوو دەنگی ئاگادارکردنەوەی دژی ترس وهێرشەکانی سەر عەرەب و جالیەی موسڵمانەکان بوو. بێگومان راپۆرتە کەناڵەکانی تەلەڤزیۆنی ئەمەریکا رۆڵێکی گەورەیان هەبوو لە هێنانەکایەوەی ئەو ترسە گەورەو شاراوە باڵدارەی، کە لەناکاو خۆی کێشا بە تەلاوە بەرزەکانی جیهان، کە هەموو کاتێک ئەم وێنانە لەناو بیرۆکەی دانیشتوان دووپات دەبێتەوە، زۆربەی ئەم گۆتانە داپلۆسێنراون، لە راستیدا گوتراوەتەوە، ئەوەی چاوەڕێکراوە یان هەست پێکراوە بۆ ئەمەریکاییەکان: لە دەستچوونی بێ سنوور و تووڕەبوون و هەڵچوون و هەستکردن بە زۆر لێکردن و ئارەزووی تۆڵەسەندنە. لە پاڵ ئەم خەم وپەژارەو هەستی نەتەوایەتییە هەر سیاسەتمەدارێک و زاناو پسپۆڕێک راوبۆچوونی خۆیان لەمەڕ ئەم رووداوە بە بەرپرسیەتی لە ئەگەری شکستنەبوون یاخود درێغینەکردن بەلەناوبردنی تیرۆریستان هەموو خەڵک ئەمەی لە زارە، بەلاّم لە کوێ و لەچ بەرەیەکەوە. هیچ وەلاّم دانەوەیەک لە ئارادا نییە جگە لە پێشنیاری نادیار لەوەی، کە چ هەنگاوێک لەناوچەی رۆژهەلاّتی ناوەڕاست و ئیسلام بهاوێژرێ دژ بەمکارەساتە و تیرۆریستانیش بەرەو نەمان بچن.

ئەوەی ئێستا لەم کات و ساتەدا لە ئارادایە چۆنیەتی ناسینی رۆڵی ئەمەریکایە وچەند سات وکاتێکی پێویستە بۆ ئەوەی ئەم رۆڵە بە جیهان بگەیەنرێت، جگە لە داواکارییە راستەوخۆکانی، کە لە واقیعێکی پێچاوپێچ دان و جگەش لەو روانگەیەی، کە لەناوچەکانی دیکەی جیهان دوورەپەرێزبووە و لە راستیدا ئەمە لەسەروی رێژەی بیرکردنەوەی ئەمەریکایە، تۆ لەوانەیە بیرکەیتەوە کە ئەمەریکا زەبەلاحێکی نووستووە، نەوەک زلهێزێکی بە توانا لە جەنگ و هەندێ جۆری دیکەی شەڕ و پێکدادان بە گشت شوێن و ناوچەی دەسەلاّتی ئیسلامیەکان. ناوی(ئوسامە بن لادن) وێنەکەی بۆ ئەمەریکاییەکان ناسراوە وەک کاریگەرییەک بۆ لابردنی، یان نەمانی هەر مێژوویەکی پێشوو، خۆی ویاوەرو هاوکارەکانی بە خۆیانەوە گرتووە پێش ئەوەی ببنە هێمایەکی راچڵەکان بۆ هەر فەرمانێکی نابەجێ گونجاوی راوبۆچوون لەم بارەیەوە چی بەپێویست دەزانرێت لەم کاتەدا بەشێوەیەکی ئاشکرا دەبێت ئەنجام بدرێت، وەک ئەوەی جۆرج بوش و تیمەکەی داواکارن لە چارەسەری یەکجارەکی. لەلایەن هەر کەسێکی موسڵمانەوەو لەلایەن جیهانی عەرەبییەوە ئاشکرایە، کە بەرپرسانی ولاّتەیەکگرتووەکان هاوشانن لەگەڵ هێزە زەبەلاحەکانیان لایەنگیری نەک بۆ ئیسرائیل بەڵکو بۆ هەندێ لە رژێمە عەرەبەکان دەکەن. لە لایەکی دیکەشەوە کەمتەرخەمن لە دیالۆگ و گفتوگۆ هەتا لەگەڵ بزووتنەوە عەلمانییەکان لەگەڵ خەڵکانێک کە لەمەینەتی و نەبوونی دەناڵێنن. کەسانی نا ئەمەریکاییەکان لەم روانگەیەدا دەتوانن بڵێن کراوەن بەرامبەر گۆڕانکاری هاتنە بەرهەمی تەکنۆلۆژیا، بەلاّم لەهەمان کاتدا لە رووی دەست درێژکردن و راوەڕووتییەوە دژ بەم سیاسەتەن، ئەمەش لەم ئابلوقەیەی کەبەسەر خەڵکی عیراق سەپێنراوە ئاشکراو روونە، هەروەها لە زەوتکردنی ٣٤ ساڵەی ئیسرائیل بۆ زەوی فەلەستینیەکان دەبینرێ. ئیسرائیل ئەم کارەساتەی ولاّتەیەکگرتووەکانی بەهەل زانی بۆ ئەوەی بەهەوەسی خۆی زیاتر دەستدرێژی سەربازی و ئەمنی بکاتە سەر زەوی مولّکی

www.kurdistannet.org

فەلەستینیەکان،وشەی(تیرۆریستان) و(سەربەستی) لە وتەی سیاسی وڵاتەیەکگرتووەکان بۆ ئەم کارانە بەکاردەهێنرێت. بۆمبارانی دانیشتوانی مەدەنی بێگوناه بەبەکارهێنانی فرۆکەی ف١٦ ، هەمان شێوەی کاریگەری لە ترس و مەینەتی نەتەوایەتیدا بەدی دەکرێت. ئەوەی ناڵەبارە سەبارەت بەو ترسانە ئەو هێرشەیە، کەلایەنی بیرکردنەوەی ئایینی و سیاسی دەگرێتەوە، نە هۆکارێک نە بیرۆکەیەکی جیاکەرەوە لەمەڕ ئەو کوشتارە بێ گوناه و بێ تاوانانە نەکۆڵدراوەتەوە، یاخود بتوانرێ لێی بکۆڵدرێتەوە، بەتایبەتی کۆمەڵە گرووپێک بەرپرسیارن لەم جۆرە کارانە خۆشیان بە خاوەن مەسەلەکەدا دەنێن بێ ئەوەی هیچ فەرمانێکی تەواویان بۆ کردارەکە هەبێ. لەلایەکی دیکەشەوە، زۆربەی ئەم کارانە لەلایەن موسڵمانەکانەوە جموجوڵی لەسەروکراوە لەلایەن تاک موسڵمانێک نییە، بەڵکو موسڵمانەکانە وەک چۆن ئەمەریکاییەکان بێ. ئەم جیاوازییە بەهەموو لایەنێکەوە راستە، تەقلیدی بێ، ئاینی و نەتەوایەتی بێ هەتا هەندێ لەلایەنگرانی هەوڵی هێڵی دانانی جیاکەرەوەن لەچوارچێوەی خۆیان. کەواتە مێژووی بەهایەکی تایبەتمەندی خۆی هەیە لەوە ئاڵۆزترو جیاوازترە کە بتوانرێت لەلایەن هەندێ کەسانێکەوە نوێنەرایەتی بکرێ. کێشەی هەندێ لە توندڕەوە ئایینیەکان لەوەدایە، کە بیرۆکەی سەرەتایی شۆڕش و بەرهەڵستکاری لایان، ئارەزوومەندییەتی بۆ کوشتن و کوژرانە. ئەمەش ساکاری هێرشبردنە سەر تەکنەلۆژیای ئاڵۆز و فراوانی ئەم سەردەمەیە، کە ئازەوومەندی تەواو لە کاری تۆڵە سەندنی بەرچاو دەبینرێ. کەسانی بەخۆکوژی هێرشەکەی سەر شاری نیویۆرک و واشنتۆن کەسانێکی پلە ناوەند و خوێندەوارن نەک پەنابەرێکی هەژار بن. لەلایەکی دیکەشەوە چۆنیەتی فێرکردن و راگۆڕینی بیرۆکەی کەسانێک وادەکات کە کاری سەرسوڕمان ئەنجام بدات بەبیرکردنەوەی سیحری بۆ مەسەلەکە. ئەمەو هێزی سەربازی و ئابووری دەنگی گومان لێکراو و ئینسانییەت لە قەیرانەکانی ئەمڕۆدا گوێ بیست نەکراون. وەک ئەوەی ئەمەریکا بێگومان خۆی بەبەرگێکی نوێ بۆ شەڕێکی درێژخایان لە ناوچەیەکی ئەوبەر شانبەشان لەگەڵ هاوپەیمانەکانی ئەوانەی دەستپێشخەری کار گوزارییەکان بوون لەسەر بنچینەیەکی تەواو و بێ کۆتایی خۆی ئامادە دەکات. پێویستە ئێمە لە سەرەتاکانی خەیاڵ بەدوور بین و چاو بەسەرچاوە دیاریکراوەکان بخشێنینەوە بەیەکەمەوە و بڕیار لەسەر دابەشکردنی چارەنووسمان بدەین وەک ئەوەی زۆرجار لە پێشکەوتن و لایەنی رۆشنبیری بەرچاو دەکەوێ. ئیسلام و رۆژئاوا بەشێوەیەکی ئاسایی نەشیاون وەک ئالآکان، کە هێماکەیانە، کەسانێکیش پاڵپشتیانن، کەچی نەوەکان لە ئاییندەدا پاشگەز دەبنەوەلە لایەن شەڕی درێژخایان و ئەو مەینەتییەی چێشتوویانە و بێ ئەوەی چاوێک بە مێژووی نایاسایی و چەوسانەوە بخشێنێتەوە، بێ ئەوەی هەوڵی رزگاریخوازییەکی گشتی و رووناکییەکی هاوبەش و پێویست بدەنەوە. تاکو رەگەکانی ترس و تۆقاندن لە چەوسانەوە دیارنەکەوێ و تیرۆرستان دانەبڕێن و قەدەغە نەکرێن یاخود لە کارەکانیان بێ بەش نەکرێن، ئەم کارو راوبۆچوونە سەبر و لێکۆڵینەوەیەکی قووڵی پێویستە بۆ ئەوەی دەرەنجامێکی بەنرخ بگەیەنێ، لەوەی تەنیا لە ئاستی رێژەیەکی فراوانی شەڕو مەینەتی خول بخوات.

www.kurdistannet.org

# تیرۆریزم
## وێڕای دەربڕین و زمانە ئایینەکەی، دیاردەیەکی مۆدێرنە

یۆرگن هابرماس

*یۆرگن هابرماس، یەکێکە لە بەناوبانگترین فەیلەسوفەکانی هاوچەرخی ئەڵمانیا، کە بە هۆی تیۆر و روانگاکانی سەبارەت بە رەوەند و کامڵبوونی پرۆژەی مەدەنییەت، ناوبانگێکی جیهانی بەدەست هێناوە.*

*هابرماس ئێستا لە تەمەنی (٧٢)ساڵی دایەو یەکێکە لە بەرجەستەترین قوتابیانی تیئۆدۆئادیرنۆ و ماکس هورگ هایر. ئەوەی لە ژێرەوە دەیخوێننەوە بەشێکە لەو وتەیەی، کە لە کاتی بەخشینی (خەڵاتی ئاشتی) کە لە لایەن یەکێتی چاپ و بڵاوکەرەوانی کتێب لە ئەڵمانیا پێی بەخشرا پێشکەشی کرد. ئەم خەڵاتە هەموو ساڵێ و هاوکات لە گەڵ پێشانگای کتێبی فرانکفۆرت، لە مەراسیمێکدا لە کەلیسای پاوڵی فرانکفۆرت بە براوەی خەڵاتەکە دەبەخشرێت.*

*کەلیسای پاوڵ هەمان ئەو جێگایەیە، کە لە ساڵی ١٨٤٨ پەرلەمانی ئەڵمانیا یەکەم دانیشتنی خۆی تێدا ئەنجام داوە.*

تا ماوەیەک بەر لە ئێستا، فکرو هزرەکان لە سەر مەسەلەیەکی دیکە بەرەوڕووی یەکتری دەبوونەوەو ئەویش ئەوەبوو کە خودئەوزاریی مرۆڤ بۆ تەکنۆلۆژیای ژێنێتیک چ سنورێکی هەیە، یان کەمێک ئەولاتر لەمەش، ئێمە دەبێ تاکوێ بەدوای باشترکردن و نوژەن سازیی ژێنێتیکی خۆمان بین؟...

بەڵام رۆژی (١١)سیپتەمبەر، گرژیی نێوان کۆمەڵگای مۆدێرن و سکۆلار لە لایەک و ئایین لە لایەکی دیکە، بە شێوەو شێوازێکی دیکە تەقینەوە. دوای ئەو تیرۆرە کوێرە، دەتگوت لە ناوەڕۆکی کۆمەڵگای عورفیدا، تان وپۆیەکان وەلەرین کەوتوون، کەنیسەکان، کەلیساکان و مزگەوتەکان پڕ لە خەڵک بوون.

ئەم جۆرە پەیوەندییەی خەڵک لە گەڵ ناخی خۆیدا و کۆڕ و کۆمەڵی ماتەمگێری ستادیۆمی نیویۆرک کە چەند هەفتە لەمەو پێش روویدا، نەبووە هۆی ئەوەی کە خەڵک بە ئۆتۆماتیکی بەرەو قین و نەفرەت پاڵ بنرێن و، لە ڕاستیدا وێڕای سەرهەڵدانی نیشتمانپەروەرییەکی توند لە ئەمەریکا، هیچکەس خوازیاری ئەوە نەبوو کە لە دژایەتی و خەبات لە دژی تیرۆریزمدا، بە هۆی ئۆپەراسیۆنی سەربازیەوە سنورەکانی سیستەمی سزای ئەمەریکایی ببەزێندرێن.

تیرۆریزم وێڕای دەربڕین و زمانە ئایینییەکەی، لە شرۆڤەی کۆتاییدا، دیاردەیەکی مۆدێرنە. ئەوەی لە پەلاماردەرە موسڵمانەکاندا سەرەنج رادەکێشێ، ناهەماهەنگیی کەرەستەو پاڵنەرە دەروونییەکانیانە. لەم هاودژییەدا، ناهەماهەنگیی فەرهەنگ و کۆمەڵگا، لەو وڵاتانەی کە ئەم کەسانەی لێوەهاتوون، بەدیار دەکەوێ و ئەویش بەوەی کە ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ مۆدێرنسازییەکی بەپەلە و بێ رەگوریشە. ئەو شتەی کە لە رۆژئاوا لە ژێر کاریگەریی بارودۆخێکی لەباردا توانیویەتی لە شێوەی رەوەندێکی وێرانکەر، یاخود ئەزموندا خۆی بنوێنێ، لەو وڵاتانەدا نەیتوانیوە هیچ ئەلتەرناتیڤێک بۆ دەردی کاولبوونی شێوە کلاسیکیەکانی ژیان پێشکەش بکات. باش بوونی باری دارایی و بژێوی دەیتوانی یەکێک لەم ئەلتەرناتیڤانە بێت، بەڵام لە راستیدا چارەنووسسازترین و کاریگەرترین شت ئەوەیە، کە گۆڕانێکی فکری و سایکۆلۆژی دروست ببێت، کە ئەمەش لە رووی سیاسییەوە ، لە جیابوونەوەی ئایین لە سیاسەت بەدیار

www.kurdistannet.org

دەکەوێ، کەچی لەو شوێنانەی کە باسیان دەکەین، ئەم گۆڕانە بە داوی هەستی خۆبچوک بینییەوە بووە و نەهاتۆتە دی. راسترۆیی توندرۆ هەم لە رۆژئاواو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دوور، هەمیش لە نێو مەسیحی و جولەکەو موسڵمانانداندا هەیە. ئەو کەسەی کە دەیەوێ بەر بە جەنگی فەرهەنگەکان بگرێت، دەبێ لە مێشکی خۆیدا بەدیالیکتێکی تەواو نەکراوی رەوەندەکانی مۆدێرن بوونی (کۆمەڵگا رۆژئاواییەکان) دا بچێتەوە. ناکرێ(جەنگ لە دژی تیرۆریزم )بە جەنگ بزانین.لە تیرۆریزمدا پێک کەوتنێکی پڕ مەترسی وبێدەنگی ئەو جیهانانە دەخرێتە روو، کە لە پاڵ توندوتیژی تیرۆریست و موشەکەکان، دەبێ زمانێکی هاوبەش بۆ لێ تێگەیەشتنیان بدۆزینەوە.

بە سەرنجدان لە رەوەندی گلۆبالیزم، کە خۆی لە رێگەی بازارە بێسنورەکانەوە دێتە کایەوە، زۆربەمان هیوامان وابوو کە سیاسەت نە بە شێوە(هابز)ییەکەی ، واتا لە چوارچێوە و فۆرمە سەرەتاییەکانی حکومەتی ئەمنییەتییە باوەکانی جیهان، یان بە واتایەکی دیکە لە شکڵی پۆلیس، دەزگای سیخوڕی و سوپا و ، بگرە لە شێوەی دەسەڵاتێکی بنیادنراو لە سەر مەدەنییەت و شارستانییەت لە سەرانسەری جیهاندا، سەر هەڵبێنێت. بەڵام حاڵی حازر جگە لە هیوایەکی کەمڕەنگ، بە کەمڕەنگی ژیری و کارایی عەقل و هۆش و بەکەمیی ئاگایی و درەنگ خۆبزاوتن، هیچی دیکەیان بۆ نامێنێتەوە.

ئێمە دەتوانین بە سینگفراوانییەوە بەرەوڕووی ئەو ئاریشانە ببینەوە کە لە ئەنجامی رەوەندی بە مۆدێرن کردن لە شوێنەکانی دیکەی دنیا دێنەکایەوە، بە مەرجێک وێنەیەکی رۆشنمان لە مانای مۆدێرن بوون لە کۆمەڵگای پۆست مۆدێرنی خۆماندا هەبێت.... سنورەکانی نێوان بنەما مۆدێرنەکان و بنەما ئاینییەکان، هەڵپەسێردراو (مۆڵەق)ن و بەردەوام لە هاتووچۆدان، لەمڕووەوە دیاری کردنی ئەو سنورانەی کە جێی ناکۆکین، دەبێ وەکو ئەرکێک لێیان تێبگەیەشترێت، کە ئەمەش تەنیا بە هاوکاری هاوبەشی هەردوولا مەیسەرە. ئەم ئەرکە لە هەردوولا دەخوازێت کە ئاسۆ و روانگاکانی لایەکەی دیکە هەزم بکات و لێی تێبگات. تێگەیشتن و وەرگرتنە ئەخلاقیەکان کە تا ئێستا لە زمان و پەیڤی ئایینداندا، دەربڕینێکی دەوڵەمەند و جیاوازیان بە خۆوە گرتووە، بە دڵنیاییەوە، دەتوانن رەنگدانەوەیەکی گشتی تریان هەبێت. بەڵام ئەمە کاتێک مەیسەرە کە بەها لەبیرکراوەکان و لە هەمانکاتدا بەسوودەکان، شێوە دەربڕینێکی جیاواز بدۆزنەوە کە یارمەتیدەربێت بۆ ژیاندنەوەیان. یان بە واتایەکی دیکە ، ئەو مۆدێرنکارەی کە نەیەوێت وێرانکەرو تێکدەر بێت، لە شکڵ و شێوەی وەرگێڕی ( گوتار و رەفتارە دێرینەکاندا) بە دیاردەکەوێ. ئەوە وانەیەکە کە رۆژئاوا وەک دەسەڵاتێکی مۆدێرنکاری جیهانی ، دەتوانێت لە مێژووی خۆی فێری بێت.

www.kurdistannet.org

## گۆنتەرگراس : تەنانەت رۆشنبیرانی ئەمەریکاش لە خۆیان دەپرسن، کە بۆچی تا ئەم رادەیە خەڵک رقی لە وڵاتەکەیانە

*رۆژی ١٠/١٠/٢٠٠١ ، هەفتەنامەی (ئیشپیگڵ)ی ئەڵمانی ، دیمانەیەکی لە گەڵ نووسەری بەنێوبانگی ئەڵمانی گۆنتەرگراسدا ئەنجام داوە ئەمەی خوارەوە بیروبۆچوونەکانی نێوبراون سەبارەت بە بارودۆخی ئەم دواییەی جیهان و هێرشەکانی ئەمەریکا بۆ سەر ئەفغانستان.*

*** بەڕێز گراس ! ئایا ئەم جەنگەتان پێ شتێکی هەق و عادیلانەیە؟**

– سیاسەتمەدارێک ، واتا یوهانس رائۆی سەرۆکی ئەڵمانیا لە وتەیەکی هۆشمەندانەدا گوتی کە پێویستە کۆمەڵگایەکی شارستانی، کاردانەوەیەکی مەدەنی و شارستانیانەی لە هەمبەر هێرشە تیرۆریستیەکانی سەر نیویۆرک هەبێت.

*** ئەی بەڕای ئێوە هێرشی سەربازی ئەمەریکا تا چ ڕادەیەک مەدەنی و شارستانیانەیە؟**

– هیچ کاتێ هێرشە سەربازییەکان مەدەنی و شارستانیانە نین. ئەم راستیە بە فڕێدانە خوارەوەی کیسەی خۆراک بۆ خەڵکی ئەفغانستان ناشاردرێتەوە. شێوازی شارستانیانە ئەو کارە بوو کە پێشتر un لە گەڵ رێکخراوەکانی دیکەی فریاگوزاری بەر لە روودانی جەنگ ئەنجامیان دەدا. کارو کردەوەی ئەم رێکخراوانە تا رادەیەکی زۆر لە ئازارو مەینەتیەکانی خەڵکی ئەفغانستانی کەم دەکردەوە، بەڵام ئێستا ئەوانە لە ترسی هێرشە سەربازییەکان ، وازیان لە کارەکانیان هێناوەو ئەفغانستانیان بەجێهێشتووە، کردەوەیەکی سەربازی سنورداری ناوچەیی بە مەرجێک درووست و عادیلانەیە کە بۆ نمونە شوێنی دانیشتنی بن لادن لە ٢٤ سەعاتی داهاتوودا دیار بێت. شتێکی وەهاش بە سەرنجدان لە هێزو توانا و زیرەکیی ئەو کابرایە، شتێکی ئاسان و سادە نییە. لەمڕووەوە هەموو جۆرە کردەوەیەکی سنورداری سەربازی لە دژی بن لادن کە لەوێ نەبێت ، بە کردەوە بەرەورووی بێتاوانەکان دەبێتەوە.

*** کەواتا ئەوەی کە لە رۆژی دەستپێکردنی هێرشەکانەوە لە سەر شاشەی تەلەڤزیۆنەکان دەبیندرێت، نیگەران و رەشبینتان دەکات؟**

– من نیگەرانی ئەوەمە کە ئێستا ئەم جەنگە، هەروەکو راگەیەندراوە ببێت بە پێگەی شەڕێکی نەبیندراو و چەندین و چەند ساڵ بخایەنێ. وەک چۆن ئەمەریکا حەز دەکات لە یاخییەکەوە بۆ یاخییەکی دیکەو لە وڵاتێکی سەرەکیشەوە بۆ وڵاتێکی دیکە پاز بدات. هاوپەیمانی و پشتیوانی لە شەڕو جەنگێکی وەهادا، بۆمن بێ مانایە. هێرشی سەربازی بەڕای من کەرەستەیەکی ناکاریگەرە، کە تەنیا پەرە بە چاوشکاوی و بێ تەحەمولی دەدات. ئەم دیاردانەش بەرهەمی نائیداری بوون و ناکاراییـنە لە کاروباری سیاسیدا. (٤)کەس لە فەرمانبەرانی un کە دوا ئاسەوارەکانی جەنگیان، واتا مینەکانیان لە خاکی ئەفغانستان پاک دەکردەوە، بوونە قوربانی ئەم ناکاراییە. ئێستا لانیکەم ئەوەیە کە ئەو چوار کەسە ناویان دەهێندرێت و کەس ناوی قوربانیەکانی دیکە ناهێنێت.

*** لانیکەم لە بارەی ئەو قوربانیانەش هەواڵ و راپۆرت بڵاو دەکرێتەوە؟**

– بەڵێ، بەڵام نەک لە بارەی ئەوانەی کە پێشتر کوژراون یان ئێستا بە بێئەوەی بەر بۆمب بکەون دەکوژرێن. ئەم لەشکرکێشییە فرەڕەهەندە بۆ ناوچەکە، کە (٤) کەشتیی فڕۆکە هەڵگرو یەکەی سەربازیی جیاجیا لە خۆوە دەگرێت، تەنانەت بەر لە دەستپێبوونی لێدانە سەربازیەکانیش، بارودۆخێکی خوڵقاند کە دەبووە هۆی ئەوەی رۆژانە چەندین ئەفغانی گیانیان لە دەست بدەن، چونکە ملیۆنەها مرۆڤ لە ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتە، خەریکی راکردنن و ئاوارە بوونن. کەواتا بەر لە دەستپێبوونی لێدانەکەش خەڵک هەر

www.kurdistannet.org

مردووە و جا ئەوە شتێک نییە کە ئێستا بێین باسی بکەین و خۆمانی بۆ نیگەران نیشان بدەین.

***ئەم هێرشە سەربازییە لە تۆڵەی هێرشەکانی سەر نیویۆرک و واشنتۆنە، ئایا ناکرێ ئەمەریکا و هاوپەیمانانی لە سەر هەق بزانین؟**

– گەلی ئەمەریکا لە ئاکامی ئەو هێرشە تیرۆریستانە، بە شێوەیەکی کەموێنە زوڵمیان لێ کراو بێعەدالەتیان دەرهەق کرا، بۆیە دەبێ بە بێ (بەڵام) و (ئەگەر) کردەوە تیرۆریستیەکە مەحکوم بکەین، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا دەبێ بەردەوام بین لە رەخنە گرتن لە سیاسەتی ئەمەریکا .

لە مرووەوە من هەستی هاودەردی لەگەڵ قوربانیانی تیرۆردا دەردەبرم، بەڵام کەس ناتوانێ ناچارم بکات پشتیوانی لە سیاسەتەکانی ئەمەریکا بکەم و لێککەیشتنم لە گەڵیدا هەبێت. من لە گەڵ هیچ دەوڵەتێک و تەنانەت لە گەڵ دەوڵەتی خۆشماندا لێککەیشتن دەرنابرم . دەبێ ئەمانە جیا بکرێنەوە.

*** ئەمەریکا لە چ شتێکدا بە تاوانبار دەزانن؟**

– بن لادن و موجاهیدەکانی دیکە پەروەردەی دەستی(CIA)ن و، بە پارەوپولی ئەوان مەشقیان پێکراوە. ئەم کارە تەنیا و تەنیا لە پێناو هاتنەدی ئامانجەکانی ئەمەریکادا بوو کە ئەویش دژایەتی کردنی سۆڤیەت بوو. ئەمە تاکە حاڵەت نەبوو(CIA)خۆیشی لە بنەڕەتدا لە شێوەی کاروکردەوەدا کۆرو کۆمەڵێکی تیرۆریستی بوو، کە سیاسەتمەدارانی تیرۆر دەکرد. دەبێ ئەوەمان لە بەر چاو بێت ئەگەر نا زۆر بێ مانا دەبێ ئەگەر بمانەوێ پەنجەی تاوان تەنیا بۆ خەڵکی دیکە درێژ بکەین.

*** بەڵام سەرنجدان لەم خاڵانەی کە باسیان دەکەی، هیچ گۆڕانێک لەو مەترسیەدا دروست ناکات کە ئێستا تیرۆریزمی ئیسلامی دروستی کردووە؟**

– ئێستا کاتێ تەماشا دەکەم دەبینم ئەمەریکا لە کاردانەوەیدا لە بەرامبەر ئەم تیرۆریزمە، دنیای بە سەر خێرو شەڕدا دابەش کردووە، سەردەمێک کە ئەمەریکا و سۆڤیەت خۆیان بە پۆلیسی نێودەوڵەتی دەزانی، لە بنەڕەتدا زیاد لە قەبارەی خۆیان کاریان دەکرد. ئێستا لەم دووانە، تەنها یەک هێزی جیهانی ماوە، کە ئەویش بە شێوەیەکی خۆویستانە کە لە خۆ پەرەستییەوە سەرچاوەی گرتووە، زانیاریەکی کەمی دەربارەی جیهان هەیە. ئەم کەم و کوڕییەم تەنانەت لە رۆشنبیرانی ئەمەریکایشدا لەوانەی کە من پەیوەندیی دۆستانەم لە گەڵدا هەن، دیتووە. ئەوان خۆیان بە هاووڵاتیی دەسەڵاتێکی جیهانی دەزانن، کە گوایە هەموو شتێک لە ژێر کۆنترۆڵی دایە. لە راستیدا زۆربەی ئەمەریکاییەکان حەز دەکەن جیهان لە دەریچەی بەرژەوەندییەکانی خۆیانەوە کە پتر بەرژەوەندیی ئابوورییە، رێکبخەن. ئێستا تازە – واتا دوای مەحکومکردنی کردەوە تیرۆریستانی ١١ی سێپتەمبەر– رۆشنبیرانی ئەمەریکاش دەپرسن کە بۆچی تا ئەم رادەیە خەڵکی جیهانی رقی لێیانە.؟ ئەم کوتکی تومەتبار کردنە بە بەردەوامی کە هەر رەخنەیەک کە لە ئەمەریکا دەگیرێت، بە دژایەتی ئەمەریکاوە دەبەسترێتەوە، نەتەنیا دەبەنگانە وسووکایەتی پێکەرانەیە، بگرە لە پلەو پایەی دۆستایەتیدا، هەڵەیە.

*** واتا بەڕای جەنابت رەخنە گرتن لە ئەمەریکا خزمەتێکی دۆستانەیە بەو وڵاتە؟**

– من لەگەڵ زۆربەی ئەمەریکاییەکان و لەگەڵ خودی وڵاتەکە هەست بە برادەرایەتی و نزیکی دەکەم، بەڵام برادەرایەتی ئەوەیە کە پیاو برادەری خۆی لە هەڵە ئاگادار بکاتەوە و پێی بڵێت کە دووپاتکردنەوەی ئەم کارە هەڵەیە. ئەم رەخنە گرتنە ئاشکرایە، بەڕای من بەشێکە لە وەفاداری لە برادەرایەتیدا. پەیوەست کردنی ئەم رەخنانە بە دژایەتیکردنی لەگەڵ ئەمەریکادا ، بە مانای کۆتایی هێنانە بە هەموو جۆرە باس و گفتوگۆیەک. ئێمە ناتوانین بە سنوردار کردنی ئازادییەکانی خۆمان و بە تایبەتی ئازادی رادەربڕین پاسەوانی و پارێزەری ئازادی بین.

*** ئێوە بە تەمان بەم زووانە هەندێ کۆبوونەوە لە ئەکادیمیای هونەرەکانی بەرلین بۆ باس دەربارەی بەرەورووبوونەوەکانی باکوور و باشوور بەرپا بکەن .چ چاوەڕوانییەکتان لەم کۆبوونەوانە هەیە؟**

– ئەو سزاو باجەی کە ئێستا دەدرێت، هەمووی لە پای ئەوەیە کە کەس گوێی بۆ قسەکانی ویلی برانت

www.kurdistannet.org

شل نەکرد. برانت دوای دەست لە کار کێشانەوەی لە پۆستی راوێژکاریی ئەڵمانیا، بوو بە سەرۆکی کۆمیسیۆنی باکوور - باشوور و ئەو خزمەتانەی کە لەم قۆناغەدا ئەنجامی دان، بە ئەندازەی پێویست رێنماو رێخۆشکەر بوون. ئەو لە کۆمیسیۆنەکەدا دوو راپۆرتی هەمە لایەنەی ئامادە کرد کە کەس گوێی پێنەدان. لەو راپۆرتانەدا، برانت بە ئانالیز و شرۆڤەیەکی ورد، پێش بینی ئەوەی کرد کە ئێمە دوای بەرەورووبوونەوەی رۆژهەلات و رۆژئاوا تووشی بەرەو رووبەرووبوونەوەی نێوان باکوورو باشوور دەبین. هەروەها خوازیاری سیاسەتێکی نێوخۆیی لە پێوانەی جیهانیدا بوو و داوای سیستەمێکی نوێی ئابووری دەکرد. ئەو داوای کرد کە مامەڵە لەگەڵ ولاتانی جیهانی سێیەم لە سەر بنەمای مافێکی یەکسان بۆ هەردوولا بێت. بەلام هیچ کام لەو خواستانە نەهاتنە دی و ئەمانە لەو هەلانە بوون کە بوونە فاکتەری یاریدەدەر بۆ سەرهەڵدانی تیرۆریزم. چونکە تەنانەت لەو ولاتانەیش کە دژی تیرۆریزم بوونە رق و قینێک لە دژی ولاتانی دەوڵەمەند کە بە سەرکردایەتی ئەمەریکا سەری هەڵداوە. خودی ئەم رق و قینە لە ئەنجامی چاوشکاوی و هەستی خۆبچووک بینینەوەیە و دەکرێ بلێین هەقەو لێی تێ دەگەیشترێت.

*** بەلام لە رواڵەتدا تیرۆریستان دەوڵەمەندن و کێشەیان لە سەر برسیەتی و دژایەتی کردن لەگەڵ دەوڵەمەندەکاندا نییە. ئەوان پتر جەخت لە سەر بێ عەدالەتی و نایەکسانیی سیاسی دەکەنەوە و سەرشۆڕی و نائومێدیی فەلەستینیەکانیان کردووە بە دەستمایەی خۆیان؟**

- دەکرا بە سیاسەتێکی ژیرانە و عاقلانە، بەربەم نا ئومێدی و سەرشۆڕییە بگیرێت. مادامەکی سەرچاوەی نەفرەتی روو لە زیاد بوون، وشک نەبووە و رق و تورەیی وەلاوە نەنراوە، ئەمە هەر دەمێنێ. بۆ ئەوەی گۆڕانێکی وا روو بدات، پێویستیمان بەوەیە کە پاڵ بە ئیسرائیل وەبنێین تا واز لە سیاسەتی داگیرکارانەی خۆی کە چەندین دەیەیە درێژەی پێدەدات، بێنێت. سیاسەتی چۆڵ کردن و کشانەوەی ئیسرائیل لە ناوچە داگیرکراوەکان بەس نییە، دەست بە سەراگرتنی خاکی فەلەستینیەکان و سیاسەتی دروستکردنی شارۆچکەی نوێ، کردەوەیەکی تاوانکاریە و دەبێ بە زووترین کات بوەستێندرێت. نابێ بە کۆتایی هاتنیشی بوەستین و بگرە دەبێ بارودۆخ بۆ بەرلە داگیرکاری بگەرێنینەوە. بە پێچەوانەوە بەهیچ شێوەیەک ئاشتی لە رۆژهەلاتی ناڤیندا بەرقەرار نابێت. ئەمانە ئەو مەرجانەن کە دەبێ ئیسرائیل پیادەیان بکات. بەلام سیاسەتی ئێستا کە ددان بە ددان و چاو لە بەرامبەر چاوە، دەبێتە هۆی پەرەسەندی رق و توندرۆیی و یاریدەدەرە بۆ ئەوەی بن لادنی نوێ بە ناوی نوێ لە شوێنی دیکە سەرهەڵبدەن.

www.kurdistannet.org

# دڕندانەترین شت ئەوەیە، کە بە ناوی خواوە مرۆڤ بکوژیت

خۆزێ ساراماگۆ *

لە شوێنێک لە هیندستان، چەند تۆپێک لە ریزی یەکتری داندراون. لە سەری لوولەی هەریەکیان مرۆڤێکی لێ بەستراوە. لە ئیسرائیل، لە کاتێکدا کە سەربازێک شمشێرەکەی هەڵێناوە تا فرمانی تەقە کردن بدات، لەو لاتر سەربازێکی دیکە بە چەکوچ دەستی ڕاستەی یەکێک وردوخاش دەکات. فەلەستینیەکە بەردی هاویشتبوو. ئەمەریکا، شاری نیویۆرک. دوو فڕۆکەی فڕینە نێوخۆییەکان کە لە لایەن تیرۆریستانی سەر بە توندڕۆکان رفێندراون، خۆیان دەکێشن بە بورجەکانی سەنتەری بازرگانیی جیهانی، بۆیە بورجەکان دەڕووخێن. هەر بەم شێوەیە فڕۆکەی سسێیەمیش زیانێکی زۆر بە باڵەخانەی پینتاگۆن دەگەیەنێت، ژمارەی کوژراوەکان هەزاران کەسن. وێنەکانی هیندستان، ئەنگولاو ئیسرائیل، ترس و سامان لە دەموچاو دەکوتن. ئێمە قوربانییەکان لە کاتی ئەشکەنجەدا، لە شێوەی مەرگ دەبینین. مەرگێکی سامناک. سەرەتا لە نیویۆرک هەموو شتێک ناواقیعی دەهاتە پێش چاو. دیمەنێک لەو گەلە فلیمەی کە سەبارەت بە ڕووداوی جیاجیا درووست دەکرێن و سەرمان پێیان ناسوڕمێ، بەڵام بە یارمەتیی فرت و فێڵەکانی هونەری فیلمسازی، سەرەنج ڕاکێشن. بەبێئەوەی کەس خوێنی لێ بێت، یان گۆشت بەم لاو ئەولادا بپەڕێت، یان ئێسقانێک بشکێت. ترس لە شێوەی ئاژەڵێکی دڕەندەو پیس، خۆی مەڵاس دابوو تا سەرەتا لە سەرسوڕمان دەربێن و دوایی چڕنووکی لە گەروومان گیر بکات. ئەو کاتە ترس گوتی : «من لێرەم» کە دیتمان مرۆڤەکان خۆیان هەڵدەدایە قولایی، دەتگوت مردنی خۆیان بۆ خۆیان هەڵبژارد بوو، ئێستا ترس لە هەموو ساتەکاندا خۆی بە دیار دەخات. کاتێ یەکێک پارچە بیتۆن(سەبە)ێک، لادیوارێک یان کەرتە ئەلەمنیۆمێک لا دەدات، چاوی بە کەللە سەرێکی نەناسراو، دەستێک، قاچێک، زگ وسینگی دڕاو دەکەوێ.

بەڵام خودی ئەوەش دیمەنێکی بێزارکەرە. ئێمە بێگومان دیمەنی ملیۆنەها کوژراوی رواندامان دیتووە، ڤێتنامی بەناپاڵم نابود کراو، رەشە کوژی و گوللە باران کردنی بەکۆمەڵ لە ستادیۆمی وەرزشی، پارچە پارچە بوون و زیندە بەگۆڕ کردنی سەربازە عێراقیەکان، ئەو بۆمبە ئەتۆمییانەی کە هیرۆشیما و ناکازاکییان لە گەڵ خاکدا یەکسان کرد، کووره مرۆڤ سووتێنەکانی نازییەکان و ئەو لۆرییانەی کە وەک زبڵ لاشەی مرۆڤەکانیان دەگواستەوە. هەرکام لە ئێمە رۆژێک دادێ کە دەمرین، بەڵام ژمارەی ئەو کەسانەی کە بە سامناکترین و دڕاندانەترین شێوە لە نێو دەبرێن، لە دەست دەرچووە. یەکێ لەوانە، تاوانبارانەترین، مەحاڵ ترین و نامەنتیقیترین جۆرە، کە لە سەرەتای بوونی مرۆڤەوە هەبووە و ئەویش کوشتن بە ناوی خواوەیە. گوتراوە کە ئایینەکان (بەبێ جیاوازی) قەت بۆ لێک نزیک کردنەوەی خەڵک نەبوونەو بە پێچەوانەوە هۆی مەینەتیەکی لە ڕادەبەردەر، کوشتار و نەخۆشی روحی و جەستەیی دێوئاسان کە ئەمانەش ڕەشترین لاپەڕەکانی مێژووی مرۆڤایەتیان تۆمار کردووە.

تەنیا بە هۆی ڕێزگرتن لە ژیان دەتوانین ئەو ئازایەتیەمان دەستکەوێ، کە لە هەموو بارودۆخێکدا بتوانین ئەو ڕاستییە حاشاهەڵنەگرو سەلمێندراوە بەیان بکەین، بەڵام پێشتر پێڕەوانی هەموو ئایینەکان تەنها وانیشان دەدەن کە ئەم ڕاستییە نازانن، بگرە بە شێوەیەکی توندوتیژ هێرش دەکەنە سەر ئەو کەسانەی کە پێیان وایە خوا تەنها ناوێکەو چیدیکە نییە، شتێکە کە سەردەمایەک لە ترسی مردن درووستمان کردووە و هەر ئەویش رێگەی ئێمەی لە گەیشتن بە ژیانی مرۆیی ناهەموار کردووە. ئێنجا لە جیاتی ئەمە بەڵێنی بەهەشتی پێداوین و بە دۆزەخ ترساندووینی، کە یەک لە یەکێ ساختەترن و سووکایەتی کردنێکە بە هۆش

www.kurdistannet.org

و عەقڵی مرۆڤێکی عاقڵ کە مرۆڤایەتی بە ماندوویەتیەکی زۆری بە دەستی هێناوە. نیچە دەڵێ: (ئەگەر خوا نەبێ، ڕێگەی ئەنجامدانی هەموو کارێک هەیە) ، بەڵام وەڵامی من ئەوەیە کە تەنها لە گەڵ خوادا وەکو هۆ و بەناوی خوا ڕێگەی ئەنجامدانی هەموو کارێک هەیە، بە تایبەت سامناکترین و خەراپترینی کارەکان. چەندین سەدە ئەنگزیسیۆن (دادگای لێکۆڵینەوە لە بیروباوەرەکان) هەبوو، وەکو تاڵیبانی ئێستا ، ڕێکخراوێکی تیرۆریستی بە شوێنەرترین لێکدانەوە لەو تێکستانەی کە لانی کەم بۆ کەسانێک کە بڕوایان پێهەبوون، جێگای ڕێز بوون. هاوسەرییەتی و لێکدانێکی شێتانەی دەسەڵات و ئایین لە دژی ئازادیی ویژدان و مرۆییانەترین مافەکان : مافی ئەوەی بتوانی بڵێی (نا ) و مافی هەڵبژاردنی ئازادانەی بیروباوەر، کە هەمان مانای (کوفر) ببەخشێت.

خوا بێ گوناهە. بێگوناهە بە ئەندازەی ئەو شتەی کە بوونی نییە، هیچ کاتێ نەبووە و ناش بێت. بێ گوناهە لە خوڵقاندنی کاهکەشان و ئەو بوونەوەرانەی کە تێیدا توانای ئەنجامدانی تاوانبارانەترین کارەکانیان هەیەو ئیدعای لە سەر هەق بوونیش دەکەن و بەم کارەیان ستایشی هێزی خوا دەکەن.

ئەو کاتەی کە تەرمەکان لە سەر یەکتری کەڵەکە دەبن، مردووەکانی دوو بورجەکەی نیویۆرک و تەواوی ئەوانەی بە ناوی خوا گیانیان لە دەست داوە، لاپەڕەکانی مێژوو پڕ دەبێ لەو تاوان و تۆقاندنەوەی کە بە ناوی خوایەک ئەنجام دەدرێت، کە بە دەستی مرۆڤ لە شێوەی مرۆڤ کوژێک نیشان دەدرێت. من پێم وایە خواکان تەنها لە مێشکی مرۆڤەکاندان، ئەوان لە کاهکەشانێکدا هەن کە دروستکراوی دەستی مرۆڤە، بەڵام (مەفهومی) خوا لە ژیاندا هەیە، دەڵێی لە ڕاستیدا ئاغاو خاوەنی ژیان بووە. خوا نا ، بەڵام (مەفهومی) خوا لە سەر ئەسکەناسی دۆلار هەیەو لە سەر ئەو بەرچەسپانەی کە تێیدا داوای لێبوردن بۆ گەلی ئەمەریکا دەکەن، ئەمەریکای وڵاتە یەکگرتووەکان، نەک ئەمەریکایەکی دیکە....و ئەوە (مەفهومی) خوا لە خوای ئیسلامدا بوو کە تووشی بەدگۆران کرابوو و لە فڕۆکەکاندا ببوو بە هێزی ڕابوون و تۆڵەستاندنەوە لە بە بچوک زانین و، خۆیان بە بورجەکانی ناوەندی بازرگانیی جیهاندا کێشا.

دەڵێن خوایەک (با)ی چاند و ئەوەی دیکەیان بە (زریان) وەڵامی دایەوە. ڕەنگبێ ئەمە وابێ و ڕاست بێت. بەڵام ئەوە خوایەکان نەبوون، خوایەکان بێگوناهن، بەڵکە ئەوە هەمان (مەفهومی) خوا بوو، کە بە شێوەیەکی تۆقێنەر لە گەڵ مرۆڤەکاندا لە هەموو شوێنێکی دنیا و بە هەر ئایین و بڕوایەکی جیاوازەوە کە بن ، کۆکە. هەر ئەمە هزرەکانیانی ژەهراوی کردووە و دەرگاکانی بە سەر پیس و چەپەڵترین نارەواکاندا والێ کردووە و ڕێز لە هیچ شتێک ناگرێت، جگە لەو شتەی کە خۆی بڕوای پێیەتی.

من داوا لە خوێنەری بڕوادار-بە هەر ئایینێک بێ-دەکەم کە سەرنجی واتای ئەم واژانە بدات و وا سەیر نەکات کە ئەم دەقە بێ خوایەک نووسیویەتی. من داوای لێ دەکەم کە تێ بگات و، ئەگەر عەقڵی پێناشکێت با سوود لە هەستەکانی وەرگرێت کە ئەگەر خوایەک هەبێت، تەنها یەکێکە و ئەویش پەیوەندیی بڕواداره بەو خوایەی کە ناسیویەتی و ناوەکەی گرنگ نییە. هەروەها لێگەڕێ کە بڕوای بە (مەفهومی) خوا نەبێت. دوژمنانی ڕوحی مرۆڤ کەم نین، بەڵام ئەمەیان سەرکێشترین و بێبەزەیی ترینیانە. ئەمە نیشان دراوە و بەداخەوە لە ئایینەدەشدا نیشان دەدرێتەوە.

**Jose Saramago نوسەری پورتوگالی، لە ساڵی ١٩٩٨ خەڵاتی نۆبڵی لە ئەدەبیاتدا پێ بەخشراوە.**

**سەرچاوە : ڕۆژنامەی ئیسپانیایی EL Pais.**

www.kurdistannet.org

# کەس بێ گوناح نییە

## گفتوگۆیەک لەگەڵ فەیلەسوفی فەڕەنسایی (ژاک دریدا)

*ڕۆژی ٢١ی سێپتمبەری ٢٠٠١ لە کەلیسای (پاوڵ)ی شاری فرانکفۆرت، خەڵاتی (تیۆدۆر ئادۆرنۆ)ی ساڵی ٢٠٠١ی ئەمساڵ درا بە ژاک دریدای فەیلەسوفی فەڕەنسایی و بەم شێوەیە ڕێز لە هەوڵ و تەقەللاکانی یەکێ لە بەرجەستەترین فەیلەسوفانی هاوچەرخ نرا. دریدا دامەزرێنەری فۆرمی بنەماشکێنی یە. خەڵاتی ئادۆرنۆ لە ساڵی ١٩٧٧وە هەر سێ ساڵ جارێک بەو کەسانە دەبەخشرێت کە لە بوارەکانی فەلسەفە، میوزیک، شانۆ و فیلمدا کار دەکەن. لەو کەسە بەناوبانگانەی کە تا ئێستا ئەم خەڵتەیان پێ بەخشراوە دەتوانین یۆرگن هابرماس (١٩٨٠)، میخائیل گلین-ی موزیسیەن (١٩٨٦)و جان - لوک گوادر-ی دەرهێنەر(١٩٩٥) ناوببەین. ڕۆژنامەی (زدۆیتچە تسایتونگ) لە ژمارەی ڕۆژی ٢٤/٩/٢٠٠١، ئەم دیمانە کورتەی لەگەڵ فەیلەسوفی نێوبراودا ئەنجام داوەو تەوەری سەرەکی گفتوگۆکە ڕووداوەکانی ١١ی سبتەمبەری ئەمەریکایە.*

*** چ تێڕوانینێکتان لە هەمبەر ڕووداوەکەی ١١ی سێپتمبەر هەیە؟**

- ئەو لێدانە تیرۆریستییانە لە کۆی گشتیدا، دووبارە لەگەڵ کێشەی گلۆباڵیزمدا (بە جیهانی بوون) بەرەوڕوومان دەکاتەوە، بەڵام ئەم جارەیان بە دەستەواژەیەکی زاڵ، کە ئەویش جەنگە. ئەمە چ شەڕێکە کە ناتوانرێ لە دژی دەوڵەتێکی نیشتمانی دوژمن، کە پێی بناسرێتەوە، ڕابگەیەندرێت؟ جەنگێگ کە بزاڤە خێراکانی سەرمایەی لە گەڵدا بووە. دەزانین کە بەر لەوەی ئەم هێرشانە بکرێنە سەر ئەمەریکا، لە بازاڕەکانی بۆرسەدا پارەیەکی یەکجار زۆر وەکو قازانج کۆ کراونەتەوە. هەموو ئەوانە وامان لێ دەکەن، کە جارێکی دیکە بەگلۆباڵیزم، سەرمایەداری و جەنگدا بچینەوە.

*** چۆن هەواڵی ڕووداوەکەتان بیست؟ ئەم کارەساتە بۆ ئێوە چ مانایەکی هەیە؟**

- منیش وەکو هەموو خەڵکی دیکە کەوتمە ژێر کاریگەریی ئەو ڕووداوە و ناڕەحەت بووم، سەرەڕای ئەوەی کە من وەکو (شار) زۆر کەیفم بە شاری نیویۆرک دێت. من زۆر لەو شارە ژیاوم و بە حەزیشەوە تێیدا ژیاوم. من لە قوڵایی دڵمەوە هاودەردی خۆم بۆ قوربانیانی کارەساتەکە دەردەبڕم. بەڵام ئەم هەستی هاودەردییە نابێ وا بکات کە پیاو چاوی لە ئاست بەرپرسانی ڕوودانی ئەم کارەساتە کوێرو نابینا بێت.

*** بەڕای جەنابت کێ لەم کارە بەرپرسە؟**

- ئاشکرایە کە بە پلەی یەکەم ئەنجامدەرانی کارەکە و ئەو کەسانەی لە پشتیانەوە بوونە، بەڵام بەشێکی زۆری ئەم بەرپرسێتیە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو سیاسەتەی کە ساڵەهای ساڵە ئەمەریکا و ئەوروپا لە هەمبەر ئەو بەشەی جیهان پێڕەوی دەکەن.

*** لە حاڵەتێکی وەکو ئێستادا ئەرک و بەرپرسیارێتی فەیلەسوفان چیە؟**

- بەرپرسیارێتی گشتی هاووڵاتیەکی سیاسی، بەڵام لە هەمانکاتدا ئەرکی سەر شانیەتی کە تاوتوێی ئەو دەستەواژانە بکات کە ئاماژەم پێدان، فەیلەسوف بۆی نییە پرسیارە ڕەخنە ئامێزەکانی خۆی کەم بکاتەوە. تەنانەت ئەگەر خۆی لە ڕیزی قوربانییە بێ گوناهەکانیشدا ببینێت. پێم وایە لەم حاڵەتەی ئێستادا مرۆڤی ڕۆژئاوایی بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، قوربانیی ئەم ڕووداوەیە و لە هەمانکاتیشدا، بێ تاوان نییە. من لەم قسانەمدا مەبەستم داکۆکی کردن لەو مرۆڤە بەربەر ڕەفتارانە نییە،

www.kurdistannet.org

کە ئەم کارەیان ئەنجام داوە. بەڵام من لە خۆم دەپرسم، ئایا کەسێکی وەکو بن لادن- کە ئەگەر تاوانبار بێت- لە هەمان ئەو بەرەیەدا نییە کە ئێستا شەڕی لە گەڵدا دەکات. ئەویش سەرمایەدارێکی گەورەیە و بەشێکە لە تۆڕی دەسەڵات و پارە.

*** چۆن دەکرێ بەرەنگاری ئەم تۆڕە ببینەوە؟ ئایا بە هێزی سەربازی ئەم کارە دەکرێت؟**

– رەنگبێ کردەوەیەکی تیرۆریستی لەو بابەتە پێویستی بە وەڵامێکی پۆلیسی و سەربازی هەبێت. بەڵام وەڵامێکی وەها، ئەگەر نەتوانێ گۆڕانێک لە سیاسەتی لە نێوبردنی زەمینەی تیرۆردا دروست بکات، شتێکی ئەوتۆ نییە، بە پێچەوانەوە دەتوانین دڵنیا بین لەوەی کە ئەم کردەوانە دووبارە دەبنەوە. بۆیە دەبوایە لە ناو ڕای گشتیدا هیچ شوێنێک بۆ ئەنجامدەرانی ئەم تاوانە نەهێڵدرێتەوە.

*** لەوتەکەی خۆتاندا باستان لە (سیاسەتی خەون) کرد، ئەم سیاسەتە لە چی پێکهاتووە؟ ئایا لە حاڵی حازردا تەنها خەونی رۆژئاوا بە دەست هێنانی تەناهی نییە؟**

– دەبێ ئاگامان لەوە بێت کە سیاسەتی خەون، سیاسەتێک نییە کە بۆ خەون و خەون بینان بێت. ئەو خەونەی کە من باسی لێوەدەکەم، خەونی بیر کردنەو ئەو خەونە گشتییەیە کە لە ئەورووپا خەڵک بە تەناهی، نیشتمانپەروەری و تۆڵەستاندنەوەوە دەیبینن.دەبێ لەم کابوسە دەربێین و سیاسەتی ئاگایی بخەینە جێوە، لەم ڕووەوەیە کە دەبێ لەم خەونە ڕاببینەوە.

*** ئایا دەکرێ لە بارودۆخێکی وەهادا واز لە تەناهی بێنین؟**

– نەخێر، چاوپۆشی کردن لە تەناهی کارێکی نابەرپرسانەیە. پێم وایە پۆلیس و سوپا پێویستن و دەبێ هەبن. من باوەڕم بە زەرورەتی بە کار هێنانی توندوتیژی لە پێناوی بەر قەرارکردنی عەدالەت هەیە. من ناڵێم چەک بەلاوە بنێین، بەڵام توندوتیژیش بە تەنهایی بەس نییە و کاریگەریی نابێت، نەبۆ عەدالەت و نەبۆ تەناهیش. جەنگ بەم شێوەیەی کە ئێستا خۆی بۆ ئامادە دەکرێت، ناتوانێ تاکە وەڵام بێت، ئەمەیە کە دەڵێم سیاسەتەکە سیاسەتی خەونە، کەواتە پێویستمان بە چارەسەرێکی دیکەیە.

*** ئەو چارەسەرە چیە؟**

– ناکرێ ئەو چارەسەرە لە رستەیەکدا کورت بکەمەوە و بیڵێم، ئەمە مەسەلەیەک نییە کە تەنها پەیوەست بێت بە پۆلیس و سوپا و بگرە پەیوەندی بە تێکڕای هاوڵاتیانی ئەمەریکا و ئەورووپاوە هەیە. من سەبارەت بەوەی کە پێویستە چی بکرێت، هیچ قسەیەکم پێ نییە.

*** ئێوە لە نوێترین کتێبتاندا باستان لە (سیاسەتی دۆستایەتیی) کردووە، چۆن شتی وا دەبێ؟**

– ئەو دۆستایەتیەیش کە من باسی لێوە دەکەم وەکو هەمان ئەو خەونەی کە لە وتەکەمدا باسم لێوە کرد، مەحاڵە، مەحاڵێک کە دژ و پوچەڵکەرەوەی مومکینەکان نییە. دەبێ ئەم مەحاڵە ئەنجام بدرێت و بیری لێ بکرێتەوەو ئەنجام بدرێت. ئەگەر کارەکان تەنها ئەنجامدانی ئەو شتانە بێت کە دەکرێن و مەحاڵ نین، ئەوا هیچ نەکراوە و هیچیش رووی نەداوە. چونکە ئەگەر کارێکم کرد کە لە توانام دابوو، ئەوا بایەخی نییە، بەڵام بە پێچەوانەوە شتێکی دیکەیە.

*** ئایا خودی رووداوەکەی ١١ی ئەیلول لەم مەحاڵە چاوەڕواننەکراوەوە سەرچاوەی نەگرتووە؟**

– نەخێر، لێرەدا ئێمە بەرەورووی سەرهەڵدانی نەفرت و قین دەبینەوە کە لەگەڵ هەموو بێ بەزەییەتیشیدا پێشبینی دەکرا. راستە ئەم سەرکێشییە بووە مایەی سەرسوڕمانی دنیا، بەڵام لە هەمانکاتدا پێشبینی دەکرا. هەروەها چەندین ساڵە کە تۆڕی تیرۆر لە رووی سەربازی و داراییەوە بە شێوەیەکی چڕوپڕ پێک بەستراونەتەوە. دووسێ رۆژ بەر لە رووداوەکەی نیویۆرک لە بازاڕی بۆرسەدا هەندێ مامەڵە ئەنجام دران. کەواتا پێشبینی ئەمە کرابوو. ئەمە بەرنامە بوو، پێک بەستراویەتیی ئەو عەناسیرانەی کە لە راستیدا مەحاڵ نەبوون.

www.kurdistannet.org

# تیرۆریزم نوێنەرایەتیی
# هیچ شارستانیەتێک ناکات

گفتوگۆیەک لەگەڵ(تاهیر بن جەلون)

*تاهیر بن جەلون، موعتەبەرترین نوێنەری کۆمەڵی ئەدەبیی مەراکیشە. نیویراو لە ساڵی (١٩٧١)ەوە لە پاریس دەژییێت و لە ساڵی ١٩٨٧ بەهۆی رۆمانە بەنێوبانگەکەی، واتا (شەوی عەفاف)خەڵاتی فەرەنسایی (کۆنکۆرت)ی پێبەخشرا. بن جەلون گەورەترین سەرکەوتنی خۆی بە رۆمانی (بابە، بێگانە کێیە) بەدەست هێنا. لەو کتێبەدا، نووسەر کرۆکی رەگەزپەرستی بۆ کچەکەی خۆی دەگێرێتەوە. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەرلین، بەم دواییانە وەرگێردراوی ئەڵمانی رۆمانی (بێدەنگی رووناکی)ی رەوانەی بازاڕ کرد. لەم رۆمانەدا نووسەر باس لە دیتەنەکانی یەکێ لە کودەتاچییەکانی زیندانی (تاسماماراد) دەکات. ئەو کودەتاچییانەی، کە گەرەکیان بوو سوڵتان حەسەنی دووەمی پاشای مەراکیش لەسەر کار لادەن. لەمڕووەوە (٢٠)ساڵی رەبەقیان لەزینداندا بەسەر برد. رۆژنامەی فرانکفۆرتر رۆندشاو بە بۆنەی بڵاوبوونەوەی وەرگێردراوە ئەڵمانییەکەی ئەم رۆمانە سەبارەت بەدوا گۆڕانکارییەکانی دنیا، ئیسلام و تیرۆر گفتوگۆیەکی لەگەڵدا ساز داوە. ئەمەی خوارەوە دەقی ئەم گفتوگۆیەیە، کە لە فارسییەوە کراوە بە کوردی.*

*** گفتوگۆی کۆمەڵایەتی لەسەر نوێترین کتێبی ئێوە دەریخست، کە کاتێ ئەدەبیات، مەینەتییە سەلمێندراوەکانی مێژوو دەکاتە بابەتی خۆی، لەگەڵ بێمتمانەییدا بەرەورووو دەبێتەوە. ئەمە چۆن لێک دەدەنەوە؟**

-قسە لەسەر نەبوونی متمانە نییە، بگرە پەیوەندیی بە نەبوونی تەفاهوم (لێکحاڵی بوون)ەوە هەیە. بەڕای من ئەدەبیات لەو شوێنەیدا، کە شایەدی بۆ راستییەک دەدات، دەتوانێ لە گوتەکانی شاهیدێک، کە بە چاوی خۆی رووداوێک دەبینێت و وەک زانیاری پێشکەشی مێژوونووسی دەکات، ئەولاتریش بڕوات. واتا ئەدەبیات پتر دەڕوات، سنورەکان تێک دەشکێنێ و لە ئاستی بابەتێکی دیاریکراو تێدەپەڕێت. بۆمن بەرگری و خواستی درێژەدانی ژیان شتێکی سەرنج راکێش بوو، ئەو پرسیارەی، کە چۆن مرۆڤ دەتوانێ ساڵەهای ساڵ لە کونێکی رەشەوە تەحەمولی وەحشیەت بکات و بەسەریدا زاڵ بێت.

*** ئەوە بەو مانایەیە، کە ئەگەر مرۆڤ پتر بە راپۆرتێکی ئەدەبییەوە ماندوو بێت تا راپۆرتێکی بەڵگەیی رووت، ئایا ئەو کاتە ئەدەبیات پتر دەتوانێ خاوەنی هێزێکی بەرەنگاریی خوڵقێن بێت؟**

-ئەدەبیات بەرەنگاریی خوڵقێنەو هێمنی لەبار دەبات، چونکە کردارێک دەخاتە چەقەوە. ئەدەبیات تەنها باسی راستییەکان دەکات. بۆ نمونە کتێبی (بێدەنگی رووناکی)، دەتوانێ بەهەمان ئەندازە بۆ کامبۆچیەکی قوربانیی دەستی خمێرە سوورەکان قسەی پێبێت، کە بۆ ڤییەتنامیەکی ژێر ئەشکەنجە پێیەتی. بەرگرییەکی لەو بابەتە لەهەموو جێگەیەک هەبووە. مرۆڤ لە رێگەی هێزی روحی و گەڕانەوە بۆ ناخی خۆی، خاوەنی هێزێکی سەربەخۆ و مرۆییە، کە بۆ نمونە لە سنوری ئاژەڵەکان تێدەپەڕێت. بۆیە لە کتێبەکەدا سەگێکی تێدایە، دەمرێت. بەڵام مرۆڤ دەتوانێ لەو کەسە بەهێزتر بێت، کە ئەشکەنجەی دەدات.

*** مرۆڤ سەلمان روشدی بیر دەکەوێتەوە، لە سەرەتادا نەدەکرا بزانین، کە بۆچی دەبێ بکوژرێت، چونکە مەسەلەکە تەنها پەیوەندی بە ئەدەبیاتەوە هەبوو، بەڵام رەنگبێ باشتر وابێ کە بڵێین، هەر لەم رووەوە**

www.kurdistannet.org

(دەبێ بمرێت)، چونکە مەسەلەکە لەسەر ئەدەبیات بوو.

-راستە، ئەو شتەی کە ئەشکەنجەگەران و دەمارگیران دەتۆقێنێت، کەسایەتیی تاکە کەسییە، کە هەرگیز ناتوانن کۆنترۆڵی بکەن.

*** نووسینەکەی ئێوە بە ناسنامەیەکی دووانەی ئیسلامی ئەورووپی دیاری دەکرێت. ئایا لە (١١)ی سێپتەمبەر بەدواوە هیچ شتێک لەلای ئێوە گۆڕاوە؟**

-نەخێر، بەڵام کاتێ، کەدیتم چۆن بورجەکان داڕمان، دەستبەجێ بیرم بۆ ئەوە چوو، کە دەبێ بۆ جارێکی دیکە جیهانی عەرەبی ئیسلامی باجێکی قورس بدات. من باسی تیرۆریستان ناکەم، چونکە ئەوان سەربە هیچ وڵات و ئاینێک نین و بگرە سەربە فیرقەیەکن، بەڵام هەموو ئەوانەی خاوەنی حوکمی پێش وەختە لە دژی موسڵمانەکان بوون، پاساوێکیان بۆ ئەم حوکمە پێش وەختەیان دەست کەوت. هەرلەم رووەوە، ئەم مەسەلەیە گۆڕانێکی ئەوتۆی تێدا دروست نەکردم، جگە لەوەی کە خێرا خەریکی کارکردن بووم. چونکە کچە تەمەن(٧) ساڵانەکەم مەسەلەی ١١ی سێپتەمبەری بۆ برایە تەمەن چوارساڵانەکەی روون کردەوە. ئەو باسی لە (موسڵمانانی خراپ)دەکرد، کە کەیفیان بە ئەمەریکاییەکان نایەت. دوایی بە شپرزەییەوە لێی پرسیم:(باوکە؟ منیش موسڵمانم)

*** ئینجا ئێستا ئێوە کتێبی (باوکە ئیسلام چییە) دەنووسن؟**

- بەڵێ، چونکە دەستبەجێ تێگەیشتم کە دەبێ سەرلەنوێ شتێکی دیکە بۆ منداڵەکان روون بکەمەوە: ئیسلام ، شارستانییەتی ئیسلامی و ژیانی پێغەمبەر. لەگەڵ ئەوەشدا من دەمەوێ بۆ گەورەکانیش ئەوە روون بکەمەوە، کە چۆن شارستانیەتی ئیسلامی کە سەردەمێک ئەوەندە پڕشنگدار بووە، ئێستا رووبەرووی شکست و حوکمی پێش وەختە بۆتەوە. ئەوە وەڵامی منە بۆ ئەم بەربەرییەتە، چونکە لێرەشدا وەکو رەگەزپەرستی دەبێ لە قوتابخانەوە دەست پێ بکەین. شتێک کە تاڵیبان لێی تێگەیشتوون بە پێچەوانەوە ئەوان نەیان دەتوانی ئاراستەی فکریی منداڵەکان لە هەمان قوتابخانەدا دیاری بکەن.

*** بۆ ئێوە ئیسلام چییە؟**

-من پڕوپاگەندە بۆ گەورەیی ئیسلام ناکەم. من دەمەوێ دیمەنێکی راستەقینە بخەمە پێش چاو و باسی ئەو دیمەنە بکەم. من دەمەوێ روونی بکەمەوە کە ئیسلام ئاینێکی گەنجە، کە تازە پێی ناوەتە (١٥٠٠)ساڵییەوەو لە ئاستی دنیادا لە پەرەسەندندایە. ئاینێک کە نەخۆشیشی هەن: توندوتیژی، دەمارگیری و تەفسیری هەڵە. من دەری دەخەم، کە جیهاد وەکو (فتوا بۆ سەردەمی ئەمڕۆ شتێکی دواکەوتووانە و بێیاساییە).

*** ئایا ئیسلام دەتوانێ لەگەڵ مۆدێرنیتەدا ئاشت بێتەوە؟**

-بەڵێ، من سێ وڵاتی ئیسلامیتان بە نموونە بۆ دێنمەوە، کە توانیویانە کۆمەڵگایەکی مودێرنی ئیسلامی دروست بکەن، تورکیا، تونس و مەراکیش. مەراکیشییەکان زۆر ئاینین. ئەوان نوێژ دەکەن و رۆژوو دەگرن و دەچنە زیارەتی ماڵی خوا، بەڵام هاوکات خوازیاری دیموکراسیی سیاسی، رێزگرتن لە تاکەکەس و ئازادیی بیروڕان. نوێگەرانی ئیسلامی پەیوەستە بە نوێگەراییی سیاسی و لەو وڵاتە کلاسیکی و دیکتاتۆرییانەی وەک عەرەبستانی سعودی، ناتوانرێ بە شێوەیەکی مۆدێرن ئیسلام پیادە بکرێت.

*** مەتەڵی هەرە گەورە ئەوە بوو، کە تیرۆریستەکان بە شێوەیەکی (هاوژیان) لە کۆمەڵگای ئێمەدا دەژیان ئەمەیان دەبێ چۆن روون بکرێتەوە؟**

-سەبارەت بە (هاوژیانی) بەهەڵە لێک حاڵیبوونێکی گەورە هەیە. من باش ئەڵمانیا ناناسم، بۆیە رێگەم بدە ئەم مەسەلەیە لە بارەی فەرەنسا روون بکەمەوە.، لەوێ (هاوژیانی) هەرەسی هێناوە، لە هەموو ئاستەکاندا بە تایبەتیش لە ئاستی فەرهەنگیدا. راستە منداڵانی کۆچبەر دەچنە هەمان ئەو قوتابخانانەی، کە منداڵە فەرەنساییەکان دەرسیان تێدا دەخوێنن، بەڵام دەستبەجێ بەرەو خوێندنی تەکنیکیی نەناسراو ئاراستە دەکرێن. لە ئەنجامدا تەنها ٤ ٪ی ئەوانە لە بەشێکی زانکۆییدا خوێندن تەواو دەکەن. تەنها ٢٥ تا

www.kurdistannet.org

٣٠٪ی منداڵانی ئەو کرێکارانەی کە لە باروودۆخێکی هاوشێوەدا دەژین، دەتوانن بگەنە زانکۆ. ئەمانە هەندێ ژمارەی سامناکن دەیسەلمێنن سیاسەتی هێنانەکایەی (هاوژیانی) نەبووە. مرۆڤێک کە برینێکی وەهای لە جەستەدا بێت، بۆ کۆمەڵگای فەرەنسا بە لەکیس چوو لە قەڵەم دەدرێت. ئەو مرۆڤەی کە بە فەرەنسی قسە دەکات، دەچێتە دیسکۆ، بە فەرەنسی گۆرانی دەڵێت و نان دەخوات، هەروەها ناسنامەی فەرەنسیشی هەیە، بەڵام هەست بەوە دەکات کە بە سەرنجدان لە سیمای، هەرگیز شانسێکی یەکسانی لەگەڵ فەرەنساییەکدا نییە، بەڵام هەوڵ دەدات ناسنامەی دیکەی خۆی بەهێز بکات. ئێمە لە بنەڕەتدا دیتومانە، کە چۆن بونیاد گەرایە ئیسلامییەکان، قۆناغ بە قۆناغ منداڵی ئەو کۆچبەرانەیان بۆلای خۆیان ڕاکێشاون. ئەمە بەرێکەوت نییە. لەنێو ئەو تیرۆریستانەی کە دەستگیر کراون ئەو هەموو کەسەی تێدایە کە خەڵکی باکوری ئەفریقان و لە فەرەنسا و بێلژیک ژیاون. ئەگەر ئەمانە لە کۆمەڵگای خانەخوێ، ڕاکێشرابان و قەبوڵ کرابان، ئێمە دەمانتوانی بەربە زۆر لە کارەساتەکان بگرین، بەڵام ئێستا وا لە سەرەتای ڕێگا داین. یاریی تۆپێنی نێوان فەرەنسا و جەزایر بیننەوە پێش چاوی خۆتان کە رۆژی (٥)ی ئۆکتۆبەر ئەنجام دراو گەنجە بەرەچەڵەک فەرەنسییەکان تێکیان دا. ئەوانە لە کاتی لێدانی مارشی نیشتمانیی فەرەنسا هاواریان دەکرد، (هووو، هووو) کەچی خۆیان ناسنامەی فەرەنسایان لە باخەڵ دابوو.

*** ئایا ئەمە بەتەنهایی نیشاندەری شێتایەتی نییە؟**

-نەخێر، ڕوونکردنەوەی ئەمە لە توانای ئێمەی ڕۆشنفکردا نییە، چونکە بۆ مرۆڤێکی ئاسایی تێگەیشتن لەم (عەشقی شەهادەت)ە گەلێک ئاستەمە. ئێمە هیچ وەلامێکمان بۆ ئەوە پێ نییە کە بۆ دەبێ عەرەبێکی لاو ئەمرۆکە بتوانێ وا بەئاسانی مردن قەبوڵ بکات بەمەرجێک کە خەڵکی دیکەش لەگەڵ خۆیدا بکوژێت. ئەمە شتێکی تازەیە، بەڵام ئەمە دەرئەنجامی حوکمی پێشوەختەی هەستوەرانە، بە بچوک زانینی تووند و بێعەدالەتیەکی زۆر کۆنیشە.

*** ئێوە بە دوای هەڵەکانیشدا دەگەڕێن؟**

-لە قۆناغی یەکەم لە کۆمەڵگا ئیسلامیەکاندا و دوایی لە کۆمەڵگاکانی خۆماندا، دەبێ بیرلەوە بکەینەوە، کە چۆن ئەم بێعەدالەتییە چارەسەر بکەین. دەبێ ڕۆژئاوا و ئەمەریکا سیاسەتی خۆیان بگۆڕن. ئەمەریکی و ئەوروپاییەکان دەبێ تێبگەن، کە پێویستە چاوپۆشی لە هەندێک لە خۆشگوزەرانیەکانی خۆیان بکەن، چونکە ئێمە ناتوانین درێژە بەم سەروەرییە ئابورییە ترسناکە بدەین، ناتوانین چیدیکە وابیر کەینەوە کە ئێمە تاکە بوونەوەری سەرگۆی زەوین و باجەکەی خەڵکی دیکە دەیدەن. من باسی ئەفریقیا ناکەم، کیشوەرێک کە بە تەواوی لەبیر کراوە، بگرە باسی ئەو منداڵە عێراقیانە دەکەم، کە دەساڵی ڕەبەق لە ژێر بۆردومانی فڕۆکە ئەمەریکاییەکاندا ئازاریان چەشتووە. هەموو دایکێکی عێراقی چەپلە بۆ بن لادن لێ دەدات.....

*** ئێوە زۆر ئازان. ئێستا لە ئەڵمانیا سنورێکی یاساغ هەیە، کەس باسی هۆکارە قوڵەکانی شێتایەتی ناکات و هەر کەسێکیش ئەم کارە بکات بە دژە ئەمەریکایی تاوانبار دەکرێت.**

-من دژە ئەمەریکایی نیم. من تەنها لایەنگری عەدالەتم. هەندێ شت هەیە کە مرۆڤ دەتوانێ لە ئەمەریکاییەکان چاوەڕێی بێت، چونکە ئەمەریکا وڵاتێکی دەسەڵاتداری بەهێزە. خۆڤش کردنەوە پیشەی ئەمەریکاییەکانە. بۆ نمونە مادلین ئۆڵبرایت، کاتێ کە باسی سەدهەزار کوژراوی عێراقیان کرد، بە خوێنساردییەوە گوتی، (ئەوەندەی دەهێنا) ئەمەش سیاسەتی دەرەکیی ئەمەریکا بوو. هێنری کیسنجەر کە ئێستا بووەتە مامۆستای خەڵک، پێشتر فەرمانی کوشتنی سیلڤادۆر ئالێندی دەرکرد و فەرمانیدا، کە هەزاران شیلیایی کە گومانی ئەوەیان لێ دەکرا سۆسیالیست بن، لە گونیە باوێن و لە هەلیکۆپتەرەوە هەڵیاندەنە نێو دەریاوە. کاتێ هێزێکی جیهان هەڵە دەکات، دەبێ پیاو ڕێگەی پێبدرێت ناوی بێنێت، چونکە کاتێ جیهانی سێیەم هەڵە دەکات، هەموو پەنجەی بۆ ڕادەکێشن. ئەمەریکاش دەبێ باجی هەڵەکانی خۆی بدات.

www.kurdistannet.org

*** ئێستا مرۆڤ دەتوانێ ئێوە بەوە تاوانبار بکات، کە دەتانەوێ سوێند بە (شەڕی فەرهەنگەکان) بخۆن.**

-بە پێچەوانەوە ، من تیۆرەکەی هانتینگتۆنم زۆر پێ شتێکی گاڵتە جارییە. ئایا تاوانبارانی ڕووداوەکەی ۱۱ی سێپتەمبەر نوێنەری شارستانیەتێکی دیاریکراون؟ نەخێر ئەوان تەمسیلی بەربەرییەت دەکەن. ئایا تیرۆریزم بەشێکە لە شارستانیەتی ئیسلامی؟ نەخێر، تیرۆریزم لەهەموو شوێنێکدا هەیە. لە ئیرلەندا، ئیسپانیا ، لە ئەڵمانیا وئیتاڵیاش هەیە. تیرۆریزم نوێنەرایەتیی هیچ شارستانیەتێک ناکات. تیرۆریزم بێ نیشتمانە.

**سەرچاوە : فرانکفۆرتێر ڕۆندشاو.**

www.kurdistannet.org

## «من خواردنتان دەدەمێ و دەشتان کوژم»

## ئاڤرام نوام چۆمسکی

تا ئێستا، وەڵامی ولاتە یەککگرتووەکان و بەریتانیا، هەر ئەوە بووە، کە چاوەڕوان دەکرا. راپۆرتەکان باسی هێرشی جەنگەندەی هەوایی و سارۆخە کرووزەکان دەکەن، هاوکات لەگەڵ خستنە خوارەوەی خۆراک بۆ ناو ئەو ناوچانەی، کە لە راستیدا لەژێر دەستی تاڵیباندا نین و بەشێکی زۆر بچووکی خاکی ئەفغانستان پێکدێن کردەوەیەکی ئیعلامی دیارە، کە بچووکترین هەوڵیش بۆ شاردنەوەی نادرێ.

لە ترسی پرۆتیست، پێدەچێ، هێرشەکان لە دەرەوەی دنیای ئیسلامدا بناغەیان بۆ دانرابێ، ئێستا یەکجار زووە و ئێمە زانیارییەکی زۆر کەممان لەبەر دەستە بۆ ئەوەی هەر شتێک بە دڵنیاییەوە بڵێین، بەڵام وتاری لە بابەتی ئەو وتارەی کە لە The Boston Globeدا بڵاو بۆتەوە کاریگەری تایبەتیان دەبێ، کە تێیدا مانشێتی هەواڵێک لە قاهیرەوە دەڵێ: «پرۆتیستۆتی پێشوازی لە هێرشی ولاتە یەکگرتووەکان دەکەن.» و لە زاری شاگردێکی میسری چێشتخانەیەک دەنووسێ: «من خواردنتان دەدەمێ و دەشتان کوژم، مێشکم رادەوەستێ کە بیر لەوە دەکەمەوە».

من سەرم سوڕما لە لاوازی ئەو بەڵگەنامانەی ولاتە یەککگرتووەکان کە لە رێگەی تۆنی بلێرەوە پێشکەش کران، پاش ئەو لێکۆڵینەوەیە کە لە مێژوودا بە بەرفراوانترین لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی ناو دەرکات، ئەمەریکا و بەریتانیا شتێکی زۆر کەمیان لەسەر پێوەندی بن لادن بە تاوانەکانی ١١ی ئەیلوولەوە دیتەوە؛ (من خۆم بێ هیچ دەزگا و سەرچاوەیەک، لە لێکۆڵینەوەکانی خۆم بە شتی پتر گەیشتم تا ئەوان) ئەوەش پاڵپشتیی بۆچوونی ئەو پسپۆرانە دەکات کە پێیان وایە تاوانکاران لە ناو تۆڕێکی نا هەماهەنگدا کاریان کردووە، پێوەندی سنوورداریان لەگەڵ یەکتری هەبووە و چوونە ناویان کارێکی دژوار بووە.

ئتیهاماتی زۆر لاواز دژ بە تالیبان دەرکرا. ئەگەر پەنادانی تیرۆریست و گومان لێکراوەکان تاوان بێ بەجۆرێک شایانی بۆردومان کردبێ، کەواتە زۆربەی ولاتانی دنیا، لەوانیش ولاتە یەکگرتووەکان، پێویستە بێ یەک و دوو هێرشیان بۆ بکرێ. هەڵبەت ئەوە ئەوەندە ئاشکرایە کە پێویستی بە قسەی پتر نییە. ئێمە نازانین تا چەند تالیبان مەبەستی بوو بن لادن بداتە دەست، یان چەند جدی بوو لەوەدا کە دەیگوت ئەمە دانووستاندنە، چونکە رۆژئاوا بە کورتی هەموو ئەوانەی رەتکردەوە و لە جیاتی ئەوە بۆمبارانی هەڵبژارد، جێگەی داخە، هەروەک چۆن لە رابردوودا دیومانە، ئەوە کارەساتی ئینسانی زۆر جدی تری بەدواوەیە.

هێشتا رێگە چارەسەری یاسایی ماون کە ولاتانی دی پێشتر دژ بە تیرۆریزم بەکاریان هێناون؛ ئەو ولاتانەی کە زۆر خراپتر لە هێرشەکانی ١١ی ئەیلوول پەلاماری تیرۆریشیان داوە. شتێکی زۆر سەیرە کە ئەو رێگە چارانە هەر بیریشی لێ ناکرێتەوە و کەس ناویشیان نابات؛ سەرکەوتنێک بۆ ریڤیریۆنیزمی مێژوو (historical Rivisionism)، کە ئەگەر (ئۆرویل) مابا، لە واق وڕمانان زاری پێ بەش دەکرد. ئەوە (واتە باس نەکردنی رێگە چارەی یاسایی) دەستکەوتێکی بە نرخی ئایدیۆلۆژییە، هەر وەک چۆن لەسەر دێڕی هەواڵەکانی رۆژنامەکاندا دەیبینین.

رەنگە زۆر بە ئاسانی نەتوانین بزانین چەند ئەفغانی بەدبەخت و بێ تاوان تا ئێستا گیانیان لە دەست داوە لە ئاکامی راستەوخۆی هەرەشەی بۆردومانکردن و داخرانی سنووری پاکستان- کە ولاتە یەکگرتووەکان هەر زوو داوا کاری بوو (ئەگەر باوەڕ بە نیویۆرک تایمز بکەین)، و لە ئەنجامی شکستهێنانی دابەشکردنی خۆراک، کە لە یەکەم رۆژەوە دەکرا ئەنجام بدرێ، نەک لە رێگەی فڕۆکە وە، بەڵکو لە رێگەی کاروانی لۆری و پیکاب، هەروەک چۆن رێکخراوە فریادرەسەکانی نێودەوڵەتی نیشانیان دا، کاتێک دەستیان بەکار

www.kurdistannet.org

کرد.
خۆزیا بە پێچەوانەی نموونەکانی رابردوو دەجووڵاینەوە و خۆمان لە دووپاتکردنەوەی مێژوو لادەدا ئەگەر ئەوە نەکەین، دوارۆژ سەر لە نوێ پرنسیپە مرۆییەکان خۆیان بە تاقیکردنەوە دەسپێرن.
ئەگەر ئێمە گلەییمان لە «رابردوو» هەبێ کە نەیتوانیوە کۆرسی مێژووی مرۆڤ بەپێی پرنسیپەکانی ئەو بگۆڕێ، «ئێستا» ، خۆی لە بەردەم هەمان دووڕیاندا دەبینێ. پرنسیپی ئینسانی لە هیچ کاتێکیدا شەڕی قبووڵ نییە.

**وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: جەواد قادر**

www.kurdistannet.org

# سامۆئێل هنتگتن: هێرشا سەر ئەمەریکا راستەوخۆ هێرشەک بوو بۆ سەر کۆمەڵگەها شارستانی

*ئەڤ بابەتە چاوڤپێکەفتنەکا رۆژنامەڤانییە دەربارەی وان هێرشێن ئەیلونێ بۆ سەر ئەمەریکا و شەرێ دژی تیرۆرێ کە رۆژناما (پۆلیتیکەن Politiken) یا دانیمارکی دگەل سامۆئێل هنتگتن پرۆفیسۆر ل بوارێ سیاسی و مامۆستایە ل زانکۆیا هارڤارد ل ئەمەریکا و نڤیسەرێ پەرتوکا (ململانێیا شارستانیەتان)یە ١٩٩٧، یا هاتیە سازدان.*

*** ئایا کۆمکوژتنا کو ل نیویۆرک رووداب دەستپێکا شەڕێ ل ناڤبەرا شارستانیەتانە تێتە نرخاندن؟ ب وی شێوەی ئەگەر ئەم بێژین شەڕ ل ناڤبەرا کەلەپۆرێ خریستانیان و موسلمانانە؟ هەروەکی وە ل پەرتۆکا خوە یە بناڤێ«شەڕێ د ناڤبەرا شارستانیەتان»دا ئاماژە ل سەر کرییە؟**

- هێرشا کە هاتەکرن لسەر بازارێ نیویۆرک و واشنگتۆنێ راستەوخۆ هێرشەک لسەر تەواهیا کۆمەڵگەها شارستانیەتێ بوو ئەڤ هێرشە لسەر شارستانیەتێ هاتەکرن ژ ئالیێ هندەکان کە ب کە بەئاوایییەکێ وەهشی هاتن پەروەردەکرن. هەمی مرۆڤێن کە خودانێ هەستەک مرۆڤاهی بوون دژاتیا خوە لسەر ڤێ رۆدایێ دیار کرینە.

گەلەک گرینگە کە ئەڤ جنایەتە نەبیتە هاندەرەک کە دناڤبەرا کۆمەڵگەهێن خودان شارستانیەت شەڕەکێ دەرخت. ستونا لڤی دەرێ حکومەتێن ئیسلامی و رایا نەتەوە(خەلکێ) موسلمانە بەرانبەر تەرۆرزمێ، هەتا نها گەلەک موسلمانان خەمو پەریشانیا خوە بەرانبەر ب ڤێ رووداوەیێ نیشانا ئەمەریکاییان دایە.

*** واتە روویرییوونا کۆمەلگهێن شارستانی؟**

- نەخێر، ل ناڤبەرا کۆمەڵگەها ئیسلامی یێکگرتنەک نەمایە، ئەگەر هەبیت ژی گەلەک لاوازە، یان ب ئاوایییەکی دی جیهانا ئیسلامی. ئەگەر براستی بیر لسەر هندێ تێتەکرن کە پێشی ل رووبەڕووبینەک وەها ل داهاتی دا بێتەگرتن، پێویستە کە وەلاتێن ئیسلامی هاریکارییەک پتەو لگەل ئەمەریکا و هاوپەیمانێت وێ(ب تایبەتی یێکەتیا ئەوروپا) بکەن، بۆ کو بشێن داویی ب تەرۆرێ بینن.

*** ڤێ تەرۆرێ چ ئامانج هەبوون؟**

- هەژاندنا دلێ ئەمەریکا. تاجا کاپیتالیزمێ ل ئەمەریکا- سەنتەرێ بازەرگانیا جیهانی، تاجا هێزا لەشکەری یێ ئەمەریکا پەنتاگۆن(شالیاریا پاراستنا ئەمەریکا).

*** ب دیتنا وە ئایا تەرۆریستان هێرشبدەن سەر وەلاتەکێ یانژی کولتورەکێ؟**

- هەردوویان. ئەو ب چاڤەکێ کین. ل ئەمەریکا، وەکی کۆمەلگەهەک شارستانی یا رۆژئاڤایێ و هەروەسا وەکی زلهێزترین وەلاتێ جیهانێ دنێرن.

*** هوین پسپۆرەکن د وارێ ستراتەژیدا، باشترین ستراتەژییا بەرگریی ب دیتنا هەوە چییە؟**

- گەلەک دژوارە کە شەڕ لگەل دۆژمنەکێ وەها بێتەکرن، ژ بەرکو ئەڤ دۆژمنە نایەتە دیارکرن(ل جهەکێ نارەوەستیت). ل وێ دەرە باس لسەر گەلەک مرۆڤان تێتە کرن کە ب کۆمێن بچوک ل گەلەک وەلاتان خەباتا رێخستنی دکەن، بێ شەک ئەو نوها هندەک پلانێن دی بۆ دەربەیێن داهاتی دڕێخن.

یا یەکەم باشترە کە CIA پتر ژ هەر دەمێ کار ژ زانیارییا مرۆڤی (Human Inteligence) بۆ لێکۆلینێ وەرگریت. یا دوویەمین، هاریکاری دگەل دەزگەهێن پاراستنا وەلاتێن دن بێتە پتەوکرن. ب تایبەتی نوهە دگەل پاکستانێ کە هەتا بەر ژ تەرۆرێ یەک ژ خورترین هەڤالبەندێ و هاریکارێ حکومەتا تالیبان بوو د پرینسیپ دا خەباتا سیخوڕی(جاسوسی) خەباتەک پشتگیریت.

www.kurdistannet.org

*** مەبەستا هەوە چییە؟**

– ل وەلاتێن ڤـەکری و دیمۆکـرات وەکی ئەمـەریکا و ئەوروپا پاراستن بارەکێ گـەلەک دژوارە. کـەسێ ل ئەمەریکایێ هزرا هندێ نەدکر کە رۆژەک ژ رۆژان روودواوەک وەها روبدەت. یان دهێزا چ کەسێ دا هەیە کە هندەک ئاڤاهیێن وەکی ناڤەندا بازەرگانیا جیهانێ ب ئاواهییەک لاوازو ب بالەفرەکێ دگەل ئەردێ تەخت بکەت. نوها کارێن کو بکارن ئەنجام بدن دانانا ستراتیژییەکێ نویە ل دژی ڤێ تەرۆرێ.

*** ئایا ستراتیژ نە هونەرا لاوازکرن و شکاندنا هەلوەستا دوژمنییە؟**

– ئەز نەشێم دیار بکەم چەوان مرۆڤ دکـاریت گـۆڕانکارییـەکێ بێـخیت د ناڤـا هەلوەست و کـردارا مرۆڤەکێ کە چ ترس ژ مرنێ نینە، واتە ب شێوەیەکێ فانتاک بیر دکەت.

*** ب دیتنا وە چاوان مـرۆڤ دکـاریت ل دژی دوژمنەکێ کـە خـوە گـرێدای ب شـێوازێن یاسـایی نابینیت راوەستید؟**

– پێویستە مرۆڤ ب نهێنی کار بکیتە سەر و ب نهێنی کاربکیتە لسەر وان گرووپان و لاواز بکەت. د پرینسیپ دا دێ ترۆر هەر مینیت و ئەو ژ ئالیێ وەلات و هندەک گرووپێن بچوک ڤە تێنە رێکخستن و نوها ژی کار ژ جیهانیبوونە وەردگریت، ب ئاواییەکێ کە تەکنۆلۆژی و دانوستاندن ب ساناهی ل جیهانێ بەلاڤ دبیت و دەست دکەڤیت. هەروەسا مە ل جیهانەکێ دا دژین کە جیاوازێ فاناتیسمێ کەتەن ناڤ مەیدانێ، ئەو ژی فاناتیسما ئۆلی(دینی) گەشەدانەک مەزن دبینیت.

*** چاوان مرۆڤ دکاریت خوە ژ فاناتیسمێ دوور بکەت؟**

– مـرۆڤ ل پەی(دویف) وانا دچیت هەتا وانا پەیدا بکەت. ئو ئەڤـە ژی جـاران گەلەک دژوارە، چونکە ئەو ل سەر ساحەکا مەزن بەلاڤ بونەو  ئەو ژی هەمی ل دویف هەمان ئامانجێ ناچن.

*** ئایا رۆژاڤا ژ بویی ڤێ یەکێ ئامادەیە؟**

– ئەم خـوە لگەل کـاتی دگـۆنجـینن. شلیـارێ پـاراسـتنێ یێ ئەمـەریکا رومـسـفـیلد هەوڵ ددەت هـێـزێن ئەمەریکی ژ هەلّویستا شەرێ سار ئازاد بکەت بەس هێزێن لەشکەری دەزگەهەک موحافەزەکارە کە دژی گۆڕانکار یێیە. ئەمە ئەمەریکاو هەروەسا هاوولاتیێن ئەورووپی پێویستە ڤێ یەکێ قەبول بکەن کە ئەم ل رەوشەک ئالۆز دا دژین، ل ناڤ جیهانەک کە ئەم خوە نەپاراستی دبینین بەرنبەر هندەک تشتێن چاوەڕڤان نەکراو.

*** ئایا ئەمەریکا ب تەنێ شێت ڤی شەری بکەت؟**

–نا، ب هیچ شێوەیان، پێویستیامە ب هاریکاریا هەڤالبەندێن مە هەیە، مە پێویستی ب بەشداربوونێ هەیە، هەروەسا بە بەشداربوونا وەلاتێن ئیسلامی. ژ بۆ کو ئەم دیسان بزڤرن سەر وی جهێ کە مە دەست پێکریبوو، ئەگەر ئەڤ وەلاتەنە بەس تەماشڤانبن، یان ژی هاریکاری دگەڵ تاوانباران بکەن، مەترسیا هندێ هەیە کە ئەڤ شەڕە ببیتە دەستپێکا شەڕەکێ درێژخایەن و دژوار دناڤەبەرە شارستانییەتان (ئیسلام و خریستان)دا.

**وەرگێڕانی لە دانیمارکییەوە/ سەردار شەریف سندی**

www.kurdistannet.org

# ئێمبرتۆ ئیکۆ : لە دوای (١١)ی سێپتەمبەر، دیمەنی شارەکان و ژیانی کۆمەڵایەتیش ژێرەوژوور دەبێ

*ئێمبێرتۆ ئیکۆی هێماناس و رۆماننووسی بەنێو بانگی ئیتاڵیایی، بەیەکێ لە بەرجەستەترین رووخسارەکانی رۆشنفکریی ئەورووپا و جیهان لە قەڵەم دەدرێت.*
*نێوبراو بە نووسینی رۆمانی (ناوی گوڵی سوور) کە دواتر کرا بە فیلمی سینەماییش ناوبانگێکی جیهانی وەدەست هێنا. دوا رۆمانی ئەم رۆماننوسە بە نێوبانگە نێوی (باردوولینۆ)یە ، کە وەک رۆمانەکەی پێشووتری رووداوەکانی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا روو دەدەن.*
*رۆژنامەی ئەڵمانیایی (فرانکفۆرتر رۆندشاو) سەردانی ئێکۆی بۆ ئەڵمانیا بە دەرفەت زانیوە و سەبارەت بە رووداوەکانی ئەم دواییەی ئەمەریکا ، ماناو مەفهومی نوێی جەنگ، ئیسلام و مەسیحیەت و ......هتد، قسەی لە گەڵدا کردووە. ئەمەی لە خوارەوەدا دەیخوێنییەوە، بەشێکە لەو گفتوگۆیە کە لە ژمارەی رۆژی شەممە(٢٢)ی سێپتەمبەردا بەچاپ گەیشتووە.*

* * *

*** بۆچی کاتێک باس لە رووداوەکەی نیویۆرک دەکەن، فرمانی رابردوو بەکار دێنن؟**

– دوای هێرشە تیرۆریستیەکانی ئەم دواییە، ئیتر هیچ شتێک وەکو خۆی نەماوە. ئەم رستەیە کە لەم رۆژانەدا دەیان جار گوێم لێبووە، پتر لە هەموو شتێ دەربڕی ئەوەیە کە رووداوی نێوبراو کارەساتێکی مرۆییە و لە هەمانکاتیشدا رەهەندە سیاسیەکانیشی دەخاتە روو. بەڵام رەنگبێ دەرئەنجامەکانی لە روویەکەوە پتر بەچاو ببیندرێن و ئاشکراتربن، ئەویش بەوەی کە ئێمە بەشێک لە بیناسازی مۆدێرنمان لە دەست داوە.

*** بەم پێیە پێ دەچێت بە پێچەوانەی قسەکانی پێشووتان، لەنێوچوونی بورجەکان نیگەرانی کردبن؟**

– قسەکەی من پەیوەندیی بە بابەتێکی بنەڕەتی ترە، رەنگبێ قۆناغی باڵاخانە هەوربڕەکان کۆتایی پێ هاتبێت. وێران بوونی بورجەکانی نیویۆرک روحی مرۆڤەکانی بریندار کرد. ئیتر چیدیکە بورجەکان هێمای دەسەڵات و پەرستگەی سەروەت و سامان نین و، بگرە کۆمەڵێک باڵاخانەی دێوئاسان کە لەسەر بناغەیەکی لەرزۆک بنیاد نراون، ئەگەری ئەوە گەلێک زۆرە کە لە ئاییندەدا ئەندازیارانی بیناسازی ئیتر باڵاخانەی هەوربڕ دروست نەکەن: چونکە ئیتر مرۆڤەکان حەزیان لە ژیانی نێو ئەو جۆرە شوێنانە نییە، پێنتاگۆن لەم هێرشانەدا زیانێکی کەمتری پێکەوت، چونکە باڵاخانەیەکی نزم بوو. بەڕێز ترۆمپ (خاوەنی بورجەکانی نیویۆرک) دەتوانێ لەمەودوا لە جیاتی درووستکردنی بورج، بچێ لە ئۆکلاهۆما زەوییەکی بەرین بکرێت و دەیان و سەدان ساختومانی نزمی تێدا درووست بکات. لە حاڵەتێکی وەهاشدا نەریتی باڵاخانەی هەوربریش لەئەمەریکادا کۆتایی پێ دێت. بەم شێوەیە ساختومانی زۆرو نزم دەبن بە هێمای دەسەڵات، نەک هەوربڕەکان ، کەواش بوو، دیمەنی شارەکان و ژیانی کۆمەڵایەتیش ژێرەژوور دەبێ.

*** ئەم رۆژانە(زمان)یش ژێرەژوور دەبێ، واژەی(جەنگ) چ ماناو مەفهومێکی هەیە؟**

– مەفهومی جەنگ لە چەندین ساڵ بەر لە ئێستاوە گۆڕاوە، جەنگی دووەمی کەنداو یەکەم جەنگی مێژووی مرۆڤایەتی بوو کە بە دوای لە نێوبردنی سوپای دوژمنەوە نەبوو، بگرە بە پێچەوانەی مەنتیقی کلاسیکی جەنگ لەسەر ئەو فکرە سەرشێتانەیە بنیاد نرابوو کە، تۆ دێیتە نێو جەنگەوە، بەڵام دەتەوێ هیچ سەربازێکت لێنەکوژرێت و تا بۆت بکرێت ژیانی خەڵکی بێگوناهیش نەخەیتە مەترسییەوە.

www.kurdistannet.org

*** دواییش لە یۆگسلاڤیا جەنگ دەستی پێ کرد و لەبەر هەندێ هۆی مرۆیی بۆمبیان بە سەر شاری بەلگراددا باراند. ئەم جەنگەش لەگەڵ پێناسەکەی ئێوەدا تێک دەکاتەوە، بەڵام ئەی چ ناوێک لە ڕووداوەکانی ئەم دواییەی ئەمەریکا دەنێن؟**

– دوای ئەم ڕووداوانە، بۆ جارێکی دیکە، مەفهومی جەنگ گۆڕانی بەسەردا هاتووە، لە جەنگێکی ئاساییدا دەکرێ بە هەڕەشەی لەنێو بردن وا لە دوژمن بکەی بەچۆکدا بێت، بەڵام ئێستا ئێمە بەرەوڕووی کەسانێک بووینەتەوە کە خۆیان بەرەوڕووی مەرگ دەچن ولێی ناترسن. لە حاڵەتێکی وەهادا چ دەکرێت؟ ئەم گۆڕانە ، سیستەمی سزاش ژێرەوژوور دەکات، تا ڕۆژی (١١)ی سێپتەمبەر ئەمەریکاییەکان سوور بوون لە سەر ئەوەی کە سزای مەرگ دەبێتە هۆی ئەوەی تاوانکاران لە کردەوەیەکی خەراپ بسڵەمنەوە، کەچی ئەوانەی بە فڕۆکەوە خۆیان بە بورجەکاندا کێشا، نیشانیان دا کە لە سزایەکی لەو بابەتە ناترسن. ئەگەر ناوی ئەم کردەوانە بنێین جەنگ، ئەوا ئەمە جەنگێکە کە لەگەڵ خاک و دوژمنێکی دیاریکراودا نییە. ئەمە مەفهومی سوپاش دەگۆڕێت، تەنانەت ئێستا ژنەراڵەکانیش ناتوانن بە شێوەیەکی ڕەها ئەرک ڕاسپاردەکانی سوپا دیاری بکەن.

*** لە جەنگی دووەمی کەنداو، لە گوتارێکدا سەبارەت بە ڕوودانی جەنگێکی تۆڵە ستێنانە، هۆشداریتان دابوو و نووسیبووتان: (ئەگەر یەکێک بە چەقۆیەک پەلاماری دان، ئەوا مافی خۆتانە کە بە مست وەڵامی بدەنەوە، بەڵام ئەگەر تۆ پیاوێکی وەکو ڕۆستەمی زاڵ بیت و بزانی بەو مستەی کە لە پەلاماردەرەکەی دەدەیت، پەلاماردەرەکە دەکەوێتە سەر مانگ و زەویش بەم لەرزە لەرزەی کەتۆ دروستی دەکەی دەڕمێ و لەنێو دەچێ، باشتر وایە چاوێک بە بڕیارەکەتدا بخشێنیەوە.)؟**

– من دەرسی ئەخلاق فێری خەڵک ناکەم، بەڵام واقیع بینم. ئەمە شتێکی ئەوەندە گرنگ نییە ئاخۆ ئەمەریکا یان ناتۆ عەدالەت پیادە دەکەن، کاتێ لە کاتی هێرشدا خەڵکی بێگوناهیش بە کوشتن دەدەن و بگرە، قسە لەسەر ئەوەیە کە تەنانەت (جۆرج بوش)یش ئەم ڕاستییە دەزانێ و لێی ئاگەدارە کە هێرشێکی سەربازی زەمینە سازو ڕێخۆشکەرە بۆ هێرشی دیکەی تیرۆریستی، وەکو ئەو هێرشانەی کە کرانە سەر نیویۆرک و واشنتۆن....

*** ئایا ئەو کردەوە تیرۆریستیانەی باست کرد، قەتڵوعامەکانی سەدەکانی نێوەڕاستی وەبیر نەهێنایەوە؟**

– لە سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاست کوشتنی چەند هەزار کەس، لانی کەم دووسێ ڕۆژی پێدەچوو، لەم ماوەیەدا خەڵک لە تەقەڵلای ئەوەدا دەبوون کە خۆیان ڕزگار بکەن و بە شێوەیەک لە شێوەکان لە مەترسی دوور بکەونەوە. بەڵام لەو کوشتارانەی دواییدا دەبینین کەس بە فریای هەڵاتن و ڕاکردن ناکەوێ، ئەوەی بەڕێکەوتیش لەوێ بێت، مردنی مسۆگەرە.

*** ئەغڵەب سەدەکانی ناوەڕاست بە هۆی پەرەسەندنی دیاردەی (کوشتن لە پێناوی خوادا) سامناک و تۆقێنەر بوونە، ئایا دیسان ئایین دەیەوێ ڕووی ترسناک و تۆقێنەری خۆی نیشانی مرۆڤەکان بداتەوە؟**

– جارێکیان لە ڤیەننا خەریکی خوێندنەوەی بەشێک لە کتێبەکەم بووم، کە بەڕێککەوت میکرۆفۆنەکان لەکارکەوتن ، بە گاڵتەوە گوتم(ئایین و بڕوا لە جیهان ڕۆیشتووە) ئامادەبووان تێر بەم قسەیە پێکەنین، هەر ئەمە وایکرد بیر بکەمەوە. پێشتر کاتێ شتێکی ترسناک و تۆقێنەر ڕوویدابایە، دەیانگوت: (ئایین و بڕوا لە جیهان ڕۆیشتووە)کەچی ئێستا ئەو کارەساتانەی ڕوودەدەن دەرئەنجامی زۆر بوونی ئایین و بڕوایە لە جیهاندا.

***(جۆرج بوش)یش ئاگای لە مەفاهیمی سەدەکانی نێوەڕاستەو ئێستا بانگەشەی شەڕی سەلیبی (خاچ پەرستان) دەکات؟**

– قەشەیەکی ئیتاڵیاییش کە ڕاوێژکاری بێرلسکۆنییە، باسی لە جەنگی خاچپەرستان کردووە، چونکە بەڕای ئەو، ئیسلام هەمیشە دوژمنی مەسیحیەت بووە، بەڵام شەڕێکی لەو بابەتە یەکێکە لە هەڵە گەورەکانمان. ئێمە ناتوانین بونیادگەرایی و توندڕۆیی و تیرۆریزم بە ئیسلام پێناسە بکەین. ئیسلام لە سەر

www.kurdistannet.org

نەرم ڕۆیی و تەسامـوح بنیاد نراوە، کاتێ سەلاحەدینی ئەیوبی دەستی بەسەر ئورشەلیـمدا گرت، تەنها شەرکەرە ئەسپ سوارەکانی دەوروبەری (قودس)ی کوشت و وازی لە خەڵکی مەدەنی هێنا . دەست پێکردنی جەنگێکی خاچپەرستانە، دەمانخاتە حاڵەتی شەڕێکی درێژ خایەن و بەردەوامەوە، کە کۆتایی نابێت. هەروەها ئەم جەنگە لە سنورێکی دیاریکراودا نامێنێتەوە. ئەمڕۆکە چەند موسڵمان لە ئەمەریکا و ئەوروپا دەژیین؟ جەنگێکی لەم بابەتە مەترسیدارەو سەرشێتانەیە.

*** ئێـوە دژی ئەو رۆشنفکرانەن کـە لـە هەمـوو حـاڵەتێکداو سـەبارەت بـە هەمـوو ڕووداوێـک ڕای خـۆیان دەردەبڕن و لە هەمـانکاتیشدا بۆ خۆتان زۆر بەجیدی خەریکی راڤەو تەفسیرکردنی ڕووداوە سیاسییەکانی ئیتالیان، ئایا دوو روحی جیا لە جەستەتان دایە؟**

---نەخـێـر، بەلام ئەوەندەی دەزانم کـە رۆشنفکران رەمڵ بین و فـالچی و پێـشگۆ نین و، لە هەمانکاتیشدا (لە ژیانی کۆمەلایەتیدا) رۆڵێکی گرنگ دەبینن. من تەنها ئەوەندە دەڵێم کە کاتێ شتێک خەرێکە ڕوودەدات، باشتر وایە رۆشنفکران بێدەنگ بن و سەیر بکەن.

*** ئێوە پێشتر ئەم مانایەتان بە جۆرێکی دیکە دەربڕیووە،«کاتێ دەبینی وا خانوویەک ئاگری تێبەربووە، پیاو دەبێ تەلەفۆن بۆ ئاگرکوژێنەوە بکات، نەک بێت دانیشێ لە هۆکارەکانی ڕوودانی ئاگر کەوتنەوەکە بپێچێتەوە» .**

– پێویستە مرۆڤ کاتێک قسە بکات کە شتێکی جیاواز و ئاسایی بۆ گوتن پێ بێت و ئەمەش زۆر بە دەگمەن ڕوودەدات.

*** بەڵام بۆ خۆتان دەمودەست ڕووداوەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسیی ئیتالیا تەفسیر و شرۆڤە دەکەن.**

– تەنها یەک حاڵەت هەیە کە رۆشنفکران دەتوانن دەربارەی ئەو کاتەی کە تێیدا دەژیین بە شێوەیەکی پرمانا ڕای خۆیان دەربڕن ئەویش ئەو کاتەیە کە هەموو دنیا سەبارەت بە ڕووداوێک دەمی داخستبێ و نوزەی لێ دەرنەیەت.

*** ئایا رۆژانی بەر لە هەڵبژاردنی بیرلسکۆنی لەو بابەتە بوو؟**

–کاتێ کە من گوتاری (ریفراندۆمی ئەخلاق)م نووسی، لەو باوەڕەدا بووم کەوا خەریکە ئیتالیاییەکان بەرەو ئەوە دەچن کـە لە بنەڕەتەوە بەهەڵە لە شـتـێک تێدەگەن. ئەوان پێـیـان وابوو کـە ئەگـەر یەکـێک دەوڵەمەند بێت، دزی ناکات. سەرەڕای ئەمە ڕووی قسەی من لەگەڵ لایەنگرانی بیرلێسکۆنی نەبوو. ئەوە زۆر دەبەنگانە دەبوو ئەگـەر نووسـرابایە (من دژی بیـرلێـسکۆنیم، کەواتا هەڵمـبـژێرن). گـوتارەکـەی من تێکستێکی رەوان و بێ گرێ و گۆڵ بوو و تێیدا داوای لە چەپەکانی ئیتالیا دەکرد کە یەک بگرن. ئەمەش خاڵێک بوو کە تا ئەو کاتە زۆر بایەخی پێ نەدرابوو.

*** لە ئەڵمـانیـا بە چاوی ویژدانی سـیـاسـیـی گـەل سـەیری هابرمـاس و گـونتـەرگـراس دەکـەن، ئایا ئیتالیاییەکانیش وا سەیری تۆ دەکەن؟**

– نەخێر، پێم وانییە، ئەڵمانیەکان مرۆڤی دەگمەنن.

*** ئێمبێرتۆ ئێکۆ، لای هاونیشتمانەکانی چ پلەو پایەیەکی هەیە؟**

– پێغەمبەرێک لە نیشتمانی خۆیدا هیچ قەدرو قیمەتێکی نییە.

*** لانیکەم لە زانکۆکـان قـسـەتان دەڕواو کـاریگەریتـان بە سـەر قـوتابیـانی زانکۆدا زۆرە، پاڵەوانی رۆمانەکەی ئەم دواییەتان بەشـێک لە ئەزمـوونەکانی ژیانی خۆی لە گـەڕەکەکان و شـوێنەکانی رابواردن و چایخانەکان و....هتددا بەدەست دێنێت، ئایا پێویسـتە قوتابیانی زانکۆو ئەوانەی دەرسیـان پێ دەڵێیت وەکو پاڵەوانەکەی نێو رۆمانەکەتان بجوڵێنەوە؟**

– پاڵەوانی رۆمانەکەم گەلێک لەو شتانەی کە دەیزانێ، لەو شوێنانە فێری بووە، بە بێ گاڵتە، من بە قوتابیەکانی خۆم دەڵێم کە بەشداری لە ژیانی شارەکەیاندا بکەن، قوتابیەکان لە چایخانەکان پتر لە هۆڵەکانی دەرس فێری شت دەبن. لەو شوێنانەیە کە گفتوگۆ و موناقەشە ڕوودەدەن، فکری نوێ دەخرێتە ڕوو

www.kurdistannet.org

و ئاڵوگۆڕی بیروڕا روودەدات. بەداخەوە راستییەکەی ئەوەیە کە مرۆڤ پتر لەوەی لە پرۆفیسۆرەکانی فێرە شت بێت، لە برادەرەکانی خۆی فێری شت دەبێت.

www.kurdistannet.org

# ئارۆندهاتی: ئەمەریکا خۆی تاوانبارە

*رۆژی ١٨/١٠/٢٠٠١ تەلەڤزیۆنی (مۆنیتۆر)ی ئەڵمانی گفتوگۆیەکی تەلەڤزیۆنی لەگەڵ خاتوو ئارۆندهاتی دا ئەنجام داوە. (ئارۆندهاتی رووی) یەکێک لەو رۆشنفکرانەی هیندستانە کە لە دوای رووداوەکەی (١١)ی سیپتەمبەر لە گوتارێکدا بە شێوەیەکی رەخنەگرانە بەرەورووی سیاسەتەکانی ئەمەریکا بۆوە. نێوبراو لەو گوتارەیدا کە دەنگدانەوەیەکی جیهانیی هەبوو، باسی لە هەڵەو چەوتیەکانی سیاسەتی ئەمەریکا و جیهانی بوون و پاشکەوتوویی وڵاتانی جیهانی سێیەم کردووە. ئەمەی خوارەوە دەقی دیمانەی تەلەڤزیۆنی نێوبراوە لەگەڵ خاتوو ئارۆندهاتی رووی، ئەدیب و رۆشنفکری هیندوستانی.*

* * *

*** هێرشی ئەمەریکا بۆسەر ئەفغانستان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

– پێم وابێ ئەمەریکا و بەرەی بەناو نێودەوڵەتیی دژ بە تیرۆریزم، لەحاڵی حازردا ناعەقڵانیترین رێگایان هەڵبژاردووەو رەنگبێ ئەوە هەمان ئەو رێگەیە بێت کە تیرۆریستان خوازیاری بوون. وابێننە پێش چاوی خۆتان کە ئێوە مرۆڤێکی ئاسایی نین و تیرۆریستن. بەخۆشحاڵیەوە بە خۆتان دەڵێن کە تەنها بە یەک هێرشی وەها توانیمان جیهان ناسەقامگیر بکەین ، ئەوەش ئەوەیە کە ئێستا وا روویداوە.

*** چ ئەنجامێکی بۆ ئەفغانستان و ناوچەکە دەبێت؟ رای ئێوە سەبارەت بەو ئۆپەراسیۆنە سەربازییەی کە ئێستا لە ئارادایە چییە؟**

– ئەو ئۆپەراسیۆنە کە سەرەتا بە (عەدالەتی بێ کۆتایی)ودواتر بە (ئازادیی پایەدار) نێوبرا، ئەم پرسیارەی لای خەڵکی جیهانی سێیەم دروست کرد کە: عەدالەتی بێ کۆتایی بۆ کێیە؟ ئەزموونەکان پێمان دەڵێن کە عەدالەتی بێ کۆتایی بۆ هەندێک و بێ عەدالەتیش بۆ هەندێکی دیکە، بۆ هەندێ خەڵک ئازادیی پایەدار هەیەو بۆ ژمارەیەکی دیکە ئەم ئازادییە دەبێ بە (کۆیلەیەتیەکی پایەدار). بۆیە من پێم وایە ئەو سیاسەتمەدارانەی کە لەو مەسەلەیەدا بەشدارن لە کرۆکی باسەکە نەگەیشتوون. ئێمە تەنها شاهیدی جەنگێکی ئاسمانی و زەمینی نین بگرە بەهەمان سەختی جەنگێکی راگەیاندنیش لە ئارادایە.

*** ئێوە مەبەستتان ئەوە نیە کە پاساو بۆ هێرشەکانی سەر ئەمەریکا بێننەوە، ئێوە هەوڵ دەدەن کە لە هۆکارەکانی ئەم هێرشانە بگەن. ریشەکانی تیرۆر کامانەن؟**

– من بڕوام بەوەیە کە ئەمەریکا خۆی تاوانبارە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە ئەمەریکا تاکە دەوڵەتە تووشی هەڵە دەبێ، تەواوی دەوڵەتەکانی دیکەش تووشی ئەم هەڵانە بوونە، بەڵام دەوڵەتی ئەمەریکا هێندە بەهێزو دەسەڵاتدارە کە لە ئەنجامدا هەڵەکانیشی گەورەن و، ئەمەش نەک هەر ئەمەریکا بگرە جیهانیش دەگرێتەوە و ئەنجامێکی جیهانیان دەبێ.

*** وا پێ دەچێ کە ئێوە بە بەراورد کردنی بۆش لەگەڵ بن لادندا تابۆیەکتان شکاندووە، ئایا بەراستی پێتان وایە کە ئەم دووانە یەک بابەتن؟**

– بەڵێ هیوادارم کە ئەم تابۆیەم شکاندبێت، چونکە لەم تابۆیە بێزار بوومە، بەراستی بێزارم لەو درۆیانەی کە لە راگەیاندنەکانەوە دەرخواردمان دەدرێن و لەو باوەڕەدامە کە یەکێک لەو دووانە ئەوەی دیکەیانی خوڵقاندووە. مەبەستی من تاکە کەس نییە. نە بن لادن و نە بۆش، بەڵکو وەک سەرۆکی ئەو (کۆمپانیا)یەی کە نوێنەرایەتی دەکەن، کاتێک کە سەرۆکی ئەمەریکا دەڵێت: **یان لەگەڵ ئێمەدان یان لەگەڵ تیرۆریستەکاندا** ، شتێکی وا ناتوانی ئەلتەرناتیڤێکی جێی پەسەندی خەڵک بێت . دەڵێی

www.kurdistannet.org

فەرهەنگی میکی ماوس بە چەکی ناوکیەوە کەوتۆتە بەرامبەر تیرۆریستێک کە بە هەڵە بونیادگەرایەکی ئایینیە و کاری بە مەزهەب و ئایینەوە نییە.

*** ئەم دووانە چ پەیوەندییەکیان بە یەکترییەوە هەیە؟ ئێوە پەیوەندییەکی راستەوخۆتان لە نێواندا بەرقەرار کردوون؟**

– دنیای یەکێک لەم دوانە بە هۆی سیاسەتی دەرەکیی ئەوی دیکەیان لەنێوچووە، بۆیە ئەو یەکە دەیەوێ تۆڵەی خۆی بستێنێتەوە. هەردووکیان زمانێکی هاوبەش بەکار دێنن و باسی چاکەو خەراپە دەکەن. ئەمەریکاییەکان چییان کردووە؟ ئەوان بۆمب و ۳۷ هەزار پاکەتی خواردنیان بەسەر ئەفغانستاندا باراندووە، دوایی وێنەی ئەم دیمەنەیان گرتووە و داویانەتە میدیاکان. پاکەتی خواردنەکە چی تێدا بووە: رۆنی کەرە، بادامی زەمینی، مرەبای توو، لۆبیا، چەقوو چەنگاڵی نایلۆن، دەستە سرێک و ئالآیەکی ئەمەریکا. ئێستا ئێمە ئەم سیناریۆیەهەڵدەگەرێنینەوە، ئەفغانستان بەسەر خەڵکی نیویۆرکدا بۆمب دەبارێنێ و دەڵێ ئێمە هیچ دژایەتیەکمان لەگەڵ خەڵکی ئەمەریکادا نییە و تەنها دژی دەوڵەتی ئەمەریکاین، بەڵام پێویستە کە ئەم شارە بۆردومان بکەین و پاکەتی خواردن کە نان و کەبابی تێدایە لەگەڵ ئالآیەکی ئەفغانستان، بەسەر خەڵکدا ببارێنین. دوای ئەمە چی روودەدات؟ چۆن دەکری رۆژێک بەسەر ئەم تاڵییە و هەستی خۆبچوک بینیەدا زاڵ بین؟ چۆن دەتوانین تەسلیمی ئەم فکرانە بین؟

*** ئایا لە بارودۆخێکی وەهادا هێشتا دەتوانین هیوادار بین و، باشترین رووداوێک کە حاڵیحازر دەتوانی روویدات، چییە؟**

– هیواداری شتێکە کە مرۆڤ لە دەرەوەی ئاگایی و بەبێ بیانوو لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێ و دەیبات. ئەگەر دەتانەوێ هۆی هیواداریم بزانن دەبێ بڵێم کە هیچ قسەیەکم پێ نییە. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا هیوادارم. ئەو کاتەی کە شەری ڤێتنام دەستی پێکرد، چوار ساڵی خایاند تا خەڵک لەناوخۆی ئەمەریکادا نارەزایەتییان لە دژی دەربری. بە پێچەوانەوە چەند رۆژ بەر لە ئێستا، لە نیویۆرک (۱۰)هەزار کەس نارەزایەتیان لە دژی جەنگ دەربری. چەند رۆژێکی جوان بوو! پێم وابێ هەندێ هۆی باش بۆ هیواداری هەن.

www.kurdistannet.org

# عەقڵ و هەستەکان

## ئێمبرتۆ ئیکۆ

تێکڕای شەڕە ئایینییەکان کە سەدان ساڵ دنیایان لە خوێندا گەوزاندووە، لە ئەنجامی پێداگرتنێکی دەمارگیرانە لەسەر ناکۆکیی ئاسایی و بچوک هاتوونەتە ئاراوە. ناکۆکیی وەک: ئێمە و ئێوە، چاک و خەراپ، رەش و سپی. کاتێ فەرهەنگی رۆژئاوا توانی لە سایەی پراگماتییەت و سوود وەرگرتن لە نەفەسی رەخنەگرانە یەخەی خۆی لەو جۆرە شتە ئاسایی وساکارانە قوتار بکات و بەمەش گەیشتە قوناغی بەرهەمدانەوە.

ئەڵبەتە ئەویش هەمیشە سەرکەوتوو نەبووە، چونکە فەرهەنگی رۆژئاوا کەسانێکی وەکو هیتلەریشی پەروەردە کردووە کە کتێبی دەسوتاندن و ئەو خەڵکانەی کە بەڕای ئەو لە(رەگەزی نزم) بوون، دەیکوشتن.

بەڵام ئێستا باشترین دەرفەت بۆ فەرهەنگی ئێمە ئەوە کە ئەگەر بمانەوێ لەمەودوا هیچ بورجێکی دیکە نەرمێ، پێویستە بە بێ گوێدانە رەنگی پێست و رەگەز، لەگەڵ لاوەکاندا بکەوینە گفتوگۆ.ئەو شتەی کە هەندێ جار دەبێتە هۆی سەر لاشێوان، ئەو راستییەیە کەناکرێ کاروباری جیاواز بەجیا لە یەکتری تاوتوێ بکەین. بۆ نمونە بەراورد کردن لەگەڵ رەگوڕیشەی خودی، تێگەیشتن لە کەسێک کە خاوەنی رەگوڕیشەیەکی دیکەیە وحوکمدان سەبارەت بەوەی کە چ شتێک باشە و چ شتێک خەراپە.

بەڵام سەبارەت بە رەگوڕیشەکان، ئەگەر کەسێک لێم بپرسێت لە کاتی خانەنشینیدا لە گوندەکانی مۆن فراتۆ(بەرزاییەکانی پیمۆنت)، ناوچە شاخاوییە پڕ شکۆکانی پارکی نیشتمانیی ابروزن و گردە جوانەکانی سینا،. کامیان بۆ دانیشتن هەڵدەبژێری، رەنگبێ من مۆن فراتۆ هەڵبژێرم. بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە من مۆن فراتۆم پێ لەسەرووی شوێنەکانی دیکەی ئیتالیایە.

کاتێ سەرۆک وەزیرانی ئێمەلە وتەیەکدا(کە ئاراستەی خەڵکی رۆژئاوای دەکات نەک عەرەبەکان) دەیەوێ بڵێت حەز دەکات لە نزیک میلان بژییەت نەک کابول و لەکاتی نەخۆش بوونیشدا حەز دەکات لەنەخوشخانەیەکی شاری میلان دا چارەسەر بکرێت نەک لە بەغدا، ئەوا من ئەو کاتە پاڵپشتی لەم قسەیەی دەکەم تەنانەت ئەگەر بزانم ئەو نەخۆشخانەیەی لەبەغدا هەیە زۆر لەوەی میلان پێشکەوتووتریشە. میلان شاری منە و لەوێیە کە من دەتوانم چاک بمەوە. کاریگەریی رەگوڕیشەکان تەنانەت دەتوانێت لە چوارچێوە ی ناوچەیی یان نیشتمانیش ئەولاتر بڕوات. نمونەیەکتان بۆ دێنمەوە: من لە شاری لیمگۆن خۆشتر دەژیم نەک لە مۆسکۆ.بۆ؟ئایا مۆسکۆ شارێکی خۆش و جوان نییە؟ با. بەڵام من لە لیمگۆن لە زمانی خەڵک تێدەگەم.

هەرکەسە ناسنامەی خۆی لە فەرهەنگێکدا دەدۆزێتەوە کە تێیدا گەورە بووە. ژمارەی حاڵەتی لکانی رەگەکان کەمە(ئەڵبەتە شتی واش هەیە). لۆرنسی عەرەبستان رێک وەکو عەرەبەکان جلی دەپۆشی، بەڵام لە کۆتاییدا گەڕایەوە نیشتمانەکەی خۆی.

با بگەڕێینەوە سەر مەسەلەی بەرەوڕوو بوونەوەی فەرهەنگەکان، چونکە قسەمان لە سەر ئەو بابەتەیە.

بە بەردەوام رۆژئاوا چووەتە بنج و بناوانی شارستانیەتەکانی دیکەو ئەمەش ئەغلەب لەبەر مەسایلی ئابووری بووە. تێڕوانینی رۆژئاوا بۆ خەڵکی دیکە زۆربەی کات تێڕوانینێکی بە بچوک دانەرانەبووە. بۆ نمونە یۆنانییەکان ئەوەی زمانی یۆنانی نەزانیبایە، بە بەربەر و ئەلکەن ناویان دەبرد و وایان تەماشا دەکردن وەک ئەوەی ئەو زمانەی ئەوان قسەی پێدەکەن زمان نەبێ. هەندێ لە یۆنانییە عاقڵترەکانی وەک فەیلەسوفانی رەواقی (رەنگبێ لەبەر ئەوەی کە بۆ خۆیان فینیقی بوون) هەستیان بەوە کرد کە ئەگەرچی بەربەرەکان بە زمانێکی جیا لە یۆنانییەکان قسە دەکەن، بەڵام شێوەی بیرکردنەوەیان زۆر لە هی یۆنانیەکان

www.kurdistannet.org

نزیکە. مارکۆ پۆلۆ هەوڵیدا کە بەو پەڕی ڕێزەوە شێوەی جلوبەرگ پۆشین و دابونەریتی چینیەکان وەسف بکات. مامۆستایانی مەزنی مەسیحیەت لە کەلیسای سەدەکانی ناوەڕاستدا هەوڵیان دا کە تێکستە فەلسەفی ،پزیشکی و ئەستێرەناسییەکانی عەرەبەکان وەرگێڕنە سەر زمانی خۆیان. پیاوانی بزاڤی رینیسانس تەنانەت لە دۆزینەوەی فەرهەنگی لەنێوچووی ڕۆژهەڵاتیەکاندا، لە ئارامیەوە بگرە تا میسرییەکان سنوریان بەزاند. مۆنتسکیۆ هەوڵی دا بزانێت کەوا پارسییەک چۆن لە فەرەنسایەک تێ دەگات و دیموگرافە مۆدێرنەکان، سالزییەکانیان وەک یەکەم بابەتی لاکۆڵینەوە هەڵبژارد و بۆ ئەوەی لە بارودۆخێکی هاوچەشنی ئەواندا بژییەن و هەروەها بۆ تێگەیشتن لە جۆری بیرکردنەوەیان، چوونە لای بوروورەوەکان. من دیموگرافەکانم بە نمونە هێنایەوە و نەمگوت کەوا لقێکی ئەمە واتا (فەرهەنگ ناسی) لە ناوەڕاستی سەدەی شانزدەهەمەوە لەبەر ئەوە درووست بوو، تا هەندێ لە عەزابی ویژدانی ڕۆژئاوا لە بەرامبەر خەڵکی دیکەدا کەم بکاتەوە. بە تایبەت لە هەمبەر ئەوانەی کە بە مانای وشە وەحشی بوون، گەلە کۆمەڵگایەکی بێ مێژوو و خاوەنی خەڵکێکی سەرەتایی. ڕەفتاری ڕۆژئاوا لەگەڵ ئەم خەڵکەدا میهرەبانی تێدا نەبوو. ئەو (ڕۆژئاوا) ئەوانی دۆزییەوە، هەوڵیدا فێری ژیانیان بکات، تالانی کردن و دواییش بە یارمەتیی بازرگانە عەرەبە کۆیلە فرۆشەکان ژمارەیەکی زۆری لا کۆیلە کردن. ئەو کۆیلانەی کە نیوارلئان دەدرانە دەست فەرەنساییە ئاریستۆکراتەکان، ئەو کۆیلانە بوون کە لە لایەن بازرگانە عەرەبەکان بە کەشتییەوە لە ئەفریقاوە دەهێندران. ئەرکی فەرهەنگناسی ئەوە بووە کە دەربیخات جگە لە مەنتقی ڕۆژئاوا، مەنتقی دیکەش لە جیهاندا هەن و لە جیاتی ئەوەی سوکایەتییان پێ بکرێت، پێویستە بە هەند وەربگیردرێن، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نەبوو کە فەرهەنگ ناسان دوای روونکردنەوەی مەنتقی خەڵکی دیکە، وەکو ئەوان درێژە بە ژیان بدەن. جگە لە چەند کەسێکیان ، تەواوی ئەم دیموگرافانە دوای کۆتایی هاتنی لاکۆڵینەوە درێژماوەکانیان لە بیابانەکانی ئەو بەری دەریاکان، دەگەڕانەوە دۆن شایرو پیکارد، تالەوێ چێژلە ژیانێکی بێ سەرئێشە ببەن. ئەو دەرسە سەرەکییەی کە مرۆڤ لە خوێندنەوەی کتێبەکانی فەرهەنگ ناسان وەریدەگرێت پتر ئەوەیە کە دەبێ بۆ بەسەرووزانینی فەرهەنگێک هەندێ پێوەر بۆ خۆی دیاری بکات. گوتنی ئەوەی کە فەرهەنگێک چۆنە، شتێکە و نیشاندانی ئەوەی کە بە پشت بەستن بە کام پێوەر دەتوانرێ دادوەریی لە بارەوە بکرێت، شتێکی دیکەیە. دەکرێ بە شێوەیەکی بیندراو و هەست پێکراو فەرهەنگێک بخەینە ڕوو. بۆ نمونە دەتوانین بڵێین خەڵکی سەربە فلانە فەرهەنگ بەم شێوەیە ڕەفتار دەکەن، بە پێی ئەم ڕێسایە لە کەرتی خێزانیدا دەژین، ڕازاندنەوەی لوتیان بە ئاڵقە بە کارێکی جوان دەزانن(کە ئەمە دەتوانێ وەسفی لاوەکانی ئەمڕۆی ڕۆژئاواش بێت) گۆشتی بەرازیان پێ گلاوە، خەتەنە دەکەن، سەگ ڕادەگرن تا لە ڕۆژی جەژندا گۆشتەکەی ببرژێنن، یان بەو شێوەیەی کە ئەمەریکاییەکان قسە لەسەر فەرەنساییەکان دەکەن و دەڵێن، بۆق دەخۆن.

بەڵام دیاری کردنی پێوەرەکان بۆ حوکمدان لە بارەی فەرهەنگ یان خەڵکەکە شتێکی دیکەیە. هەڵبژاردنی ئەم پێورانە بەندن بە ڕەگوریشەی ئێمەوە. واتا بەو شتانەی کە بە لامانەوە گرنگن و پەیوەندییان بە نەریتەکان، هەستەکان و سیستەمی بایەخدانانی ئێمەوە هەیە. با نمونەیەک بێنینەوە، ئایا ئێمە پتربوونی تەمەنی مرۆڤ و زیادکردنی لەچل ساڵەوە بۆ هەشتا ساڵ بە بەهایەک دەزانین؟ من بە نۆرەی خۆم ئەمەم پێ بایەخ و بەهایە. بەڵام ڕاهیبەکان دەتوانن بڵێن لە نێوان کەسێکی تەمبەڵ و زۆرخۆر کە (٨٠) ساڵ عومر بکات و لوئیجی گۆنزاگای پیرۆز کە تەنها (٢٣) ساڵ تەمەنی بووە، دووەمییان ژیانێکی پڕسوود و پڕبەهاتری هەبووە. بەڵام ئەگەر وایدانێین تەمەن درێژی بەهایە، ئەوا دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە زانستی پزیشکیی ڕۆژئاوا لە زۆربەی شێواز و ئەزموونە پزیشکیەکانی دیکە بالاتر و بەرزترە. بەڵام ئایا ئێمە لەو بڕوایە داین کە گەشەکردنی تەکنۆلۆژیا، بەرفراوان بوونی بازرگانی وخێرایی هێنان و بردن هەموویان بەهان؟ زۆربەی خەڵک لەو باوەڕەدانە و بۆیە مافی خۆیانە کە مەدەنیەتی تەکنۆلۆژییی ئێمە بەشتێکی بالاوسەروو بزانن. بەڵام لەناوخۆی دنیای ڕۆژئاواشدا کەسانێک پەیدا دەبن کە بایەخ بۆ

www.kurdistannet.org

ژیانێکی هەماهەنگ لەگەڵ سرووشت و ژینگەیەکی پاک دادەنێن و ئامادەن لەو پێناوەدا چاوپۆشی لە فڕۆکە، ئۆتۆمبێل و سەلاجە بکەن. کەواتا دەبینین، کە ئەگەر مرۆڤ بیەوێ فەرهەنگێک بە بالاتر لە فەرهەنگەکانی دیکە بناسێنێت، تەنها ئەوەندە بەس نیە کە وەسفی فەرهەنگێک بکات (وەک ئەوەی کە فەرهەنگ ناسەکان ئەنجامی دەدەن). بەڵکو دەبێ مرۆڤ بگەڕێتەوە بۆ سیستەمێکی بایەخدان کە لە ناخی دایەو بە هیچ شێوەیەک ناتوانێ چاوپۆشی لابکات، تەنها لەو حاڵەتەدایە کە دەتوانین بڵێین فەرهەنگی ئێمە (بۆ ئێمە) باشترە.

لایەنگرانی گفتوگۆی نێوان فەرهەنگەکان داوامان لا دەکەن کە رێز لە دنیای ئیسلام بگرین و بە بیرمان دێننەوە کە ئەم دنیایە کەسانی وەک ئیبن سینا ( کە لە بوخاراو لە شوێنێکی نزیک بە ئەفغانستان لە دایک بووە)و (رازی)ی هەبووە، لەسەرێک راست نییە کە تەنها ناوی ئەو دوو کەسە بێت، چونکە لە بەرامبەردا کەسانێکی وەکو (الکندی)، (ابن جبرون) و (ابن طفیل) یان (ابن خلدوون) کە گەورەترین مێژوونووسی سەدەی چواردەهەم بووە و رۆژئاوا بە دامەزرێنەری راستەقینەی کۆمەڵناسیی دەزانێ، ناویان ناهێندرێت، ئەوەشمان لەبیر بێت کاتێ کە دنیای مەسیحیەتی ئەمڕۆ زۆر دوا کەوتووبوو، عەرەبەکان لە ئیسپانیا باسی زانسی لە بابەت جوگرافیا، ئەستێرە ناسی ، ماتاماتیک و پزیشکییان دەکرد. ئەوانە هەموویان راستن، بەڵام بەو بەڵگەهێنانەوانە کێشەی ئێمە چارەسەر نابێت، چونکە ئەگەر مرۆڤ بیەوی بەم شێوەیە بچێتە پێشەوە و بڵێ کە گوندی ڤینچی (گوندێکە لە ناوچەی توسکان) لەسەرووی نیویۆرکە، لەو ڕووەوەی کەلیوناردۆ داڤینچی تێدا لە دایک بووە و بڵێ ئەو نیویۆرکەی ئێستا شوێنێ چوارهیندیی سوور بووە و دەبوایە سەدوپەنجا ساڵی دیکە چاوەڕێ بن تا کەشتی هۆڵەندییەکان لە کەنارەکانی لەنگەر بگرن و بەبەهای شەست گۆڵدن دوورگەیان لا بکڕن، لادانەوەیەکی هەڵەیە. من ئێستا بەبێ ئەوەی بمەوێ سوکایەتی بەکەس بکەم دەبێ بڵێم نیویۆرک ناوەندی دنیایە نەک گوندی ڤینچی. هەموو شتێ بە بەردەوام لە گۆڕاندایە. بەبیر هێنانەوەی کە کاتی ئێمە هێرشمان دەکردە سەر گتوویەکانمان و عەرەبەکانی ئیسپانیا بە تەسامحەوە رەفتاریان لەگەڵ مەسیحی و یەهوودیەکاندا هەبووە، چ سودێکی هەیە؟ یان بڵێین سەلاحەدینی ئەیوبی دوای گرتنەوەی ئورشەلیم رەفتارێکی نەرمتری لە بەرامبەر مەسیحیەکان نیشاندا لە چاو رەفتاری ئەو کاتەی کە مەسیحیەکان کە لە کاتی گرتنی ئورشەلیمدا لە بەرامبەر سارازانەکاندا هەیانبوو. ئەمانە هەموویان راستن، بەڵام بۆ ئەمڕۆ چ سوودێکیان هەیە. ئەمڕۆ لە دنیای عەرەبدا دەیان رژێمی بونیادگەرا و ئاینی هەن کە لە بەرامبەر مەسیحیەکان هیچ جۆرە نەرمییەک لە خۆیان نیشان نادەن. ئوسامە بن لادنیش لە نیویۆرک رەفتارێکی نەرم و میهرەبانانەی لە خۆی نیشان نەدا. لە لایەکی دیکەوە ئەگەرچی فەڕەنساییەکان لە شەوی بارتۆلۆمویس، قەتلوعامیان کرد، بەڵام ئەوە نابێتە هۆی ئەوەی کە ئەمرۆ بڵێین فەڕەنساییەکان بەربەرن. ئێمە نامانەوێ باسی مێژوو بکەین ؛ چونکە مێژوو وەک شیرێکی دوولاوار وایە، تورکەکان دوژمنەکانی خۆیان بە نێزە دەکوشت ( کە ئەمە کارێکی زۆر قێزەونە) بەڵام بیزانسییە ئەرتۆدۆکسەکانیش چاوی خزم و کەسە مەترسیدارەکانی خۆیان دەردێنا و کاتۆلیەکانیش جیۆردانۆبرۆیان لە ئاگردا سووتاند. دزە دەریاییە سارازانیەکان قوربانیەکانی خۆیان لا دەنا و لە کاتێکدا کە کورزارەکان بە بەدەستەوەبوونی سەندی بەکرێ گرتنی تاج و تەختی بەریتانیا ، کۆڵۆنییەکانی ئیسپانیا لە کارائیب یان ئاگر تێ بەردەدان، ئەگەر بن لادن و سەدام حوسێن دوژمنە سوێندخواردووەکانی رۆژئاوا بن، ئەوا ئێمەش لارە خەڵکانێکمان هەبووە ناویان هیتلەروستالین بووە. (ستالین هێندە ناپاک بووە کە هێشتا وەک رۆژهەلاتیەک ناوی دەبردرێت، تەنانەت ئەگەر زانکۆشی تەوا کردبێت و کتێبەکانی مارکسیشی خوێندبێتەوە.) ناکری پێوەرێک بکەین بەبنەما بۆ حوکمدان لەسەر تێکڕای مێژوو، هەر قۆناغە و پێوری خۆی هەیە. ئەمڕۆ کە یەکێک لە لایەنە بەرزەکانی فەرهەنگی رۆژئاوا( ئازادی و پلۆرالیزم ئەو بەهایانەن کە ناکرێ بە هیچ جۆرێک چاوپۆشیان لا بکرێت) ئەوەیە کە دەیان ساڵە مرۆڤ هەستی بەوە کردووە کە دەکرێ مەسایلی جۆراوجۆر بە پێوری جیاجیا وتەنانەت دژبە یەکیش تاوتۆی بکات. بۆ نمونە ئێمە چوونە سەری رێژەی تەمەن بەشتێکی باش و لە

www.kurdistannet.org

هەمانکاتیشدا وێران بوونی ژینکە بە شتێکی خراپ دەزانین. بەڵام ئەوەشمان پێ ڕەوایە کە لاکۆڵینەوە لە بارەی زۆرکردنی تەمەنی مرۆڤ پێویستی بە تاقیگەی گەورە و بە سیستەمی دابینکردنی وزە وبە دابین کردنی ئەو پێویستییانە هەبێت کە بە نۆرەی خۆیان زیان بە ژینگە دەگەیەنن. فەرهەنگی ڕۆژئاوا گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی کە دیمەنە دژ بە یەکەکانی خۆی بە جورئەتەوە بخاتە بەر دیدی خەڵک. ڕەنگبێ ئەو کێشانە چارەسەر نەکرێن، بەڵام لانیکەم ئەوەیە کە مرۆڤ دەزانێ ئەو کێشانە هەن و لە بارەیانەوە دەدوێت و قسەیان لەسەر دەکات.

لە کۆتاییدا تێکڕای گفتوگۆ دەبێ بە قەبوڵ یان ڕەفز کردنەوەی سیستەمێکی جیهانی بە شێوەیەک کە: دەکرێ چ ڕێژەیەک لە لایەنە پۆزەتیڤەکانی دیاردەی جیهانی بوون لە پێناو پێشگیری لە مەترسیی بێ عەدالەتی و دواکەوتوویی، سودیان لا وەربگیردرێت؟ چۆن دەتوانرێ بەبێ قەبوڵ کردنی سیاسەتێکی جیهانگیری ئابووری، تەمەنی ئەفەریقاییەکان کە بە هۆی ئایدزەوە دەمرن( و لە هەمانکاتدا تەمەنی خۆشمان) درێژ بکەین؟ ئەو سیاسەتە جیهانگیرەی کە ڕێگە دەدات تووشبووان بە نەخۆشیی ئایدز لە برسان بمرن و ئێمەش خواردنی پیس بخۆین. ڕێک ئەم جۆرە ڕەخنە گرتنەیە لە پێوەرەکان، کە ڕۆژئاوا درێژەی پێداوەو هانیش دەدا کە خەڵکانی دیکەش وەکو ئەو بن، تێمان دەگەیەنێت کە کێشەی پێوەرەکان کێشەیەکی گرنگ و بایەخدارە. ئایا شاردنەوەی نهێنی حیسابە بانکییەکان کارێکی درووست و شارستانیانەیە؟ ئەی ئەگەر ئەم کارە ڕێگە بە تیرۆریستان بدات پارەکانیان لە بانکەکانی لەندەن دانێن چی؟ ئایا لەم حاڵەتەدا داکۆکی کردن لەم مافە تاکەکسییە، کارێکی پۆزەتیڤە یان ئەوەتا دەبێ بە گومانەوە لای بڕوانین.

ئێمە بە بەردەوام پێوەرەکانی خۆمان دەخەینە بەر گفتوگۆ ولادوان. دنیای ڕۆژئاوا ئەم کارەی خۆی وا بە بەرفراوانی ئەنجام دەدات کە هەر هاوولاتیەک بتوانێ پێوەری گەشەکردنی تەکنۆلۆژیای پێ پۆزەتیڤ نەبێ و، وەک کاردانەوەیەک لە بەرامبەریدا بچێت بێ بە بودایی یان ئەوەتا لەنێو خەڵکێکدا بژییەت کە بۆ تایەی عارەبانەش سوود لە لاستیک وەرناگرن. قوتابخانە دەبێ ئانالیز، شرۆڤە و گفتوگۆ لەسەر ئەو پێوەرانەی کە ئیدعاکانمان لە سەریان بنیاد نراون، فێری قوتابییەکان بکات. ئەو گرفتەی کە فەرهەنگ ناسەکان نەیانتوانیوە چارەسەری بکەن ئەوەیە کە: کاتێ یەکێک لە فەرهەنگێکەوە کە ئێمە فێر بووینە ڕێزی لا بگرین، دێتەلامان و لە لای ئێمە دەژییەت، دەبێ چ بکەین؟ لە ڕاستیدا زۆربەی کاردانەوە ڕەگەزپەرستانەییەکان لەو ڕووەوە نیە کە بۆچی لە (مالی) خەڵک بڕوای بە ڕوحی خواشێوە هەیەو بگرە لەو ڕووەوەیە کە بۆ دەبێ ئەوانە بۆ ولاتی ئێمە کۆچ بکەن. ئینجا ئەگەر ئەو کۆچبەرانە بیانەوێ عەبا لەسەر بکەن، کچەکانی خۆیان ببەستن( نەریتی کچێنی تا ئەو ڕۆژەی مێرد دەکەن) یان لانەگەڕێن لە کەسێکی دیکەوە خوێن بدرێ بە منداڵە نەخۆشەکەیان ( کە هەندێ لە گروپە ڕۆژئاواییەکانیش پێڕەویی لا دەکەن)، یان ئەگەر دوایین مرۆڤخۆری گینەی نوێ( ئەگەر تا ئێستا شتی وامابێت) بیەوێت بێتە لامان و لانی کەم ڕۆژانی یەکشەممە منداڵێک ببرژێنێت، چی ڕوو دەدات؟ سەبارەت بە مرۆڤخۆرەکە هەموومان لەو بڕوایە داین کە دەبێ زیندانی بکرێت، بەڵام من ناتوانم تێ بگەم کە بۆچی ئێمە لە عەبا لەسەر کردنی کچەکان، کە خۆیان حەز لەم کارە دەکەن، تراژیدیایەک درووست دەکەین. قسە لەسەر بەستنی کچەکان هێشتا هەیە( تەنانەت بۆ ئەو کەسانەی کە هێندە تەفاهوم نیشان دەدەن کە خوازیاری ئەوەن کە ئەم کارە لە نەخۆشخانە ئەنجام بدرێت تا نەخۆشیی دیکەی بەدواوە نەیەت). بەڵام ئاخۆ دەبێ ئێمە لە بەرامبەر ئەم داوایەی ئافرەتە موسڵمانەکان چی بکەین کە دەخوازن بۆ وێنەی سەرپاسپۆرت عەبایان بەسەرەوە بێت؟ ئێمە هەندێ یاسامان هەیە کە بۆ هەموو کەس وەکو یەکەو هەندێ ڕێوشوێنیان بۆ دیاریکردنی ناسنامەی هاوولاتیان دەستنیشان کردووە. من پێم وایە کە ناکرێ ئەم یاسایانە لەبەرچاو نەگرین و چاوپۆشیان لا بکەین. کاتێ کە من دەچمە مزگەوتێک، پێلاوەکانم دادەکەنم: چونکە ڕێز لە دابونەریتی ولاتی خانەخۆی دەگرم. ئەی دەبێ ئێستا کاردانەوەمان لەهەمبەر وێنەیەکی بە عەباوەی سەرپاسپۆرت چی بێت؟ من پێم وایە کە دەبێ لە

www.kurdistannet.org

حاڵەتێکی وەها دا بکەوینە گفتوگۆ و چەنەلادانەوە.
بەهەرحاڵ وێنەی سەرپاسپۆرت تەنها لە هەندێ حاڵەتدا پشتتی پێ دەبەستریت. رەنگبێ بەم زووانە مۆری پەنجەش لە پاسپۆرتەکاندا تۆمار بکرێت. ئەو ئافرەتە موسڵمانەی کە بە شێوازی خۆیان جلوبەرگ دەپۆشن و دەچنە قوتابخانەکانی ئێمە، دەتوانن ئاگاداری ئەو مافانە بن کە هەیانە و لای بێ خەبەرن. رێک وەکو رۆژئاواییەکان کە بە چوونیان بە قوتابخانە ئایینیە ئیسلامییەکان دەبن بە موسڵمان. چەندین ساڵە رێکخراوێکی نێودەوڵەتی بە نێوی رێکخراوی نێوان فەرهەنگەکان درووست بووە کە بە دوای ئەلتەرناتیڤێکە بۆ فەرهەنگ ناسی. ئەم رێکخراوە خاوەنی هەندێ لاکۆڵەرەوەری ئەفریقاییە کە هەرگیز لە رۆژئاوا نەژیاون، بەلام حەز دەکەن وەسفی ناوچەیەکی فەرەنسا یان کۆمەڵگای بۆلۆنیا بکەن. من دڵنیاتان دەکەمەوە کە ئەگەر رۆژێک ئێمەی ئەورووپی خوێندمانەوە کە دوو شتی سەیر لە ئەورووپا، یەکیان پیاسە پێکردنی سەگەکان و دووەمیشیان بەرێ دارۆیشتنی رووتی ئافرەتان لە کەنارە دەریاکانە، لەوێش هەیە، ئەوا ئەو کاتە بواری ئەوە درووست دەبێت، کە هەردوولا تێروانینێکی تازەیان لە هەمبەر یەکتری هەبێت و دەرفەتی گفتوگۆیەکی سەرنج راکێش دێتە ئاراوە.
بیهێننە پێش چاوی خۆتان کە موسڵمانانی بونیاد گەرا بانگهێشتی ئەوە بکرێن کە سەبارەت بە بونیادگەرایی مەسیحی لاکۆڵینەوە بکەن، لەو کاتەدا کاتۆلیکەکان سەرنج راناکێشن و بگرە خێرا بۆلای پرۆتستانتە ئەمەریکاییەکان دەچن، کەزۆر لە ئایەتوڵلاکان دەمارگیرترن و حەز دەکەن ناوی داروین لە کتێبی قوتابخانەکاندا بسڕنەوە. کەواتا من پێم وایە لاکۆڵینەوەی فەرهەنگ ناسانەی بونیادگەرایی خەڵک، دەرفەتی ئەوەمان پێ دەدات کە بونیادگەرایی خۆمان باشتر بناسین. ئەگەر لاکۆڵەرەوە موسڵمانەکان بیان ویستبایە سەبارەت بە شەرە پیرۆزەکانمان لاکۆڵینەوە بکەن (من دەمتوانی سەرچاوەی باشیان لەو بارەیەوە بخەمە بەردەست) رەنگبێ ئەو کاتە بە شێوەیەکی رەخنەگرانە لە هزری (جیهاد)ی خۆیان بڕوانیبایە. لە راستیدا ئێمەی رۆژئاواییش سەردەمێک بیرمان لە سنورەکانی بیرکردنەوە کردەوە و توانیمان بیرکردنەوەی وەحشیانە وەسف بکەین. یەکی لە بەها رۆژئاواییەکان، ئەو بەهایانەی کە لە رۆژئاوا زۆر لە بارەیەوە دەدوێن، قەبوڵ کردنی جیاوازییەکانە. ئێمە هەموومان لەسەر ئەوە کۆکین و ئەوەشمان پێ کارێکی هەڵە نیە کە لە دەرەوە لە بەرامبەر هەموو خەڵک بە یەکێک بڵێین تۆ (هۆمۆسەکسوێل)ی بەلام لە ماڵەوە کاتێ باسی یەکێکی هۆمۆسەکسوێل بکەین، زارمان دەبەینە بن گوێی یەکتری. مرۆڤ دەبێ بۆ فێربوونی قەبوڵ کردنی جیاوازییەکان چی بکات؟ئەکادیمیای فەرهەنگ لاپەرەیەکی لە ئینتەرنێت دا کردۆتەوە و سەبارەت بە (رەنگی پێست، ئایین، دابونەریت و ...هتد) هەندێ زانیاری داوە. ئەم زانیارییانە بۆ پسپۆرانی پەروەردەو فێرکردنی ئەو ولاتە داندراوە کە حەز دەکەن قوتابیەکانی خۆیان فێر بکەن کە چۆن بتوانن خەڵکی جیا لە خۆیان قەبوڵ بکەن. لە سەرەتادا بڕیاردرا کە درۆ لەگەڵ منداڵەکاندا نەکەن. بۆ نمونە گوتیان هەموو مرۆڤەکان وێک دەچن. منداڵەکان باش دەزانن کە جیران و هاوپۆلەکانیان وەکو ئەوان نین. رەنگی پێستیان جیایە، چاویان جۆرێکی دیکەیە، قژیان درێژترە یان سافترە، شتی سەیرو سەمەرە دەخۆن و بەشداری لە بۆنە ئایینیەکانی ئەواندا ناکەن. ئەوە بەس نیە کە بە منداڵان بڵێین هەموو کەس خوڵقاوی دەستی خواوەندە. چونکە خواوەند ئاژەڵیشی خوڵقاندووە، بەلام منداڵەکان لە پۆلەکەیاندا هەرگیز چاویان بە بزنێک نەکەوت کە ویستبێتی منداڵان فێری خوێندن و نووسین بکات. کەواتا دەبێ مرۆڤ بە منداڵان بڵێت کەوا مرۆڤەکان زۆرلە یەکتری جیاوازن. دەبێ ئەو جیاوازییانەیان بۆ روون بکرێتەوە و هەروەها تێیان بگەیەنین کە ئەوانە دەتوانن ببن بە سەرچاوەیەک بۆ دەوڵەمەندبوونی ژیان. مامۆستایەکی ئیتاڵیایی دەبێ لە قوتابخانە فێری منداڵەکان بکات کە چۆن منداڵانی دیکە خوایەکی دیکە دەپەرستن و چۆن مۆسیقایەکی دیکە لا دەدەن کە لەگەڵ (راک ئەندرۆڵ) دا جیاوازە. لە هەنگاوی دواتردا دەبێ روونی بکاتەوە کە خاڵە هاوبەشەکانی نێوان مۆسیقای ئەوان و ئێمە کامانەن و خواوەندی ئەوانیش پێمان دەڵێ کاری باش بکەین. ئەو نارەزایەتیەی کە رەنگبێ لە هەمبەر ئەو کار ەدا هەبێ: ئێمە لە فلۆرانس ئەم کارە

www.kurdistannet.org

دەکەین، بەڵام ئایا ئەوانیش لە کابول ئەم کارە ئەنجام دەدەن؟ بەڵام ئەم نارەزایەتیە زۆر دوورە لە بەهاکانی مەدەنیەتی رۆژئاو. ئێمە کۆمەڵگای خۆمان بە کۆمەڵگایەکی پلۆرالیست دەزانین، چونکە رێگە دەدەین مزگەوتی تێدا دروست بکرێت. ئەگەر ئێمەش ئەم کارە نەکەین ئەوا دەبینە تاڵیبان. ئێمە هیوامان وایە کە ئەگەر رێگە بدەین لە ناو ئێمەدا مزگەوت درووست کەن، رۆژێک دابێت کە ئەوانیش رێگە بدەن کەلیسا لەناو ئەواندا درووست بکرێ، یان لانیکەم هەیکەلەکانی بودا بۆردومان نەکەن. ئەم رۆژانە شتی سەیر بەدیار دەکەون. واپێ دەچێت کە داکۆکی کردن لە بەها رۆژئاواییەکان بووە بە مافی راستگەراکان، لە کاتێکدا کە چەپ وەکو جاران بەرگری لە ئیسلام دەکات. داکۆکی کردن لە بەها زانستی، تەکنۆلۆژی و فەهەنگیەکان لە بنەرەتدا لە هێما بەرجەستەکانی هێزە سکۆلارو پێشڕەوەکان بووە. تەواوی رژێمە کۆمۆنیستیەکانیش خۆیان بە پێڕەوی ئایدۆلۆژیایەکی لایەنگری پێشکەوتنی زانستی و تەکنۆلۆژی زانیوە. مانیفێستی کۆمۆنیست کە لە ناوەراستی سەدەی نۆزدەهەمدا راگەیەندرا، بە ستایش کردنی بێ لایەنانەی پێشکەوتنەکانی مەدەنیەت دەست پێ دەکات. مارکس ناڵێ مرۆڤ بچێ سەرلە نوێ تایە دابێنێتەوە یان بە شێوەی بەرهەمهێنانی ئاسیایی دا تێپەربێتەوە، بگرە تەنانەت دەڵێ کە دەبێ پرۆلیتاریا هەندێ لە بەهاو دەستکەوتی دیارکراوی بۆرژوازییەت بکات بەهی خۆی. خاڵی بەرامبەری ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە، بیرکردنەوەیەکی زۆر پاشکەوتووخوازانەیە ( بە مانای وشە) کە لانیکەم بە رەفزکردنەوەی شۆڕشی فەرەنساوە دەستی پێکردووەو دەڵێ کەوا دەبێ مرۆڤ لە بەرامبەر ئایدۆلۆژیای سکۆلاری پێشکەوتوخوازدا بوەستێت و داوای گەرانەوە بۆ بەها کلاسیکەکان بکات.

جدی ترین بیرمەندە کلاسیکییەکان بەردەوام وەک سەرچاوەیەکی هێشتا تازەی مەعنەوییەت ( لە پاڵ رێسایە ئایینیەکانی مەسیحییەت و بیروڕای کۆمەڵگا سەرەتاییەکان و پەروەردەی بودایی) روویان کردۆتە ئیسلام. ئەوانەن کە بەردەوام بیرمان دێننەوە لە ئێمە لە ئایدۆلۆژیای پێشکەوتندا تووشی بەدگۆران (مەسخ) بووینە، لە سەرووی خەڵکی دیکەوە نین و دەبێ راستییەکان لە لای سۆفیەکان و دەروێشانی (سماع)دا بدۆزنەوە. لەسەر ئەو بنەمایە ئێستا وا خەریکە قەڵشتێکی گەورە درووست دەبێت. رەنگبێ ئەوەش هێمایەکی ئەو راستیە بێت کە لە سەردەمی رەفزکردنەوەی بەهاکاندا (بە دڵنیاییەوە ئێمە لە چەرخێکی وەهادا دەژین) هیچ کەس نازانێت لە کام لا وەستاوە. رێک لە چەرخێکی وەهادایە کە مرۆڤ دەبێ وەک چۆن لە دژی خورافاتی خەڵکیدا رادەپەرێت، ئاواش لە دژی خورافاتی خۆیدا بوەستێت، ئەمەش تەنها بە چەکی رەخنە و ئانالیز و شرۆڤە کردن دەبێت. هیوادارم کە ئەم بابەتە تەنها لە کۆنفرانسە رۆژنامەوانیەکاندا نەورووژێن و بگرە لە قوتابخانەکانیشدا لایان بکۆڵدرێتەوە.

**سەرچاوە:گۆڤاری ئیشپیگێل،٢٢ی ئۆکتۆبەری٢٠٠١**

www.kurdistannet.org

# گۆڕ وایدڵ: ئەمەریکا پێویستیی بە دوژمنە

*گـۆڕ وایدڵ (Gore vidal) بە یەکێک لە بەنێوبانگترین نووسەرو رۆشنفکرانی ئەمەریکا لە قەڵەم دەدرێت، کە لە ساڵی ١٩٤٦ بە رۆمانی (ویلی واو) پێی نایە نێو دنیای ئەدەبیاتی ئەمەریکاییەوە. وایدڵ لەم رۆمانەدا باس لە ئەزموونی خۆی لە جەنگی جیهانیی دووەمدا دەکات. نێوبراو لە ماوەی نیوسەدەی رابوردوودا، پتـر لە (٢٢) رۆمـانی چاپ کـردووە و دەیان شـانۆنامـە و سـەدان وتاری سـیاسی و ئەدەبیی نووسـیـوەو، ئەمـەش بۆتە هۆی ئەوەی کـە ناوبانگی لە سنوورەکـانی ئەمـەریکا دەربچـێت. هەروەها بەرهەمەکانی بۆ پتر لە (٢٢) زمان وەرگێردراون. وایدڵ ئێستا لە تەمەنی (٧٥) ساڵی دایەو یەکێکە لە چالاکترین رەخنەگرانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا.*

* * *

*** بەپێی ئەو راوەرگرتنانەی ئەنجام دراون، دەرکەوتووە کەوا (٩٠٪)ی ئەمەریکاییەکان پشتگیری لە شەڕی دژبە ئەفغانستان دەکەن. ئایا ئەمە نابێتە هۆی سەرسوڕمانتان؟**

– ئێمە لە بنەڕەتدا لایەنگری جەنگ نین. خەڵکی ئەمەریکا تەنانەت نەیاندەویست لە دژی هیتلەریش بجەنگن، ئەوساش تەنها راستڕەوەکانی ئەمەریکا بوون کە خوازیاری جەنگ بوون. خەریک بوو بەریتانیا کـاول دەبوو، فـەرەنسا لە مـانگی ئایاری ١٩٤٠دا خـۆی بەدەسـتـەوە دا، من لە کـتـێـبـێکمدا کـە لە ژێر ناونیشـانی (چاخی زێڕین)دا بە چاپم گەیاندووە، باسی سایکۆلۆژییـەتی ئەو کـاتەی واشنتـۆنم کـردووە، دەتوانن بیخوێننەوە و بزانن کە چۆن بووە. (٨٠٪)ی ئەمەریکاییەکان گۆشەگیر بوون و کاریان بە جەنگ و شتی واوە نەبوو. ڕێبەرایەتیی ئەمەریکا کە خاوەنی وڵاتە دەبێ شەڕ بەرپا بکات، ئەگینا پێنتاگۆن ئەو پارەیەی دەست ناکەوێت کە پێویستیی پێیەتی: ئەو پارەیەی کە دەیخاتە گیرفانی کۆمپانیاکانی بوئینگ و لۆکـهـیـدو....هتـدییەوە. کـەواتا زۆر گـرنگە کـە ئێـمـە دوژمنێـکمـان هەبێت. لەم ڕووەوە بە بەردەوام و سەرلەنوێ دوژمن بۆ خـۆمـان دروست دەکـەین. بە پێـچـەوانەوە خـەڵکی ئەمـەریکا نازانن دوژمنەکـانیـان کەوتـوونەتە کوێی نەخشەی جوگرافیاشەوە. ئێمە سیستەمی پەروەردەو فێرکردنی گشتیمان نییە. هەموو ئەمـەریکاییـەکی ئاسـایی نەخـوێندەوارە. ئەڵبـەتە ، چینی ئەریسـتـۆکـرات خـوێندەوارە، بەڵام لەژێر کاریگەرییەتیی پڕوپاگەندەدا، کەڕوکوێر بووە.

*** ئێوە چەندین جار دووپاتتان کردۆتەوە کەوا ئەمەریکا بە شێوەیەکی یەکلایەنانە پەلاماری دوژمنەکانی دەدات. ڕۆژێک ئەو دوژمنە سەدام بوو و ئەمڕۆش بن لادن، بەڵام ئەم دوژمنە دەستکردی ئەمەریکایە کە بە یارمەتیی CIA لە هەشتاکاندا درووست کراوە.**

– ئەمەریکا حەز دەکات نێو لە دوژمنەکانی خۆی بنێ بیزوو وشەیتان. ئەم دوژمنانە کەسانێکی بەنگ کێش و سەرسەرین، جلی ئافرەتان دەپۆشن و...هتد.. بۆشی باوک، لە سەردەمی دەسەڵاتیدا رایگەیاند کە سەرۆکی پاناما، خراپکارترین مرۆڤی سەر رووی زەمـینە، کە تۆڕەکانی قاچاغی مادە بێهۆشکەرەکان لە سەرانسـەری جیـهـاندا بەڕێوە دەبات. ئێـمـە لەو کـارانەدا پسـپـۆڕین. لەبەر ئەوە ئەو هەمـوو شـەڕە بەرپا دەکەین. لە ساڵی ١٩٤٩وە هیچ وڵاتێک هێرشی نەکردووینەتە سەر، بگرە هەمیشە ئێمە هێرشمان کردۆتە سەر ئەوان و بۆ ئەم هێرشەشمان هەمیشە بیانوومان بەدەستەوە بووە. هەمیشە گوتومانە: ئەو وڵاتانە پەنای تیرۆریستان دەدەن ، بەنیازن لە ڕێچکەی جیهانی ئازاد لابدەن ، یان خەریکە دەبنە کۆمۆنیستی. ئەم جۆرە بەڵگانە بوون کە ڕێگەیان بە کلینتۆن دا تا فابریکەیەکی دروستکردنی حەبی ئەسپرین لە سودان بۆردومان بکات.

www.kurdistannet.org

*** نووسەری هیندی، ئارۆند هاتی نووسیوەتی  ئەمەریکا نازانێ کە خەڵکی دنیا لە سۆنگەی ئەوەوە چەند رق و کینەیان لە جیهانی رۆژئاوا لەدڵدایە. لە ساڵی ١٩٤٥ەوە ملیۆنەها مرۆڤ بەهۆی پەلامارەکانی ئەمەریکاوە گیانیان لەدەست داوە، بۆ لە ناوخۆی ئەمەریکادا خەڵک لەدژی ئەم پەلامارانە نارەزایەتی دەرنابڕن؟**

- هۆیەکانی ئەمەتان پێ دەڵێم: ئێمە حکومەتێکمان نییە کە نوێنەرایەتیی رای خەڵک بکات. حکومەت نوێنەرایەتی خەڵک ناکات. ئێمە حزبی سیاسیمان نییە. ئێمە خاوەنی سیستەمێکی تاک حزبین: حزبێک کەلە دوو لابالّی راستگەرا پێکهاتووە. لابالێک ناوی لەخۆی ناوە کۆماری وئەوەی دیکەشیان ناوی لەخۆی ناوە دیموکرات. بەڵام لە راستیدا هەردووکیان لە لایەن کۆمپانیای بازرگانیی گەورەوە بەرێوە دەبرێن. کۆمارییەکان کە راستگەراتر و دەوڵەمەندترن، لە دیموکراتەکان پتر خوازیاری شەڕن. تەنها جیاوازیی نێوان ئەم دوو حزبە ئەمەیەو هیچی دیکە نییە. خەرجیی پروپاگەندەی هەڵبژاردنەکانی هەر نوێنەرێکی پەرلەمان یان سیناتۆری ئەمەریکا، لە لایەن کۆمپانیایەکی گەورەوە لە ئەستۆ دەگیردرێت. پتر قۆزترین یاسا ناسەکان دەنێردرێنە پەرلەمان و سینا و ،خەڵکی وڵات لە بنەڕەتدا هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵدا نین. ئەڵبەتە هەندێ حاڵەتی پێچەوانەی ئەمەش هەیە کە ئەمانە نوێنەرانی ویلایەتە بچوکەکانی ئەمەریکان و خەرجیی پروپاگەندەکانیان زۆر کەمە. بەڵام لە راستیدا نوێنەرێکی ویلایەتی کالیفۆرنیا، پتر لەوەی نوێنەری خەڵکی ویلایەتەکە بێت، نوێنەری دەزگای ناسا، جەنگ، فڕۆکە جەنگیەکان و چەکە ناوکییەکانە.

*** ئێوە چەندین ساڵە  لەم بارەیەوە هۆشداری دەدەن، بۆ کەس گوێ لە قسەتان راناگرێت؟**

- چونکە بە کردەوە، پتر لە نیوەی ئەمەریکاییەکان نەخوێندەوارن. ئەوەی من دەینووسم کاریگەریی بەسەر ژمارەیەکی کەمی خەڵکەوە هەیە. تەنها (١٪)ی ئەمەریکاییەکان کتێب دەخوێننەوە.

*** ئایینده چۆن دەبینن، چۆن دەکرێ باروودۆخەکە باشتر بکرێت؟**

- من پێم وایە ئەمەریکا بۆتە وڵاتێکی پۆلیسی. گۆڕینی ئەو وڵاتە لە توانای کەسدا نییە. هەر لەم پێناوەدا دەیان یاسا و رێسای جیاجیا داندراون. بۆ نمونە یاسای دژ بە تیرۆری کلینتۆن رێگا دەدات کە سوپای ئەمەریکا لە دژی هاووڵاتیە ئەمەریکاییەکانیش دەستبەکار بێت. ئەمە دەستبردنێکی مەترسیدارە بۆ دەستووری ئەمەریکا و جەوهەری ئەم دەستورە (of Bill Rights)ە ئەمە خراپترین شتێکە کە روویداوە. بن لادن بۆ جێبەجێ کردنی ئامانجە گلاوەکانی، دەرفەتی لەمە باشتری دەست ناکەوێ. بێکاری روو لە زیاد بوونە، وڵاتانی ئەورووپایی پارەی خۆیان کردووە بە یۆرۆ. ئایا دەتوانن ئەوە بێننە پێش چاوی خۆتان کە کاتێ وڵاتانی ئەورووپایی پارەی خۆیان بکەن بە دراوێک کە لە لایەن حکومەتێکی یەکگرتووەوە پشتیوانی لێ ناکرێت، چی روودەدات؟ تا ئێستا کەس پارەو دراوێکی بێ حکومەتی دانەهێناوە، ئێستا ئەم شتە روویداوە، ئەویش لە کاتی قەیرانە ئابوورییەکاندا.

*** ماوەیەکی یەکجار زۆرە کە ئێوە لە ئیتالیا دەژین، دەرفەتێکی باشە بۆ ئەوەی لە بارەی بەڕێز بیرلسکۆنی توێژینەوە بکەن.**

- پێویستە یەکێک ئەم کارە لە ئەستۆ بگرێت. من پتر حەزم لێبوو خەڵک ئەم کارەیان کردبایە. کارێک کە زۆر ناخۆشە، خۆزگە ئێمە سیستەمێکی فێرکردنی راستەقینەمان هەبوایە....بەڵام نیمانە. لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا تەنها پروپاگەندە دەگوترێتەوە. ماوەیەک بەرلە ئێستا پۆلیسی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ مادە بێهۆشکەرەکان، بەسەر ماڵێکیان داداو سێ چوار کەسی دانیشتووی ماڵەکەیان کوشت. لەوانە یەک دووێکیان منداڵ بوون. دوایی دەرکەوت کە ئەمانە بێ گوناھ بوونەو بەھەڵە بەسەر ئەو ماڵەیان داداوە. ئەمە چیرۆکێکی خەیاڵی نییە، بەڵکو بەراستی لە هەواڵەکاندا هاتبوو. بەڵای منەوە زۆر گرنگە کە ئەم رووداوانە لە رۆژنامەکاندا بڵاوبکرێنەوە. رۆژنامەکان ئەم راستیانە بڵاو دەکەنەوە، بەڵام لەبەر زۆری بابەتی بڵاوکراوە، لە دوا لاپەڕە یان لەنێو راپۆرتە ناوچەییەکاندا دادەندرێن و خەڵک وەکو پێویست لێی ورد

www.kurdistannet.org

نابنەوە. لەم ڕووەوەیە کە حکومەت چۆنی حەزی لێ بێت لە گەڵیاندا دەجولێتەوە.

*** راتان سەبارەت بە ئیسلام چییە؟**

– من قورئانم خوێندۆتەوە. ئەم کتابە پتر لە هەموو ئەو کتابانەی کە لێرە دەیانناسم کاری تێ کردووم. قورئان کتێبێکی جوانە. دەتوانم بڵێم سوریالیە. من لە گۆشەنیگای بەبچوک دانەرانەی زۆربەی رۆژئاواییەکان لە هەمبەر ئیسلام تێ ناگەم. ئیسلام شارستانیەتێکی پڕشکۆیە. هەڵکشان و داکشانیشی هەبووە وەکو ئەوەی کە لە ئەڵمانیا و ئەمریکا ڕووی داوە.

*** لەم رۆژانەدا بە بەردەوام ناوی هانتینگتۆن دەهێندرێت و باسی لێوە دەکرێت.**

– پەنا بەخوا. ناوەڵلا، باسی مەکەن. دەبینم لە ئەڵمانیا قسەکانی دەگوترێنەوە، بەڵام ئەم کابرایە لە ئەمەریکا نەناسراوە. نازانم لە ئەورووپا چی کردووە کە ئاوا بەنێو بانگ بووە. چەنەبازی لە بارەی (شەڕی شارستانیەتەکان) قسەیەکی پوچ و بێ مانایە. ئێمە یەک شەڕی شارستانیەتەکانمان هەبووە. ئەم شەڕە لە سەدەی (١٢)هەمدا رووی داو سەلاحەدینی ئەیوبیش تێیدا سەرکەوت. (ریچاردی شێردڵ) دوای ئەو شەڕەی کە لەسەر داگیرکردنی ئورشەلیم رووی دا، ناچار بوو پاشەکشێ بکات. تێ ناگەم بۆ دەبێ جارێکی دیکە شەڕی شارستانیەتەکان رووبداتەوە. ئێمە هیچ کێشمەکێشمان لەگەڵ عەرەبەکاندا نییە. ئەوان نەوتمان پێ دەفرۆشن و پشەسازیی ئۆتۆمبێل سازیی دەبەنگی ئێمەش نەوتەکەیان لێ دەکڕێت. ئێمە خاڵی هاوبەشمان زۆرە. ئەمەریکا سەردەمێک پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ جیهانی عەرەبدا هەبوو، بەڵام دوای ئەوەی مەسەلەی رۆژهەڵاتی ناڤینمان دروست کرد، بارودۆخ گۆڕا. ئێستا دەتوانم بڵێم کە تەنانەت یەک دۆستیشمان لەو ناوچەیەدا نەماوە.

*** ئێوە ئاگاتان لە بارودۆخی نێوخۆیی کۆشکی سپی هەیە و ئیدعای ئەوە دەکەن کە دەزانن شادەماری دەسەڵاتداران چۆن لێ دەدات. شادەماری بەرێز بۆش چۆن لێ دەدات؟**

– زۆر نارێکە، هیچ کاتێ بە رێکی کار ناکات. بۆش لە کۆلێژ، هاندەری تیمی وەرزشی بوو. ئێستاش هەمان رۆڵ دەبینێ. ئەو چەپڵەو فیکە بۆ خەڵکی دیکە لێ دەدات و گوتار دەخوێنێتەوە، بەڵام بڕیارەکان لە لایەن خەڵکانی دیکەوە دەدرێن: دیک چێنی (راوێژکاری ئەمنی) و رامسفێلدی وەزیری بەرگری.

*** ئەی باوکی چ رۆڵێکی هەیە؟**

– پێم وابێ باوکی رۆڵێکی ئەوتۆی نییە. هەموو ئەو کەسانەی ئەمڕۆ بڕیارەکان دەردەکەن و لایەنگری جەنگن، قەت بەشدارییان لە جەنگدا نەکردووە و ئەگەر بە حەزی خۆیان بێت لە تۆپخانەش نزیک ناکەونەوە. پاوڵ (وەزیری دەرەوە) دژی جەنگە. سەربازەکان حەزیان لە شەڕ نییە. هەموویان خوازیاری ئەوەن کە بە جەنگ هەڕشە بکەن، بەڵام حەز ناکەن خۆیان بجەنگن. ئەوانە باش دەزانن کە لە جەنگدا مرۆڤەکان دەکوژرێن و بریندار دەبن، تەنانەت ئەگەر ژەنەراڵیش بن، کاتێ کە ئۆلبرایت وەزیری دەرەوە بوو، ئەم ژنراڵ (پاوڵ)ە تەنها کەسێک بوو کە دەیتوانی بەرزەفتی بکات. ئەو دەیویست بە بەردەوام مرۆڤ و شارەکان بۆردومان بکات و سەرباز بنێرێتە کۆسۆڤۆ، بەڵام پاوڵ پێی گوت کە سەربازەکان مۆرەی شەترەنج نین.

**سەرچاوە: فرانکفۆرتێر ئالگمانیە ١٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠١**

www.kurdistannet.org

# مەترسیی هەژمونی

گفتوگۆیەک لەگەڵ فەیلەسوفی هاوچەرخ «ئێریک هابسباوم»

*** ئێوەهەمیشە ئاماژەتان بەوە کردووە کەوا ئابوریی سەرمایەداری، جیهان بەرەو دارمان یان تەقینەوە دەبات. لەگەڵ ئەوەیدا کە بەڕای ئێوە مەترسیی جەنگێکی جیهانی لە ئارادانییە، بەڵام مرۆڤایەتی بەرە و ڕووی کێشەی گەلێک گەورە بۆتەوە، لەوانە گەشەسەندنی بونیادگەرای و دوژمنایەتی کردنی عەقلانییەت. ئایا ڕووداوەکانی ئەم دواییە دەبنە هۆی ئەوەی کە ئەم تێزە گۆڕانی بەسەر دابێت؟**

– ئەم ڕووداوانە نابنە هۆی ئەوەی کە کرۆکی مەسەلەکە گۆڕانی بەسەر دابێت.

جەنگێکی جیهانی بەشێوە کلاسیکیەکەی بەلای منەوەمەحاڵە، جگەلەوەی کە ڕەنگ بێ ڕۆژێک شەڕێکی وەها لە نێوان ئەمەریکا و چین دا ڕووبدات. بەڵام ئەمەش بابەتی ڕۆژنییە . مەسەلە لەسەر ئەوشتەیە کە پەیوەندیی بەشەڕی ئیقلیمیی گەورەوە هەیە، ئەو شەڕانەی کە دەکرێ بەناوەنجیان بزانین، ئەو جۆرە شەڕانەقەت کۆتاییان پێ نەهات. شتێکی وا هەم سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و هەمیش سەبارەت بە باشوری ئاسیا، ڕاستە.

حاڵی حازر پرسیاری نوێ پەیوەندی بە وڵاتانی سەربەخۆ و ناوابەستەیە: کە ئایا ئەوان لەگەڵ هەبوونی دراوسێییەگەورەکانی خۆیان دەتوانن درێژە بەژیان بدەن؟ ئەمرۆکە بواری ئەوە هەیە کە بەبێ جەنگی جیهانی وڵاتێکی وەکو ئەفغانستان بسڕدرێتەوە، بۆچی؟ چونکە ئەو گوشارەی کە وڵاتێکی هەژموون خواز بەسەر وڵاتێکی بچوکدا پیادەی دەکات، یەکجار زۆرە. لێرەدا بەرەو ڕووی دیاردەیەکی نوێ بووینەتەوە، کە لە سەردەمی دووجەمسەریدا بەرزەفت کرا بوو. بەڵام ئەمرۆ کەوا بەهێز دەکرێتەوە.

*** ئەم گۆڕانە گۆڕانێکی هێڵییە؟**

– گەورەترین مەترسییەک کە لە دە ساڵ بەر لە ئێستاوە بەرچاو دەکەوێ ئەوەیە کە داگیرکەریی ئیستیعماری نەگۆڕاوە. لە بۆسنا، کۆسۆڤۆ و مەقدۆنیا داگیرکەریی نوێی بیانی بە هیچ شێوەیەک نەیتوانی ئەو سەقامگیرییە نێوخۆییە بێنێتەدی کەلێی چاوەڕێ دەکرا.

*** بۆچی پێتان وایە هێزێکی جیهانی وەکو ئەمەریکا ئیتر لە توانای دانیە کە بەسەر جیهاندا زاڵ بێت؟**

– چونکە جیهان زۆر گەورەو زۆر ئاڵۆزە.

*** لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ئەو باوەڕە تەنانەت لە ئەورووپاش هەیە کە ئەمەریکا لە دۆخێکدایە کە دەتوانێ حوکمڕانی بەسەر دنیادا بکات.**

– باوەڕێکی وەها لە سەرانسەری دنیادا بلاوە. پێم وایە تا ئەو کاتەی کە بورجەکان نەڕووخابوون، ڕێبەرانی ئەمەریکا ڕەفتارێکی سەر کەوتوانەیان هەبوو.

ئەوان خۆیان بەدەسەڵاتێکی ڕەها دەزانی کە هیچ مەترسییەک نەیدەگرتنەوە. لە سەدەی نۆزدەهەمدا کاتێ کە ئیمپراتورایيەتی بەریتانیا خاوەنی هەژموونێکی جیهانی بوو، ڕێبەرانی واقیع بین و بەرادەی پێویست وشیار بوون تا دەسەڵاتخوازیی خۆیان بۆ کۆنترۆڵ کردنی هەموو شتێ ، بەرزەفت بکەن. ئەوان دەیانزانی کە لانی زۆری ئەو کارەی کە دەتوانن بیکەن ئەوەیە کە بارەدۆخی ئەوسا بۆ پاراستنی دەسەڵاتی دەستکەوتوو، بەڕێوەبەرن. ئەوان دەیانزانی کە ناتوانن ئیدعای ئەوە بکەن کە بەسەر هەمووشتێکی ئەورووپاو دنیادا زاڵن. ترسی من لەوەیە کە ئێمە کاتێکی ئەوتۆمان لە بەردەست دانییە تا دەسەڵاتی هەژموونی خوازی نوێ،

www.kurdistannet.org

سنورەکانی قەبارەی خۆی لە جیهانی ئالۆز و بەردەوام لە گۆڕاندا، بناسێ.

*** ئێوە ئاماژەتان بەوەکردبوو کە دەبێ بەدوای ڕێگەچارە لە ئاستی سیاسیدا بگەڕێن. چۆن کارێکی وا دەبێت؟**

– ئەمەریکا دەبێ سەر لە نوێ بیر لەوە بکاتەوە کە دەتوانی چ کارێک بکات. بەلام گرفت ئەو پێکهاتانەیە کە لە پشتەوەی حکومەتەکانن و لە دەیەکانی ئاییندەدا دنیا کۆنترۆڵ دەکەن. من پترلە هەمووشتێ بیر لە ئابوری و دیالیکتیکی نێوان ئابوری و حکومەتەکان دەکەمەوە. گرفتەکەی دەیکەش گرفتێکی ئایدۆلۆژییە.

ئێمە دیتمان کە چۆن ئایدۆلۆژیاکانی کۆن و ئەوانەی کە ئامانجیان ڕێکخستنی خەڵک بوو لەڕێگەی نەریتی ڕۆشنگەری و شۆڕشی مەزنی وەکو شۆڕشی فەرەنسا، ئەمەریکا و رووسیا بوو، دارمان. قەیرانی هەنووکە تەنانەت لە چەپەکانیش تێ پەڕیووە و تەواوی کلاسیکییەکانیشی گرتۆتەوە کە بەعەقلانیەت پشت ئەستور بوون. شتێکی لەو بابەتە بۆشاییەکی گەورەی بۆ هێزەکانی دیکەی بەجێ هێشت. من تەنها بیر لەو شتەناکەمەوە کە حاڵی حازر لە جیهانی ئیسلامدا ڕوودەدات، بەڵکو بیر لەو شتەدەکەمەوە کە لە هەندێ وولاتانی ڕۆژئاوایی لەژێرناوی دوژمنایەتی کردنی بیانییەکاندا ڕوودەدات.

*** بەڕای ئێوە چ ئیمکانیاتێک بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەمانەدا لە بەردەستدایە؟**

– هێرشەکانی(١١)ی سێپتەمبەر بەشێوەیەکی تاڵ نیشانی دا کە ئازادیی موتلەقی بازاڕو سووڕانی پارە، نەبوونە هۆی ئەوەی کە ئەو مەترسییانەی لەسەر ئەمەریکاهەن، کۆنترۆل بکرێن.

سەرۆک وەزیرانی فەرەنسا لیئۆنێل ژۆسپەن گوتوویەتی کەوا مافی ئەوەمان نییە تا ئازادیی کۆنترۆل نەکراو بخەینە بەردەستی بازار. هەروەها بەسەرنجدان لە مەترسیی گەورەی دارمانی ناوەندە مالییەکان، دەبوایە لە ئێستاوە حکومەتەکان– هەروەها دەستکاری حکومەتی لە واشنتۆن– دەست بە ڕێکخستنی ئەو پرۆسەیە بکات. بەمەشێوەیەکارێک دەکەن کە تەواوی تیۆریسیەنەکانی بازاری ئازاد لە 20 ساڵی ڕابردوو خۆیان لێ بواردووە. بەم پێیە من بڕوا بەوەدێنم کە بواری ئەوە دەبێ کە ئایدۆلۆژیای تورەیی و توندوتیژی بوەستێ.

**سەرچاوە:ڕۆژنامەی ئەڵمانیی فرایتاگ (2001/10/26)**

www.kurdistannet.org

# دۆکتۆرۆف: ئیترژیانی مرۆڤ هیچ بەهایەکی نییە

*ئێدگارلاورنس دۆکتۆرۆف ، کەیەکێ لە رووخسارە بەرجەستەکانی ئەدەبیاتی هاوچەرخی ئەمەریکایە، ساڵی ١٩٣١لە خێزانێکی بە رەگەز روسی لە دایک بووە و بەشی هەرەزۆری ژیانی خۆی لە شاری نیۆیۆرکدا بەسەر بردووە.*
*نێوبراولە ساڵی ١٩٦٠و بەرۆمانی«بەخێرهێنانی زەمانەی سەخت» پێی نایە دنیای ئەدەبیاتەوە و لە ساڵی ١٩٦٦ رۆمانێکی دیکەی بە نێوی «بەگەورەیی ژیان» رەوانەی بازار کرد. دادگایی کردنی رۆزنبێرگەکان بوو بە بابەتی سێیەم رۆمانی دۆکتۆرۆف و بڵاوبوونەوەیی لە ساڵی ١٩٧١دا، کردی بەخاوەنی پێگەی نووسەرێکی ناودار.(٤) رۆمانەکەی دیکەی دۆکتۆرۆف«رگتایم» ،«لون لیک» ، «پێشانگای جیهان»و«بیلی باتگیت» زۆرتر لە شاری نیۆیۆرک روودەدەن و توێژە جۆراوجۆرەکانی ژیان لەم شارەدا دەخەنە روو.*
*هەفتەنامەی«دی سایت» «Die zeit»ی ئەڵمانی، بەبۆنەی وەرگێرانی رۆمانی «شاری خوا»ی نێوبراو بۆ سەر زمانی ئەڵمانی و چەند هەفتەیەک دوای رووداوە تیرۆریستییەکەی ئەمەریکا ، ئەم گفتوگۆیەی لە گەڵدا ئەنجام داوە.*

***

*** ئێوە لە رۆمانەکانی خۆتاندا بە بەردەوام و پترلە نووسەرانی هاوچەرخی ئەمەریکایی وەسفی نیۆیۆرکتان کردووە. هێرشە تیرۆرستییەکان چ کاریگەرییەتیەکیان بەسەر ئەم شارەوە هەبووە؟**

– ئەو ئەزموونەی کە لە (١١)ی سێپتەمبەر پێیدا تێپەرین، دەکرێ بەدەستپێکی سەدەی (٢١)ی لەقەڵەم بدەین. ئیتر هەرگیز نیۆیۆرک نابێتەوە شارەکەی جاران. ئەم شارە هێمای تەواوی شارستانیەتی رۆژئاوایە و هەر بۆیەش هێرش بۆسەر نیویۆرک و واشنتۆن هێرشە بۆ سەر تێکرای شارەکان. لەم رێگایەوە تێکرای دامەزراوەکانمان گاڵتەیان پێ کرا.
نیۆیۆرک بۆ من میترۆپۆلێکی جیهانییە. لەدایک بوونم لەو جیهان شارەدا و تێپەڕینی بەشێکی زۆری ئەم تەمەنەم تێیدا، بووەتە هۆی ئەوەی کە من لە هەموو شارەکانی دیکەدا وا هەست بکەم کە لەماڵی خۆمم. هەر کەسەو تێروانینێکی بۆ نیۆیۆرک هەیە، هەو بۆیە ئەم شارە پتر پێگەیەکی زەینییە تا شوێنێکی راستەقینە.
تاماوەیەکیش بۆم دەرنەکەوتبوو کەوا زۆربەی چیرۆکەکانم لەو شارەدا روو دەدەن، چونکە نیۆیۆرک و ژیان دوو مەفهومی هاو واتان .

*** سەرۆک بۆش باسی شەڕدەکات. ئێوە ئەم هێرشە تیرۆریستییانە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

– خەڵکی ئێرە باش دەزانن کە بۆچی ئەمە شەڕە و کردەوەیەکی تیرۆریستیی تاکە کەسی نیە.
هەمووان پێش بینی ئەوە دەکەن کە دوای ئەم هیرشە ناجوانمێرانەیە، لانیکەم پلان بۆ ئەنجامدانی تاوانی دیکە لە ئارادابێت.
بۆیە پێم وایە کە ئەمەریکا سوورە لە سەر ئەوەی کە فیتنەکە لە رەگەوە دەربێنێت. دەبێ بەدیارکەوێت کە دەرگیری و رووبەڕوو بوونەوەکانی ئایینده لە نێوان گەلان نییە و بگرە لە نێوان فەرهەنگەکاندایە.
لایەک پرۆژەی مۆدێرنیتەیە کە بەچەرخی رۆشنگەری دەستی پێکردووە و بە دوای ئەوەوەیە کە بە

www.kurdistannet.org

بەکارهێنانی زانست و تەکنۆلۆژیا ، کێشەکانی کۆمەڵگای مرۆیی چارەسەر بکات، پرۆژەیەک کە سوودەکانی بۆ خۆشگوزەرانیی ئێمە ، بۆتەندرووستی و درێژ بوونی تەمەنمان، مەزەندە ناکرێت و مرۆڤەکانی سەدەکانی پێشوو تەنها دەیانتوانی خەونی پێوە ببینن.

لایەکەی دیکەش هەندێ ناوچەی دنیان کە لە گەمارۆی جۆری بیر کردنەوەی کۆندابەسەر دەبەن، شێوە بیرکردنەوەیەک کە لە سەر ئەفسانەی بەهێز بنیادنراوە کە تەنها کاتێ مرۆڤ دەیتوانی پێیان بژییەت کە هیچ مۆدێلێکی دیکە بۆ ژیان لە بەرداستدا نەبوو.

ئەمرۆکە ئەم ئەفسانانە کە لە تێکستە پیرۆزەکانی فەرهەنگە دێرینەکاندا تۆمار کراون، بەهەڵە سوودیان لێ وەر دەگیردرێت تا ببن بەپاساوی شێوە بیرکردنەوەی بونیادگەرایانە ، کەواتا ئێمە سەروکارمان لەگەڵ فەرهەنگی نەفرەتدایە کە لە هەلومەرجێکی تایبەتی مێژوو سەرچاوە دەگرێت.

*** پێ دەچێت ئەمە زۆر لەو سیناریۆیە بچێت کە سامۆئێل هانتینگتۆن لە کتێبی«شەڕی فەرهەنگەکان»دا بناغەی بۆدا دەڕێژێت. کەواتا ئەویش لەسەر هەق بووە؟**

– نەخێر. من ڕێک ترسم لەوەیەکە خەڵکانێک لە ڕۆژئاوا لەسەر ئەو باوەڕەبن کە لەم بەرەو ڕووبوونەوەیەدا خوا لای ئێمەی گرتبێت.

ئەم هەڵەیە دەتوانێت شارە مۆدێرنە ڕۆژئاواییەکانمان، کە لەسەر بناغەی ڕۆشنگەری بنیاد نراون و سەر چاوەی ماددییان هەیە ، بکات بە«شاری ئیلاهی»ی ئەگوستین و دەوڵەتەکانیش بکات بە دەوڵەتی ئیلاهی.

ڕەنگبێ ئەمەش ڕوو بدات، لانیکەم بۆ ماوەیەکی دیاریکراو.

ڕەنگبێ ئێمە بگەڕێینەوە بۆ قۆناغێک لە جەنگە پیرۆزەکان و شەهید بوونە خۆبەختکارانەکان کە پیادەکەری سیاسەتی خواوەندی بن.

ئەگەر سیاسەتی خواوەند جێی سیاسەتی گەلان بگرێتەوە ، بەردەوام هەندێ کەسی وشکەپیرۆز پەیدادەبن کە بەدەمارگیریی خۆیان،تاوانی وەها شەیتانی ئەنجام دەدەن کە تەنها مرۆڤ لە دەستی دێت ئەنجامیان بدات.

ئەوان هەست بە هیچ جۆرە گوناهـ یان پەشیمانیەک ناکەن، بگرە تەنها پاساوی ئایینییان دەبێ. بەم شێوەیە بڕیارە ئەخلاقییەکان ئاوەژوو دەبنەوە، ئەزموونەکانی ئەم دواییە ، دەبێتە هۆی ئەوەی بیر لەوە بکەمەوە کە بیرۆکەی گوناهی ئەزەلی شتێکی ڕاستە.

ڕەنگبێ ڕەگەزی مرۆڤ لەبنەڕەتدا لە توانای دانەبێت کە هێز و وزەی خۆی بۆ ژیانێکی شایستەی مرۆڤایەتی بەکاربێنێت.

*** ئەم هێرشە کە لەڕواڵەتدا ڕەگی لە بیروباوەڕە ئایینییەکاندا هەیە ، دەتوانێ چ کاریگەرییەتیەکی بەسەر «ئایین» بەو شێوەیەی کە ئێوە لە «شاری خوا»دا وەسفتان کردووە ، هەبێت؟**

– ئەوەی کە مرۆڤ وەک شکڵێکی«بوون» ناکامڵ و بێ توانایە ، تیرۆریستەکان نەرێزیان لێ دەگیرێت و نەئازایەتیشیان تێدایە ، چونکە وا لە دەمارگیریی کوێرانەی خۆیاندا سەرمەستن کە کردەوەکانیان پێویستی بەئازایەتی نییە.

هەروەها ئەوانە تەنانەت داهاتووشیان دیارنییە. من دەپرسم ئاخۆ ئەگەر ڕۆژێ داهات و ئەم تیرۆریستانە سەرکەوتن ، چی دەکەن ؟

ئایا دەیانەوێ کۆمەڵگەیەکی هاوچەشنی ئەو کۆمەڵگەیە درووست بکەن کەتالیبان درووستی کردووە؟ ئایاکۆمەڵگایەکی وەها لە بەهەشت دەچێ یان لە جەهەننەم؟

*** هاوکارێکی نووسەری ئێوە(don deLillo))دەڵێ ئەو دەسەلاتەی کەسەردەمێک لەدەست نووسەراندابوو،ئێستا کەوتۆتەدەست تیرۆریستانەوە ، چونکەتەنها ئەوانن کە دەتوانن کاریگەرییەکی جدییان بەسەر جۆری بیرکردنەوەی کۆمەڵگاکاندا هەبێت.**

– من لە خۆم دەپرسم کە ئایا بەڕاستی هیچ کاتێ دەسەڵاتێکی ئاوا لە دەست نووسەراندا بووە؟

جیاوازیی نێوان نووسەر و تیرۆریست لە جیاوازیی نێوان نووسەری بەرهەمێکی تاکەکەسی و ئەو

www.kurdistannet.org

کەسەی کە هەوڵ دەدات کاریگەری بخاتە سەر خورافاتی گشتی کۆمەڵگا واتا ئەو گومانانەی کە بە بەردەوام لە مێژوودا خۆیان بەرهەم دێنن، تێدەپەڕێت. لە نێوان نووسەر و ئەم گومانانەدا هەمیشە ئانتاگۆنیسمێک هەیە،نووسەر بێ گوێدانە ئەوەی لەکام کۆمەڵگادا دەژییەت، بە بەردەوام ئەو گومانانە وەلادەنێت.

مەسەلە لەسەر جیاوازی نێوان تیرۆریست و نووسەر نیە، بەڵکو جیاوازی لەنێوان فەردو ئەو گومانانەیە کە بەسەر کۆمەڵگادا زاڵن وەتیرۆریستیش لەناویاندا دەژیت.

*** ئایا ئەگەری ئەو مەترسییە هەیە کە ئیسلام بەگشتی و ئەو موسڵمانەی لە ئەمەریکادا دەژین لەو بەینەدا ببنە قوربانی؟**

– من لەو باوەڕەدام کەوا خەڵکی نیویۆرک هێندە وشیارن کە بتوانن جیاوازی لەنێوان ئیسلام و تیرۆریستەکاندا دانێن.

لە قورئاندا هیچ جۆرە پاساو یان هاندانێک بۆ تیرۆریزم بەرچاو ناکەوێ و، پیاوانی ئایینی ئیسلام ئاماژەیان بەم مەسەلەیە کردووە.

من هیوادارم کە موسڵمانە ئەمەریکاییەکان لەم بەینەدا هیچ بوختانێکیان پێنەکرێت. لە میانەی جەنگی جیهانیی دووەمدا، ئێمەی ئەمەریکایی خەڵکانی بەرەگەز ژاپۆنیمان لە ئۆردوگا دەکرد، هیوادارم ئەمجارە ئەم کردەوەیە لە هەمبەر موسڵمانانەدا دووپات نەبێتەوە.

*** دیمەنی ئێستای شاری نیویۆرک و ئەوەی لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان دەماندیت، ئەو تاقمە لە فلیمەکانی هۆلیوۆدی بەبیر هێنایەنەوە کە کارەساتی سامناک و مەینەتباریان تێدا روودەدا. ئایا دەکرێ ئەم دیەنانە لە هێرشی تیرۆریستیەکاندا هیچ رۆڵێکیان بینی بێت؟**

– من پێم وانیە کە ئەم دیمەنانە کاریگەریان بەسەر ستراتیژی تیرۆریستەکاندا هەبووبێت، بەلاَم من پێم وایە کە زۆربەی ئەو ئەمەریکاییانەی کە ئەم رووداوانەیان دیتووە، زۆر زەحمەتە بتوانن فلیم و راستی لێک جیابکەنەوە. کاردانەوەی ئێمە لە هەمبەر ئەم دیمەنە تەلەڤزیۆنیانە جۆرێکی دیکەیە.

*** ئێوە لە رۆمانی«شاری خوا»دا ستایشی جۆراوجۆری«تنوع» جۆراوجۆریی ئەزموونی ئایینی لە شارێکی وەکو نیوێۆرکتان کردووە. ئایا دۆکتۆرۆف توانیویەتی لەتەمەنی (٧٠)ساڵدا لە ئایین تێ بگات؟**

– ئێمە لەڕادەبەدەر مەسەلەی ئایین مان تابۆ کردووە. کاتێ کە ئێوە لە نیویۆرک یان کۆڵن بۆ خواردنی نانی ئێوارە بانگهێشت دەکرێن، کەس باسی خوا ناکات. تەنانەت کاتێ کە ئێوە راستەوخۆ ئەو پرسیارە بەرەورووی میوانەکان دەکەنەوە کە ئایا ئایینین یان نا، بەشەرمەوە دەڵێن«ئا»یان«نا». ئەمرۆکە ئیتر هیچ جۆرە پەیوەندییەکی واقیعی لەنێوان زانست وئاییندا نیە.

*** بۆ نابێ سوود لە رۆشنگەرێک وەربگیردرێت کە خوای بەلاوەناوە یان سوود لە مارکسیزم وەربگیردرێت کە ئایین بەتریاکی گەلان دەزانێت؟**

–ڕاستە کاتێ ڕۆمانێک باسی مەسەلەیەک دەکات، نە لەنێو ئایینییەکاندا و نە لەنێو مولحیدەکاندا ناتوانێ لایەنگر پەیدا بکات. بەلاَم یەکێ لە ئیمتیازەکانی رۆماننووس ئەوەیە کە دەتوانێ وەک منداڵێک بەشتی وا شاگەشکە بێت، کە بۆ ئێمەی بەتەمەن، زۆر ساکارو سادەیە.

*** ئێوە لە «شاری خوا»دا باس لە دواین پرسیارەکان دەکەن، کەلە ڕاستی دا پرسیاری منداڵانن. ئاندەریاس دریفوس(شاعیری سەدەی هەڤدەهەمی ئەڵمانیا) سەبارەت بەشەڕی سی ساڵە دەڵێت: لە جەنگدا خەراپتر لەمەرگ، تاعون و قاتوقوڕی، ئەو زەرەر و زیانەیە کە تووشی«خەزێنەی روح» دەبێ، ئایا پێداچوونەوەیەک بەسەدەی بیستەم ئەوە دەردەخات؟**

– بەهەر حاڵ سەدەیەکی زۆر سامناک بوو. لەگەڵ ئەوەشدا من دڵنیا نیم لەوەی کە جیاوازییەکی بنەڕەتیی لەگەڵ سەدەکانی پێشوودا هەبێ. تەنها کەرستەی کوشتن و برین وردەوردە کاملتر بوونە، ئیترژیانی مرۆڤ هیچ بەهایەکی نییە. من مەسەلەی ئەوەی کە«خەزێنەی روح»لێرەدا دەتوانێ چ مانایەکی

www.kurdistannet.org

هەبێ دەخەمە بەردەم زانایانی زانستی کەلام. روح ئایدیایەکی شاعیرانە و واژەیەکی یەکجار جوانە. بەڵام هەروەک یەکێ لە کەسەکانی نێو یەکێ لە رۆمانەکانم دەڵێ: روح داهێنانێکی ئەدەبییە. هەستی ئەوەی کە شتێکی جاویدان و دوور لە دەستی مەرگ بوونی هەبێ، زۆر شتێکی خۆشە. بەڵام من دڵنیانیم کە لەم ئان و ساتەدا بتوانم بڕوا بەم مەسەلەیە بکەم.

*** ئەمڕۆ لە ئەمەریکادەسەڵات لەدەست کێ دایە؟**

– لەدەست مامەڵەچی و بازرگانان دایە. ئەوانەی لە ناوکابینەدان لە دنیای بازرگانیەوە هاتوون و سەرۆکیش وڵات وەکو کۆمپانیایەکی بازرگانی بەڕێوەدەبات.

زۆر بە باشی هەست بەوە دەکرێ کە ئەوان لە بەر خاتری بەرژەوەندی و حەزەکانی خۆیان دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست، جا چی دەڵێن بابڵێن و چۆنیشیان حەز لێیە با ڕۆڵ ببینن، مەسەلە مەسەلەی بەرژەوەندیی تاکەکەسییە.

تا ئەوکاتەی کە پارە ئەو کاریگەرییەتیەی هەبێ، بارودۆخ هەروادەبێ.

هەندێ لە کردەوەکانی سەرۆک هێندە سەیرن کە مرۆڤ وابیر دەکاتەوە یان ئەوکابرایە خۆی بە بەرپرسیار دەزانێت یان ئەوەتا تووشی ئەوگومانە بووە کە بەڕاستی داکۆکی لە بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا دەکات. لەم رووەوەی کە ئێمە چاوپۆشی لە پەیماننامەکانی چەک داماڵین دەکەین و (چین)یش هان دەدەین کە سەر لە نوێ تاقیکردنەوەی ناوەکی ئەنجام بدات . لە بنەڕەتیشدا مەسەلەکە ئەوەیە تا کەس لە دژی پرۆژەی سەر شێتانەکەمان کە هەمان پرۆژەی قەڵغانی مووشەکییە ، نارەزایەتی دەرنەبرێت . ئێوە سەرنج بدەنە ئیمزانەکردنی پرۆتۆکۆلی کیۆتۆ . تەواوی ئەم کارانە گوشەگیرانەو ئازاردەرن . ئەمانە تەنها دەتوانن دەرئەنجامی سیستەمێک بن کە تێیدا دەسەڵاتی ڕاستەقینە بە دەست پارەوەیە .

*** ئایا ئێوە چاوەڕێی شۆڕش دەکەن ؟**

– من بڕوام بە شۆڕش نییە. پێم وایە کە دەبێ گۆڕانکارییەکان وردەوردە و قۆناغ بە قۆناغ ڕوو بدەن

www.kurdistannet.org

# رۆشنفکران وقەیران

گفتوگۆیەک لەگەڵ سۆسیۆلۆگی بەنێوبانگی فەرەنسایی (پییێر بۆردیۆ)

*** چەند هەفتەیەک بەرلە ئێستا ئێوە بەرگی دووەمی کتێبی (ئاگری بەرامبەر -٢) تان سەبارەت بە رۆڵی رۆشنفکران بلاو کردەوە، بەڕای ئێوە ئەرکی رۆشنفکران لە کاتی قەیرانداو بە تایبەت لە حاڵەتێکی وەکو ئێستادا چییە؟**

– بەپێی هەندێ هۆکار کە دەکرێ ناویان بنێین هۆکاری سیاسی، ئەو کاتەی کە بۆ خزمەتی سەربازی بانگ کرامە جەزایر، دەستم بە کۆمەڵناسی کرد. هەوڵی من ئەوە بوو کە ئامرازێک درووست بکەم تا فەرەنسابیەکان تابلۆیەکی راستەقینەیان لەسەر بارودۆخی ئەوێ چنگ کەوێ ، ئەو کاتە بۆم دەرکەوت ئەو شتەی کە لە گۆڕەپانی سیاسیدا قسەی لێدەکرێت، ناتوانێ بە ئاسانی تەنها بابەتی هەڵوێستگیرییەکی فەردی بێت. ئەرک هەر ئەوەندە نییە کە مرۆڤ رایەکانی خۆی بلێ، تەنانەت ئەگەر پێشکەوتوو و باشیش بن، بگرە ئەرک ئەوەیە کە تا بکرێ هەوڵی ئەوە بدرێت تابلۆیەکی راستەقینەو لەگەڵیشیدا هەندێ هۆکار بۆ کاردانەوە لە خۆنیشاندان بخرێتەڕوو.
بەم شێوەیە دەستم بەکاری زانستی کرد. ئامانج لەم کارە پڕکردنەوەی بۆشایی سیاسی یان بە واتایەکی دیکە بۆشاییی پێتاگۆژیی سیاسییە. بەڵام کارێکی وا جیاوازییەکی بنەڕەتی لەگەڵ بەرنامەیەکی سیاسیی ئامادەکراودا هەیە کە بە گەوهەری زانست رازێندرابێتەوە. هەر لەسەر ئەو بنەمایەیە کەمن ماوەیەکی زۆرە داوا دەکەم کە (کۆڕێکی رۆشنفکری) پێک بهێنرێت. رێکخراوێک کە دەتوانێ پسپۆڕان لە دەوری یەکتریدا کۆبکاتەوە، ئەو ئابوری زان، کۆمەڵناس، ئەتنۆگراف و مێژووناسانەی کە سوورن لەسەر ئەوەی تواناکانی خۆیان بخەنە سەر یەکتری و هەموو کەرەستە زانستییەکان بۆ تێگەیشتنی هاوولاتیان لە کێشەکانی رۆژ، لە ئەفغانستان و ئیسرائیل بێت یان لە عێراق و هەر کوێیەکی دیکە بێت، بخەنە کار.

*** سەبارەت بە کێشەکانی هەنوکە، ئایا بەڕای ئێوە بونیادگەراییی ئایینی جۆرێکە لە بەرگری لە بەرامبەر گلۆبالیزەیشن؟**

– بونیادگەرایی ئیسلام، کاردانەوەیەکی توندڕۆیانەیەو لە هەمانکاتدا ئەگەر سەرنجی باری ولاتان و گەلانی عەرەبی و ئیسلامی بدەین دەبینین شتێکی روونە و پەیوەندی بەو بارودۆخەوە هەیە کە ئەو ولاتانە تێیدان. ئەو لۆژیکەی کە ئەمڕۆ لە گۆڕەپانی ئابوری و سیاسی دا زاڵە -پێوان بە پێوەرێکی دووانە- دەبێتە هۆی گەشەکردنی ئەم حاڵەتە. پێم وایە هەرکەسێ بەهەر شێوەیەک، چ راستەوخۆ و چ ناڕاستەوخۆ، پەیوەندیی بە ژیانی عەرەب یان موسڵمانانەوە هەبێ، مەینەتی و بەبچوک لە قەڵەم دانێکی رۆژانە بەدی دەکات. ئەوەش لە کاردانەوەکان، بڕیارە سیاسییەکان یان دەستەواژەکاندا بەرجەستەدەبێت. تا ئەو کاتەی کێشەی فەلەستین و ئیسرائیل وەک بێ عەدالەتیەکی پڕلە شەرمەزاری لە ناوەندی ئەو ئەزموونانە دایە، لەبەر ئەوەیە کە ئەم لۆژیکە بە چاوپۆشی کردن لە هەموو رێگەچارە هەڵخەڵەتێنەرەکان، لێرەدا خۆی لە شێوەی هەڵاوساو و چڕدا نیشان دەدات.

*** لە بەرامبەریدا دەکرێ چی بکرێت، رۆشنفکر لە حاڵەتێکی وادا چ ئەرکێکی لە ئەستۆیە؟**

– رۆشنفکرانی جەزایری، سوری، میسری، ئێرانی و لوبنانی بە بەردەوام پەنایان بردۆتە بەر پشتگیریی گەلانی بەنێو دیموکرات و رۆشنفکرانیان. ئەوان دەبینن کە ئەو خەباتەی ئەوان لە ولاتی خۆیان لە دژی داکۆکیکاران لەبێ فەرهەنگیی گەلان بەرەوپێش دەبەن، بە هەمان ئەندازە کە سیاسەتی پێوەری دووانە خۆی

www.kurdistannet.org

دەسەپێنێت، چارەنووسی بە مەرگ کۆتایی دێت، هاورێ لەگەڵ خۆنەبان کردنی رۆشنفکرانی رۆژئاوایی لەو کاتانەیدا کە هیچ یان ئەغلەب قەت هیچ کاردانەوەیەکیان نیە و زەمینەیەکی لەبار بۆ ئەم جۆرە گۆرانکارییانە دەخولقێنن.

*** گەشەکردنی بونیادگەرایی چۆن روون دەکەنەوە؟**

– رەنگبێ هۆی ئەوەی کە بەرگری لە خۆکردن لە بەرامبەر ئیمپریالیزمی فەرهەنگی و ئابوریی ولاتانی رۆژئاوایی و بە تایبەت ئەمەریکا لە شێوەی بونیادگەراییی ئایینی خۆی بەدیار خستبێت ئەوە بێت، کە ئەم ولاتانە سەرچاوەی فەرهەنگیی رێکخەر یان قابیلی رێکخستنیان لەبەردەستدا نەبێت. جێگای داخە کە ژمارەیەکی زۆر لە عەرەب و موسلمانان پەنا بۆ ئەم کارە دەبەن و بۆ بەرگری کردن لە بەرامبەر هەژموونی ئیمپریالیەتدا جگە لە نەریتی ئایینی کە ئەغلەب شێوازێکی کۆن و پرلە کۆت و بەندە، شێوەیەکی دیکەی دەربرینیان نەدۆزیوەتەوە. بەلام نابێ ئەوەشمان لەیاد بچێت کە ئەو پەیوەندییە ئابوری وکۆمەلایەتیانەی کە هەژموونی کۆلۆنیالی و نیوکۆلۆنیالی هێنایانە کایەوە، نەیانتوانی لە مۆدێرنیزەکردنی پەیامی ئایین دا یارمەتیدەر بن و ولاتانی رۆژئاوا و رێکخراوە هەوالگرییەکانیان خۆیان بەووە بەستەوە کە هەموو جۆرە بزاڤێکی فەرهەنگی و سیاسی پێشکەوتوو سەرکوت بکەن. ئەو کارەی کە ئێستاش پێیەوە خەریکن. داستانی لەعنەت لێکراوانی ئەمەریکای باشور، ئەفەریقایی یان ئاسیایی لە تەنزی تراژێدیکی مێژوو دایە. ئەوان ئەمرۆکە بۆ بەرگری لە خۆکردن تەنها دەتوانن پشت بە کەسان و گروهایەک ببەستن کە لەبەر موحافەزەکار (پارێزگار) بوونیان–نەک تەنها لە رووی ئایینیەوە–بوونەتە داردەستی دەستەلاتداران تا لە دژی کەسانێک بجەنگن کە سەردەمێک مافی بەرگری کردن لە بەرژەوەندییەکانی سەرجەم بەشداربووانی خەباتی رزگاریخوازییان بۆ خۆیان پاوان کردبوو. هاوپەیمانیەتی نێوان پۆتین و بوش سەبارەت بە ئەفغان و چیچیانیەکان بە شێوەیەکی تراژێدیک ئەو راستیەمان بۆ دەردەخات.

*** لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی ناسکی سیاسەتی جیهانی، چۆن سەیری رۆڵی ئەمەریکا لە ئاییندەدا دەکەن؟**

– پێم وایە دەبێ لە دژی ئەو خوێندنەوەیە بین کە ئەمەریکای پێ پۆلیسی جیهانە. ئەویش لە رێگەی دارشتن و بەرپاکردنی دامەزراوێکی نێودەولەتی کە لەسەر ئاستی جیهان، بە لەبەر چاوگرتنی پەیوەستیی کێشەکان، مافی دەستێوەردان لە کێشە کۆمەلایەتیەکانی پێ بدرێت. بەم پێیە ئەگەر لە ئەفغانستان ئەم کارە کرا، دەبێ سەبارەت بە قەرزی ولاتانی جیهانی سێیەمیش ئەم کارە بکرێ، مادام لە فەلەستین بکرێ، دەبێ سەبارەت بە رێککەوتننامە بازرگانیەکانیش بکرێت، هەروەها کاتێ لە عێراق بکرێت، دەبێ لە بارەی بەهای کەرستەی خاویشەوە بکرێ و....هتد. ئایا دەتوانرێ بەم شێوەیە بەسەر ئەو کوێرییەی کە هاوهەنگاوە لەگەڵ نەریتی دووردرێژی هەژموونیدا زاڵ بین، تا ئەمەریکاییەکان بتوانن رۆژێک لەبەر خاتری بەرژەوەندییەکانی خۆیان تێ بگەن کە تەنها کاتێ دەتوانرێ رێگای دەرچوون لە هاوسەنگیی ترس بدۆزرێتەوە[کە ئێستا هەست بە کارێگەرییەتییەکانی دەکەن و تێیاندا دەژین] ، کە خۆیان وەک میللەتێک لە تەک میللەتانی دیکە لە قەلەم بدەن و لەنێو نێو ولاتاندا باشترین ولات بن؟ لە حالەتێکی وەهادا دەتوانن خۆیان بخەنە بەر دادوەریی گەلانی دیکە. هیچ جیاوازییەک لەنێوان ئەمەریکاو ولاتانی دیکەدا دانادرێت. ئەمەریکا کاتێ دەتوانێ لە گۆرەپانی دەرەکی و نێوخۆییدا چاوەرێی هاتنەکایەی ئاشتی و سەقامگیری بێت، کە خۆی بە دادوەرێک نەزانێت کە بریار دەردەکات و خۆشیی بە پۆلیسش نەزانێ کە بریارەکە جێبەجێ دەکات، بگرە دەبێ وەکو هەموو ئەوانی دیکە، هەم دادوەر بێت و هەمیش دادوەریی لەبارەوە بکرێت. لەسەر ئەو بنەمایە هەمیشە دەتوانێ داوای وەلام بکات، بەلام لە هەمانکاتدا دەبێ وەلامی خەلکی دیکەش بداتەوە، بە تایبەتی سەبارەت بە سیایەتی دەرەوەی خۆی.

*** چ شتێک دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەمەریکا بە مەیلی خۆی واز لە دەستەلاتی خۆی بێنێت؟**

– من وەکو خەلکی دیکە نایەم داوا لە ئەمەریکا بکەم دەستەلاتی خۆی دابەش بکات. ساویلکانەیە

www.kurdistannet.org

ئەگەر بمانەوێ سەبارەت بە مەسەلەیەکی ئاوا روو لە خەڵکانێکی وا بکەین و داوا بکەین بگەرێینەوە بۆ ناخی خۆیان، هەرچەندە کە ئێمە لێرەدا لەگەڵ هەستی عەدالەت لەنێوان تاکەکان و گەلاندا بەرەوڕووین. ئەوەندە بەسە قەبوڵ بکەین کە مەنتقی ئیرادەی پاشایانە (لەبەر ئەوەی من ناوی من شێرە) ئیتر لەم جیهانەدا ناتوانێ بەهایەکی هەبێ، لە شوێنێک کە لاوازەکان لەبێ هێواییی وەهادا بەسەردەبەن و بەرەو توندوتیژی پاڵ دەنرێن و لە هەمانکاتیشدا دەستیان دەگاتە هەموو جۆرە چەکێک و، نەیارانی زلهێزیان کە دان بە هیچ سنورێکدا نانێن، کەوتوونەتە حاڵەتێکی خراپەوە، ئەوان داوا لەم لاوازانە دەکەن کە لانی کەم دەستەڵات و تواناکانی خۆیان سنوردار بکەن.

*** ئایا دەتوانن بە سەرنجدان لەم رووداوانەی ئێستا رۆژانە لە جیهاندا روودەدەن، دیسانیش هەر گەشبین بن؟**

– پێم وایە کە لانی کەم کۆمەڵناسی دەتوانێ بواری تێگەیشتنی رووداوە نائاساییەکان لە پەیوەندییان بە لۆژیکی دەروونیانەوە بڕەخسێنێت. وەک لێدانەکانی نیویۆرک کە نیشاندەری کۆم بوونێکی لە ڕادەبەدەر بوو کە دەمان دیت. سەیر لەوەدایە ئەو میدیانەی کە تا ئەم ساتە تەنها چاوی دیتنی شتی سەیرو سەرسوڕهێنەری لە بابەت شەڕی ئەستێرەکانیان هەبوو و تەنها لەمەودای موشەک و رۆکێت و شەڕی ناوەکی بیریان لە شەڕ دەکردەوە، لە پڕێکاو لە رێگەی رووداوەکانی ئەفغانستان بۆیان دەرکەوت کە ئەگەر بیانەوێ لەم گۆڕانکارییانە بگەن کە بە مەنتقی عەقلانیی خەرجی و لانی زۆری سود لێی تێناگەیشترێت، دەبێ پرسیار لە جوگرافی ناس، زمان ناس، ئەتنۆگراف و مێژووناس و تەنانەت کۆمەڵناسانیش بکەن. لە هەمانکاتدا لەعنەت لێکراوانی ئەفغانی یان پاکستانی، بە جارێک لەسەر رووپەڕی رۆژنامەکان بەدیارکەوتن و لە هەموو شوێنێک قسەی ئەغلەب عاقلانەو جیاوازی ئەم مەندیل بەسەرە موسڵمانانە دەبیستراو دەخوێندرایەوە، ئەو کەسانەی کە تا دوێنێ بابەتی سووکایەتی پێ کردن و گوێ پێ نەدان بوون. لێرەدا دەمەوێ بەو کەسانەی کە پتر پشت بە ئابوری دەبەستن بڵێم کە یەکێ لە تایبەتمەندییە پۆزەتیڤەکانی ئەم قەیرانە ئەوەیە کە ئەوان لەم رێگەیەوە سنورەکانی بیرکردنەوەی ئابوری و مۆدێلە ماتماتیکیەکانی خۆیان بەبیر خۆیان بێننەوە و لە هەمانکاتدا بایەخ بە زانستی کۆمەڵایەتی بدەن و مۆدێلەکانی زیندوو بکەنەوە. شتێکی ئاوا نەفۆرمۆلە بووە و نەفۆرمۆلەش دەکرێت، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا بێ سوود نییە و تەنانەت پێویستیشە تا بتوانرێ کاردانەوەی عەقلانی لەخۆ نیشان بدرێ.

**سەرچاوە: فرانکفۆرتێر رۆندشاو**
**٢٠٠١/١١/٢١**

www.kurdistannet.org

# دوای هەژانی دنیا

**سەرۆ قادر**

## (١)
## دنیا بەرەو گۆڕانێکی گەورەیە با چاومان کراوە بێت

ئێستا هەموو جیهان لەبەردەم بڕیارێکدایە کە وەرگیراوە: جەنگ لە سەرانسەری دنیا.
حکومەتی ئەمریکا، دوای کارەساتی سێشەممەی ڕەشی نیویۆرک،جەنگێکی سەرانسەری لە دژی تیرۆر ڕاگەیاند، تیرۆر لە هەر شوێنێکی دنیا بێت.هەر زوو پەیمانی ناتۆ کەوتە پاڵ ڕاگەیاندنەکە. ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتانی دیکە هاوپەیمانی ئەمریکایان هەڵبژارد.هەر پاش ڕۆژێک کۆڵن پاوڵ، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، سەفیری وڵاتانی عەرەبی کۆکردەوەو پێیڕاگەیاندن:ئەگەر لەگەڵ ئەمریکا نەبن، بەمانای پێچەوانەیەتی.
بەتەئکید، تا ئێستا عەرەب ئاوها بە کۆمەڵ نەکەوتوونەتە بەردەم ئاری یان نا. هەر لەوێشدا ناچار بە کۆمەڵ بەڵێیان گوتەوە. جیا لەوە، ئەمریکا مۆڵگەکانی تیرۆر لەناو وڵاتانی عەرەب و هەندێکی دیکەی ئیسلامی،ئاشکرا کرد و داوای لێکردن بۆ دەستبەسەراگرتنیان هاوکاری ئەم وڵاتە بکەن.
گومانی تێدا نییە، کە عەرەب و وڵاتانی دیکەی ئیسلامی ناتوانن هیچ بەرەیەک بۆ بەرەنگار بوونەوە دروست بکەن. هەربۆیە وێناچێ شەڕەکە زۆر قورس بێت،بەڵام بەرفراوان و درێژخایەن دەبێت. چونکە وەک ئەمریکا خۆی دەڵێ هەدەف تەنیا گرتنی بن لادن نییە. ئامانجی ڕۆژئاوا لێدانی توندڕۆیی سیاسییە کەخۆی لە پەنای ئاینی ئیسلام شاردۆتەوە. ئەم توندڕۆییە تەنیا ڕێکخراوە توندوتیژەکان ناگرێتەوە، بەڵکو پەل بۆ ڕژێمە دیکتاتۆرەکانیش دەهاوێت.
ئامانجەکانی ئەم شەڕە، کە شەڕی سێیەمی جیهانە،تەواو کردنی پرۆژەکانی سیستەمی نوێی جیهانە کە لە١٩٩١ دەستی پێکرد، بەڵام لە زۆر شوێن تووشی تەنگژە هات و ئاستەنگی کەوتە بەردەم.
لایەکی دیکەی ئامانجەکانی ئەم شەڕە جیهانییە، زەمینە خۆشکردنە لەبەردەم گفتوگۆی شارستانیەتەکان. توندڕۆکانی ئیسلامی و نەتەوەیی ئەم پرۆسەیان بەرەو بەرەنگاربوونەوەی شارستانیەتەکان دەبرد، تەقاندنەوە تیرۆرستیەکانیش نموونەی زەقی ئەم ئاراستە کردنە بوون.بەتایبەتی ئەوەی نیویۆرک کە جیا لە زیانی مالی و گیانی هەیبەتی ئەمریکاشی ڕووشاند و بووە مایەی تەقاندنەوەی ئەو شەڕەی کە چاوەڕوان نەدەکرا.
شەڕ لەسەر هیچ ناوچەیەکی دنیا بێتەئسیر نابێ، ناوچەی ئێمەش کە مەرکەزی ڕووداوەکانە، چاوەڕوانی ڕووداوی بە قەبارەی خۆی دەبێ.پێویستە چاومان کراوە بێت.

## (٢)
## ئەفغانستان لاوکی سەیدەوانە

www.kurdistannet.org

له لاوکی سەیدەواندا هاتووه: وەختێک لافاو به زۆمەکەیان وەربوو، سەیدەوان به پەله تفەنگەکەی به شانیدا کرد، به دەستێکی لانکه ساواکەیانی هەڵگرت و به دەستەکەی دیکەی لغاوی ئەسپەکەی کێشا و بەرەو یەکەمین گردی نزیکیان هەڵکشا. لافاو بەرەو زۆری دەچوو، ماڵەکان یەکدوای دیکه بن لێزمه دەکەوتن. لەسەر هەمان گرد لانکەکەی دانا، ئەسپەکەی بەجێهێشت، بەرەو خوار گەڕایەوه. هەوریش گوێی له زەمین گیر کردبوو، دەیبریسکاندو به گوڕ باران دەباری . کاتێک لەناو زۆمەکەوه سەیری گردەکەی کرد؛ گورگێک دەمی لەسەر سنگی منداڵەکه داناوه. راچەنی، تفەنگەکەی له شان داماڵی..به هەموو شارەزاییەکیەوه سێرەی لێگرت، لەناو سێرەدا دیتی؛ ئەسپەکەیەتی هالاوی قەپۆزی خۆی بەسەر سنگی منداڵەکه دادەکات. دەستی هەڵگرت، شادەی هێنا. تەڕایی ناوچاوانی سڕیەوه، جارێکیدیکه بەوردی تەماشای کردەوه؛نا.. گورگه! تفەنگەکەی داگرتەوەو بێوەستان زرمەی لێهێنا، قیژەی منداڵێک و پڕمەی ئەسپێک. بەرەو ئەوێ رایکرد، ئەسپەکه ترسی لێنیشتبوو وبەدەوری خۆیدا دەخولایەوه، منداڵەکەش خەڵتانی خوێن..لەو دنیا بوو.

کاتێک بۆردومانەکانی ناو ئەفغانستان دەبینم، له منداڵیی منیشدا تەیارەو تۆپ گوندەکەمانی بەسەرماندا دەڕووخاند، ئەو ژنەی بەسەرمەیتی منداڵەکانیەوه دەگریا، هەر لەماڵی باپیرم دەچوو ئەوانیش هەموویان به ناپاڵمێک چوون، ئەو پیرەمێردەی سەروریشی تۆزو دووکەڵ دایگرتبوو که لەژێر خاپوور دەریانهێنا، عەیشەگوڵێی گوندەکەمانی هێنایەوه بەرچاوم که له چیای حاجیلەوه ماڵەکەیان بۆردومان کرد، [حوفرەکانی] کابول و قەندهار وەک [کونەتەیارەکانی] کۆنی خۆمان وایه.بۆیه ناکرێ پشتیان تێبکەم، لەگەڵیان نەگرییەم. مەرگ مەرگەو مرۆڤ نابێ بکوژرێ، بەتایبەتی خەڵکی بێتاوان و دوور له هۆکارەکانی شەڕ.

جیاوازیەکیش هەیه ناتوانم چاویلێبپۆشم: لەپشت بەرەنگاریی ئێمەدا، خواستێکی عادیلانه هەبوو. بەڵام له پشتەوەی کاول و خوێنەکانی ئەفغانستان گوناحکار خۆی حەشار داوه، که نەک هەر بۆ خەڵکی بێتاوانی ئەفغان دواکەوتوویی راگرتووه و بەڵای هێناوه، وەک بەکرەشەیتانیش دەیەوێ ئاگر لەنێوان فەرهەنگ و شارستانییەکانی دنیادا بکاتەوه. تاهیربن جەلون واتەنی: ئەوانەی تیرۆر دەکەن دین و نیشتمان و فەرهەنگیان نییه، تاقمن و خۆیان حەشار دەدەن. ئەوانه نوێنەری دین و شارستانیی رۆژهەلات نین، نەک هەر چاویان به رۆژئاوا هەڵنایەت، بەڵکو له پێشکەوتنی رۆژهەلات دەترسن. بەهەمان روانگای تیرۆری مەڵبەندی بازرگانی نیویۆرک، له رۆژهەلاتیش خەڵک دەکوژن.

هەڵبەت چاوم به زوڵمەکانی ناو فەلەستین راهاتووه، دەشزانم رۆژاوا لێیبەرپرسە.ئەو بێڕێزیانەش دەبینم که دەرهەق به کشمیرییەکان دەکرێ، منیش دەزانم کیسینجەر له پشتەوەی کوشتارەکانی شیلی و پیلانی ١٩٧٥ی جەزائیر بەرامبەر به کوردستان بوو. شەڕی ڤێتنامیشم لەبیره.هەموو ئەوانەو هەزارانی تر لەناو دۆسیەی گفتوگۆی ئێمه لەگەڵ ئەوان دایه. بەڵام ئەوەش دەبینم که دیکتاتۆرەکانی رۆژهەلات لەژێر ناوی دین و قەومیەت، چیان بەسەر ئەم ناوچەیەدا هێنا، پێدەحەسیەم که ئەمانه بەرپرسیارن لەم چەقینه ئابووری و فەرهەنگییەدا.ناشڵێم لەوەدا رۆژئاوا دەستدۆیی بۆ نەکردوون. ئەم پێکناکۆکییەی جیهان زۆر ئازاردەره. لەولاشەوه ئەگەر رۆژئاواییەکان نەبان –لەژێر هەر پاڵنەرێکدابێت– برا رۆژهەلاتیەکانمان ئێمەیان له کوردستان قڕ کردبوو. ئاخر ئێمەش بەشەرین و بەرژەوەندیمان هەیه. هەر بەرژەوەندیش وای له ڤێتنامی و ژاپۆنییەکان کرد بەسەر ملیۆنان تەرمی قوربانیەکانی شەڕی دژ به ئەمریکایاندا باز بدەن و لەناو کۆشکی سپیدا سەرەخۆشی بکەن و هاوکاری بۆ ئەمریکا دەرببڕن.

له کێشەی فەرهەنگی نێوان رۆژهەلات و رۆژاوادا من ناتوانم ئێرەیی نەبم، بەڵام که لێرەم دەبێ چاوان نەنووقێنم و واقیعەکه ببینم. تەنیا بۆ خاتری بەرەنگار بوونەوەی رۆژاوا، چاو له

www.kurdistannet.org

کەموکوڕییەکانی لای خۆمان ناپۆشم.چونکە ئێمە بەم لێکدانەوە بەرچاوتەنگەی کەوا خەریکن بەسەر ناوچەکەماندا دەیسەپێنن، ناتوانین لەم کێشمەکێشە جیهانیەدا ئەوە بپارێزین کە پێیرازی نین. ئەفغانستان بەر لەم شەڕەش نموونەیەکی ئەوتۆ نەبوو چاومان پێیهەڵبێت.

ئەمریکا بووە قوربانی سیاسەتە پێکناجورەکانی جیهانیی خۆی؟ بەڵێ. لە دنیایەکی پشێودا ئەوان نەیانتوانی بەهەشت بۆخۆیان دروست بکەن، راستە. بەهەشت دەبێ بۆ هەموو بەشەریەت بێت، بەڵام ئەوە واملێناکات بە کارەساتی سیپتەمبر خۆشحاڵ بم یان هاودەنگیی تالیبان و بن لادن بکەم. وەک بۆ ئەفغانیەک دەگریەم، بەڕاستی دڵیشم بۆ ئەو مرۆڤانە سووتا کە لەناو تەیارەکانی ١١ی سیپتەمبرو ژوورەوەی بنیاکانی نیویۆرک و واشنتۆندا سووتان. زوڵم زوڵمە چ لە واشنتۆن بیت یان لە هەڵەبجە.

بۆیەش بەبۆردومانی مەدەنیەکانی ئەفغانستان دەتاسێم و حەز دەکەم ئەفغانییەکان لە لەخۆدوورخستنەوەی بەلادا دەستەوستان نەبان. مێژووی مقاوەمەتی خەڵکی ئەفغان مێژووی دەستێوەردان و تیرۆرکاری نەبوو، هەربۆیەش کاتێک پۆتین و بورهانەددین رەبانی پێکەوە دەبینم پێم سەیر نییە. لە بێزاریی نوام چۆمسکی و رەخنە توندەکەی جاک دریدا دەگەم، ئەوان لە پەنجەرەکانی رۆژئاواوە دەڕوانن و رەخنە دەگرن-بەڵام داخ لەدڵانە بیر ناکەنەوە- ئەوەی لای هەندێک بیرمەندی عەرەب و پاکستانی دەیبینم.

## (٣)
## دوای تالیبان

سەرەنجام ئەوەی هەموولایەکمان چاوەڕێی بووین روویدا؛ تالیبان بە هەردوو دەسەلاتی فەرمانڕەوایی و ئایدیۆلۆژییەوە دارما. بۆردومانی هەواییی ئەمریکا، قات وقرییەک کە خۆیان سەبەبکاری بوون، هێرشی هێزەکانی باکوور، وەک دیوارێکی شل هەرەسی پێهێنان.

خەڵکی ناو شاری کابوڵ وەک لە تابوت دەرچووبن؛ بێئەوەی کابوس بەریدابن، سەیری هاتنەوەی هێزە موعاریزەکانی دوێنێیان دەکرد، کە ئێستا فەرمانڕەوان و چەکدارە بەجێماوەکانی تالیبان لەناو جادە دەگرن و گوللەبارانیان دەکەن، دروست ئەوەی کە هەر دوێنێی شاری کابوس گرتوو لە تالیبانیانی دەدیت، کە موعایزەکانیان لەت وپەت دەکرد و بە دارتێلی کارەباوە هەڵیاندەواسین و هێندە دەیانهێشتنەوە تاکو وشک دەبوونەوە. ئەو میللەتەی کە بیست و حەوت ساڵە شاهیدی هاتنی تاقمێک و کوشتنی تاقمی پێشدان و زیاتر وێران کردنی ولاتە، ئێستا سادەترین ئامرازی گەیاندن و تێگەیشتنیشی بەدەستەوە نەماوە، هەر لە رادیۆوە بگرە تادەگاتە رۆژنامەو کتێب و تەلەڤزیۆن، خۆ ئەنتەرنێت هەرهیچ، لەوانەیە ناویشیان نەبیستبێ. تالیبان بڕیاریدا: هەموو ئامرازەکانی پەیوەندیکردن و هۆشیاری خەڵک حەرام و قەدەغەن. بۆیە بێنە بەرچاوی خۆت چەندە غەریبە ئەو میللەتەی پێشکەوتووترین تکنۆلۆژیای چەکی ئاسمانیی لەسەر بەکاردەهێندرێ و بەبەرچاوی کامیراکانی تەلەڤزیۆنەوە کروز کە لە پایگاوە دەردەچوو تا دەگەیشتە ناو کابوڵ هەمرایی دەکرا، وێنەی کاولی و کوژراوەکانی هەر ئەوکات لە چرکەیەکدا بە سەتەلایت و ئەنتەرنێت بۆ سەرانسەری دنیا دەگوازرایەوە، بەڵام خۆی نەدەیزانی و نەدەوێرا تەنانەت سویچی رادیۆیەکیش بابدات. ئەمە لەکاتێکدا پەیامنێری تەلەڤزیۆنەکانی بیانی کون و قوژبنی ولاتەکەیان نەماوە نەیبینن و وێنەی لێنەگرن.

بەلای تالیبانەوە خوێندەواری و زانین کوفر، ژنان شەیتان و بازرگانی و بەرهەمهێنان حەرام بوو. هەربۆیەش ژیان لە ئەفغانستان وەستانێکی سەیری بەخۆیەوە دیتووە. تەجرەبەی فکری و

www.kurdistannet.org

فەرمانڕەوایی تالیبان، ئەم وڵاتەی کردە موختەبەرێکی ترسناک و بێڕەحمانە بۆ تێڕوانینی فکری هەموو ئەو گروپە توندڕۆیانەی کە لەسەرانسەری وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامییەوە بەرەو ئەو ئیمارەتە ئیسلامییە هەڵکشابوون. تالیبان تەنیا بە تاقمێکی فەرمانڕەوای هات و رۆیشتووی ئەفغانستان دانانرێ، بەڵکو کۆکراوەی تواناو تێڕوانینی سیاسی ، کۆمەڵایەتی و ناونەتەوەیی ئەو رەوتەیە کە بە ئایدیۆلۆژیای سیاسی ئیسلامی خۆی دەناسێنێت.

ئەو کاولیەی تالیبان بەجێیهێشتووە، تەنیا بەشەری و مادی نییە، زیاتر لەوە دارمانی فکری و سیاسییە بۆ ئەو رەوتەی حکومەتی تالیبانی بە نموونەی بەرزی خۆی دادەنا. بەڕای من وەک چۆن رووخانی سۆڤیەت هەموو کۆمۆنیستەکانی جیهانی ناچار کرد بە ناوەرۆکی ئایدیۆلۆژیای مارکسیزمدا بچنەوەو دواجار بەجێیبێڵن، ئاوهاش لایەنگرانی ئایدیۆلۆژیای توندڕۆیی سیاسی بەناو ئاینی، لەسەرانسەری جیهانی ئیسلامی والیّداکات بەقوڵی بە بڕواکانی خۆیاندا بچنەوە؛بەڕاستی ئەو مۆدیلە حکومەتەی ئەوان دەیانەوێ، دەتوانێ شتێکی جیاواز لەوەی ئەفغانستان بێت؟ پرسیارێکە دەبێ بەجورئەتێکی مەنتقی و واقیعبینانەوە وەلأم بدرێتەوە.

هەرچۆنی لێکیبدەینەوە، کۆتایی هاتنی تالیبان، گەرمتر بوونی شەڕی دژی توندوتیژی و تیرۆرە. هەربۆیە زۆر لە وڵاتانی ئاسیا، بەتایبەتی وڵاتانی عەرەبی دەکەونە بەر فشاری ئەو شەڕەی کە ناوی جیهانیی لەخۆی ناوەو شەرعیەتی نێودەوڵەتی وەرگرتووە. بەیداخدارانی ئەم شەڕە بە مەنتقێکی نیقاشهەڵنەگرتووش دەئاخڤن: تیرۆر لەجیات گفتوگۆ خوێن دەڕێژێت و ئاشتی جیهانی خستە مەترسی نەمان، کەواتە دەبێ پاشەکشە بەو هۆکارە بکرێ کە دەرگای لێکتێگەیشتنی مرۆڤایەتی دادەخات.

ناوچەکەی ئێمەش لە کەفوکوڵی ئەم کێشمەکێشە دایە، نیشتمانی ئێمەش لەم هاوسەنگیانە بەدوور نیە، بەڵام ئەوەی ئێمە دوعای بۆ دەکەین بەردەوامی هێمنی و دووربوونمانە لەهەموو گرژییەک.راست وەک خەونی خەڵکی ئەفغان: تەیارەکان بنیشنەوە، تۆپەکان بێدەنگ، نان و ئەمان، هەڵبەت بەبێ تالیبان.

## (٤)

## عەرەب و ئەفغان، سیاسەتی بەچکەگورگ

ئەفغانیەکان، دوای ئەوەی روسەکانیان بە خەباتێکی بێوچان لە وڵات دەرکرد، ماندویان نەحەسابووە کە ملی یەکدییان گرت و رووی جیهادیان بەرەو یەکدی کرد. موجاهیدەکانی هاوسەنگەری دوێنێ، بوون بە بکوژی یەکدی و تۆخترین تەکفیرو توندترین شێوەی جیهادیان لە دژی هەڤ راگەیاند.

ئەگەر مەسەلە تەنیا دین بوایە، ئەوانە هەموویان برای موسوڵمانی یەکدی و شەریکە جیهاد بوون. بۆ نمونە مەلا محەمەد عومەر فەقێی بوڕهانەدین رەبانی بووە، کەچی ئەو بوو بە سەرکردەی شەڕ لەدژی مامۆستاکەی، لە دەسەڵات دایگرت و بە ناوی کافر لە وڵات بەدەری کرد.

رووداوەکان بەم چەشنە بوون؛ ژەنراڵێک بە ناوی نور محەمەد داود، پادشا خەزوورەکەی خۆی دەرکرد. کۆمۆنیستەکان هاتن ژەنراڵی ناوبراویان بە هەزار کەسەوە لە نێوبرد. ئەوجا کۆمۆنیستەکان تا شەکەت بوون لەسەربڕینی یەکدی نەوەستان. موجاهیدەکان بە هاوکاری رۆژاوا، بە تایبەتی ئەمریکا، کۆمۆنیستەکانیان بەدەرنا. تالیبان بە هاوکاری وڵاتانی عەرەب و بە بەشداەی راستەوخۆی پاکستان، موجاهیدەکانیان راونا، حکومەتێکی «ئیسلامیتریان» راگەیاند، هەرچی

www.kurdistannet.org

نیشانەی شارستانی بوو سڕیانەوە و لە شەڕ دژی مەدەنیەت پشوویان نەدا. ڕۆژگار هات و ڕۆیشت، بورجەکانی قودرەت لە نیویۆرک دارمان، ئەمجارە موجاهیدەکان کە لەدژی برا موسوڵمانە«غەدارەکانی» دوێنێیان کەمێک مەدەنی ببوون، دیسان بە هاوکاریی ئەمریکا، پاش ئەوەی خاکی وڵاتی خۆیان لە تورەکە کرد، گەڕانەوە پایتەخت، بەڵام ڤێ گاڤێ حوکمداری جاران نین. برا «موجاهیدەکانیش» کارێکیان بە یەکدی کرد، کۆمۆنیست بە یەکدیان نەکردبوو.
ئەم بەسەرهاتە، سی ساڵی ڕەبەقی کێشا. ئەفغانیش وەک میللەت ئەوەیان بەسەرهات کە ئێستا هەموومان دەیبینین؛ خانوێک بەپێوە نەماوە، ئەوەی ناوی داودەزگای حکومەتی بێت نییە، ئابوری لەژێرەوەی سفرە، خوێندن تونەیە، کۆمەڵ تاریکستانە، ڕاگەیاندن؟ زەمانێکی گەرەکە تا لەم مەفهومە دەگەن؛ چونکە لە واقیعدا نەبیندراوە. خولاسە ئەمە ئەفغانستانی ئایدیۆلۆژیاکانی کۆمۆنیزم و ئیسلامی یە.
**باس لەوە بوو، عەرەب لە ئەفغانستان چ دەکەن، عەرەبی ئەفغان چەس؟**قوربان لە ڕۆژگاری جیهاد دا، وڵاتانی عەرەب، بە بەردێک دوو چۆلەکەیان دەخست؛ بۆ قەڵاچۆکردنی کۆمۆنیزم لەلایەک پارەیان دەداو لە لایەکی دیکە ئاسانکارییان بۆ توندڕۆ ئیسلامییەکانی ناوخۆیان کرد تا ئەگەر هەر جیهاد دەکەن و حکومەتی ئیسلامی دادەمەزرێنن، ئەوە بچن لە ئەفغانستان تاقی بکەنەوە. هەروەک چۆن لەدواییدا نمونەی ئەوێیان بۆ چیچان، بۆسنیا،کۆسۆڤۆ کۆپی کرد.
بەم چەشنە عەرەب لەو سەرزەمینە گڕگرتووەدا ئەوەندە زۆر بوون کە وەک کەمایەتییەک بێنە بەرچاو حوکمی وڵات دەکەن. دوای یەکجەمسەرە بوونی گێتی، جیهانی عەرەبان لە زۆر ڕووەوە کەوتە تەنگژە؛ لە ڕووی دەسەڵاتەوە پارچە پارچە، لەڕووی مێژووییەوە پاشەکشەپێکراو و پەڕاوێز، لە فەرهەنگ و شارستانیدا وەستاو، بێتوانا لە منافەسەدا، سیستەمێکی ئابووریی پاشکۆ.
لەم دۆخەدا بۆ وەرگرتنەوەی تەوازنی ڕۆحی، حکومەتەکانیان دووراو دوور کەوتنە لاواندنەوەی ئەو توێژەی ناوخۆیان کە ئامادەیی پەلاماردانی تێدا بوو. وەک دەبینین دۆڵەمەندەکانی عەرەب بە حکومەت و کەسایەتییەوە، یارمەتی مالیان بۆ تووندوتیژە ئیسلامییەکان دابین کردووە. خۆدەشزانین توندوتیژەکانی لای ئێمەش بە پارەی ئەوان دەژێن و سیاسەتیش دەکەن. سیستەمی عەرەبی، وەک سیاسەتی بەچکە گورگ نیشاندان، لەبەرامبەر ڕۆژاوادا، کەڵک لە توندڕۆکانی ئیسلامی وەردەگرن.
وەک دەرکەوت، ئەوانەی کاری تیرۆرستی لە ڕۆژاوا دەکەن هەروەک ئەوانەی کارەساتەکەی یانزەی سێپتەمبریان ئەنجامدا، هەموویان عەرەبن و موسوڵمانی غەیرە ئەوانی تێدا نییە. کەواتە کارەکە لەکێشەی لەنێوان جیهانی ئیسلام و ڕۆژاوا بەرتەسکترە. ئەو کێشەیەی من گومانم هەیە ڕوانگای ناسیۆنالیزمی عەرەبی بە جۆرێکی دیکە تەفسیرو ئاراستەی نەکردبێت. بۆیەش ئێستا وەک دەبینین کێشەکە ساغتر بۆتەوەو کەوتۆتە نێوان عەرەب و ڕۆژاوا.
هەنوکە لە ئەفغانستان، کەشی دژی بێگانەی عەرەب توندە. ئەمریکاش بە قۆستنەوەی ئەمە، کەوتۆتە کۆکردنەوەی بەچکە گورگەکان. ئێستا بیست هەزار عەرەبی ئەفغان لە ئابلوقە دان. ئەوانە هەڵگرانی ئایدیۆلۆژیای عەرەبی ـ ئیسلامی و سەربازانی سوپای بەچکەگورگەکانن. وەک دیارە هەر هەموو دیپلۆماسیەتی عەرەبی لە کاری ڕزگار کردنی عەرەبە ئەفغانکراوەکان دایە. ئەم کردەوەیە زۆری لەو سیاسەتە دەچێ کە بۆ بەعەرەبکردنی سۆمال دەکرا.
کۆکردنەوەو پاشەکشە پێکردنی بەچکەگورگەکان، هەر بە ئەفغانستان ناوەستێ، وەک باس دەکەن. کەواتە ئەم پاشەکشە پێکردنە، تەس بەو سیاسەتەش دەکات کە لە پشتەوەیەتی: لەوەودوا بەرەنگارییەکە لە نێوان جیهانی عەرەب و ڕۆژاوا دایە. خۆ ئەگەر ڕەمزی عەرەبان بن لادن و هی ڕۆژاوا بۆش بێت، ئەوە لە ڕووی مەنتقەوە دەبێ ئەنجامەکەی وەک شەڕی ناو ئەفغانستان بکەوێتەوە.

www.kurdistannet.org

# تیرۆر و ئەمەریکا و کوردە

جەمال نەبەز

تیرۆر لەم چل پەنجا ساڵەی دواییدا سەرەنجی دەوڵەتەکانی ئەورووپای بۆخۆی راکێشا ، ئەمەش هەر لە بەر ئەوەی چەند کۆمەڵێکی گچکەی دەستوەشێن لە ئەورووپا ، بەتایبەتی لە ئەڵمانیا بۆنموونە دەستەی( بازەر-ماینهۆف)کەوتنە فڕاندنی سیاسەتکاران و کوشتنی هێندێکیان. ئەمە بوو بەهۆی ئەوەی گەلێک وتاری رۆژنامەو رادیۆو وتووێژی تەلەفزیۆن و لیکۆڵینەوەی نێو گۆڤارو پەرتووک ، بەزمانە ئەورووپاییەکان لەبارەی تیرۆرەوە بڵاوبکرێنەوە .بەڵام ئەوەی شایەنی باسە ئەوەیە هەتا ئێستا تاریفێکییەکگرتوو و گشتگیری وا بۆ تیرۆر کە هەموو لایەک پێی رازی بن نییە و زەحمەتیشە ببێ ،چونکە سیستەمە جیاوازەکان و دەوڵەتەکان هەریەکەیان خەریکن تاریفی تایبەتی بە بەرژەوەندیی ناسیۆناڵی خۆیان بۆ تیرۆریزم بێننە پێشەوە . سەیر ئەوەیە ئەو رژێمانەی کە لە جیهاندا بە رژێمی تیرۆریست نێویان رۆیوە ئەوانیش هەر هاواریانە لە دژی ئەوەی نێویان ناوە «تیرۆر» ئەوە بوو ئەرێل شارۆن کە تاوانی تیرۆری سەبرا و شەتیلا دەخرێتە ملی،ماوەیەک لە مەوبەر لە ئەنقەرە باسی (تیرۆری کورد)ی بۆ هەڤاڵبەندە تورکەکانی دەکرد .

هەرچەندە رژێمی تیرۆریست و دەوڵەتی تیرۆریست هەر لە کۆنەوە بووە ، و ژمارەشیان کەم نەبووە ، بەڵام باسی رژێمی تیرۆریست و دەوڵەتی تیرۆریست دەخرایە پشت گوێ بە بیانووی ئەوەوە کە هەموو دەوڵەتێک مافی سەردەرێتی هەیە بە سەر ئەو گەلە و خاکە دا کە فەرمانڕەوایی دەکا وکەس مافی دەرستێوەردانی نییە .بەڵام پاش ئەوەی هێندەک لەدەوڵەتە تیرۆریستەکان کەوتنە هەرەشەکردن لەبەرژەوەندی دەوڵەتە پیشەسازە گەورەکان و زلهێزەکان ، ئەودەمە دۆزەکە جۆرێکی دی لێهات. شایانی باسە، هەرچەندە دەوڵەتە ئەورووپاییەکان ورۆژئاواییەکان لەنێوخۆدا لیبەراڵ -دیمۆکراتن، بەڵام لەسیاسەتی دەرەوەیاندا زۆر نا دیموکرات و خۆپەرەستن. ئەگەر سەرەنجێکی مێژوو بدەین دەبیینین کە هەر ئەو دەوڵەتە ئەورووپاییانە بوون کە گەلێک دەوڵەتی دەستکردیان لە رۆژهەڵاتدا بنیات نا کە رژێمەکانیان رژێمی تیرۆریستانە بوون ، وەک ئەو رژێمانەی کە کوردستان بە زۆر دابەشکراوە بە سەریاندا بۆ وێنە ؛ دەوڵەتی بەریتانیا بوو کە پشتگیری ڕەزا خانی نەخوێندەواری کرد تا ببێتە شا و دیکتاتۆری ئێران . هەر بەریتانیا بوو کە دەوڵەتی عێراقی داتاشی و باشووری کوردستانی بە زۆر نووساند پێیەوە . هەر بەریتانیا بوو کە پشتی چەند جەردەو چەتەیەکی بەعسی یان گرت بۆ ڕووخاندنی رژێمی قاسم و ڕشتنی خوێنی هەزاران کۆمۆنیست و کورد . دوای ئەوە ئەمریکا وئەورووپا بوون کە پشتی رژێمی بەعسی یان گرت لە شەڕی هەشت سالەدا دژی ئێران کە ملیونەک کەسی تێدا کوژرا ، ئەگەرچی هەر ئەمریکا و ئەورووپاییەکان بوون کە لە ساڵی ١٩٧٩ دا پشتی خومەینی یان گرتبوو بۆ ڕووخاندنی رژێمی حەمە رەزا شای کۆنە دۆستیان ، رژێمی سۆڤیەت بوو کە سالانی ساڵ یارمەتی رژێمەکانی تورک و سووریا و ئێران و عێراقی دا و لە حەفتاکاندا بە چەک و دیبلۆماسی و تەکنەلۆژیی پشتی رژێمی بەعسی عێراقی گرت بۆ هەرەسهێنان بە شۆڕشی مەزنی ئەیلول لە ١٩٧٥ دا .هەر دەوڵەتەکانی ئەورووپا بوون کە یارمەتی رژێمی سەددامیان دا بۆ درووست کردنی چەکی کیمیایی و میکرۆبی کە ئەوە بوو کاتێک

www.kurdistannet.org

دژی کورد بە کاری هێنا ، هەموویان قوڕوو قەپیان لەو تاوانە گەورەیە کرد ، تا ئەوە بوو سەددام کەوتە پەلاماری کوێت و مەترسی پەیدا کردن بۆ بەرژەوەندییە کانی کۆنە هەڤاڵبەندەکانی ڕۆژاوایی. لێرەدا پێویستە ئاماژە بە ئەوە بکەین کە لە سەردەمی «جەنگی سارد» دا لە نێوان ڕۆژئاوا و بەرەی سۆڤیەتی بەرەی ڕۆژئاوا ؛ ئایینی ئیسلامی وەک چەکێک دەهاتە بەر چاو دژی ئیدیۆلۆژیی کۆمۆنیزم . هەر لە بەر ئەوە بوو ، ڕۆژئاوا بە تایبەتی ئەمریکا ، پشتگیری بێ چەندو چوونی ڕژێمی بنە ماڵەی سعوودی کرد دژی دەوڵەتە عەرەبەکانی هاوپەیمانی سوڤیەت وەک میسری سەردەمی ناسر و سووریاو یەمەن . هەر وەها پشتگیریی موجاهیدەکانی ئەفغانی کرد بۆ دەرپەڕاندنی لەشکری سۆڤیەت لە ئەفغانستان و دامەزراندنی ئەم ڕژێمە تالیبانییەی ئەوڕۆ . ئەوەش دەبێ بێژین کە فەڕەنسا و ئەمەریکا و بەریتانیا بوون کە پشتگیری خومەنییان کرد بۆ هاتنەسەرکار وەک بەربەستێک لەبەردەم کۆمۆنیزمی سوڤیەتی دا،چونکە پێ یان وابوو خومەینی بەپێچەوانەی شاوە، هێزیکی جەماوەری لەگەڵە و دووژمنی کۆمۆنیزمە. پاش دامەزراندنی «کۆماری ئیسلامی ئێران »و ڕووخانی سوڤیەت و دەرچونی لەشکری سوڤیەت لەئەفغانستان و هاتنە سەرکاری موسڵمانەبنچینەگرەکان لەئێران و ئەفغانستان وسودان وئاشکرابوونی دوژمنایەتیی ڕژێمی خومەینی بەرامبەرئەمریکا کەبەگرتن وریسوا کردنی کاربەدەستانی سەفارەتخانەی ئەمریکالەتاران بۆ ٤٤٤ڕۆژی تەواو دەستی پێکرد ، ئەمریکا کەوتە ناسینی هەڤاڵبەندە موسڵمانەکانی وئەمجارە لەباتی ئەوەی بەهەڵوێستی خۆی دا بچێتەوە لە هەڵەیەکی سوود وەربگرێ، چوو بەهەڵەیەکی دیکە هەڵەکەی پێشووی خۆی ڕاست بکاتەوە.ئەوەش بەپشتگیری ڕژێمی سەددام کە گوایە «سێکولاریستەو ئەمەش دژی ڕژێمی ئێرانەکەرژێمێکی موسڵمانی فوندە مێنتالیستە»ئەمەش درێژەی کێشا هەتا ئەوکاتەی – وەک باسکرا –سەددامیش کەوتە دووژمنایەتی ئەمەریکا . خۆ ئەگەر ئەم ڕژێمانە ڕۆژێ هەزار کەسیان لە گەلەکەی خۆیان بکوشتایەو دەستیان بۆ بەرژەوەندی ئەمەریکا و بەرەی ڕۆژئاوا نەبردایە، ئەوە هەرباسیان بەخەونی شەویش نەدەکرا.پاش پەلاماری تیرۆریستانەی ١١ی ئەیلول بۆ سەر مەڵبەندی بازرگانی جیهان و پێنتاگۆن لە ئەمەریکا کە بوو بەهۆی کوشتنی هەزاران کەس، کاردانەوەی ئەمەریکا بۆ تۆڵە سەندنەوە، بەبیروڕای من بەرەو ئەوە دەچێ کە ئەم جارەش سوودی لە هەڵەکانی خۆی وەرنەگرتبێ. دیارە ئەمەریکا مافی تەوای خۆیەتی لەسەر خۆی بکاتەوە بەرامبەر بەوکردەوە تیرۆریستانەیەی کەتووشی بووەو، لەمەش دا دەبێ هەموو مرۆڤێکی خاوەن ویژدان ماف بدا بەئەمەریکا، بەڵام بۆ بەربەرەکانی تیرۆریزم پێویستە چەند خاڵێک بخرێتە بەر چاو کە ئەمەریکا بەداخەوە نەیخستوونەتە بەرچاو:

(١)–دەبێ تیرۆریزم لەمافی ڕەوای بەخۆدان و لەسەرخۆ کردنەوەی چەوساوان بەشخوراوان و گەلانی ژێر دەستە دژی زۆرداری و ملهوری جیا بکرێتەوە ڕاپەڕینی بەشخوراوان دژی بەشخۆران و ڕاپەڕینی نەتەوەیەکی وڵات داگیرکراو بەڕووی داگیرکەرانی نیشتیمانەکەی دا؛ بەهیچ جۆرێک ناتوانرێ نێو بنرێ تیرۆریزم. بۆیە دەبێ ئەمەریکا و ئەوروپا بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردو فەڵەستینییەکان و بەربەرەکان و تامیلەکان و بەلوچەکان و.. هتد دژ بە تیرۆریزمی دەوڵەتی لە تیرۆر جیا بکەنەوە. کە مخابن تا ئێستا جیایان نەکردۆتەوە. ئەوەتا وەزیری دەرەوەی بەریتانیا لە ئەنقەرە دەفەرموێ: «بەریتانیا یارمەتی ڕژێمی تورک دەدا بۆ بەربەرەکانی کوردە سەرهەڵداوەکان»، واتە دژی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد . هەروەها نوێنەری ئەمەریکاش لە ئەنقەرە بەڵێن بەدەوڵەتی تورک دەدا کە« دژی هەوڵدانی کورد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بوەستێ» بەڵام باسی تیرۆری هەشتا ساڵەی دەوڵەتی تورک لەدژی نەتەوەی کورد ناکا . ئەمەریکا لەم ڕۆژانەی دوایی دا باسی دەوڵەتی فەڵەستین دەکا، بەڵام ئەوەش هەر بەقسە نەک بە کردەوە بۆ ئەوەی دڵی هەڤاڵبەندە عەرەبەکانی ڕابگرێ کە گوایە بەتەمایە پێکەوە بچن بە گژ «تیرۆردا»!!!

www.kurdistannet.org

(٢)– ئەگەر کەسێک، یان کۆمەڵێک، یان دەوڵەتێک، ویستی بەراستی دژی تیرۆر کار بکا، دەبێ دەست نەداتە دەستی تیرۆریستێک دژی تیرۆریستێکی دیکە، وەک ئەمەریکا و بەریتانیا تائێستا کردویانەو دەیکەن. بەڵکوو هەموو تیرۆریستێک هەر بەیەک چاو تەماشا بکا ئەوەتا ئەمەریکا و بەریتانیا لەو رژێمانەی کە خۆیان بە پێشێلکەری مافی مرۆڤ دایان ناون، وەک چین و ئێران، خۆیان نیزێک دەکەنەوە و باسی هاوکاری دەکەن لە گەڵیان دژی تیرۆر قورِ و قەپ دەکەن لە باسی مافی مرۆڤ لەو وڵاتانەدا. جا لەبەر ئەو دوو هۆیەی سەرەوە شەری ئەمەریکا و بەرەی رۆژئاوا دژی تیرۆر سەر کەوتوو نابێ. چونکە تیرۆر میکرۆبێکە لەچڵکاوی بێدادی و زۆرداری و کەڵەگایی دا دەژی و گەشە دەکا. تیرۆر وەک قارچیک لەزەوی هەڵناتۆقێ، بەڵکو، لەئەنجامی ساڵانی ساڵ بندەستی و بەشخوراوی و سەرشۆری و پێشخواردنەوە و بەزەیی بە خۆدا هاتنەوە و ناهومێدیەوە سەر هەڵدەدا، خۆ ئەگەر ئیدیۆلۆژییەک هەبێ بتوانێ بیقۆزێتەوە؛ ئەوا بەجۆرێ دەتەقێ کە خۆشی و دەوروپشتیشی بەجارێ تەفرو تونا بکا. تیرۆریزم هەر بە گوللەو تۆپ و فرۆکەی بۆمبا هاوێژوو سەربازی پڕ چەک کۆتایی نایێ. نەمانی تیرۆریزم بەندە بە گۆرینی سیستەمی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییەوە؛ لەسیستەمێکی زۆرداری و دیلی و بێدادیەوە بۆسیستەمێکی ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری . ئەوەی ئەورۆ ئەمەریکا و بەریتانیا لە ئەفغانستان دەیکەن لەوانەیە ببێتە هۆی هاتنە سەر کاری چەند حیزبێکی دیکەی دژ بە تالیبان کە ساڵانی ساڵە لە باکوری ئەفغانستاندا گیرماون و هەر یەکەشیان پاشکۆیەکی« ئیسلامی» یان بە خۆیانەوە ناوە، و هەر یەکەشیان سەر بە کەمە گەلێکی ئەفغانستانن، وەک هەزارەکان وتاجیەکان و ئۆزبەکان ودوژمنایەتی پەشتوونەکان دەکەن و هەر یارمەتیی رژێمی ئێرانە کە جارێ بەیەکییەوە بەستوون. هێندێکشیان یارمەتی لە ئۆزبەکستان و تاجیکستان وەردەگرن . خۆ ئەگەر هاتوو هاتنە سەرکار، ئەوا جارێکی دی دەکەونە گیانییەک و ئەو دەمی تیرۆر کۆتایی نایێ . چونکە ئەم کۆمەڵانە هیچیان پەروەردەیەکی دێمۆکرات و ئازادیخوازانەیان نیە هەر کە هاتنە سەر کار بەر لە هەموو شتێک بیر لە تۆڵەسەندەوە و خوێن رشتن دەکەنەوە . ئەمریکا و بەریتانیا چۆن لە عێراق کاری خۆیان تەواو نەکرد، و لەبەر خاتری حوسنی موبارەک و شا حوسێن کە گوایە «هەڤاڵبەند»ی ئەمریکا بوون، سەدداميان لەجێی خۆی هێشتەوە بۆ گیانی کوردو شیعەو هەموو عێراقییەکی ئاشتیخواز، بێگومان لە ئەفغانستانیشدا هەروا دەکەن. ئەمریکا و بەریتانیا دەستیان بەدەستی دەوڵەتی نادێمۆکراتی و زۆرداریەوە و ئەمانەش نایانەوێ دەوڵەتێکی دێمۆکراتی لەتەنیشتیانەوە هەبێ ، و ئەمریکاو بەریتانیاش بەقسەیان دەکەن ، چونکە نێزیک بینانەو کورت خەیانانە بیر دەکەنەوە لە بەرژەوەندی خۆیان، نەک دوور بینانەو درێژخایەنانە. ئەوەتا دەوڵەتی تورک کە«هەڤاڵبەندی ئەمریکاو بەریتانیا»یە لە«دژی تیرۆر»، کە ئەمریکا و بەریتانیا دەپارێتەوە رژێمی سەددام بپارێزن و پەلاماری نەدەن، ئەوجا ئیدی کێ بێ و باوەڕ بکا کە ئەمانە بەڕاستی دژی تێرۆرن؟ هێندەی کێشەکە پەیوەندیی بەکوردەوە هەیە، ئەوەتا دیپلۆماسیەتی کورد لەم هەلو مەرجە ناسکەدا سەرسام و دۆش داماوە. هەرهێندە ی لە دست دێ سوێند بخوا کە ئامانجی دامەزراندنی دەوڵەتی کورد نییە، وەک ئەوەی کە داگیر کەرانی کوردستان نەزانن کە دەسەڵاتدارانی کورد، نە ئەوەیان لەبەر دایەو، نە دەشیانەوێ دەوڵەتی کورد دابمەزرێنن. تاکە شتێک کە دیپلۆماسیەتی کورد دەبوو بیکردایەو چۆکی دابدایە لەسەر ئەوە بوو بە ئەمریکاو ئەوروپای بیسەلماندایە کە بەهەڤاڵبەندێتی ئەو رژێمانەی دژ بەدیموکراسی و مافی مرۆڤن و بەزۆری لەشکری خۆیان دەسەپێنن بەسەر گەلەکانیاندا؛ شەڕ دژی تیرۆریزم ناکرێ و بشکری سەرناگرێ و هەڤاڵبەندێتی ئەم رژێمانە لە گەڵ ئەمەریکا بۆ دەسکەوتی پارووی چەور و پاراستنی کورسییەکەی ژێریانە . بۆ وێنە رژێمی تورک بە نێوی «هەڤاڵبەندێتی ئەمەریکا دەیهەوێ زۆری لە ئەمەریکا بکا پەلاماری عێراق نەدا ؛ نەبا کورد شتێکی دەست بکەوی

www.kurdistannet.org

واته دەیەوێ تێرۆر لە سەر کورد هەر درێژە بکێشێ و ئەمەش بە ئاشکرا دەبێژێ. ڕژێمی ئێران دەیەوێ بە نێوی «بەربەرەکانی تیرۆر» ەوە ڕژێمی تالیبان کە دەوڵەتی پەشتوونەو دژ بە فارسە کانە برووخێنێ و دەوڵەتێکی سەر بە فارسزمانەکان لە ئەفغانستان دا دابمەزرێنێ کە فارسزمانەکان لە ئەفغانستان کەمایەتین . خۆش ئەوەیەکە وەزیری دەرەوەی ئێران ئاغای خەرازی لە سەفەرەکەی دا بۆ تاجیکستان رۆژی ١٠/١٩ بەڕادیۆی ئەورووپای ئازاد (بەشی فارسی )گوت ؛(رازی نیە بە مانی ڕژێمی تالیبان ، بەلام پەشتوونەکان وەک کەمایەتییەک مافی خۆیان هەیە ) بە ڕاستی مرۆڤ دەبێ چەند ڕوو قایم بێ کەوا زۆربەیەکی زۆر بە«کەمایەتی » بداتە قەڵەم. خەرازی دەیەوێ کەمایەتی فارسزمانان لە ئەفغانستانیشدا وەک ئێران فەرمانڕەوا بن . چوونکە فارسەکان لەئێراندا کەمایەتین لەچاو «کورد وتورک و عەرەب وبەلووچ و ..هتد »دا ، بەلام بە مەڵهوری و زۆری زۆر دارەکی ، فەرمانڕەوایی خۆیان سەپاندووە بە سەر زۆربەی زۆری گەلانی ئێراندا ، ئەوەش بە نیوەی شیعە گەریتییەوە. ڕاستیەکەی ، چ ڕژێمی ئەفغانستان ، چ ڕژێمی ئێران ،چ ڕژێمی سعوود، چ ڕژێمی سودان ، چ ڕژێمی پاکستان ، کە بەنێوی ئیسلامەتییەوە هاتوونەتە کایەوە، خۆیان کردووە بە میری سەربڕ، هەر یەکەیان نوێنەری ناسیۆنالیتەیەکی تایبەتین و خۆیان لەپاڵ ئیسلامە تیدا شاردۆتەوە . ڕژێمی ئەفغانستان نوێنەری پەشتووکانە و بە نێوی سوننییەتە وە شەڕی ڕژێمی ئێرانی فارسی شیعە دەکا. ڕژێمی ئێران ڕژێمی فارس و تورکی ئازەرییە و بە نێوی شیعەیەتی وە بەر بەرەکانی کوردی سوننی و بەلووچەسوننی و پەشتوونی سوننی و عەرەبی سوننی و وەهابی دەکا . ڕژێمی سعوود ڕژێمێکی عەرەبی وەهابیە و بەربەرەکانی ئێرانی شیعە دەکاو پشتی ڕژێمی ئەفغانستان دەگرێ دژی ئێران . ڕژێمی سودان ڕژێمێکی عەرەبییە و بەربەرەکانی دیانەکانی خوارووی سودان دەکا کە دەیانەوێ دەوڵەتی سەربە خۆی خۆیان هەبێ. ڕژێمی پاکستان ئۆرۆ زمانە سوننییەکانی پاکستانە و بە نێو سوننییەتییەوە دژی شیعەی پاکستان و شیعەی ئێران دەوەستێ و پشتی ڕژێمی پەشتووەکانی ئەفغانستان دەگرێ و هەروەها ......

کە واتە کێشەکە لێرەدا کێشەی ئیسلامەتی و نا ئیسلامەتی نیە . کورد دەبێ باش لەمە بگەن وبزانن کێ ولاتە کەیانی داگیر کردووە و سەرەڕای ئەوەش بە نێوی ئیسلامەتییەوە دەیان چەوسێنێتەوە . خۆیایە کە دیان و جوولەکە ئەورۆ کوردستانیان داگیر نەکردووە ، بەڵکو موسلمانە عەرەب و تورک و فارسەکانن کە کوردستانیان داگیر کردووە . خۆ ئەگەر ئەوانە بە ڕاستی موسلمان بوونایەو موسلمانە تیش وەک خۆیان دەبێژن ـــ مانای وەک یەکی بوایە ، دەبوو زولم و زۆر وچەوسانەوەی ناسیۆناڵ لە سەر کورد هەڵگیرایە . لە بەر ئەوەی بە نێو ئیسلامەتییەوە لە کوردستان دا کار دەکەن ، دەبوو ئەمەیان باش بزانیایە ، ئەگەر کوردێک بە ڕاستی موسلمان بێ و بیەوێ بۆ ئیسلامەتی کار بکا و بە خەیالی خۆی دەست بە «فتوحات »بکا ، دیارە لە بیارە و تەوێڵەوە دەست پێ ناکا و بە نێوی« جندالاسلام »ەوە پێشمەرگەی کورد ناگوژێ، بەڵکو دەچێتە وێزەی داگیر کەرانی کوردستان . کەئەم قسەیە دەکەم مەبەستم ئەوە نیە لە سەر« یەکێتی»یان لە سەر حیزبێکی دی بکەمەوە ، چونکە خۆم گەلێک ڕەخنەم هەیە لەم حیزبە و لە حیزبایەتی بە شێوەیەکی گشتی . ئاشکراشە کە گوناهی «یەکێتی »و حیزب حیزبێنەی «یەکێتی » و پەیوەندییەکانی دەرەوەی «یەکێتی » و ئەوجا شەڕی چەند ساڵەی براکوژی نێوان یەکێتی و پارتی و حیزبەکانی دیکەی کوردستان و شەڕِ فرۆشتنی بە نەتەوەییەکانی کورد و هەڵبەستنی بوختان و درۆ و دەلەسەی گەوجانە و بەعسی یانە بۆ نەتەوییەکانی کورد بە تایبەتی بۆ خۆ نە فرۆشتنی کاژیک لە سەر لاپەڕەکانی «کوردستانی نوێ »و نووسینی هێندێک لە سەرکردەکانییەکێتی بە نێوی گوایە «بیرەوەرینامە »وە بە نیازی خەراب کردنی نێوی «کاژیک» هەر وەها بلاوکردنەوەی درۆ و دەلەسە بە مەبەستی چاو بەست و شاردنەوەی دەستی ئەوانەی کە خوێنی سیاسەتکارە نەتەوە ییەکانی کوردیان ڕژاند ، بە تایبەتی شەهیدان

www.kurdistannet.org

«سەعیدییەزدان پەنا»و «سەربەست مەحموود» . ئەوجا پشتگیری کردنی پێ کێ کێ و بە کوشتدانی سەدان پێشمەرگە لە پێناویدا بە دەستی لەشکری تورک و دروستکردنی دەزگەیەکی ساختەبۆ پێ کێ کێ بە نێوی «کۆنگرەی نەتەوە یی »یەوە لە دژی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان ، ئەمانە هەمووی زەوی خۆشکەر بوون بۆ خۆ تەیار کردنی ئەوانەی ناوی خۆیان ناوە «ئیسلامی ». ئەگەنا لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دا ئیسلامیییەکان ٥٪ی دەنگیان نەهێنا ، بەلام ئەو هەل و مەرجە نالەبارانەی کەلە سەرەوە پەنجەمان خستە سەریان ، بوون بە هۆی بە هێز بوونی ئیسلامیەکان تا گەیشتە ئەوەی بە زۆری چەک پەلاماری «یەکێتی»یان دا ، ئەو «یەکێتی»یەی کە خۆی هۆیەک بوو بۆ دەسەلات پەیدا کردنی ئیسلامیەکان . لێرەدا مەبەستم ئەوە نیە کە هەموو ئیسلامیەکی کورد بە خەراپەکار و دەستوەشێن و دەسکەلای دەستی داگیر کەرانی کوردستان بدەمە قەڵەم ، نەخێر . کاتێک کە سیمینارەکەم «المستضعفون الکرد و اخوانهم المسلمون »لە ساڵی ١٩٩٧دا بە شێوەی نامیلکە بلاو کرایەوە هێندەک چڵکاوخۆر و بە کرێگیراوی ئەو داگیرکەرانەی کوردستان کە بەنێوی ئیسلامییەوە بازرگانی دەکەن، کەوتنە جنێوپێدانم وهێندەکیش لەئیسلامییەکان ،بەتایبەتی زانای گەورەی کورد مامۆستا شێخ عومەر غەریب ، یەکێک لەسەرکردە و دامەزرێنەرانی پارتی ئیسلامی کوردستان پشتی منیان گرت . ئیسلامی باوەڕێکە وەک هەموو باوەڕێکی دیکە وتا ئەو ئەندازەیی کە بەزۆر نەسەپێندرێ بەسەر خەڵکدا دەبێ رێز بنرێ لێی وەک هەموو باوەڕێکی دیکە. باوەڕ، خۆشەویستییە و لەسەر خۆشەویستی وتووێژ ناکرێ و داوای بەڵگەهێنانەوە بۆ ڕاستی و ناڕاستی ناکرێ. هەموو خاوەن باوەڕێک باوەڕی خۆی بەڕاست دەزانێ. لێرەدا حەز دەکەم بەکورتی چیرۆکێک بۆ نمونە بهێنمەوە:

جارێکیان لەزانستگەیەکی ولاتی نەمسا سیمینارێک رێکخرابوو بۆم کە لەسنووری ئەم سیمینارەدا باسی میتۆلۆژیای کوردم کرد و لەنێوان ئەوانەدا ڕامانی ئێزیدییەکان کە خودێ هەموو ساڵێک سەری ئێزیدییەکان دەدا لەچیای جوودی و بە کوردی قسەدەکا لەگەڵیان لەبارەی ساڵی نوێوە و پەیمانێک دەبەستێ لەگەڵیان. پاش ئەوەی لەسیمینارەکە بوومەوە ، کوردێکی خەڵکی باکوور کەوتە قسە لەگەڵم و بەئۆتۆمۆبێل منی برد بۆ ویستگەی شەمەندەفەر. لەرێ گوتی: پێم خۆش بوو کە باسی چیای جوودیت کرد، بەلام چیرۆکەکە بەم جۆرە نیە، حەزدەکەم چیرۆکەکە راست بکێرمەوە بۆت، گوتم فەرموو گوتی: «خودێ پێ یەکی لەسەر چیای جوودی داگرتووە و پێیەکەی دی بەهەموو گەردوونەدا دەسورێتەوەو بەم جۆرە سەرنجی هەموو جیهان دەداو هەرکەسێک خراپ بجولێتەوە، یان کارێ خراپ بکا، بەردێکی تێدەگرێ» راستیەکەی کەمێ پێکەنین گرتمی، بەلام گووتم: باشە، بەردەکە گچکەیە یان گەورەیە؟«گوتی: بەردەکە بەپێی گوناهە. ئەوەی گوناهێکی گەورە بکا . بەردێکی گەورەی تێدەگرێ و ئەوەی گوناهەکەی گچکەبێ بەردێکی گچکەی تێ دەگرێ» گوتم: باشە، ئەم هەموو بەردە چۆن کۆدەبێتەوە؟ گوتی: ئەو هەناسە دە دوانزە فریشتە هەن کەشەو و رۆژ بەلۆری گەورە بەرد دەگوێزنەوە بۆچیای جوودی ، قسەکانی برادەرەکە لەمەدا بوو کە زۆر پێکەنینم هات، بەلام شەرمیشم بەخۆم دەهات، هەر چۆنێک بێ گەیشتینە ویزگەی شەمەندەفەرو برادەرەکەش پەست بوو بوو لێم؛ چونکەگوتی:«پێمەکەنە، خۆت کافر مەکە»کاتێک کەدەرگەی ئۆتۆمبێلە کەم کردەوە بۆ دابەزین، تەپلی سەرم بەرلاشیبانی سەرەوەی دەرگەکە کەوت و زۆر هێشا. دەست بەجێ برادەرەکە گوتی:«ها.. ئەوە بەردەکە بوو. پێ مەکەنە». کاتێک کە دابەزیم و ویستم مالاوایی لێ بکەم، ئۆتۆمۆبێلێک وابەخێرایی بەلامدا نیزیک تێ پەڕی زۆری نەمابوو راپێچم بکا لەگەڵ خۆی. برادەرەکە گوتی:«تکایە تۆبە بکە ئەگەر نا بەردێکی دیکەشت تێ دەگرێ، بەلام ئەمجارە جۆرێکی دیکە». ئێستە تۆ ناتوانیت بێژیت کە «ئەم برادەرە درۆ دەکا» . ئەم برادەرە درۆی نەدەکرد، چونکە باوەری بەم چیرۆکە هەبوو هیچ خاوەن باوەڕێکیش درۆ ناکا. چونکە درۆ ئەمەیە تۆ بابەتێک بگێڕیتەوە بە کەموو

www.kurdistannet.org

کورت کراوی ، یان بەهەڵەو بەوپەڕی هۆشیارییەوە. لەمەشدا هیچ زیانێک نییە. زیانەکە لەوە دایە ئەم برادەرە باوەڕنەکردنی من بەخودێ یەک کە بەردە فرکێ بکا. بە کافریەتی دەدایە قەڵەم. کەسەری من لە پەلە کردن دا یان لەبێ ئاگاییەوە بەرلەشیپانی سەرەوەی دەرگەی ئۆتۆمبێلەکەی کەوت، بەشتێکی سادە ناداتە قەڵەم، بەڵکو بەبەڵگەیەکی دادەنێ بۆ ئەوەی کە لە چیای جوودییەوە بەردێک ئاراستەی سەرم کراوە بۆ وریا کردنەوەی کە نابێ بەقسەکانی ئەم برادەرە پێ بکەنم، ئا مەترسیەکە لەمە دایە، بەڵێ مەترسیە گەورە لەوە دایە کە تاقمێک هەبن لە سەر باوەڕێک بن و پێیان وابێ ئەوەی وەک ئەوان ئەو باوەڕەی هەڵنەگرتبێ کافرە. هەر ئەم جۆرە ڕێبازەیە کەوا لە«جندالاسلام» دەکا «یەکێتی» بە کافر بدەنە قەڵەم. چونکە پێیان وایە ئەوەی لەگەڵ وان نەبێ«کافر»ە لەمەش سەیرتر ئەوەیە کە یەکێتی وەک جۆرج دەبلیوو بۆش بێژێ:«ئەوەی لەگەڵ ئەمەریکا نەبێ ئەوە لەگەڵ تیرۆرە» کە ئەم قسەیەش هوردی بکەیتەوە هەر لە قسەی «جند الاسلام» دەکا. جیاوازیەکەش لەوە دایە کە ئەوەیان بەفرۆکەی بۆمبا هاوێژی مۆدێرن هەڕەشە دەکاو ئەمیشیان بەتەورداسی« ژەنگاوی ».

*** ئەم گوتارە لە ژمارە(١٠٩)ی ڕۆژی١/١١/٢٠٠١ی ڕۆژنامەی (میدیا)دا بڵاو کراوەتەوە.**

www.kurdistannet.org

# مێزگردێک سەبارەت بە ڕەهەندەکانی ڕووداوەکەی ١١ی سێپتەمبەر

بەشداربووان:
**سەلاح بەدرەدین، مەهدی خۆشناو، سەرۆ قادر و ئازا حەسیب قەرەداغی**

*ڕۆژی ١٧ی سێپتەمبەری٢٠٠١ و چەند ڕۆژێک دوای ڕووداوە تیرۆریستییەکانی نیویۆرک و واشنتۆن، ئەم مێزگردە سەبارەت بە ڕەهەندەکانی ئەم ڕووداوە و دەرئەنجامەکانی، لە تەلەڤزیۆنی گەلاوێژ ساز دراوە.ئەمەی خوارەوە پوختەی بیروڕای بەشداربووانە.*

**سەلاح بەدرەدین:** بێگومان ئەوی لە ١١ی ئەیلول ڕووی دا، وەکو کارێکی تیرۆریستی بۆ هەموو جیهان شتێکی چاوەڕوانکراو بوو بەڵام نەک بەو شێوە و بەو نەخشەیە و بەو گەورەییە.
ئەوە نەک هەر مەسەلەیەکی مرۆییە بەڵکو گرفتێکی زانستیشی تێدایە وەک تەوقیتی فرۆکە، مەسەلەی کۆمپیوتەرو شتی دیکە کە دیارە هی پیلانێکی دووروودرێژ بووە، چاوەران نەدەکرا مەگەر لە ئەفلامی خەیاڵیدا شتی ئاوا هەبووبێ. لەبەر ئەوە لەوانەیە لە ئایندەدا کاری وا گەورەتریش بکرێ. پێموایە نەتیجە چ لەسەر مستەوای ئەمەریکا یاخود وڵاتانی دیکەی دنیا بێت و هەنگاوی گەورە بهاوێن ئێستاش خەریکە دیراسە دەکرێ، دیارە کاردانەوە لە زۆر لایەنەوە دەبێ، چ سیاسی، ئەمنی، لەشکەری، ئابووری، ئەوەش کە دەکرێ چ لەسەر ئەمەریکا چ وڵاتانی دیکە وچ لە سەرهەرێمی ئێمەش تەئیدی دەبێ.....
**مەهدی خۆشناو:** هەڵبەت دوای ڕووخانی بلۆکی سۆشیالیستی، ئەمەریکا خۆی بە وڵاتی یەکەمی جیهان دەزانێت، ئەمەش ئامانج و ویستەکانیی پتر دەکات، بەو پێیە بەرژەوەندییەکانیشی فراوان دەبن و لەگەڵ بەرژەوەندیی کەسانی دیکەو خەڵکان و دەوڵەت و وڵاتانی دیکە یەک ناگرنەوە. ڕەنگە پاش ئەو گۆڕانکارییە گەورەیەی دنیا، وایکرد کە هەندێ خواست و ئامانجی گەلان تۆمەتبار بکات بە تیرۆر وتیرۆر بووەتە بیانو و سیاسەتێک بۆ لێدانی هەندێ بزووتنەوە. ڕەنگە بەدیدی ئەمەریکا و بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتانەی لەگەڵ ئەمەریکان، تیرۆر بەجۆرێک لێک بدرێتەوە و، میللەتانی دیکەش بە جۆرێکی دیکە. لێرە ئەو بەرانبەر یەکبوونەی بەرژەوەندییەکان وا دەکات کە ئەمەریکا پتر پەل باوێ و دەستی هەبێ لەوەی کە تەجاهولی حورمەتی بەشێک لە میللەتانی دنیا بکات، یەک لەوانە ڕەنگە عەرەبەکان بەتایبەت فەلەستینییەکان بە ئاشکرا هەست بەوە دەکەن کە ئەمەریکا لایەنگرێکی سەرسەختی ئیسرائیلە. خەڵکێک ڕەنگە نەتوانێ ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی ئەمەریکا بێتەوە، بۆیە ئامرازو هۆکاری دیکە بەکار دێنێ کە خۆی پێی باشە. لەگەڵ ئەوەیدا کە تیرۆر لە هەموو دنیادا ڕەفز دەکرێت و خەڵک پێی ڕازی نییە، بەڵام ڕەنگە کەسانێک هەبن پێیان وابێ کەرستەیەکە بۆ بەرگری کردن لە ئامانجی خۆی یان زەبر وەشاندنێکە لەبەر زەوەندییەکانی ئەمەریکا ڕەنگە لەوکارەشدا توانیبێتی بەشێک لەو ئامانجە بپێکێ، واتا لای ئەو گرنگ ئەوەیە کە بتوانێ بگاتە ئامانجەکەی خۆی، جا با بەکارێکی ئیرهابیش بێت.
**ئازا حەسیب :** پێموایە ئەمەریکا، لە دوای گۆڕانکارییەکانی ١٠ ساڵی ڕابردووی دنیا، ئیتر ئەرکی ڕابەرایەتیی دنیای کەوتۆتە دەست. کەسێکی وەک «هەنتیگتن» قسە لەوە دەکا کە ئەمەریکا لە دوای ڕووخانی سۆڤییەت، بۆتە تاکە زلهێزی مەزن لە دنیا دا، و دەڵێ ئەم تاکە زلهێزە دەبێ سەر لەنوێ سیستەمی دنیا دابڕێژێتەوە، سیستەمی نوێی جیهانی لەسەر دووبنەمای سەرەکی پێی ڕاگرتووە کە

www.kurdistannet.org

ئەویش دیموکراسییەت و مافی مرۆڤە، بەڵام کێشەکە لەوە دایە کە سیستەمی نوێی جیهانی لە ماوەی دەساڵ ئەزموونی خۆی بەڕابەرایەتی ئەمەریکا، نەیتوانی ئەم دوو بنەمایە ئاراستە بکا بۆ دنیا، بەڵکو بیرمەندێکی وەک «چۆمسکی» لە بەرامبەر هنتگتن دەڵێ: ڕاستە ئەمەریکا زلهێزە بەڵام ئەوە لە چوارچێوەی سەربازییەکەی دایە و، دەبێ ئەم زلهێزە سەربازییە پشت ئەستووربێ بە زلهێزیەتێکی ئابووری و کلتوری و ئەرکانەکانی دیکەی ژیان.هەروەها پێی وایە ئەمەریکا غەیری عەسکەریەکە نەبێ تا ئێستا خاوەنی ئەوانی دیکە نین بۆیە ئەو زل هێزیەتییەش لە درێژەی خۆیدا دەبێتە جۆرێک لە شەڕ خوازی و سەپاندنی دەسەڵات و هەیمەنەیەک، ئەمە وا لە هنتگتن دەکا کە باس لە «پێکدادانی شارستانییەتەکان» بکات، چونکە پێی وایە وەختێ ئەمەریکا دەیەوێ ڕێبەرایەتی دنیا بکات، مەرج نییە هەموو دنیا بە تەرکیب و کلتووره جیاجیاکان قبوڵی ئەو ئاراستە دیموکراسیەت و مافی مرۆڤە بکەن کە ئەمەریکا دەیەوێ لەم سیستەمەدا کاری پێبکات، بۆیە دەبینی کلتوورەکان بەیەکتریدا دەدەن، ئەمەش کە ئێستا بەم قەبارەیە روو دەدات شێوەیەکە لە شێوازەکانی ئەم پێش بینی کردنەی بیرمەندێکی وەک ئەو کە ئەمە پێکدانێکە لە شێوەی پێکدادانی شارستانییەتەکان، بەڵام کێشەکە لەوەیە ئەم پێکدادانە گۆڕاوە بۆ دیوە تیرۆرییەکەی، ئەویش کە ئیتر شارستانییەتەکەی بەرامبەرت هەمووی موستەهدەفە

ئەم بارودۆخەی کە لە سایەی سیستەمی نوێی جیهانیدا دروست بووە، بە داخەوە نەیتوانی شتە بنچینەییەکانی ژیانی گەلان چارەسەر بکات، کە هەژاری و برسییەتی و بێکاری و حکوماتی دیکتاتۆری لە هەموو دنیادا و نەبونی دیموکراتییەتە. هیچکام لە ئەشکالیەتەکانی ژیانی جیهانیی پێ چارەسەر نەکرا، بۆیە دەبینی بەردەوامبوونی ئەم زەمینە و بارودۆخانە لە دنیادا خۆی لە خۆیدا بەرهەمهێنەری توندوتیژییە. ئەوەش دەبینین زۆرترینی توندوتیژییەکان، ئەوەی کە پێی دەڵێن بن لادن، لەوانەیە شەخسی بن لادن بووبێ بەڕەمز بۆ تیرۆر، چونکە ئەو بۆتە بنکەیەک بۆ ڕێکخستنی تیرۆر، دەنا تیرۆر وەک حاڵەتێکی هەڵچونی مرۆڤ لە زۆر شوێنی دیکەی دنیا هەیە. بەڵام لە ئاستی هەڵچونی تاکە کەسەکاندایە، ئەمەی بن لادن دەیکا تیرۆرێکی ڕێکخراوە، پاڵپشتێکی دارایی و مافیایی گەورەی لە پشتە.

**سەرۆ قادر:** تەکنەلۆژیا ئەمڕۆ بووە بە بەشێکی زۆر گەورەی پەیوەندییەکانی سیستەمی جیهان، ئەوە وایکردوە کە ببێ بە هەرەشەیەکی یەکجار گەورە نەک هەر لە بواری تەکنەلۆژیای سەربازی، بەڵکو ئەم ڕووداوەی نیۆیۆرک و واشنتۆن، نیشانیدا کە دەکرێ لە دەرەوەی تەکنەلۆژیای سەربازیشدا هەڕەشە لە دنیا ولە پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانی و لە خودی مرۆڤ بکرێ. بۆیە ئەوە بە بیرهێنانەوەیەکە، ئەمەریکا و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ناچار دەکات کە چارەسەرێکی بنەڕەتی بدۆزنەوە تا تەکنەلۆژیا لە خزمەتی مرۆڤدا بێ و نەکەوێتە دەستی کەسانێک کە موغامەرەی نەزانانەی پێ بکەن و بیخەنە بواری کێشەی سیاسی. لەوەوە دەکرێ مرۆڤ دڵنیابێ کە ئەمەریکا، هەموو ئەوروپا و وڵاتە پێشکەوتووەکان، هاودەنگ و هاوکاری ئەمەریکان تاکو ڕێگە لە دووبارە بوونەوەی بگرن، چۆن ڕێگە لە رووبارە بوونەوەی دەگیرێ؟ ئەم ڕووداوەی ئەمەریکا کاری تاکە کەسێک نییە کە حەزی لێ بووبێ بیکات، دەبینی لە چەند ساڵی رابردوودا ژمارەیەکی زۆر فڕۆکە بەشێوەیەکی زۆر نادیار کەوتنە خوارەوە، کە لەوانەیە هۆکاری سیاسی بە پشتەوە نەبووبێ، کەچی ئەمەیان نەک هەر کارەساتێکی زۆر گەورەیە؛ بەڵکو نیشانەیەکی زۆر ترسناکە کەوا تیرۆر پەنا بۆهەمو مەوقەعە تەکنەلۆژییە هەمەگیرەکان دەبا کە نزیک دەکەوێتەوە لە شێوازی کۆکوژی. ئەمڕۆ تیرۆر سیستەمێکی جیهانی بەرفراوانی بەرەنگاربوونەوەیە بەرامبەر بە ڕۆژئاوا و ئەو پەیوەندییە مرۆییەیە کە تێکڕای دنیا دەگرنەوە، سیستەمێکە کە بەداخەوە لە ناوچەی ئێمەوە بەرەنگاری دنیای پێشکەوتوو دەبێتەوە، سەرچاوەی تیرۆر لە خودی ئەوروپا و ئەمەریکادا نییە، ئەم تیرۆرە لایەنێکی سیاسیشی هەیە ئەویش

www.kurdistannet.org

ئەوەیە کەوا بەداخەوە حساب دەکرێ بە لێتێنەگەیشتن و بە بەرەنگار بوونەوەی جیهانی ئیسلامی لەبەرانبەر پێشکەوتنی دنیا و ئەو تەنزیمەی کە پێی دەگوترێ سیستەمی نوێی جیهانی. کەواتە دەکرێ بڵێین ئەمە رووبەڕووبوونەوەیەکی سیاسییە لە نێوان رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەمەریکا و ئەوروپا. بەشی هەرە زۆری وڵاتانی ناوچەکەی ئێمەش، کە ناچار بوون بە پشتگیری کردنی ئەمەریکا، بەرەنگاربوونەوەیەکی جیهانی و مرۆییە و دیارە کە بەرژەوەندیی ئەمەریکا و ئەوروپای تێدایە. باڵادەستی ئەوروپا و زۆرتریش ئەمەریکا زیاتر دەکات، بەلام ئەو باڵا دەستییەی کە ئەمەریکا دەیەوێ، راستە وخۆ لە خزمەتی باشتر رێکخستنەوەی دنیاشدایە، هەموو ئەو کارانەی ئەمڕۆ ئەمەریکا دەیکات دژ بە تیرۆر، هەقن، راستن، مرۆیین و ئێمەش دەبێ لەگەڵیدا بین، ئەمە زۆر جیاوازە لە تیرۆری ئیسرائیلییەکان بەرانبەر بە فەلەستین. ئەنجا خۆ تیرۆر لەسەر ئێمەش هەیە، خودی گەلی کورد؛ باشترین و بەبەزەییترین نموونەی تیرۆر بووە لە ناوچەکەدا دوای شەڕی دووەمی جیهانی، هەر بۆیە یەکەمین تەدەخولی ئینسانی کە ئەمەریکا و ئەوروپا کردیان، لەم دنیایەدا بە ئێمەیان دەست پێکرد، واتە بەگەلی کورد. بۆیە دەبێ ئێمە و تێکڕای لایەنی دنیا دوو تێڕوانینمان هەبێ؛ تێڕوانینێکی مرۆیی لەگەڵ پێشکەوتنی هەموو دنیا و چاپێداخشاندنەوەی پەیوەندییەکان لە خزمەتی پێشکەوتن دابین.

دووهەمیش پراگماتییانە سەیری گۆڕانکارییەکان بکەین، بەمەفهومە مرۆییەکەی و بە شێوەی بەرژەوەندیی ئێمە، مەسەلەی جیهانگیری و شارستانییەت و گەلانی چەوساوە و ئەوانەی کە دەبنە قوربانی بۆ تیرۆر هیچ ناکۆکییەکیان لەگەڵ جیهانگیری و کێشەی شارستانیەتەکان نییە، ئێمەی گەلانی رۆژهەڵات بریتی نین لەو تابلۆیەی کە بن لادن و سیستەمی تیرۆر لە ناوچەکە چ بەفکر چ بە کردەوە دەیخەنەڕوو . ئەوەی دەکری بە ناوی ئیسلام دەکرێ و غەدرێکی زۆر لە ئیسلام و لە کلتووری مرۆیی ناوچەکەی ئێمە دەکرێت. ئێمە کاریگەریەکی زۆرمان نییە لەسەر ئەوەی کە ئەمەریکا و ئەوروپا چی بەسەر دنیا و پەیوەندییەکانی دێنن، بە دڵنیاییەوە بەرژەوەندیی ئەوان لە پێشەوەیە و بەستراوەتەوە بە بەشێکی زۆری بەرژەوەندیی مرۆڤایەتیش، بەڵام ئەوەی بەناوی ئیسلام دەکرێ ئایا کلتووری ئێمەیە، ئایا ئەوە کلتووری ئیسلامە؟ ئەگەر وابێ ئایا دەبێ لەم جەنگەدا کلتووری رۆژهەڵات بە ئیسلامیشەوە بیدۆڕێنێ؟

پێویستە ئەم مەسەلەیە روون بکرێتەوە و رای گشتی ناوچەکەی ئێمە بکەوێتە پشتیوانیکردنی ئەو رەوتەی کە رەفزی تیرۆر دەکات، دەبێ روونی بکەینەوە کە ئەمە تعبیر لە ناوچەکەی ئێمە ناکات و بە تێکڕا تەعبیر لە ئایینی ئیسلام ناکات، ئەمەریکا ئێستا لەم مەسەلەیەدا داکۆکی لە مەسەلەیەکی مرۆیی دەکات، داکۆکی لە خۆی دەکات و ئەم کردەوە نێودەوڵەتیەش هەرچیی لێ بێتەوە دیارە لە بەرژەوەندی گەلانی ناوچەکە دایە، جگە لەوەی کە ئەوان بە دوای هەقی خۆشیان دەکەون.

**سەلاح بەدرەدین:** سەدەی ٢٠ هەمووی هەر شەڕ بووە، لە شەڕی جیهانی و ڤێتنام و کوریادا بە ملیۆنان کەس کوژران، ساڵەکانی دوایی سەدەی ٢٠ دیاردەی تیرۆر پتر سەریهەڵدا، باشە ئەمە چییە؟ بێگومان نەمانی یەکێتی سۆڤییەت و هەندێ گۆڕانکاریی دیکە گرفتێکی سیاسی، ئابووری و رۆشنبیریی دروست کرد کە ئێستا لەناو مرۆڤایەتیدایە، تا ئێستا مەسەلەی میللەتان بە تەواوەتی چارەسەر نەبووە، لە دیموکراسی و مافی مرۆڤ و هەژاری و.. هەر تەنیا جەمسەرێک بەرپرسیار نییە، بەڵکو بەرپرسیارییەکە هاوبەشە لە نێوان هەموو حزب و دەسەڵات و وڵاتی جیهاندا. کە شەڕی سارد نەما و جەمسەرێک پەیدابوو، هەموومان بڕوامان کرد کە شتێکی تازە هاتۆتە جیهانەوە، تەدەخولی مرۆیی پێکهات، لە بەرامبەری ئەم بیروبڕوایەدا هەندێ هێز و لایەنی دیکە هەبوون کە دژی رادەوەستان، ئەوانیش وەک پاشماوەی رژێمی دیکتاتۆری و بونیادگەرا و ئیسلامی سیاسی و ئەوانەی کە بەرژەوەندیان لەگەڵ گۆڕانکارییەکەدا یەکی نەدەگرت دژی راوەستان و دەستیان دایە

www.kurdistannet.org

تیرۆر و.. کە ئەمەش خزمەتی مەسەلەی ئازادی ناکات. بۆ وێنە تیرۆر زیانی بە مەسەلەی فەلەستین گەیاند و لەوانەیە بۆ ٢٠ ساڵ دوای بخات. پێموایە رۆژی ١١ی ئەم مانگە وەکو مێژوویێک دادەنرێ کە دەبێتە هۆی قۆناغێکی نوێ لە جیهاندا و سیستەمی جیهانی بە رێکوپێکی گەشە دەکات .

**مەهدی خۆشناو:** رەنگە ئەوە خەلفیەتێکی هەبێ بەتایبەتی ئەم چەند ساڵەی دوایی کە چەند ئیرهابێک بە دەستی هەندێ گروپی بەناو ئیسلامی کرابن. لەناو میللەتاندا رۆمانسیەت و توندرۆیی سەردەمی بەسەرچووە، بەڵام رەنگە لە ناو هەندێ رەوتی توندڕۆی ئیسلامی مابێ.هەر ئەو ئەفغانستانەی ئەمرۆکە ناوی لەناو ناوانە و رەنگە هەدەفی یەکەمی لێکدانەکە بێ، ئەی هەر ئەو ئەفغانستانە نەبوو کە یەکێتی سۆڤییەت هەوڵی دەدا بیکاتە شوورەیەک بە دەوری خۆیدا؛ ئەو کاتەی شەڕی سارد هەبوو دوو جەمسەرەکە هەبوون و بەرژەوەندییەکان یەکی نەدەگرتەوە، بەڵام ئێستا کە بە تەنیا ئەمەریکا ماوە، پێموایە ئەمەریکا بە جۆرێک ئەو برینە قوڵەی پێ خۆش بوو، ئێستا لاپەڕەیەکی تازە دەکاتەوە بەشێوەیەکی دیکە کە ئامانجەکانی خۆی مسۆگەر دەکات؛ لێت دەپرسێ تۆ دژی تیرۆری یان لەگەڵی دای؟ خۆ ناکرێ بڵێی لەگەڵ تیرۆرم، ئەوروپا قەد لەگەڵ تیرۆر نەبوو، بەڵام دەوڵەتێکی وەکو روسیا بە کۆمەڵێ خۆپارێزییەوە دەڵێ دژی تیرۆرم، دەوڵەتێکی وەکو ئێران نایەوێ ئەمەریکا لە خۆی هار بکات ناچار دەڵێ دژی تیرۆرم، بەڵام مەرج وەکو سیستەم دژی تیرۆر بێ.

دەوڵەت هەیە دێ تیرۆرت دەکا، وەکو کاک سەلاح گوتی ئیسلام دوورە لە تیرۆر، بەڵام کەسێک بەناوی ئیسلام دێ تیرۆرت دەکات، وەک کاک سەرۆ گوتی: ئێمە قوربانی یەکەمین تیرۆربووین وەک تیرۆری دەوڵەت و تیرۆری ئیسلامی سیاسیش، کە هەڕەشە لە ئەزموونەکەمان دەکات.

**ئازا حەسیب:** تەحلیل لەسەر مەسەلەکە زۆرە، بێگومان تەفسیری کەسێک لە دۆمای روسیادا جۆرێک دەبێ و هی کەسێکی تریش لە ناو ئەمەریکادا جۆرێکی دیکە و میدیاکانی عەرەبیش بەجۆرێکی دیکەن. بۆ ئەوەی کە بۆچی مەسەلەکە نووساوە بە ئیسلامەوە، ئێمە با تۆزێک بە عەقڵی ئەوان بیر بکەینەوە، ئەوان چۆن سەیری کلتووری ئێمە دەکەن، تێگەیشتنی ئەوان بۆ چەمکەکان لەلای ئێمە، بۆ نموونە چەمکی شەهادەت، کابرایەکی ئەورووپی کە ٥٠٠ ساڵە لەسەر کلتوورێک دەژی کە دەڵێ ئینسان نابێ بمرێ دەبێ بژی بۆ هەر مەبەستێک بێ نابێ بمرێ، کاتێ بیر دەکاتەوە کە چەمکێک هەیە لە کۆمەڵگای ئیسلامی لە رۆژهەڵاتدا کە ناوی شەهادەتە و تۆ هەموو کاتێک پرۆژەیت بۆ خۆ کوژی، بۆ کوشتن لە پێناوی شتێکدا، ئەوە بەلای ئەوەوە ئیستیعاب ناکرێ، بۆیە دەست دەخەنە سەر ئەو شوێنانەی کە ئەم چەمکانەیان تێدایە و دەڵێن تۆقاندن لەوێوە سەرچاوە دەگرێ.خۆشمان زۆرجار بووینەتە هۆی ئەوەی کەوا لێمان تێبگەن. ئەوان لەم کلتوورەدا داخراوە دەترسن.

هەروەها بە کردەوەش تەواوی ئەو شتانەی لە ماوەی ١٠ ساڵی رابردوودا روویان داوە، گرووپە ئیسلامییەکان لە ئەستۆیان گرتووە، یان خراوەتە ئەستۆیانەوە.

نەک هەر ئەوەندە، ئەگەر دیقەت بدەن لە میدیاکانی دنیا و وڵاتانی عەرەبیدا لەم چەند ساڵەدا، چەندین دیمانەی تەلەفزیۆنی کراوەو ئەوانەی رابەری بزووتنەوە ئیسلامیەکانن بەتایبەت ئەوانەی کە مەیلی سیاسییان هەیە، هەموومان گوێمان لێیان بووە کە چۆن باسی ئەو چێژو بالایەتیە دەکەن کە دەبێ بکرێ. تەنانەت لە دیمانەی یەکێ لەوانەی جەزائیردا پاساوی بۆ سەربڕینی منداڵی گوندەکانی جەزائیر دەهێنایەوەو دەیگوت ئەوە بە پێی شەرع و بە پێی فلان ئایەت رەوایە.

ئەم کلتورەش کە دەچێتە میدیاکانەوە و خەڵکی ئەوروپا بەردەوام دەیبیستێ و لەم رووداوەشدا شیرینی دەبەشنەوە بۆ کوشتنی خەڵک، کەواتا نابێ چاوەڕێ بین ئەوان ئاراستەی دیدو تۆمەتبارکردنیان بۆ شوێنێکی دیکە بەرن. ئەگەر ئیسلامی سیاسی لەماوەی ساڵانی رابردوودا بە هەموو ئەو کارە تیرۆریستیانەیەوە مەبەستی بووبێ شکۆی ئەمەریکا بشکێنێ، بە قەناعەتی من بەم کارەی کە کردیان و بە هەموو تیرۆرەکانی دیکەشیانەوە خزمەتێکی یەکجار زۆری ئەمەریکایان کرد،

www.kurdistannet.org

هەروەکو چۆن داگیرکردنی کوێت خزمەتی شکۆ و دەسەڵاتی ئەمەریکای کرد لە ناوچەکەدا.
لێکۆڵەرەکان پێش یەک مانگ دەیانگوت سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە فەشەلدایە. کەچی ئەم تیرۆرە هات خزمەتی کرد و هەموو ناکۆکییەکانی ئەمەریکای لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپیدا خستە پلەی دووەمەوە. تیرۆر هاوسۆزی بۆ مەسەلەی گەلان دروست ناکات و خراپتری کردوون.

**سەرۆ قادر:** بەنسبەت ئەو سیستەمی نوێیەی کە بەشەڕی دووەمی کەنداو دەستی پێکرد، ماوەی دە ساڵە گۆڕانکارییەکی زۆری بە سەر دنیادا هێناوە کە لە کوردستانەوە دەستی پێکرد و ئەوروپای ڕۆژهەڵاتیشی گرتووەوە، کۆمەڵێ گۆڕانکاری گەورە کران کە نیوەچڵ مابوونەوە، دیکتاتۆری بە تەواوی جێی خۆی چۆڵ نەکردبوو، ڕای دنیاش خەریکبوو دەکەوتە شکەوە کە لەوانەیە ڕاستییەکە هەمووی بەلای سیستەمی نوێی جیهانیەوەنەبێ و لەوانەیە نیسبەتێکیش بۆ ئەو بەرەنگاری و موقاوەمەتە هەبێ کە بمانەوێ و نەمانەوێ توندڕۆکان و موفەکرینی ئیسلامی (مەبەستم ئایینی ئیسلام نیە) ئاراستەی دەکەن. ئەم گۆڕانکارییەی ئێستا، کە دەست پێدەکات گۆڕانکارییەکی زۆر گەورە دەبێ و تەواوکەری ئەوەی سەرەتای سیستەمی نوێی دنیایە و تەنانەت کۆمەڵێ پەیوەندی گۆڕانکاری لە جوگرافیای سیاسی لە ناوچەکەدا، لە جۆری مامەڵە لەگەڵ ڕژێمەکانی ناوچەکە، لە جۆری بەرنامەدانان بۆ گۆڕینی ئەو ڕژێمانەی کەوا دیکتاتۆرن و لە هەڵکەندنی ئەو ناوەندە فکری و ئابووری و سەربازییانەی کەوا ئاسانکاری بۆ تیرۆر دەکەن، هەموو گۆڕانکاریی بەسەردا دێ، گۆڕانکاری بەسەر مەفاهیمی مرۆییدا دێت بۆ دەخالەت کردن لە مافی مرۆڤ و مافی گەلان. بۆیە دەبێ ئێمە چاوەڕێی گۆڕانکاری بکەین. سەبارەت بە فەلەستینیش، ئەمەریکا ناتوانێ وەک جاران سەیری بکات کە بە چاوی خەڵکی دنیاوە قەتڵو عام بکرێن؛ چونکە توندڕەویی لە ناوچەکەمان و دۆگمایی وڵاتانی عەرەبی بە پلەی یەک بوون بە بەڵگە، بۆ ئەوەی کە ئیسرائیل بەم شێوەی ئێستا بتوانێ هەڵسوکەوت بکات. پێموایە ئەم شەڕە شەڕێکی گەورە نابێ و، زۆر بە ئاسانی ئەوەی پێی دەوترێ ئەفغانستان و تاڵیبان (ئەگەر هۆکاری پاکستانی و ڕوسی تەدەخول نەکەن) دەستی بەسەرداگیرێ. ئێمە دەتوانین ئەوە بێنینە پێش چاوی خۆمان کە بن لادن یان بە کوژراوی یان بەدەست بەستراوی لە دەستی پۆلیسی ئەمەریکی و نێودەوڵەتیدا دەبینرێ، چۆن میلۆسۆڤیچ بەزەلیلی لەبەردەم دادگای نێودەوڵەتیە، پێموایە زۆر ئاساییە کە چەند ڕۆژ و چەند هەفتەیەکی دیکە بن لادن[نەک هەر بن لادن ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە سەرانی توندڕۆیی کە بە تەعبیری ئێستای نێودەوڵەتی بە تیرۆریست حیساب دەکرێن] تەسلیم دەکرێن. بەڵام وەکو چۆن ساڵی ١٩٩٨ ڕاگەیەندرا کە ئەوانەی بەشداربوونە لە کۆکوژی لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپادا دەبێ بکەونە بەردەمی دادگاو ئێمە لە ساڵی ٢٠٠١ دا، دیتمان یەک بەیەک گیران و درانە دادگا، ئاواش هەندێک لەوانە جێگایان بۆ نامێنێتەوەو خۆیان تەسلیم دەکەن.
پێموایە ئەم ناوچەیەی ئێمە زۆر لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا لاوازترە ئینجا ئەمە کاریگەرییەکی دیکەشی دەبێ و ئەویش ئەوەیە کە توندڕۆیی لە ناوچەکەی ئێمەدا فکرییەن دەکەوێتە ژێر پرسیار. لای ڕۆشنبیران و لای ئەو کەسانەی کە لە لایەنگیری فیکری توندڕۆیین. بۆ نمونە زۆر شتی گاڵتەجار هەیە، دەبینین لە کۆمەڵگای کوردەواریدا کەسانێک هەن دوعا بۆ دەرچوونی ئەو تیرۆریستانە دەکەن و شانازیان پێوە دەکەن کە ئەم تاوانە نێودەوڵەتییەیان کردووە. ئێمە دەبینین لە کۆمەڵی کوردەواریدا بوار بۆ دەربڕینی ڕا و یەکتر خوێندنەوەو یەکتر قەبوڵکردن هەیە، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەم گۆڕانکاریانە هەروەکو چۆن هەموو خەڵکی وڵاتی ئێمە بەرامبەر بەو ڕژێمەی کوردستانی داگیر کردبوو وبەو پەیوەندییانەی کە کوردستانی لە ناوچەکە ئەسیر کردبوو، کەوتنە دووبارە بیرکرنەوە چاوپێداخشاندنەوەی سەر لە نوێ، هەر ئەم خەڵکانەی سەرشەقام سەرانی فکری توندڕۆیی بەناوی ئایین و غیری ئایین بێت، دەخەنەوە ژێر پرسیار.
هەروەکو چۆن دوای داڕمانی (یەکێتی سۆڤییەتی) و ئەوروپای ڕۆژهەڵات، هەموو فیکری شیوعی

www.kurdistannet.org

کەوتەوە ژێر پرسیار و، ئێستاکە دەبینی هیچ کێشێکی لە هاوسەنگیی نێودەوڵەتیدا نییە، بۆیە پێمـوایە دەبێ زۆر ئاسایی بێت کە ئێمـە چاوەڕێی گۆڕانکاری لە پەیوەندی نێودەوڵەتی زۆر خێراتر لەوەی دوای ساڵی ١٩٩١بکەین بە نسبەت گەلی کورد. ئەگەر قۆناغی یەکەمی هەنگاونان، یان چەسپانی سیستەمی نوێی جیهانی بەشێک لە کوردستانی ئازادکرد، ئێستا ئەم تەکانەی کەبەناوچەکەی ئێمەی دەدەن، درزێکی یەکجار زۆر فراوانتر دروست دەکات و مەسەلەی کورد پتر جاران دێتە سەرمێزو، پێموایە هیچ لەو وڵاتانەی کەوا کوردیان بەسەردا دابەشکراوە بەدەر نین لە وڵاتانەی کە بە تیرۆر تاوانبار دەکرێن. کەواتا ناوچەکەی ئێمە لەناو جەرگەی ئەم گۆڕانکارییەدایە کەوا باس دەکرێت. لەوانەیە ئێمە لەڕووی سیاسییەوە دەستمان بەستراببێت و نەتوانین باسی وڵاتێک بکەین، بەڵام یەک یەکی ئەو وڵاتانەی کەوا کوردی تێدا دەژیت، هەر هەمووویان لە دۆسیەی گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییەدان؛ چ وەکو سیستەم، چ وەکو تەدەخولی نێودەوڵەتی و، ئەوەی جێی خۆشبەختییە ئەوەیەکە میللەتی کورد لە هیچ یەک لەو دۆسیانەدا بە یەکێک لە خاڵەکانی تیرۆر حیساب ناکرێت و ئەمە سەربەرزییەکی یەکجار گەورەیە کە تەنانەت P.K.K ش لەم بارودۆخەی ئێستادا، لەلیستی سەرەوەی تیرۆردا نییە، لەوانەی کە سیستەمی نوێ داوایان دەکات.
گۆڕانکارییەکان، گۆڕانکارییەکی مرۆیی دەبن و لە خزمەت ململانێ و کێشەی نێوان کلتورەکانیشدا دەبێت. ئەم لەرزینە رۆژهەڵات ناچار دەکات جارێکی دیکە بە دیقەتەوە تەماشای ئەو لافیتانە بکاتەوە، کە ئایا تەعبیر لە بەرژەوەندی مێژوویی، مرۆیی و کلتووریی ئێمە دەکەن، یان نا؟ پێموایە کە ئەمەریکا نابێ بەو کەڵگایە نێودەوڵەتییەی کە بتوانێ غەدر بکات؛ چونکە بەم رووداوە دەرکەوت کە دەبێ ئەمەریکا و ئەورووپاش چاوێک بە پەیوەندییەکانیاندا بخشێننەوە بە جۆرێک کە لانی کەم خۆیان لە ئازار بە دوور بگرن. ئەم توندوتیژییەی کە ئەمەریکا بەخۆپارێزییەوە تەماشای دەکرد، لە کۆتاییدا ئاگری لەناو ماڵی ئەمەریکا بەردا، کەواتا ئەمەریکا بۆئەوەی خۆی بپارێزیت، ناتوانێت چیدیکە تەحەمولی گڕکانی ئاگر لەوێ بکات. دەبێت دنیایێکی ئارام و پڕ لەتەناهی هەبێت تا ئەمەریکا و ئەورووپایەکی پڕ لە تەناهی تێدا بێت. ئەم دنیا پڕ لە تەناهییە، ئێمەو گەلانی وەکو ئێمەشی تێدا دەبێت. پێموایە تەدەخول بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ، سیستەمی کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە. پێش ئەم رووداوە کۆنگرەی دۆربان هەبوو کە باس تەنیا باسی گەلان نەبوو، باسی گەلان لەسەر سەرەوە بوو و باس لە مافی مرۆڤ لە مافی منداڵ لە مافی رەنگەکانی مرۆڤ دەکراو،ئەوانە هەمووویان خاڵەکانی ئەو پێداچوونەوە نێودەوڵەتییەن، کە هەر هەموو دنیا تێدا بەشدار دەبێت. ئەمەریکا کارێکی زۆر عاقڵانە دەکات کە بە پەلە بۆ مەسەلەکە ناچێت و بیر لە تۆڵەستاندنەوەی خێرا ناکات، بەڵکو لەگەڵ ئەورووپادا پرۆژەیەکی گەورەیان پێیەو دەیانەوێت نەفەسی تۆڵەستاندنەوە لەلایەک دابنێن.
**سەلاح بەدرەدین:** من سەدی سەد لەگەڵ ئەو بۆچوونانەی کاک سەرۆ دام؛ منیش وەکو مرۆڤێکی کورد چاوەڕوانی ئەو گۆڕانکارییە دەکەم. لای ئەمەریکا و ئەورووپا(٣٢) رێکخراو لەلیستی تیرۆردان، کە بەشێوەی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ پەیوەندییان بەم سێ دەوڵەتەوە هەیە کە کوردیان تێدا دوژییەت؛ ئەمە بۆ کورد زۆر گرنگە. ئەمە راستییەکەو کورد لێی بەرپرسیار نییە. بۆیە پێویستە ئێمەش پشتگیری خۆمان بۆ ئیئتیلافە نێودەوڵەتییە دەرببڕین.هەموو وڵاتان جگە لە عێراق(کە ئەویش کەمێک نیگەرانی پێشانداوە) گوتویانە ئێمە دژی تیرۆرین، تەنانەت راگەیاندنی ئەو وڵاتانە ئیشارە بۆ کورد دەکەن کەوا تیرۆر لای ئێمەش هەیە، رێکخراوە تیرۆرییەکان لای ئێمەش هەن، مەبەستی ئەوان بەشێکیان کوردن، باشە بۆ وەکو وڵاتان دەنگمان لە دژی تیرۆر راناگەیەنین؟ ئەگەرنا ئێمە لەو کارەساتەدا دەبین بە تیرۆریست. بۆیە من دژەتیرۆرم پێ کارێکی باشە. هەندێ شتم خوێندوە کەپێش لێدانی ئەمەریکا هەندێ راپۆرت نوسراوە سەبارەت بە ئیدارەی تازە لەدوا راپۆرتدا هاتووە داوا لە ئیدارەی ئەمەریکی دەکەن کەتا ئێستا(حەساسیە) هەیە بەرامبەر مەسەلەی نەتەوەیی لە رۆژهەلاتی

www.kurdistannet.org

ناوەڕاست و لەهەموو دنیا تەنیا باسکردنی مەسەلەی نەتەوەی لەگەڵ ئەمەریکادا ئەوان خۆیان بە دوور دەگرت، ڕەخنەدەگرن و دەڵێن مەسەلەی نەتەوەیی مەسەلەیەکی یاسایی و شەرعی و بابەتیی گرێدراوی مافی مرۆڤەو بەپێچەوانەوەی نییە. بۆچی ئەمەریکا چاوی خۆی لەم ڕاستیە دەگرێ و پێویستە بەچاوی خۆی ئەو ڕاستیانە ببینێ، کە کورد ژمارەیەکن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ئەمە ڕاپۆرتی ئەوانە، کە کورد بوون بە ژمارەیەک و لە جێگایەکی ستراتیژینە ئێمە دەتوانین بەرژەوەندی ئێمەو کوردستانی عێراق لەچوارچێوەی فیدرالیەتدا لـێدانێک نین، بۆ ئەمەریکا ئەو ڕاستیە تێناگات ئەوانە هەمووی لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە.

پێموایە کە ئێستا کورد شانسی ئەوەی هەیە ئەمەریکا ئەو ڕاستیانە ببنێ، ئەمەریکا کە ئێستا هێزێکی گەورەی جیهانە، ئێمە وەکو کورد پێویستە واز لە مەسەلە ئایدیۆلۆژییەکان بێنین و، پێویستە بەڕاستی و دروستی پشتیوانی ئەو دورشمانەی ئەمەریکا بین، کە مافی مرۆڤ و دیموکراتین و، لەبیروباوەڕەکانی ئێمەشن؛ چونکە نە ئەوروپا و نە ئەمەریکا ئەوە بۆ دە ساڵ دەچێت، جگە لە پشتیوانی تەواوی کورد و کێشەکەی هیچ زیانێکیان بۆ ئێمە نەبووە. بۆیە پێویستە سەرکردایەتی سیاسی کورد دوا نەکەوێ و هەڵوێست وەرگرێ. چونکە مێژوو هەمووی وایە کاتێکی ناسکە با لەدەست نەچێ و تاکەی ئێمە دەبێ ئەو دەرفەتانە لەدەست بدەین.

**مەهدی خۆشناو:** بەداخەوە کورد هەمیشە بەوە ناسراوە کە لە دوای گۆڕانکارییە هیچ کات لەگەڵ گۆڕان نەبووەو نەیتوانیوە ڕووبەڕوویان ببێتەوە، ئێستاش ئەو بەیانەی کە بەڕێزەوە لەلایەن پارتی و یەکێتی دەرچووە هەڵوێستێکی ڕەسمی بوو، بەڵام دەکرێ ئەکتیڤترو فراوانتر بکرێ ڕەنگە هەندێک هاوکێشەی سیاسی هەبێ لە ناوەوەی عێراق بۆ دەرەوە دەکرێ و ڕەچاوی هەندێ بەرژەوەندی بکرێت، بەڵام دەشکرێ لەسەر ئاستی گەل و ڕێکخراوەکان هەڵوێستێک دیار بکرێت. وەکو برادەران گوتیان منیش دەڵێم چۆن شەڕی کەنداو لەبەرژەوەندی ئێمە بوو و سیستەمی نوێی دنیا لەسەر میللەتی ئێمە جێبەجێکرا(کە ئەوە دەستکەوتێکی زۆر گەورەو باش بوو) ئێستاش ئێمە لە سایەی ئەو سیستەم و دەستکەوتەداین. پێموایە ئەمە خوێندنەوەی ڕووداوەکانەو ئێستاش بۆ قۆناغی دووەم، یان قۆناغێکی باشتر مەسەلەی کورد دەگاتە ئەنجامێکی باش چ لە کوردستانی ئازادو چ لە بەشەکانی دیکەی کوردستان کە قازانج دەکات، قەرزێکی ئەوروپاو ئەمەریکایە با ئەو تەمە لەسەر کورد هەڵبگرن کە ساڵەهای ساڵە لێی بێدەنگ بوونە و دەرفەتێکیشە؛ چونکە عەقلی مەدەنیەتی کورد و عەقلی سیاسی کورد لەگەڵ نەزمی سیاسەتی دونیادا دەگونجێ و قبوڵی ئەو سیستەمە دەکات و مێژووی کورد کە پاک و بەدوورە لە مەسەلەی تیرۆر و وەکو میللەتێک بڕوای بەوە هەیە. هەروەها لە ئەزموونی ئەم دە ساڵەش کە کورد زۆر باش ئیدارەی خۆی کرد ڕەنگە بیانەوێت نموونەیەک لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات لە کوردستان دروست بکەن، ڕەنگە ئەو کاردانەوە لەسەر کۆمەڵێک بنەماو لێکدانەوە بێت، بەشێوەیەکی گشتی ئەو هەڕەشەی ئەمەریکا کردی، ڕەنگە ئەمەریکا نەیەوێت خۆی تووشی گێژاوێک بکات، بەگشتی ڕەنگە بیانەوێت کێشەکانی ئەو وڵاتانە لەپاڵ مەسەلەی تیرۆرەوە چارەسەر بکەن. ڕەنگە ئەو بارودۆخە بە قازانجی فەلەستینیەکان نەبێت، بەڵام ڕەنگە بەشێوەیەک لەشێوەکان کۆتایی پێ بێنن، پێموایە کورد لەم بارودۆخە قازانج دەکات . گرووپە سیاسیەکانیش زەبرێکی زۆر کوشندەیان بەئیسلام گەیاند هەر چەند ئیسلام وەک ئایینێکی زیندوو دەمێنێ.

**ئازا حەسیب:** ئێمە چەند ئامادەین ئەو کولتورەی کە حساب دەکرێ بەکولتورێکی داخراو، بیگۆڕین بۆ کولتورێکی کراوە بۆ خۆمان. پێموایە دیپلۆماسیەتی سیاسیی کوردیش لەماوەی دە ساڵی ڕابردوودا بەلای کەمەوە سەلماندوویەتی کە میللەتێکی کراوەیە، ئەمەش بۆ خۆی یەکێکە لە بەرهەمە هەرە سەرەکییەکانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد کە بزوتنەوەیەکی دیموکراتخوازبووە لە بنەڕەتدا ئێمە سەرچاوەی جولانەوەکەمان سەرچاوەیەک نەبووە بۆ خۆ

www.kurdistannet.org

داخستن، بەڵکو دەتوانین وەک گەلێکی زیندوو مامەڵە لەگەڵ کرانەوەی دنیادا بکەین. قازانجی دووەمی ئەویە کە لەهەر شوێنێک سەرچاوەو بنکەکانی تیرۆر لەناو ببرێن بە قازانجی گەلێکی وەکو ئێمەیە کە لەهەوڵی هێنانەکایەی دیموکراتیەت و مەدەنیەت و خۆنوێکردنەوە داین. حاڵەتی سێیەم لەم رووداوەی١١,٩ دا، دوو لایەن سەرەکی هەن و دەکرێ ئاوا خوێندنەوەکان هەبێت. لایەنێکیان ئەمەریکایە کە راستەوخۆ تەقینەوەکەی تێدا روویداوە و لایەنەکەی دیکەشیان زۆر لە ئەمەریکا فراوانترە و ژیانە لەسەر ئەرز، پرسیاری سەرەکی ئەوەیە تۆ وەک مرۆڤ دەتوانی لە دنیادا بژی هەموو دەقەیەک چاوەڕێ بکەی شتێک لە ئاسمانەوە بکەوێتە بەسەرت و بتەقیتەوە؟

پێموایە هەر هەموومان لەبەردەمی ئاستی وڵامدانەوەین بۆ ئەو پرسیارە و ئەمە هەر لە رای گشتی سەرچاوەوە دەگرێتەوە تا بەسەرکردایەتی سیاسی کورد. دەبێت وەڵامی بدەینەوە. ئەمە پرسیارە سەرەکییەکەی بەردەمی سەرکردایەتی سیاسی کوردە و لەبەردەمی هەموو رێکخراوە مەدەنیەکاندایە، کە یەکێکیان مامۆستا هەر هیچ نەبێ تەمسیلی دەکات وەکو یەکێتی نووسەرانی کورد و وەک دەزگایەکی راگەیاندن ئەمە پرسیارە لەبەردەمی هەمووماندا و، لێرەشەوە دەبێت هەڵوێست وەربگرین؛ کێشە تەنیا پەیوەندی نییە بە ئەمەریکا کە بڵێین دەرگایەکمان کردۆتەوە بۆ ئەوەی بەرگری لە ئەمەریکاو سیاسەتەکانی بکەین، بەڵکو بەرگرییە لە ژیان ، بژین یا نەژین؟

ئاخۆ ئەمەریکا دەچێت و پەلاماری ئەفغانستان دەدات تەواو، ئەگەر وابوایە بەبۆچوونی من لە دووەم رۆژی رووداوەکەدا ئەمەریکا بەهەموو توانایەک لە ئەفغانستانی دەدا، بەڵام بەبۆچوونی من ئەمە نەوەک ئەوانەی رۆژهەڵاتی ئەورووپایە و نەوەکو یۆگسلاڤیا، واتا بڵێین وڵاتێک هەیە، سنورێکی هەیە و هێزێکی چەکدار تا بچێت شەڕی لەگەڵدا بکات وتاوانبارەکان بگرێ و بیانباتە بەردەمی دادگا. بەبۆچوونی من تیرۆر وانیە؛ تیرۆر جوگرافیای نییە و کێشەکەش لێرەدایە، نایناسیت ونابینرێ. ئەمەریکا بەهەموو توانا دیپلۆماسییەکانی خۆیەوە هەتا بە هەڕەشەو گوڕەشە خەریکی ئەوەیە زۆرترین ریزبەندی لەدنیادا دروست بکات لە دژی تیرۆر. تا ئەو وڵاتانە بەشداری بکەن وبەشداری کردنی ئەو وڵاتانە بەوە نیە کە وەکو شەڕی کوێت سەربازی خۆیان بنێرن بۆ ئەفغانستان، نەخێر بەپێچەوانەوە دەبێ هێزی ئاسایش و هێزی سوپای ئەو وڵاتانە پەلاماری ئەو مەڵبەندانە بدەن کە ئەمەریکا بۆیان دیاری دەکات و، لە لەناو وڵاتەکانی خۆیاندایە، ئەوەتا شلە میسرو لە ئوردن و لە کەنداو لە سعودیە، دەبێ پەلاماری ئەوانە بدەن ئەگەر نەیدەن پێموایە ئەو دەقیقەیەی شەڕ لە ئەفغانستان دەست پێ بکات کۆمەڵێک تەقینەوە لە زۆرجێی وڵاتاندا بەدوای یەکدا دەست پێدەکات لە شوێنە گشتییەکاندا، چونکە ئەمانە دابەشکراون ئەمانە رادەیەک و تۆڕێکی جاڵجاڵۆکەی یەکجار گەورەن کە پێیان دەکرێ لەهەر شوێنێک برێک (TNT) بتەقینەوە. دەبێت دەوڵەتەکان وەک حکومەت بەشداربن بۆ ئەوەی لە مەڵبەندە ناوخۆییەکانی خۆیان بدەن نەک بۆ ئەوەی بچنە ناو جەنگەکەوە بەمانایەکی دیکە، لەم حاڵەتەدا منیش راوبۆچوونم دەچێتە پاڵ هی ئامادەبووان، کە سەرکردایەتی سیاسی کوردی دەبێت جێگای دیاری هەبێ لەم مەسەلەیەدا بمانەوێ و نەمانەوێ ئێمە بەشێکین لەم دنیایە. ئەگەر کۆمەڵێک ئەگەری ئیقلیمی و هی دیکە هەیە، بەڵام دەستی رێکخراوە مەدەنییەکان دەستی دەزگاکانی دیکە دەبێت کراوەبێت، هەر نەبێ بۆ کۆمەڵێک چالاکی لە ئاستی هەرە نزم و مرۆڤایەتیاندا و بەشداری پرسەی خەڵکی ئەمەریکاو دنیا بکەین.

www.kurdistannet.org

# ئەم یەکدەنگی و یەکڕەنگییە نیگەرانم دەکات

## فەرهاد شاکەلی

بەشێکی زۆری ئەوانەی لە بارەی ڕووداوەکەی ١١ی ئەیلوولەوە دەنووسن، پێیان وایە ئەم ڕۆژە دەبێتە سنووری نێوان دوو سەردەمی جیاواز لە مێژووی مرۆڤایەتیدا. ڕەنگە زۆربەمان لەگەڵ ئەم قسەیەدا هاودەنگ بین، بەڵام کە دەگاتە ئەوەی باوەڕەکە لێک بدەینەوە و لە هۆ و ئەنجامەکانی بکۆڵینەوە، لە یەکدی جیا دەبینەوە و بەشێوەی جیاواز دەیبنین. هەر لێرەیشەوە هەڵوێستی جیاواز لە باسە گرنگەکانی ئەم سەردەمە، کە هەر یەکە بەشێوەیەک بە دەوروبەری ڕووداوەکەدا دەگیرسێتەوە، پەیدا دەبێت و لێکدانەوە و شیکردنەوەی ناهاوتا و ناتەبا دێنە ئاراوە. ئەم ناتەبایی و جیاوازیی هەڵوێست وەرگرتنە تەنیا ئەمڕۆ و ڕووداوەکانی ئەمڕۆ ناگرێتەوە، بەڵکە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بەرەو ڕابردوویش دەگەڕێتەوە و مێژوویش دەکاتە بەشێکی دانەبڕاو و زیندووی دنیای ئەمڕۆ. بەم جۆرە مێژوو نەک تەنیا وەک پاشخان چاوی لێ دەکرێت، بەڵکە وەها گەردان دەکرێت کە لەناو یەکێک لە چوارچێوە زۆرەکانی ئەم سەردەمەدا جێگەی بدرێتێ و بکرێتە بنەڕەتێکی کاریگەر و بڕیاردەر.

ڕوویەکی گرنگ بایەخداری ئەم باسە دەکرێ لە دوو دیاردەدا ببینرێت، یەکەم: هەر لەیەکەم ڕۆژ و یەکەم سەعاتی ڕووداوەکانی نیویۆرک و واشینگتۆنەوە دەمەتەقێ و گفتوگۆ و لێکدانەوە دەستی پێ کرد و بەرە بەرە وای لێ هات کە سەرتاسەری دنیای گرتەوە. ئێستا گۆشەیەکی ئەم سەرزەوییە نەماوە پریشکێکی دەنگدانەوەی ڕووداوەکە یا هەڵوێست لە ڕووداوەکەی بەر نەکەوتبێت؛ دووەم: ئەگەرچی خەڵکێکی یەکجار زۆر و فرەبابەت لە گفتوگۆ و لێکدانەوەدا بەشداری دەکەن، بەڵام تا ڕادەیەکی باش و دڵخۆشکەر لێکدانەوە و شیکردنەوەکان لە ئاست و پلەیەکی بەرز و فکریدا دەکرێن.

تەنانەت خەڵکی ئاساییش کە هەڵوێست وەردەگرن، دیسان ناچارن ڕەنگێکی فکری و فەرهەنگی لە هەڵوێست و قسەکانیان بدەن بۆ ئەوەی بۆچوونەکانیان لەناو باسەکاندا جێی ببێتەوە و مەرجی لایەنی کەمی بەشداربوونیان جێبەجێ کردبێت. ڕەنگە لە هەمووان بێدەربەستتر سیاسەتمەداران بن کە، زۆر جار، قسەی وایان لەدەم دەردەچێت دووره لەهەموو پێوەرێکی ئاوەزکارانە و فکرییەوە. ئەوان هەندێ جار بۆ ڕانانی توانستی دیپلۆماتیکانەی خۆیان بیرە بازاڕی و بێناوەڕۆکەکانی خۆیان بە وشە و دەربڕینی پێچەڵپێچ دەشارنەوە. ئەمەیش هونەرێکە بۆ چاوبەستی خەڵکی سادە.

کە لەم وێنەیە ورد دەبینەوە، یەکسەر بیرمان بۆ ئەوە دەچێت کە ئاست و پلەی ئەم گفتوگۆ و لێکدانەوانە لای کورد چەندە نزم و بێناوەڕۆکە، بەشداریی ڕووناکبیرانی کورد چەندە لاوازە و خیتابی فکری و سیاسییان چەندە شوێنکەوتووی خیتابی سیاسییە و هەر بەو پێیەش چەندە دوورە لە گەوهەر و نرخە فەرهەنگی و شارستانییەکانەوە! بۆ تێگەیشتنی ئەم نەخشە بێڕەنگە، یا یەکڕەنگەی خیتابی ڕۆشنبیرانەی کورد، مرۆڤ ناچار دەبێت پەنا بباتە بەر پرسیاری ئەوەی ئایا سانسۆری سیاسییە کە ناهێڵێ ڕووناکبیران و خاوەنبیران باوەڕ و بیری خۆیان دەرببڕن، یا هەر لێکدانەوە و خیتابی فکری و ڕۆشنبیریی کورد خۆی لەو ئاستەدایە و، هەر چییەکیش دەگوترێت و

www.kurdistannet.org

دەنووسرێت ڕەنگدانەوەی ناوەڕۆکی فەرهەنگەکە خۆیەتی؟

یانزدەی ئەیلوولی ئەمسال ڕۆژی سێشەممە بوو. ڕۆژی هەینییەکەی ئەو حەفتەیە، چواردەی مانگ، لەهەموو ئەورووپادا، لە کارگە و خوێندنگە و بازاڕ و فرۆشگاکان و لەهەموو جێگەکان بۆ پێشاندانی ماتەمینی، سێ دەقیقە ڕاوەستان و بێدەنگی ڕاگەیێنرا. بەڵام سەدان و هەزاران کەس ڕێک لە سەعات دوانزەدا، کە دەبوو ڕاوەستێن و بێدەنگ بن، وەک نیشانەی پرۆتێست و ناڕازیبوون ئەو جێگایانەیان بەجێ هێشت و بەشداریی ئەو سێ دەقیقەیەیان نەکرد. هەندێ لە نووسەران و ڕووناکبیران یا بە گفتوگۆی ڕادیۆیی و تەلەڤیزیۆنی یا بە وتار لە ڕۆژنامەکاندا، هەڵوێستی خۆیان ڕوون کردەوە و ئەم کارەیان بە دووڕوویی و ڕەگەزپەرەستی لەقەڵەم دا. نووسەرێکی ناسراوی سوێدیی وتی: لە جێگای دیکەی دنیا دەیان و سەدانهەزار کەس کوژران و لەناوبران، بەڵام ئەورووپا چارەکە دەقیقەیەکیش ڕێزی نەگرتن وبێدەنگیی ڕانەگەیاند، بۆچی دەبێ ئەم ڕێزگرتنە هەر شایانی مرۆڤی ئەمەریکایی بێت؟ وەک نموونەی گەلانی کە تووشی قڕکردن و جێنۆسایدی هاتوون یەک دوو جارێک کوردیش ناوبرا. من خۆم ئەو ڕۆژە کارم نەدەکرد، بەڵام کاریشم بکردایە، بێگومان، نە ڕادەوەستام و نە بێدەنگ دەبووم.

هەر دوا بە دوای ڕووداوەکەی یانزدەی ئەیلوول شەپۆلێکی گەورە و بەهێزی لێدوان و لێکۆڵینەوە لە دەستگاکانی ڕاگەیاندندا دەستی پێ کرد و ڕووناکبیر و سیاسەتمەدارە ناسراوەکانی دنیا بەشدارییان تێدا کرد. ئیدوارد سەعید، نوعام چۆمسکی، محەمەد حەسەنەین هەیکەل، نۆرمان میلەر، هێنری کیسینجەر، تۆنی بلەیر و شیمۆن پێرێس و دەیان و سەدانی دیکە نموونەی ئەوانەن.

لەماوەی مانگی ڕابوردوودا من بێ ناوبڕ و بە پەرۆشەوە تەماشای ماڵپەڕەکانی کوردستانم کردووە و نووسراو و لێکدانەوەکانیانم خوێندوونەوە و هەوڵم داوە وێنەیەکی بەرین و گشتگری باوەڕ و بۆچوونە جۆراوجۆرەکانم دەست بکەوێ. زۆرم بە لاوە گرنگ بوو بزانم ڕووناکبیرانی کورد چۆن بیر دەکەنەوە و لەم ڕووەوە چییان پێیە بیڵێن. بەڵام هەر زوو بێهومێد بووم و وێنەیەکم هاتە بەرچاو کە تەنیا یەک ڕەنگی پێوەیە، ئەویش ڕەشە. ئەم دەرئەنجامە ئەوە نیشان دەدات کە ژیانی فەرهەنگی و فکری لە کوردستاندا تووشی قەیرانێکی چەند سامناک هاتووە و ڕووناکبیرانی کورد گەیشتوونەتە لێواری هەڵدێرێکی چەند ترسێنەر! ئەوەی لەو ماوەیەدا من بەرچاوم کەوتووە و خوێندوومەتەوە هێندە هاوشێوە و هاودەنگە کە مەگەر پیاوی درۆزن بتوانێت لە یەکدییان هەڵبوێرێ. ئەم یەکدەنگی و یەکڕەنگییە بەڕاستی نیگەرانم دەکات. ئەم یەکدەنگی و یەکڕەنگییە سیستێمە تۆتالیتێر و ڕێژیمە دیکتاتۆرەکانمان دێنێتەوە بیر، کە لە سەرەوە تا خوارێ، هەموو بەیەک دەنگ و بەیەک گەروو، قاز ئاسا، هاواریان دەکرد و هەڵوێستیان دەردەبڕی. بەڵام هەموو کەسێکیش زانیویەتی و دەزانێت ئەو یەکدەنگییەی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان دەنگی تاکە سەرۆک و تاکە پارت بووە، دەنگی کەسانی هەلپەرست و کوڕی ڕۆژ بووە، نەک دەنگی ڕووناکبیرانی ئازادەبیر و بیریارانی مرۆڤدۆست و نرخناس.

تۆ بڵێی لەو کوردستانە پان و بەرینەدا دەنگ و ڕەنگی دیکە نەبن؟ ئەی ئەگەر هەن، لە کوێن و بۆ دەرناکەون؟ ئەم سەردەمە سەردەمی دیواری بەرلین و شەڕی سارد نییە تا بڵێین هەموو دەرگاکان داخراون و هەموو پەنجەرەکان بە قوڕ سواخ دراون. خۆ هیچ نەبێ یەک دوو کەسێک دەیانتوانی دەنگی خۆیان بگەیێننە گۆڤار و ڕۆژنامە و ماڵپەڕ و ڕادیۆکانی دەرەوەی کوردستان. ئەی باس و گفتوگۆکان لەناو ڕووناکبیرانی کوردی دەرەوەدا لە چ پلە و ئاستێکدایە؟

ئەوەی لە ڕۆژنامە و گۆڤار و چاپەمەنییەکانی کوردستاندا دەنووسرێت و لە دەستگاکانی ڕاگەیاندندا پەخش دەکرێت، هێندە هاو ئاهەنگ و تەبایە، هەر دەڵێی بەرهەمی نووسەرە ڕەسمییەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا، یا هەواڵنووسانی ڕادیۆی دەنگی ئەمەریکایە.

www.kurdistannet.org

لێکۆڵەرەوەکان هەر یەک شت دەڵێن. سیاسەتزانان و سیاسەتمەداران و قانوونناسان، ڕووناکبیران و مامۆستایان و ڕۆژنامەنووسان، لەهەر لایەک بن، سلێمانی یا هەولێر، هەر یەک شت دەڵێن، دەڵێی پەرجوویەک (معجزه) ڕووی داوە و بۆ یەکەم جار کورد لەسەر ئەوە ڕێک کەوتوون یەکدەنگ بن، بەڵام نەک بۆ مەسەلەی ڕزگاریی نەتەوایەتیی خۆیان، بەڵکە بۆ پشتگریی ئەمەریکا و ڕۆژاوا!! بۆ دژایەتیکردنی گەلانی چەوساوە و داگیرکراو و پێپەست، بۆ پشتکردنە فەرهەنگ و نەریت و شارستانی و مێژووی خۆیان و ناوچەکەیان!! ئایا ئەمە یەکگرتنێکی نەتەوایەتییە؟ ئایا ئەمە یەکخستنی توانست و وزە و هێزە لەپێناوی ئامانجێکی گەورە و ڕەوادا؟ ئایا ئەمە ستراتیژییەکی نەتەوایەتییە؟ تەکتیکێکی زیرەکانەی سیاسییە؟

هەر یەکسەر دوای ڕووداوەکەی یانزدەی ئەیلوول، کۆمەڵێ باسی گرنگی فکری و سیاسی لە دەستگاکانی ڕاگەیاندنەوە وروژێنران و هەر کەسێک لەلای خۆیەوە هەوڵی داوە بەشدارییان تێدا بکات و بیر و بۆچوونی خۆی پێشکەش بکات. گرنگترینی باسەکان دەکرێ لەم خاڵانەدا کۆبکرێنەوە:

* ئایا تەنیا تاکە کەس و گرۆ و تاقمی سیاسی تیرۆریستن یا دەوڵەتانیش دەکرێ تیرۆریست بن؟

* ئەم شەڕەی ئەمەریکا و ڕۆژاوا دەیکەن، شەڕ، دژی تیرۆریزم یا دژی ئیسلام و گەلانی ڕۆژهەڵات؟ ئەی ئەمە هەڵمەتێکی دیکەی خاچپەرستان نییە؟ ئایا ئەمە شەڕی بەرەی دێموکراسی و شارستانی و ئازادییە دژی تیرۆریزم و تیرۆریستان، یا شەڕی دەوڵەت و سەرکردەی تیرۆریست و فاشیستە دژی ئازادیخوازان و گەلانی بندەست؟!

* ئایا ڕاستە بین لادن و گرۆی ئەلقاعیدە (القاعده) هەڵمەتەکەی سەر نیویۆرک و واشینگتۆنیان ئەنجام داوە یا گرۆ و کەسانی دیکەن و ڕۆژاوا بە زۆر دەیەوێ بەسەر ئەوانیدا بسەپێنێت؟

* ئایا ئەمە سەرەتای جەنگی جیهانگری سێیەمە؟ ئەی ناشێ هاوکاتیش سەرەتای ڕووخان و کەوتنی ئیمپەریالیزمی ئەمەریکی و ڕۆژاوا و سیستەمی سەرمایەداری بێت؟!

* ڕۆڵی ئیسرائیل و جوولەکە لە ڕووداوەکە و لەشەڕەکەدا چییە؟ ئایا ئەمە شەڕی ئیسرائیل نییە کە بە ئەمەریکای سپاردووە و خۆی لە دوورەوە تەماشا دەکات بە هەمووان پێ دەکەنێت؟

* دەبێ هەڵوێستی گەلانی ڕۆژهەڵات و ئیسلامی چی بێت؟ ئایا ئەوەی سەرۆک و پاشاکانیان دەیڵێن قسەی کۆمەڵە خەڵکێکی بەکرێگیراوی ڕۆژاوایە یا دەنگی گەلان خۆیانە؟

* کارکردی ئەم کێشەیە بۆ پێشکەوتنی فکری و فەرهەنگی چییە؟ ئەمە نابێتە هۆی ڕووکردنە ئیسلام وەک بابەتێکی زانستی؟ ئەی نابێتە هۆی ئەوەی بیریاران و ڕێبەرانی ئیسلام بە خۆیان و باوەڕەکانیاندا بچنەوە و بەجۆرێک ئیسلام پێشکەشی بکەن کە ببێتە چەترێک بۆ هەموو چەوساوە و بەشخوراو و بێدەستەڵاتانی دنیا؟!

ئەگەر چی دەستگاکانی ڕاگەیاندن لە ئەورووپا و ئەمەریکا لەسەر بنەڕەتی درۆ و چەواشەکردن و هەڵخەڵەتاندن و فریودان بنیات نراون و پارێزەری تەواوی سیستێمی سەرمایەدارین، دیسانیش پەراوێزێکی باریک و تەسک هەر ماوەتەوە بۆ ئەوەی بتوانن بیکەنە نیشانەی دێمۆکراسی و ئازادیی دەربڕین. ئەم پەراوێزە تەنیا خواستی خۆپێشاندان و چەواشەکردنی ئەوان ڕاینەگرتووە، بەڵکە هێز و گوشاری هەزاران خەڵکی ئازادیخواز و لاوان و ڕووناکبیران و کەسانی دێمۆکراتی ڕاستەقینەیش بۆتە هۆی پاراستن و سوود وەرگرتنیش لێی. لە ژیانی ڕۆژانەی سیاسییشدا دیسان ئەم پەراوێزە هەر هەیە و بەشێوەی کاری پارلەمانی و خۆپێشاندان و سەندیکایی کاری پێ دەکرێت.

لەماوەی مانگی ڕابوردوودا دەیان نووسەر و ڕووناکبیری ڕۆژاوایی دژی ئەمەریکا و سیاسەتی ئەمەریکایان نووسیوە و هەڵمەتی ڕەگەز پەرستی و شەڕی دژی ئیسلام و ئەفغانستانیان مەحکووم کردووە و داوای ئاگربەستیان کردووە. ڕۆژی شەممەی ڕابوردوو، سێزدەی تشرینی یەکەم، لەسەرتاسەری ئەورووپادا خۆپێشاندانی گەورە کرا دژی ئەمەریکا و دژی شەڕ. یەکێک لە دروشمە

www.kurdistannet.org

هەرە درەوشاوەکان« بۆش مرۆڤکوژە» بوو. وێنەی ئەمەریکا ئەگەرچی پێشتریش ئەو وێنە خاوێن و خۆشەویستە نەبووە، نەلای لاوان و نەلای ڕووناکبیرانی مرۆڤدۆست و خەڵکانی دیمۆکرات و ڕاستیپەرستی ڕۆژاوا، بەڵام ئەمڕۆ ئەو وێنەیە زۆر لە جاران ڕەشتر و دزێوترە. سەرسووڕهێنەر ئەوەیە کە لە کوردستان، ئەمەریکا وەک پارێزەری نرخەکانی ئازادی و چاکە و ڕاستی پێشکەش دەکرێت. دەستگاکانی ڕاگەیاندنی هێندە بە پەرۆشەوەن بۆ پێشاندانی هاودەردیی خۆیان لەگەڵ لایەنی شەڕخوازانەی ئەمەریکا و ڕۆژاوادا. دەڵێی لە واشنیگتۆن و لەندەن و تەلئەڤیڤ چاپ دەکرێن، نەک لە سلێمانی و هەولێر و دهۆک.

من نەهاتووم سیاسەتمەداران و سەرکردە سیاسییەکان بدەمە دادگای ویژدان و لە هەوڵوێستیان بکۆڵمەوە، ئەگەرچی لە دڵیشەوە حەز دەکەم هێندە ژیر و وریا بن کە بزانن چۆن لەهەموو دەرفەتێکی سوود وەردەگرن بۆ بەرژەوەندی وڵات و نەتەوەکەیان، بێ ئەوەی ئەمە لەسەر حیسابی کەسی دیکە بێت. سوێدییەکان پەندێکیان هەیە دەڵێ هەموو هێلکەکان لە یەک سەبەتەدا دامەنێ، بریا سەرکردەکانی ئێمەیش ئەوەند چاوکراوە بوونایە کە سەبەتەی ڕەنگاوڕەنگی جیاوازیان بۆ ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆ هەبووایە و بە کاریان بهێنانایە. من قسەم بەڕادەی یەکەم لەگەڵ ڕووناکبیرانە، کە چۆنە وا سووک و ئاسان ڕەدووی سیاسەت کەوتوون و دروشمەکانی سیاسەت دەڵێنەوە؟ زۆر سەیرە کوردی هەمیشە داپڵۆسێنراو و دەربەدەر و پێپەست وماڵوێران پێی خۆش بێت ئەفغانستانی لە خۆی ماڵوێرانتر و چەوساوەتر بۆمباران و وێران بکرێت و وێرانستان و کاولستانەکەی، وێرانستانتر و کاولستانتر بێت.

لە ژیانی فەرهەنگی و سیاسی و فکریی کوردستاندا، ئێستا لەهەر سەردەمێکی دیکە زێدەتر پێویستمان بەوەیە بنەمای فرەدەنگی و فرەڕەنگی ڕەچاو بکەین و بپارێزین گەشەی پێ بدەین. ئەمە ئەرکی ڕووناکبیرانە، باوەڕ و نرخەکانی مرۆڤایەتی و ڕاستی و ئازادی و جوانی بپارێزن و جەختی لەسەر بکەن و بیگەیێننە نەوەکانی دوای خۆیشیان.

www.kurdistannet.org

## ڕۆژاوا دژی نرخەکانی مرۆڤایەتییە

**فەرهاد شاکەلی**

**‹١›**

جارێ با پێشەکی لەوێوە دەست پێ بکەم کە ئەم بیروباوەڕانەی لەم گفتوگۆیەدا دەریاندەبڕم، بە هیچ جۆرێ، وەڵامدانەوەی راستەوخۆی ئەو کەسانە نییە کە رەخنەیان لە دیتن و بۆچوونەکانی من گرتووە. من زۆرم پێ خۆش دەبوو ئەگەر بگونجایە گفتوگۆیەکی فکری و فەرهەنگیی قووڵ و فراوان و دەوڵەمەند پێک بهێنرایە و، وتارەکەی من ببووایەتە هۆی وروژاندنی باوەڕی جیاواز و شڵەقاندنی گۆمی مەند و مەییوی بیر لە کوردستاندا، بەڵام وا پێ دەچێت ئەوەی تا ئێستا بە بەرچاوەوەیە، وامان پێ ناڵێت، کاتێ بەرامبەر بە تێرمینۆلۆگییەکی ناتەبا و نالۆگیکییەوە دێتە پێشەوە، ئیدی من ناتوانم لەو ئاخاوتنەدا بەردەوام بم، لەبەر دوو هۆی زۆر سادە:‹١› بەرامبەر دەیەوێ منیش لەو چوارچێوە تەسک و بێڕەنگەدا، کە خۆی تێی کەوتووە، قەتیس بمێنم و دەرەتانی گەڕانەوە بۆ سەرچاوە ئیپستمۆلۆگییەکانی مرۆڤایەتیم لێ ببڕێت و بەو شێوەیەیش وای پیشان بدات کە هەردوو باسی یەک شت دەکەین، ‹٢› ئەو شێوە ئاخاوتنە زیانی لە قازانجی زۆرترە و نەکردنی چاکترە، چونکە لای بەشێکی زۆری خوێنەران وەک نموونەی گفتوگۆی فکری و فەرهەنگی حیسابی بۆ دەکرێ، کەچی راستییەکەی ئەوەیە کە وا نییە.

لە هەلومەرجێکی وادا لە جێی ئەوەی کە وەڵامی یەک بەیەکی بیر جیاوازەکان بدەمەوە، دەبێ هەوڵی ئەوە بدەم مەودا و بنەڕەتەکانی ئەو ستیریۆتایپە دیاری بکەم کە تا رادەیەکی زۆر لە کوردستاندا و لە گەلێ جێگەی دیکەی ئەم دنیایەشدا باوە. دەبێ بنەما ئیدیۆلۆگی و زانیارییەکانی (معلوماتی) ئەو ستیریۆتایپە هەڵتەکێنرێن، بۆ ئەوەی نەبێتە زیندان بۆ هەزاران لاوی دڵ پڕ لە هیوا، کە زۆر بە دڵگەرمی و بەڕاستی دەیانەوێ دنیایەکی دیکەی باشتر و رەواتر بهێننە دی.

**‹٢›**

کێشەی هەرە گرنگ و ناوەندی لە باس و گفتوگۆیەکانی وڵاتی ئێمەدا ئەوەیە، کە بەشێکی یەکجار زۆری ئەوانەی خۆیان لەو بەرەیەدا تاقی دەکەنەوە، پێڕەویی هیچ مێتۆدۆلۆگییەکی زانستی و فکری و لۆگیکی ناکەن و سەر بە هیچ رێبازێکی زانستی نین، بەڵکە مەراقی ئەوەڵ و ئاخریان ئەوەیە لەو جغزەدا پشکێکیان بەر بکەوێت و وەک بەشدارێک ناوێکیان پێ رەوا ببینرێت، بەلای منەوە گرنگ نییە کەسانی دیکە سەر بە کام فکر و فەلسەفەن، بەڵام ئەوەم یەکجار لا گرنگە کە بزانم لە باس و لێکۆڵینەوەدا خۆی بە مێتۆدێکی زانستییەوە دەبەستێتەوە، کە بە پێی لۆگیکی تایبەت و دیار دامەزراوە، نەبوونی میتۆدۆلۆگی دەبێتە هۆی داڕووخانی بناخەیەکی پتەوی باس و لێدوانی جدی و زانستی.

وتاری (ئەم یەکدەنگیی و یەکڕەنگییە نیگەرانم دەکات) کە لە ژمارەی پێشووتری گوڵاندا بڵاو کرایەوە، دوو مەودای کردۆتە کرۆکی ئاخاوتن لەسەر رووداوەکانی مانگی نۆی ئەمەریکا:

یەکەم: شیکردنەوەکان لە پلەو ئاستێکی فکری و فەرهەنگیدا پێشکەش بکرێن، نەک لە ئاستێکی

www.kurdistannet.org

سیاسی و ئیدیۆلۆگیدا، کە رۆژانە سەدان و هەزاران وتار و بیری راگوزاری لەو بوارەدا بڵاو دەکرێنەوە. کە دەڵێم ئاستێکی فکری مەبەستم ئەوەیە هەوڵ بدەین لە رەگوریشەی رووداوەکان تێ بگەن و لە روانگەیەکی دیاکرۆنیکەوە بیانخوێنینەوە، بۆ ئەوەی لە هەڵەشەیی و بۆچوونی سەراویی ئیدیۆلۆگی دوور بکەوینەوە، لۆگیکی ئیدیۆلۆگی هەر هێندە هێزی پێیە کە روو بکاتە «جەماوەر» و بە زمانێک بیاندوێنێت کە لەگەڵ بیرکردنەوەی سنووورداری رۆژانەیاندا بگونجێت، بە نیازی ئەوەی بهێنرێنە جۆش و خرۆش لە پێناوی ئامانجێکی سیاسیدا، بەڵام فکر و فەلسەفە ئەو هێزە دینامیکییەن کە هەمیشە گۆڕان و وەرچەرخانە گرنگەکانی مێژووی مرۆڤایەتییان خوڵقاندووە و، کارکردیان هێندە قووڵ و بنەڕەتی بووە کە سەردەمێکی دوور و درێژی مێژوویان رەنگدار کردووە، ئاخاوتنی سیاسی و ئیدیۆلۆگی لە کوردستاندا دەیان ساڵە بۆتە شێوەی زاڵی فەرهەنگی و بیرکردنەوە. ترکزە (خەتەر)ی ئەم ئاخاوتنە لەوەدایە کە دەبێتە هۆی ئەوەی هەڵوێستی خەڵکێکی زۆر بەرامبەر رووداوەکانی دنیا زیاتر کاردانەوە بێت، نەک تێگەیشتنێکی قووڵی وا کە هەموو لایەنەکانی لێک بدەنەوە. لەلایەکی دیکەوە ئەو شێوە بیرکردنەوەیە هەرگیز ناتوانێت مرۆڤی کورد بە جۆرێک ئامادە بکات و پێی بگەیێنێت کە ناسنامەیەکی پتەو و خورتی پێ ببەخشێت، بەڵکە دەیکاتە پاشکۆی رووداوی رۆژانە.

دووەم: من لە سەرتاسەری ئەو وتارەدا ویستوومە رووناکبیران بدوێنم، نەک سیاسەتمەداران، کە دەزانم ئاخاوتنی رووناکبیر و سیاسەتمەدار دوو ئاخاوتنی تەواو جیاوازن. نوختەی دەرچوونی من ئەوە بووە و ئەوەیشە کە هیچ کاتێک پێویست ناکات رووناکبیر زمان و فەرهەنگی سیاسەتمەدار قەرز بکات و بەکاربێنێت. تێرمینۆلۆگیی رووناکبیر زۆر دەوڵەمەندتر و تەمەندرێژترە لە هیی سیاسەتمەدار. کە باس لە نزیکبوونەوەی رووناکبیر و سیاسەتمەدار دەکرێت، ئەوەم چاک لا روونە کە ئەوە رووناکبیرە خۆی لە سیاسەتمەدار نزیک دەکاتەوە، نەک بە پێچەوانەوە. لە واقیعی ئەمڕۆی کوردستاندا پەیدابوونی ئاخاوتنێکی رووناکبیرانەی سەربەخۆیی یەکێکە لە مەرجە هەرە بنەڕەتییەکانی دەرچوونی کۆمەڵگە لەو دەیان و سەدان قەیرانە سیاسی و دیپلۆماسی و ئابووری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییانەی بەدەستیانەوە داماوین،

لە جیهانی فکر و فەلسەفە و سیاسەت و زانستدا سەدان و هەزاران چەمک دێنەکایەوە و تەشەنە دەکەن و، هەندێ جار بە تەواوی دەزگاکانی راگەیاندن و گۆڕەپانی بیر و لێکۆڵینەوە داگیر دەکەن، بەشێک لەم چەمکانە ئیمپەریالیستانی رۆژاوا پەرەی پێ دەدەن و بە مەبەستێکی سیاسی و ئیدیۆلۆگی بەکاریان دەهێنن. تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی چەمکەکان کارێکی ئاسان نییە. گەلێ فاکتۆر و هۆ هەن کە دەبنە رێگر لەبەردەم رووناکبیر و خوێندەوارانی وڵاتی ئێمەدا و ناهێڵن بەڕاستی تێ بگەن. لە باتیی تێگەیشتنی قووڵ و زانستییانە، فەرهەنگێکی سەراوی و رۆژانە دەخرێتە بەردەستی خوێنەری رۆژهەڵاتی، بۆ ئەوەی بە هەڵەدا ببرێت و سەری لێ بشێوێنرێت و بە باسێکەوە خەریک بکرێت کە هەرگیز ناتوانێت سەری لێ دەر بکات.

لەم ساڵانەی دواییدا هەندێ چەمک لە رۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردستاندا باس دەکرێن، کە ئەنجامەکەیان سەرتا پێ شێواندن و چەواشەکردنی بیری خوێنەری کوردە. ئەم چەمکانە تەنیا لە بواری فەلسەفە و سیاسەتدا رانەنراون، بەڵکە ئەدەب و هونەر و ئێستێتیکیش دەگرنەوە. دوو لەو چەمکانەی کە بەشێوەیەکی زۆر سەیر خوێنەری کوردیان داگیرکردووە و زۆریش بە هەڵە لێک دراونەتەوە چەمکی ستروکتورالیزم (بنیویە) و جیهانگەرایی (عولمە)ن.

سەرچاوەکانی ئەم چەمکانە ئەو بیرانەن کە بیریارەکانی ئەوروپا پێشکەشیان کردوون. ئەم بیرانە زۆربەی جار بەدەستی دووەم و سێیەم دەگەنە بەردەست و بەرچاوی خوێنەری کورد.

لەبەر ئەوە نەدەتوانێت تێیان بگات، نە بەشدارییەکی راست و بەرداریش لە لێکدانەوە و

www.kurdistannet.org

شیکردنەوەیاندا دەکات، ئەنجامەکەی ئەو گەرەلاوژە و ئاژاوەیەیە کە هیچ سوودێکی بۆ ژیانی فەرهەنگی و فکریمان نەبووە و نابێت. باوەڕ بفەرموون، هێندەی لە کوردستانی خۆماندا باسی عەولەمە دەکرێت، بیستیەکێکی ئەوە (٢٠/١) لە ولاتێکی وەک سویددا باس ناکرێت، کە باسیش بکرێت لە پلەیەکی بەرزی زانستیدا دەکرێت.

لە کوردستان کە باسی جیهانگەرایی دەکرێت، وەک دیاردەیەکی باش و پێشکەوتنێکی بەختیاریهێنەر بۆ مرۆڤ دادەنرێت، بێ ئەوەی لە گەوهەری راستەقینە و ناوەڕۆکی سیاسی و ئیمپەریالیستانەی ئەو چەمکە تێگەیشتبن. ئەوانەی پەسنی عەولە دەدەن تەنیا خۆیان بە توێکڵی قسەکەوە خەریک دەکەن و سەرنجی هەندێ لایەنی ئاسانکاریی تەکنیکی دەدەن، وەک بڵێی ئیدی بەوەی کە کوردیش فێری بەکارهێنانی فاکس و ئینتەرنێت بووە، دەگاتە پلەی ولاتە پێشکەوتووەکانی دنیا و لە ریزی ئەواندا جێگەی دەدرێتێ، ئەمە تێنەگەیشتنە لە میکانیزیمی بەرێوەچوون و گەشەکردنی ئیمپەریالیزم، ئێمە ئەگەر تەنیا هەندێ لایەنی رۆژانە و بەرچاوی عەولەمە تەماشا بکەین و لەلایەن ئابووری و سیاسی و عەسکەری و فەرهەنگییەکانی ورد نەبینەوە، کە هەر یەکێکیان مەیدانێکە بۆ داگیرکردنەوە و دابەشکردنەوە و تواندنەوەی نەتەوە و ولاتان، دیارە تێی نەگەیشتووین و مەودای راستەقینەی مەترسییەکانیمان هەڵنەسەنگاندووە، ئەو جیهانەی پێیان وایە بە سایەی عەولەمەوە بووەتە گوندێکی بچووک، هەر لە سایەی رەشی ئەو عەولەمەیەشدا بووەتە ژوورێکی بچووک و زیندانێکی بچووک و ئەمەریکا و رۆژئاوا بوونەتە زیندانەوان بۆ کۆنترۆڵکردنی بیر و هەناسە و هەڵسوکەوتی هەموو مرۆڤایەتی. ئەمڕۆ رۆژاوا نەک تەنیا بریاری ئەوە دەدات کە دەبێ مرۆڤایەتی چی بکات و چۆن بکات، بەڵکە دەیەوێ بریاری ئەوەیش بدات کە مرۆڤایەتی چۆن بیربکاتەوە. بەهۆی کەناڵەکانی تەلەفزیۆن و فیلم و ڤیدیۆ و رادیۆ و رۆژنامە و چاپەمەنی و یاریی منداڵان و هۆلیود و دیزنی لاند و کۆکا کۆلا و ماکدۆناڵدز و سەدان و هەزاران دەستگای ئاشکرا و نهێنییەوە، رۆژئاوا خۆی گەیاندووەتە ناو ماڵی هەمووان.

دوای رووخانی سیستەمی دەوڵەتانی سۆسیالیست و بەتایبەتی یەکێتی سۆڤیەت، رۆژاوا پێویستی بە نموونەیەکی هەڕەشەی ترسێنەر بوو، بۆ ئەوەی بیکاتە دوژمنی فکری و فەرهەنگیی خۆی، ئەمە سیاسەتێکە کە رۆژاوا ماوەیەکی زۆرە پێرەویی دەکات و بۆ رامکردنی گەلانی رۆژاوا و پاساودانی پرچەککردنی خۆی بەکاری هێناوە و دەهێنێ. لە ماوەی دە ساڵی رابردوودا رۆژاوا بە ئاشکرا باسی ئەوە دەکات کە ئیسلام هەڕەشەی هەرە گەورەیە لە شارستانێتی و فەرهەنگەکەیان. بۆ ئەمەیش دیارە کە هەموو وزە و توانسێکی خۆیان دەخەنە گەڕ، بۆ لەناوبردن و تەفروتووناکردنی ئیسلام و فەرهەنگی ئیسلامی. ئەوەی لە رۆژاوا بژی و بە هۆشیاری و چاوکراوەیی لە راگەیاندن و سیاسەت و بیرکردنەوەی رۆژاوا ورد ببێتەوە دەزانێ چۆن رۆژانە بە لێشاو درۆ و دەلەسە و زرە زانیاری لە بارەی ئیسلام و گەلانی موسلمانەوە بلاو دەکەنەوە و، چۆن رۆژانە هەزاران جار سووکایەتی بە هەموو شتێکی ئەو شارستانێتی و فەرهەنگە دەکەن، لە فکر و باوەڕ و ژیانی رۆژانەوە بگرە تا دەگاتە سیمبۆلە گرنگ و بنەڕەتییەکانی دینەکە وەک قورئان و پەیامبەرەکەی (موحەممەد) و زۆر لایەنی دیکەیشی، دەستگاکانی راگەیاندنی رۆژاوا کە رۆڵێکی گەورە دەبینن لە شۆردنەوەی مێشکی مرۆڤدا، سەری زمان و بنی زمانیان هێرشبردنە سەر ئیسلامە. هەمیشە لایەنە خراپەکانی کۆمەڵگاکانی ئیسلامی و رۆژهەلاتی باس دەکرێت و پیشان دەدرێت. کەچی هەمیشەش لایەنی درەوشاوە و پرشنگداری ئەو گەل و نەتەوە و شارستانی و فەرهەنگانە دوور دەخرێتەوە و هەوڵ دەدرێ لە بیری خەڵکی ببرێنەوە.

نە دژایەتیکردنی ئەمەریکا و رۆژاوا و نە هاودەردی لەگەڵ گەلانی ئیسلامی و رۆژهەلاتیدا نابێ بە مەعنای باوەڕی دینی یا خۆبەستنەوە بە بنەما و ئامۆژگارییەکانی ئیسلامەوە لێک بدرێتەوە. لە

www.kurdistannet.org

بەرەیەکدا کە بەشێوەیەکی زۆر روون بەرامبەر ئەمەریکا و رۆژاوا دروست بووە، گەلانی رۆژهەڵاتی و ئیسلامی و ئەفریقایی و ئەمەریکای لاتینی هێزی سەرەکین. رەنگە تا ئێستا قەوارە و بەرنامە و بەیانی بەرەکی وەها بۆ زۆربەی خەڵک، زۆر روون نەبێت، بەڵام گەشەکردن و پرۆسێسی رووداوەکان ئاشکران. لە ناو ئەم ریزبەندییە تازەیەی دنیادا، ئیسلام و موسڵمانان نەخشێکی یەکجار گەورە و بنەرەتییان هەیە، بەو پێیەی تاکە هێزن کە باوەڕێکی سەرتاسەری یەکیان دەخات و دەیانکاتە گەورەترین و گرنگترین هێزی بەرەنگاریی رۆژاوا. لە بەرەیەکی وەهادا جاران چەپ و کۆمۆنیستەکان هێزی سەرەکی بوون، ئەمڕۆ ئیسلام، رۆژاوا زۆر چاک لەم رۆڵەی ئیسلام تێگەیشتووە و هێزە بەرهەڵستکارەکانی دنیاش بەرەو ئەوە دەچن ئەم وێنەیەیان لا روونتر بوویێتەوە. ئەمە هەرگیز مەعنای ئەوە نییە کە ئێمە بێ دوو دڵی هەموو شتێکی ئیسلام و موسڵمانانمان قەبووڵ بێت و بەرگریی لێ بکەین.

ئەو شەپۆڵەی رووکردنە ئیسلام کە لە رۆژاوا هەستی پێ دەکرێ، ئێستا لە شێوەی خوێندنەوە و ناسینی و ئاشنابوون لەگەڵ مێژوو، فەرهەنگ و بنەماکانی دینەکەدا خۆی دەنوێنێت، بەڵام ئاشکرایە هەنگاوی دووەم، بۆ هەندێ کەس، باوەڕهێنانە پێی. هەر ئەمەشە ئەو پێویستییە جەخت دەکات کە دەبێ «بیریاران و رێبەرانی ئیسلام بە خۆیان و باوەڕەکانیاندا بچنەوە و بە جۆرێک ئیسلام پێشکەش بکەن کە ببێتە چەترێک بۆ هەموو چەوساوە و بەشخوراو و بێدەستەڵاتانی دنیا». ئێمە کە خۆمان لەناو ئەو فەرهەنگەدا پەروەردە بووینە، ئاگاداری زۆر لایەنی ئیسلامین کە لەگەڵ دنیای ئەمڕۆدا دەکەوێتە ناکۆکییەوە و، دەبێ بیر لە چارەسەری دیکە بکرێتەوە. ئەم چارەسەرە لای ئیسلامی سیاسی وا لێک دەدرێتەوە کە بۆ هەموو شتێک دەبێ بگەڕێینەوە بۆ رەگوڕیشە و سەرەتاکانی دینەکە.

بەڵام زانا و روناکبیری زۆر گەورەیش هەن کە بیر لە شێوەی دیکەی گەشەکردن و گونجاندن دەکەنەوە. لە رۆژاوا کەسانی وەک (محەمەد ئەرکوونی جەزائیری، ئانماری شیممەلی ئەڵمانی، سەید حوسەین نەسری ئێرانی و حامد ئالگەری ئینگلیز) بە لێکۆڵینەوە و نووسینە زانستی و قووڵەکانیان بەشدارییەکی گەورەیان لە بزواندن و گەشەپێدانی ئەم بیرەدا کردووە، بێ ئەوەی کەسێک ساکارانە بەوە تاوانباریان بکات کە ئەمانە لایەنگری تالیبان یا ئوسامە بین لادن بن، تەنانەت بیریاری ناسراوی وەک (ئیدوارد سەعیدی مەسیحیی فەلەستینی ئەمەریکی و نوعام چۆمسکیی جوولەکە و ئەمەریکییش) لەم بابەتەدا هاوبەشی دەکەن و بەرگری لە ئیسلام دەکەن، ئەم مۆدێلی تاوانبارکردنە هەرزان و سادەیە پاشماوەی نەریتێکی نامرۆڤانە و فەرهەنگێکی دزێوی سیاسییە کە کۆمۆنیستەکانی سەر بە سۆڤیەتی جاران هێنایانە ئاراوە. ئەوان بەهۆی ئەو دۆگما وشک و رەقهەڵاتووەی خۆیانەوە هاوکێشەیەکی نەزۆک و نەزانانەیان ئافراندبوو کە بوو بە هۆی ملشکاندنی خۆیان. لە هەموو دنیادا دوو بەرەیان دەبینی، سۆسیالیزم و ئیمپەریالیزم. ئەوەی لەگەڵ ئەوان نەبووایە، دەبوو بە دوژمن دابنرێت و بە لایەنگر و پشتیوانی ئەمەریکا و یەکسەر مۆرێکی رەشیان پێوە دەنا.

کە بیست ساڵێک لەمەوپێش یەکێتیی سۆڤیەتی جاران ئەفغانستانی داگیر کرد، سۆڤیەتپەرستانی ئەودەم کەوتنە شایی و لۆغان کە لەشکری داگیرکەری سۆڤیەت بۆ یارمەتیدانی گەلی ئەفغان چۆتە ناو وڵاتەکەوە. پێوەندی و هاودەردیی ئینتەرناسیۆنالیستانە کارێکی وای کرد هەزاران کۆمونیستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست روو بکەنە ئەفغانستان بۆ پشتگریی رێژیمی بە برەک کەرمەل، لە ناو ئەمانەدا دەیان روناکبیری ناسراوی کورد و ناکوردیش هەبوون. سەیر ئەوەیە ئەمڕۆیش کە ئەفغانستان دیسان داگیر دەکرێتەوە و دەکوژرێت و بۆمباران دەکرێت، بەڵام لە لایەن زلهێزێکی دیکەوە کە ئەمەریکایە، بەشێکی ئەوانەی دوێنێ پشتگریی سۆڤێتیان دەکرد، ئەمڕۆ

www.kurdistannet.org

پشتگریی ئەمەریکا دەکەن. وەک بڵێی داخی شکانی سۆڤێت بە دەستی جەنگاوەرانی ئەفغانی لە دڵیاندا بۆتە گرێ، بۆیە پێیان خۆشە ئەو ئەفغانییانە ئاوایان بەسەر بێت.

جەختکردنی پلەیەکی بەرزی گفتوگۆ و موناقەشەی باسەکانی فکر و فەلسەفە و، تەنانەت سیاسەتیش، لەوەوە هەڵدەقوڵێت کە ئەو پلەیە دەبێتە هۆی دەستەبەرکردنی چوارچێوەیەکی راست و زانستی بۆ گەشەکردن و بۆ پێشەوەچوونی باسەکان، کاتێ کەسێکی خوێنەوار و بیر رووناک دێت لەگەڵتدا دەکەوێتە باس و لێدوان، بێگومان نیوەی ئەرکەکانی تۆیش ئەنجام دەدات، چونکە شارەزای ئەلفوبێی بابەتەکەیە و پێویست ناکات بەشێکی زۆری لێدوانەکە بۆ شیکردنەوە و یەکالاکردنەوەی تێزم و زاراوە و چەمکەکان تەرخان بکرێت. هەر بەو پێیەیش ئەنجامی لێدوانێکی وەها زۆر بەردارتر و پڕ ناوەڕۆکتر دەبێت.

من لە وتارەکەمدا هەندێ دەستەواژە و دەربڕینی وەک «سیستێمی تۆتالیتێر، ڕێژیمی دیکتاتۆر، تاکە پارتی، دیواری بەرلین و شەڕی سارد»م بەکار هێناوە. ئەم دەربڕینانە هێمایەکی ناڕاستەوخۆ، یا ڕاستەوخۆن، بۆ سیستمی جارانی سۆڤێتی و دەوڵەت و پارتی و کەسانی ساتالیتی ئەو سیستمە، ڕەنگە ئەمانە هەندێ بیرەوەریی تاڵ و ناخۆش بهێننەوە بیری ئەم و ئەو، من لەمەدا مەبەستم، خوانەخواستە، بریندارکردنی کەس نەبووە، بەڵام کە باس دێتە سەر ڕووداوەکانی مێژوو یا بەراوردکردنی هەندێ دیاردەی ئەمڕۆ لەگەڵ دوێنێدا، مرۆڤ ناچارە ئەو چەمک و دەربڕینانە باس بکات و بە ئامانجی سوود لێوەرگرتنیان ناویان بهێنێ.

‹٣›

گرفتێکی بەرچاو لە لێکدانەوەی ڕووداوەکانی ١١ی ئەیلوولی ئەمەریکادا لە پێناسەکردنی تێرم و زاراوەکانەوە دەست پێ دەکات. ئەمڕۆ هەمووان هەر باسی تێرۆر، تێرۆریزم و تیرۆریستان دەکەن، بەڵام کە باس دێتە سەر یەکالاکردنەوە و ناساندنی ئەو تێرمانە هەڵوێستەکان جیاوازن. ئەمەریکا و ڕۆژاوا و ئەوانەی خۆیان لەو بەرەیەدا دەبیننەوە، لە بەکارهێنانی ئەو تێرمانەدا یەک مەبەستی ئاشکرا و روونیان هەیە، ئەو موسڵمان و ڕۆژهەڵاتییانەی بە بیرو کردەوە دژی سیاسەتی ئیمپەریالیستانە و پاوانخوازانەی ئەوان رادەوەستن و خەبات دەکەن. دەنا ئیرلەندی و باسک و ئیسرائیلی و فالانژیستان (کتائیبی) و زۆری دیکەیش لەم دنیایەدا کاری وایان کردووە و دەیکەن. بێ ئەوەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن ناویان بزڕێنن و مۆرێکی ڕەشیان پێوە بنێن، پلەیەکی دیکەی ئەم تێرمانە ئەوەیە ئایا تەنیا تاکە کەس تیرۆریستە؟ ئەی ئەو دەیان وڵاتەی هەموو ڕێگایەکی ناقانوونی و ناڕەوا و نامرۆڤانە دەگرنە بەر بۆ سەرکوتکردن و دەمکوتکردن و پلیشاندنەوەی گەلان و کەسان تیرۆریست نین؟

کەسێکی وەک بن لادن ئەودەم کە دژی سۆڤێت خەباتی دەکرد بەلای سۆڤێت و سۆڤێتپەرستانەوە تیرۆریست بوو، بەڵام بە لای ئەمەریکاوە خەباتکار و جەنگاوەری ئازادی بوو. هەر ئەو بن لادنە کە ئەمڕۆ دژی ئەمەریکا دەجەنگێت، بە لای ئەمەریکاوە تیرۆریستە و بەلای خەڵکێکی دیکەوە جەنگاوەر و موجاهیدە. لە هەردوو بارکەدا هەڵوێستە سیاسییەکەی ئەو پیاوەیە کە بۆتە هۆی مۆر پێوەنانی، ئەگەر بن لادن تیرۆریست و پیاوکوژ و دەستخوێناوی بێت، ئەم خراپەیەی لەو ڕۆژەوە دەستی پێ نەکردووە کە دژی ئەمەریکا و ڕۆژاوا ڕاوەستاوە، بەڵکە دەبێ بڵێین پێشتریش هەر وا بووە، لە ڕاستیدا بە تەنیا هەڵوێستی دوێنێ یا ئەمڕۆی بن لادن نایکات بە جەنگاوەر و موجاهید، یا تیرۆریست و مرۆڤکوژ، ئەوەی بڕیاری باسێکی ئاوا دەدات بەرنامە و پرۆگرامی بن لادنە، تا چ ڕادەیەک لە خزمەتی مرۆڤ و مرۆڤایەتیدایە و چۆن کاری بۆ دەکات.

لووتبەرزیی ئەمەریکا گەیشتۆتە ڕادەیەک کە گوێ بە هیچ نرخێکی مرۆڤانە نادات و سیاسەتی

www.kurdistannet.org

خۆی بە زۆر دەسەپێنێت بەسەر دەوڵەتان و گەلاندا، لە کۆنگرەی (دوربان)ی ئەفریقیای باشووردا سەبارەت رەگەزپەرستی، هەموو دنیا کەوتبوونە لایەک و ئەمەریکا و ئیسرائیلیش کەوتبوونە لایەکی دیکە، بەڵام لە ترسی ئەمەریکا، هەموو ئەوروپا و بگرە هەموو بەشدارانی کۆنگرە، سێ چوار وڵاتی لێ دەربچێت، کەوتنە دوای ئەمەریکا و ئیسرائیل، تەنانەت رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش نەیتوانی کار بکاتە سەر ئەنجامی کۆنگرەکە.

ئێستایش کە ئەمەریکا شەڕی دژی گەل و وڵاتی ئەفغانستانی دەست پێ کردووە، ئەنجومەنی ئاسایش، بەشێوەیەکی شانۆ ئاسایی، کۆکرایەوە و پەنجە مۆریان نرا بە کاغەزێکدا کە ئەمەریکا خۆی تێکستەکەی هەڵبژاردبوو.

تێگەیشتن لە میکانیزمی رۆژاوای ئیمپەریالیستی ئاسان نییە، ئەوانەی پێیان وایە ئەمەریکا لە باتیی هەموو جیهان و لە باتیی مرۆڤایەتی شەڕ دەکات و شەڕەکەیشی دژی تیرۆر و تیرۆریستانە، نوختەی دەرچوونیان هاوکێشەیەکە، کە وا دادەنێت پاشا و سەرۆکی دەوڵەتەکان نوێنەری گەلانن، هەرچی ئەوان وتیان ئیدی گەلانیش دەبێ مل بدەن و گوێڕایەڵ بن. ئەگەر ئەمڕۆ کۆمەڵێ پاشا و سەرۆکی دەوڵەتانی دنیا، لەبەر هەر هۆیەک بووبێت، ملیان دابێت و خۆیان وەک لایەنگری ئەمەریکا ناونووس کردبێت. مەعنای ئەوە نییە گەلانیش، یا هەر نەبێ، تاکە کەسیش وا بیر دەکاتەوە. هەر وەکو چۆن دوێنێ هەڵە بوو، ئەوەی دژی سۆڤێت بووایە، بە دۆست و لایەنگری ئەمەریکا دادەنرا، یا لەوەیش سەیرتر ئەگەر ئەوەی لەگەڵ سۆڤێت نەبووایە بە لایەنگری ئەمەریکا دادەنرا، ئەمڕۆیش زۆر هەڵەیە وا دابنرێت ئەوەی لەگەڵ ئەمەریکا نەبێت، کەواتە لەگەڵ تالیبان و بن لادنە. لە نێوان ئەم دوو لایەنەدا دەیان ئەلتەرناتیڤی دیکە هەن و ملیۆنان مرۆڤ هەن کە دژی شەڕن، دژی تیرۆرن، دژی ئیمپەریالیزمن و بۆ ئازادی و سەربەستی و رزگاریی مرۆڤ خەبات دەکەن.

ئەو هەزاران کەسەی لە ئەوروپا و ئەمەریکایش ئامادە نەبوون سێ دەقیقە راوەستێن و بێدەنگی رابگرن، رەنگە زۆربەی خەڵک نەبووبن و نوێنەری زۆربە نەبووبن، بەڵام بێگومان کەسانێکی مێشکروون، دڵزیندوو، مرۆڤدۆست و هۆشیار بوون، لاوان، تەنانەت منداڵان، رووناکبیران و نووسەران بوون کە نەیانویست لە مەیموونبازییەکی وەهادا بەشداری بکەن.

ئەوان زۆربە نەبوون، بەڵام ئەو ئێلیتە بوون، کە لە هەموو سەردەمێکدا خۆی لە رانەمەڕ (قطیع) جیا دەکاتەوە. ئەوەی کتێبەکەی کوستاف لوپۆلی خوێندبێتەوە، جیاوازیی ئەو دوو شێوە بیرکردنەوەیە تێ دەگات، زۆربەمان کە هەر لە سەرەتای هەشتاکانەوە لە رۆژاوا دەژیین، زۆر چاکمان لەبیرە کە لە ئەوروپا و لە ئەمەریکا چارەکە دەقیقەیەکیش بۆ شەهیدەکانی هەڵەبجە رانەوەستان و مانگی هەشتساڵەی هەنگوینی نێوان خۆیان و رێژیمی عیراقییان تێک نەدا، ئێستایش کە باسی قوربانییەکانی ئەنفالیان بۆ دەکەیت، نەک نیو دەقیقە راناوەستن و بێدەنگی راناگرن، بگرە پێیان وایە ئێمەمانان خەیاڵمان زۆر فراوانە.

هەر ئەم سوێدە دیمۆکرات و مرۆڤپەروەر و دۆستەی کورد، رێک دوای کارەساتی هەڵەبجە (تاها محێدین)ی جێگری سەرکۆماری عیراقی بۆ سوێد بانگهێشتن کرد و (پییر شووری) کە یەکێک لە سەرە گەورەکانی سۆسیال دیمۆکراتەکانی سوید چوو بۆ سەردانی بەغدا و دەستخۆشیی سەرکەوتن بەسەر ئێراندا. بەپێی ئاماری رێکخراوی مینهەڵگرانی جیهانی لەو بیست ملیۆن مین (لوغم)ەی لە کوردستاندا هەن و لانابرێن، دە ملیۆنی رێکی سوێدی ئاشتیخواز فرۆشتوویەتی بە رێژیمی عیراقی.

من نازانم ئەنجامی ئەم هێرشە نارەوا و درندانەیەی ئەمەریکا و رۆژاوا بۆ سەر ئەفغانستان و ئیسلام و رۆژ هەڵات دەگاتە چ ئەنجامێک و چۆن دەبڕێتەوە، لەوەیە ئەمەریکا سەرکەوتنێکی عەسکەریی گەورە بە دەست بێنێت و لەوەیشە وەک رووسەکان سەری بدات لە بەردی ویستی ئازادیخوازانەی گەلی ئەفغانستان، بەڵام ئەنجام هەرچییەک بێت دادی ئەمەریکا و رۆژاوا و

www.kurdistannet.org

سیستێمی سەرمایەداری نادات، ئەمە سیستێمێکە گەیشتووەتە لووتکەی بێدادی و بۆگەنی و درندایەتی، هەر بۆیەیش ڕۆژ بە ڕۆژ لە مەرگ و هەڵوەشانەوە نزیکتر دەبێتەوە. لە بیرمە لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا بۆ یەکەم جار سەری یەکێتی سۆڤێتم دا و چاوم بەو سیستێمە کەوت، بە دۆستەکانی ئەوێم وت ئەم سیستێمە دەبێ بڕووخێت و هەڵوەشێتەوە و ناکرێ بەم شێوەیە بەردەوام بێت. دۆستەکانم ئەودەم پێکەنینیان بە قسەکەم دەهات و پێیان وابوو کە هێشتا هەوای بیروباوەڕەکانی ماوتسیتۆنگ لە سەرمدا ماوە، بەڵام زۆری نەبرد سۆڤێت تەفروتوونا بوو، داری بەسەر بەردیەوە نەما. باوەڕ ناکەم سیستێمی ڕۆژاوا و سەرمایەداری بەم زووانە بڕووخێت و هەڵوەشێتەوە، بەڵام هێندەی سەرەدەرزییەک گومانم لەوە نییە کە ئەم سیستێمە ناگاتە سەدەی داهاتوو.

www.kurdistannet.org

له دەفتەری یادەوەریی ڕۆژنامەوانیمدا

**مەترسیدارترین کات...چاوەڕێ کردنی بەرپابوونی یەکەمین جەنگی ئەم سەدەیە**

**ئازا حەسیب قەرەداغی**

**(١)**

**بورهان غلیون**- بیرمەند و سەرۆکی ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی سۆربۆن لە پاریس- ڕاستی وتووە: [ ئەو کێشە ڕاستەقینەیەی فیکری ئیسلامی لە چەرخی نوێدا تەرحی دەکات، بایەخدان بە سیاسەت نییە، ئەم بایەخە یەکێکە لە نیشانەکانی ڕابوونی کۆمەڵایەتی نوێ . بەڵام ئەوەی دەکرێت بە پێچەوانەوە، تێکەڵاوکردنە لەنێوان ئامانجە ئایینی و سیاسییەکاندا، لەمەیشەوە ناتوانایییەک دروست دەبێت بۆ جیاکردنەوە، پاشان بۆ هەڵبژاردنی ئەو کەرەستە و پرینسیپ و تەکنیکە جۆراوجۆرانەی پەیوەندیان بە پیادە کردنی هەر یەکێک لەم دوو چالاکییە کۆمەڵایەتییە سەرەکییەوە هەیە.

لەوانەیە دوو هۆکاری سەرەکی و بە سوود بۆ شرۆڤە کردنی ئەم بارودۆخە، ئەوە بن کە لەلایەکەوە، تەرزی سیاسەتی ڕەسمی کە لە چەند دەیەیەکی کەمی ڕابردوودا لەناو کۆمەڵگا عەرەبییەکاندا پیادە کراوە، کاری سیاسی کردۆتە ناوچەیەکی حەرام کراو، لەلایەکی تریشەوە هەوڵی خۆ نوێ کردنەوە لەلای ئیسلامی هاوچەرخ زۆر کز و لاواز بووە.

لە هەوڵی تێپەڕاندنی ئەو کێشمەکێش و لێکجیاییەی دەربارەی ئایین و شەریعەت و سیاسەت هەیە، دەبێت یەکەمین مەسەلە کە جەختی لەسەر بکرێت بریتی بێت لە جیاوازی کردن لە نێوانی ئیسلام وەک ئایین و کۆمەڵە خەڵکێک لەلایەک و، لەلایەکەی دیکەش بزووتنەوە ئیسلامییەکان وەک گرووپێکی سیاسی ئیجتیهاد دەکات لە لێکدانەوەی ئەرکە ئایینییەکان و، بە مانا و مەبەستی سیاسی ماناداریان دەکات.

یەکێک لە هەڵە هەرە گەورەکان ئەوەیە کە، بۆ نموونە: ئیسلامییەکان لەو بڕوایەدا بن کە ئینتیمابوون بۆ ئیسلام ئیتر مەحاڵە بەبێ ئینتیما کردن بۆ ئەو دیدگا سیاسییە ئیسلامییەی کە ئەمڕۆ ئەو ڕەوتە ئیسلامییە هاوچەرخانە نوێنەرایەتی دەکەن. بێگومان لە ناو ڕیزەکانی زۆربەی ئیسلامییەکاندا نەک هەموویان، مەیلێکی بە ئەنقەستانە یان ڕەمەکی هەیە کە ئیسلام و ئیسلامێتی نوێ بکەن بە یەک تێز، هەروەکوو بڵێی دیدگای سیاسی بۆ ئیسلام گەڕانەوەیە بۆ ئیسلام. یان وەکوو بڵێی پەیدابوون و گەشە کردنی ئەم ڕەوتە سیاسییە ئیسلامییانە ڕەسەنترین و تەنیاترین گوزارشتە بۆ ئەو گەڕانەوەیە. یان وەکوو بڵێی بەر لە ئێستا ئیسلامێتی نەبووە وا سەرلەنوێ دەژێتەوە. یان ئەوانەی کە لەم ئیسلامییانە نین ئیسلام نەبوون.

ئەم بڕوایە هیچ بەرهەمێکی نابێ بە غەیری ئەوەی کە ئیسلامییەکان دەگەیەنێتە یەک تێزی مەترسیدار ، ئەویش ئەوەیە کە ئەمان تەکلیف کراون بەوەی کۆمەڵگا ئیسلام بکەن، یان سەرلەنوێ

www.kurdistannet.org

ئیسلامی بکەنەوە.]
**سەید قوتب** کە یەکێکە لە رابەرانی ئیخوان موسلمینی میسری و بە نوێکەرەوەی گەنجێتی فیکریی و رێکخراوەیی ئەو کۆمەڵەیە دەناسرێت، ئەو دەرەنجامەی بورهان غلیون دەسەلمێنێت کە دەڵێت:[ خەڵک بەو جۆرە کە خۆیان ئیدیعای دەکەن، موسوڵمان نین.... دەعوەی ئێمەش بۆ ئەوەیە ئەو خەڵکە جاهیلە بگەڕێنینەوە بۆ ئیسلام و، سەرلەنوێ بیانکەینەوە بە موسوڵمان ].

**(٢)**

د. **فەرەج فۆدە** کە نووسەر و بیرمەندێکی میسری بوو، یەکێک لە گروپە ئیسلامییەکان تیرۆریان کرد چونکە وتبووی:[ ئیسلام و موسوڵمان هاو واتا نین، یەکەمیان پیرۆز و خوداییە، دووەمیان دەشێت هەڵە بکات چونکە مرۆیی و دونیاییە]. ئەوە دووەمیانە سیاسەت دەکات و لە پێناو دەسەڵاتدا ململانێ و کێبرکێی تا رادەی خوێن ڕشتن بەرپا دەکات، بۆیە فۆدە وەک زۆر بیرمەندی دیکە داوای کردووە ئایین وسیاسەت لە یەکتر جیا بکرێنەوەو وتوویەتی:[ جیا کردنەوەی ئایین لە سیاسەت و کاروباری حکومڕانی لە خزمەتی هەر دووکیاندایە].. بۆ ئەوەی ئەم تێزە بە هەڵە لێک نەدرێتەوە، خۆی یەکسەر بە دوای ئەوەدا وتوویەتی:[ لەم پەیوەندییەدا دەبێت ئەوەش جیا بکەمەوە کە من جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەتم لا قبوڵە، بەڵام فەرامۆش کردنی ئایین وەک یەکێک لە بناغەکانی کۆمەڵگا رەت دەکەمەوە و بڕوام پێی نییە. ئایین پێویستە چونکە یەکێکە لە بناغەکانی پێکهاتەی ویژدان لە ناو کۆمەڵگادا].
**حەسەن ئەلبەننا**-رابەری کۆمەڵەی ئیخوان موسلمینی میسری ئەمەی بەلاوە نەشیاوە و دەڵێت:[ پێتان وایە ئەو موسوڵمانەی بەم ژیانەمان رازییە و خەریکی خوا پەرستیە و، کاروباری سیاسەتی واز لێ هێناوە بۆ ناکەسبەچە بەدکارەکان ، موسوڵمانە؟! نەخێر ئەو کەسە موسوڵمان نییە]. بیرمەندی میسریش **د.رەفعەت سەعید** سەرنجمان بۆ ئەوە رادەکێشێت کە لە قسەکەی ئەلبەننادا دیقەت لەم پەیوەندییە بدەین:[ **ئەو موسوڵمانەی خواپەرستی دەکات.. موسوڵمان نییە**].
بۆ ئەوەی بیسەلمێنیت موسوڵمانیت ئەوا دەبێت بچیتە ریزی حزبەکەی ئەوانەوە و، بڕوات بەوەبێت کە:[ تەواوی ئەم رێبازە ئیسلامی راستەقینەیە، هەر لاری لێکردنێک لێی لاری کردنە لە فیکرەی ئیسلامی راست و دروست]. کەواتە حەسەن بەننا نەک هەر ئایین و سیاسەت تێکەڵ دەکات، بەڵکو حزبەکەی خۆی دەکاتە خودی ( ئیسلام ) و کە وەسفی خۆشی دەکات بەو سیفەتەی رابەر، بە راشکاوی دەڵێت:[**رابەر سێبەری خوایە لەسەر زەوی**].
**سالح عەشماوی**-ش کە یەکێکە لە سەرکردەکانی ئیخوان بە متمانە بەخۆبوونێکی سەیرەوە دەڵێت:[هەر دژایەتییەک بۆ ئیخوان دژایەتی کردنی ئیسلامە]. کاتێکیش کە جەمال عەبدولناسر لە ئایاری١٩٥٤ دا ژمارەیەکی لە ئیخوانەکان گرت، مامۆستا **عەبدولقادر عۆدە** لە بەردەم خۆپیشاندەراندا هاواری کرد:[ **ئیسلام گیراوە**]. کە ئیتر ئیسلام ئەمان بن کەواتە وەک ئەلبەننا فەرمانی کردووە:[ **ئەوی لە ئێمە نەبێت لێیبدەن بە حەدی شمشێر**].
هەڵبەت لەمەوە کێشەیەکی زۆر سەرەکی دێتە ئاراوە کە چۆن بزانین خوێنی کێمان بە حەدی شمشێر حەڵاڵ کراوە؟
مامۆستا**سەید قوتب** بە سوپاسەوە وەڵام دەداتەوە و دەڵێت:[ ئیسلام جگە لە دوو جۆر کۆمەڵگا،هیچ یەکێکی دیکە ناناسێت، ئەوانیش کۆمەڵگایەکی ئیسلام و، کۆمەڵگایەکی جاهیل]. بۆ ئەوەش بزانین ئەم دووانە کامە و کامەن، بەر لە سەید قوتب مامۆستا عەبدولقادر عۆدە لە کتێبەکەیدا-التشریع الجنائی الاسلامی-بەرگی دووەم، لاپەڕە(٧١٠) دا دەڵێت:[ نموونەی هەرە دیار لەسەر کوفر لە سەردەمی ئێستاماندا،حکوم نەکردنە بە شەریعەی ئیسلام و، حکوم کردنە بە یاسا دانراوەکان]. هەڵبەت کافر کردنی هەموو ئەوانەی بە یاسا دانراوەکان رازین ، بەکافر کردنی حکومڕان و هەموو

www.kurdistannet.org

حکوم کراوان و کۆمەڵگایە، کەچی وا دیارە سەید قوتب بەمەندە دڵی ئاوی نەخواردۆتەوە بۆیە دەڵێت:[ کۆمەڵگا جاهیلەکان هەموو کۆمەڵگا کۆمۆنیست و ئەتەنی و یەهودی و مەسیحی و، ئەوانەشە کە ئیدیعای موسوڵمانێتی دەکەن]. سەید قوتب هەست دەکات بەمەندەش رایەکەی خۆی نەگەیاندووە، بۆیە ئاشکرا تر دەڵێت:[ **هەموو کۆمەڵگاکانی ئێستای سەر زەوی کۆمەڵگای جاهیلین]**.

## (٣)

خوای پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا، هەندێک ئایەتی هەن راستەوخۆ لەگەڵ پێغەمبەر(د.خ) دەدوێت، لە ئایەتی دیکەدا لەگەڵ جەمعی موسوڵمانان‌دا دەدوێت... ئەوەی جێی سەرنجی منە ئەوەیە کە **ئوسامە بن لادن**– رابەری رێکخراوی ئەلقاعیدە کاتێک لەگەڵ پەیامنێری کەناڵی لەجەزیرەدا دەدوا و وەلامی پرسیارەکانی دەدایەوە، بۆ ئەوەی دروستیی بیرورِاو کار و کردەوەکانی خۆی بسەلمێنێت، دەقی ئەو ئایەتە پیرۆزانەی دەکردە پاڵپشت کە لە ئەسڵدا خوا بۆ دواندنی پێغەمبەر(د.خ) ناردوونی.

## (٤)

### تۆ لە هونەری ژیاندا داهێنەری، یان لە هونەری مردندا؟!

ئەمە پرسیارێکە رووبەڕووی هەموومانە و، لەیەک کاتدا وەلامدانەوەمان فیکری و پراکتیکیشە.

فیکرییە لەو سەرچاوەیەوە کە چ فیکرێک بەرهەم دەهێنین..چ فیکرێک دەچەسپێنین.. کار دەکەین بۆ ئەوەی چ فیکرێک ببێتە کلتووری جەمعیمان ؟ ئەوەیان کە مانا دەبەخشێت بە ژیانی مرۆڤ لەسەر زەوی و، هەموو بەها مرۆییەکان بەم ژیانە دەبەخشێت کە بۆ یەکجار دەرفەتی ئەوەمان هەیە هی خۆمان بێت ؟ یان ئەوەیان کە ئەم ژیانەمان لێ قێزەون دەکات و، جگە لە نائومێدی و زەوال هەموو ماناکانی دیکەی لێ دەسێنێتەوە و، مردن دەکاتە ئەو دیارییەمەزنە رووحی و جەستەییەی، مرۆڤ لە وەهم و زەلکاوی ژیان رزگار دەکات ؟!

پراکتیکیشە لەو سەرچاوەیەوە کە چەندێ بەشداریی کردەییمان هەیە لە بەرهەمهێنان و فەراهەم کردنی هەموو ئەو سیاسەت و بەرنامەی بەڕێوەبردن و پەیوەندی و، ئەو کەرەستە و بەرهەمە ماتریال و رووحییانەی جوانی و چێژ و ماناکانی ژیاندۆستی و مرۆڤدۆستی دەبەخشن بە ژیان و، ئەوە دەکەنە کلتووری جەمعیمان کە مرۆڤ دەبێ بژی و، ژیان بەهادار و رێز لێ گیراو بێت ؟ یان ئەو سیاسەت و بەرنامە و پەیوەندی و کەرەستانە بەرهەمدەهێنین کە تەنها دیارییەکیان بۆ مرۆڤ، مردنە!

## (٥)

لەسەرەتای دەسەلاتیدا، **حکومەتی تالیبان گۆرانی و مۆسیقا و شانۆ و سینەماو تەلەڤزێۆن و سەتەلایتی بە مونکەرەکان پێناسە کرد و هەموویانی قەدەغە کرد.**

ئەمە وەلامی ئەوان بوو بۆ پرسیاری ئەوەی تۆ کامیان دەزانیت.. هونەری ژیان، یان هونەری مردن!!

ئەو ئامێرانە، دەسکەوتی ژیریی مرۆڤن کە لە سەرەتاکانی مێژووەوە کار بۆ ئەوە دەکات هەرچی زیاترە ژیان بەماناتر وکراوەتر و جوانتر و بە چێژتر بکات. کەواتە قەدەغە کردن و شکاندنی ئەو ئامێرانە واتە قەدەغە کردنی ئەوەی مرۆڤ ژیر و بلیمەت بێت، واتە نابێت مرۆڤ بیر بکاتەوە.. نابێ جوانی ببینێت.. نابێت چێژ لە ژیان وەربگرێت.. نابێت ژیانی لە بازنە تەسککراوەکان رزگار بکات و،بە دەرەوەی خۆیدا بیکاتەوە..

ئەو ئامێرانە کەرەستەو رایەڵەکانی پەیوەندی کردنن لەگەڵ « ئەوی دیکە و ئەوانی دیکە» کە نامۆ

www.kurdistannet.org

بوونی مرۆڤەکان و هەست بە تەنیایی و ترسی نهێنییەکانی دەرەوەی خود دەرەوێننەوە و بەردەوام مانای زیاتر بە پێکەوە بوونمان دەدەن. کەواتە شکاندن و قەدەغەکردنی ئەوکەرەستانە حوکمی ئەوەیە کە دەبێت مرۆڤ تەنیا بێت.. نابێت ئەوی دیکە و ئەوانی دیکە بناسێت.. دەبێت بەردەوام لە چاوەڕوانی ئەوەدا بێت کە ئەوی دیکە و ئەوانی دیکەی نەناسراو و نەبینراو هەڕەشەی لێ بکەن..

ئەو ئامێرانە سیمبوولی پێکەوە بوونی مرۆڤەکانن، سیمبوولی فێربوون و سوود وەرگرتن لە زانیاری و ئەزموونە جیاجیاکان.. کەواتە شکاندن و قەدەغەکردنیان کردەیەکی سیمبوولییە لە دژی پێکەوە بوونی مرۆڤەکان و گەڕانەوەیە بۆ سەرەتاییترین شێوەکانی ژیان کە یەک خێزان، لە یەک ئەشکەوتدا، بە تەنیا و لە ترسی ئەوانی دیکە دەژیا .

**هەیئەتی شەرعی جند الاسلام** لە کوردستانیش لە یەکەمین بانگەواز و ڕوونکردنەوەی خۆیدا پاش دامەزران و، گرتنی شارۆچکەی بیارە، ڕایگەیاندووە کە لەلایەن بەشی (فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە)وە، دەست کراوە بە جێبەجێکردنی فەرمان بە چاکەو ڕێگری لە خراپە، کە جگە لە هەڵوێست گرتن لە ئافرەتان بە شێوازە ناسراوەکان، قەدەغەکردنی گۆرانی و مۆسیقا و سەتەلایت و کەناڵە ئاسمانییەکان لەپێشەنگی ئەم فەرمان بە چاکەیەیە.

تالیبان، لە دووەمین کردەی سیمبوولییانەیدا **پەیکەرەکانی بودای تێکشکاند**، کە وێڕای مانا سیمبوولییەکانی ئەو شاکارە هونەرییانە، هەروەها شایەدە ماوەبووەکانی مێژوویەکن کە بۆمانی دەگێڕنەوە مرۆڤ بە چەند قۆناغدا تێپەڕیوە بۆ ئەوەی فەنتازیای ڕووحی خۆی پەرە پێبدات تا یەکتا پەرستی و ناسینی خوا و پەیوەندی بەستن لە گەڵیدا . شکاندنی ئەو پەیکەرانە هەوڵێکی بێهودەیە بۆ سڕینەوەی مێژووی گەڕانی مرۆڤ بە شوێن خوادا . هەوڵێکی بێهودەیە بۆ ئەوەی مێژووی ئیمانداریی مرۆڤ و پەیوەندی کردن لەگەڵ خوادا تەنها لە مێژووی تالیباندا کورت بکەنەوە، بەمەش ئەو غرورە تێر بکەن کە ڕێکخراوەکەی ئەمان درێژەی مێژوو نییە و دابڕاوە لێی و، گوزارشتێکی تاک و تەنهایە لە ئیمانداریی.

ئەو پەیکەرانە سیمبوولی شارستانییەتی ملیۆنەها مرۆڤی ئێستامانن کە شانازی بە مێژووی خۆیانەوە دەکەن و، وا چاوەڕوانن کە شارستانییەکانی دیکەش ڕێزیان لێ بگرن و پەیوەندییان لەگەڵ ببەستن..لەوەش زیاتر تەواوی جیهان سەرەڕای بڕوا بوونی ئیمانییانە بەو پەیکەرانە و سیمبووڵە ئایینییەکەی هەناویان، یان بڕوا نەبوون پێیان، هەموو تکاو فشاریان لەسەر تالیبان بوو کە ئەو کارە نەکات، تەنانەت چەندین ناوەند و کەسایەتی زانستیی ئیسلامی بانگهێشتیان کردن بەڵام بێ سوود بوو، شکاندیانن نا لەبەر ئەوەی ئەو پەیکەرانە دژی ئیسلامن، بەڵکو لەبەر ئەوەی تالیبان دەیویست هەڕەشەیەک لە جیهان بکات تا ئابلوقەی لەسەر هەڵگرن و ئیعتیرافی پێ بکەن و چیتر داوای لێ نەکەن ئوسامە بن لادن تەسلیم بکات. کەواتە وەک **د. نەسر حامد ئەبو زەید** دەڵێت:[ هەمووی ململانێی نێو دەوڵەتییە لەسەر بەرژەوەندی و سەروەت و سامان، بەڵام بەهانەکانی ئایینین.. بەوجۆرەش ئایین دەخەینە جێیەکەوە هی ئەو نییە و، ڕایدەکێشینە ناو مەسەلەی واوە کە پێوەندی بەوەوە نییە].

جند الاسلام- یش لە یەکەمین بانگەوازیدا ( ڕواڵەتە شیرکییەکان)ی قەدەغە کردووە، یەکێک لەوانە **داخستنی خانەقای بیارەیە** کە سیمبوولێکی پیرۆزی هەزاران هاوتەریقەتی نەقشبەندییە. دەکرێت ئەم کارەی جند الاسلام وا لێکبدەینەوە کە: مادەم سیمبوولێکی تەریقەتی نەقشی بە (شیرک) لە قەڵەم دەدات کەواتە دەیەوێت پێمان بڵێت ڕێکخراوەکەی خۆیان تەنیاگوزارشتێکی ڕاستەقینەیە بۆ ئیسلامی ڕاست، هەروەها بەم کارەی دەیەوێت بە موسوڵمانان ڕابگەیەنێت کە ئێوە تاکوو ئێستا کارێکتان کردووە شیرکتان بۆ خوا داناوە بۆیە وا جوندەکانی خوا هاتوون ئەو شیرکانە لە ناو دەبەن و بەپێی ڕێنومایییەکانی سەید قوتب سەرلەنوێ ئەو خەڵکە ئیسلام دەکەنەوە.

www.kurdistannet.org

تەنانەت هەندێک هەواڵی واش دەبیسترێت (هێشتا موئەکەد نین) کە جند الاسلام هەموو ژن و مێردەکانی بیارەی جارێکی دیکە لە یەکتر مارەکردۆتەوە!!

یەکێکی تر لە تێکشکاندنی رواڵەتەکانی شیرک لە بیارە قەدەغە کردنی هەڵواسینی وێنەی مردووانە، کە ئەو وێنانە سیمبوولی یادەوەرییەکانی ئێمەیە لەگەڵ ئەو ئازیزانەی کۆچیان کردووە. جند الاسلام بەم کارەیان دەیانەوێت ئێمە لە یادەوەرییەکانیشمان داماڵن، ئەیانەوێت ئەو رایەڵە سیمبوولییە لە نێوانی ئێمەو رابردوومان‌دا بپچڕن کە تێیدا هاوشەریک بووین لە خۆشی و ناخۆشییەکانیدا لەگەڵ ئەو ئازیزانە.. ئەو وێنانە رایەڵی سیمبوولین بۆ پەیوەندی هەنووکەی ئێمە بەو ئازیزانەوە کە ئێستاش ئومێد دەخوازین لەگەڵمان بوونایە و بەشداری ژیانیان لەگەڵ بکردینایە، ئێمە لە رێی ئەو وێنانەوە لەگەڵ ئەوان دەدوێین و ئەمێدە نهێنییەکانی خۆمانیان لەلا دەدرکێنین.. هەندێک جار لە کاروباری ئێستاماندا راوێژیان پێ دەکەین.. قەدەغە کردنی ئەم سیمبووڵە، واتە قەدەغە کردنی هەموو ئەو پرۆسە سیمبوولییە سۆزدارانەی مرۆڤ.

هەرچەندە لە سەرانسەری ئەوروپا و ئەمەریکادا سەدان مزگەوت هەن، دەیان ناوەند و ئەنیستۆتی ئیسلامی و دەزگای بڵاوکردنەوە و راگەیاندن و دەعوایی هەن، هەزاران موسوڵمان ئازادانە مومارەسەی سروشە ئایینییەکانی خۆیان دەکەن، جگە لە نوێژو فەرزەکانی دیکەی ئایینی، کۆڕ و کۆبوونەوەی تایبەت و بە بۆنەو بێ بۆنە ساز دەکەن و، سەدان سەرکردە و چالاکانی گروپە سیاسییە ئیسلامییە توندڕەوەکان لەو وڵاتانە پەناهەندەی سیاسین و ژیان و ئەمنییەتیان پارێزراوە و دابین کراوە، بەڵام تاکوو ئێستا نەمانبیستووە جارێک لە جاران موسوڵمانان بەوە تاوانبار بکرێن کە خەریکی تەبشیر و بڵاوکردنەوەی ئیسلامن لە رۆژئاوادا. تەنانەت کە ئەمەش بکەن رێگرییان ناکەن چونکە ئیمانداریی و بڕواهێنان بە هەر ئایینێک مافێکی ئاسایی و سەرەتایی و سروشتییە بۆ هەر مرۆڤێک و، بڕوا هێنان بە هەر ئاینێک مەترسی و هەڕەشە نییە نە بۆ سەر کلتووری ئەو گەلانە، نە بۆسەر سیمبووڵە ئایینی و نەتەوەییەکانیان ، نە بۆ سەر قەوارەی سیاسیان. کەچی بزووتنەوەی تاڵیبان لە کردەی سیمبوولییانەی سێیەمی خۆیدا چەند ئافرەت و پیاوێکی مەسیحی گرت کە کارمەندی رێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بوون لە کابوڵی پایتەختی ئەفغانستان، گوایە ئەمانە **لە ماڵەوە ئینجیلیان هەیە و(تەبشیر) بۆ ئایینی مەسیحی دەکەن و شیرک وهەڕەشەن بۆ ئیسلام**. کە دەڵێم ئەم کردەیەشی سیمبوولییانەیە مەبەستم لەوەیە ئەوە ئیعلان کردنی سەرەتای جەنگێکە لە نێوانی شارستانی و ئایینەکاندا کە ئەگەر تەنانەت لە نزمترین ئاستیشیدا رووبدات، تاڵیبان و هاوکاران و هاوشێوەکانی لێی بەر پرسیارن.

«ئەمیری جندالاسلام» **(ابو عبدالله الشافعی)**ش رۆژی ٢٠٠١/٩/٧ لە بەیاننامەیەکیدا بۆ گشت رێکخراوە خێرخوازەکان لە کوردستاندا، پێی راگەیاندوون کە دەتوانن بچنە ناوچەی دەسەڵاتی ئەوەوە بەو مەرجە کە لەوێ تەبشیر بە مەسیحییەت نەکەن و خۆی گووتونی:( **بڵاونەکردنەوەی بەگاورکردنی خەڵکی**)، هەروەها **(دروشمەکانی کوفر دەرنەخەن)**.

کردەی سیمبوولییانەی چوارەم کە **لێدان و خاپورکردنی تاوەرەکانی بنکەی بازرگانیی جیهانیی بوو لە ٩/١١ دا**، بن لادن و لە پشتەوەی ئەویش تاڵیبانی پێ تاوانبارە. ئەم کارە تیرۆرییە، مۆرکی سیمبوولی هەیە چونکە ئەو بنکەیە رەمزی سیستەمی نوێی ئابووری ئازاد و کۆمپانیا فرە رەگەزەکانە، هەروەها بنکەی کۆبوونەوەی هەموو رەگەزە مرۆییەکانی سەر زەوییە. کەواتە لێدانی ئەم بنکەیە لێدانی ئەو سیمبووڵەیە کە دەرەنجام لە مانای ناوکیدا لێدانی هەموو جیهان و، خۆ دابڕینە لێی بە رادەی دژایەتی کردنی رەهایەنە، وەک بڵێی زۆر بە ئەمانەتەوە رێنوماییەکانی سەید قوتب لە بە جاهیل کردن و تەکفیر کردنی هەموو کۆمەڵگاکانی سەر رووی زەوی جێبەجێ بکەن و، **فەتواکەی بەرەی ئیسلامی جیهانیی بۆ جیهادیش**، کە بن لادن یەکێکە لە رابەرە هەرە سەرەکییەکانی، جێبەجێ

www.kurdistannet.org

بکەن کە بریتییە لە:( **کوشتنی ئەمەریکاییەکان و هەموو هاوپەیمانانیان،چ مەدەنی بن یان عەسکەریی ، لە هەر وڵاتێک و لە هەر کاتێکدا بلوێ، ئەرکێکی تاکە کەسییە لە ئەستۆی هەر موسوڵمانێک کە توانای هەبێت)**.

## (٦)

لە هەفتەی دووەمی قەیرانە نێودەوڵەتییەکەی کارە تیرۆرییەکەی ٩/١١ دا، **جۆن سیمبسۆن** کە نووسەری مەسەلە هەنووکەییەکانە لە رادیۆی بی. بی. سی. دەنووسێت:[ لە دوای کاتژمێر هەشتی شەو لە تاریکایی کابولدا، زۆرترین دەنگێک کە دەتوانرێت ببیسترێت حەپەحەپی سەگانە و، بە شەوقترین تیشکێکیش کە دەتوانرێت ببینرێت ئەو تیشکە زەردە کزەیە کە لە چرا نەوتییەکانی سەر پەنجەرەی ماڵەکانەوە دێت.]
شەڕ شەڕی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانە، کەچی خەڵکی برسی و روت و ڕەجاڵی ئەفغانستان باجەکەی دەدەن... گەلێک باجەکەی دەدات کە شەڕی نێوان گروپە ئیسلامییەکان لەماوەی سێ دەیەدا، هەزاران ساڵ گەڕاندوویەتییەوە بۆ دواوە، حکومەتەکەی تاڵیبانیش هات بووە سەرباری ئەو پاشەکشە پێ کردنە و، وەک سیمبسۆن دەڵێت:[ **سەمەرەترین شێوازی حکومڕانی سیاسی و ئسوڵییەتی ئایینی پێشکەش کرد]**.

## (٧)

لە سەرەتای هەفتەی سێیەمی ئەو قەیرانەدا کە دەبوایە بزووتنەوەی تاڵیبان، بن لادن تەسلیم ئەمەریکا بکات، کەچی تاڵیبان رایگەیاند بن لادن دیار نەماوە و نازانن داخوا لە ئەفغانستان ماوە یان رۆییوە، ئەگەر رۆییوە نازانن بۆ کوێ چووە. کەس بڕوای بەم راگەیەنراوە نەکردووە. **کریس هۆری** نووسەر لە رادیۆی بی. بی. سی. دەربارەی ئەوەی کە ئەگەر بن لادن ناچار بێت ئەفغانستان جێبهێڵێت، باس لە چەند وڵات و جێگەیەک دەکات کە خەیارەکانی ئەون بۆ خۆ شاردنەوە. هەرێمی کوردستانی خۆمان چوارەم خەیارە لە دیدی ئەو نووسەرە چاودێرەدا و دەڵێت:[ ئەم وڵاتە زۆر پەناهەندەی تێدایە کە بن لادن دەتوانێت چ بە پارە بێت یان بە توندڕەوی ئایینی، یان بە هەردووکیان بەلای خۆیدا رایانکێشێت. بە هۆی شەڕی کەنداو و دەرهاویشتەکانییەوە لەم وڵاتەدا یاسا و نیزام نەماوە. راپۆرتەکانیش وا دەگەیەنن کە ناوچەی بیارە و تەوێڵە کەوتوونەتە ژێر دەسەڵاتی لایەنگرانی بن لادنەوە]
هەندێ چاودێری ناوخۆش هەر لەسەرەتاوە پێیان وابوو کە ئینشیقاقە یەک لە دوای یەکەکانی ئەم دواییەی ناو بزووتنەوەی ئیسلامی دەرەنجامی ناکۆکی راستەقینە نەبوون، بەڵکو جۆرێک بوو لە دروست کردنی ناوەندی موگناتیسیی جۆراوجۆر بۆ کێش کردنی مەیل و هەڵچوونە ئیسلامییە جۆراوجۆرەکانی ناو لاوان، هەروەها بۆ دروست کردنی تەپ و تۆز بوو تا کارێکی گەورەی ژێر بە ژێرانەی لە پشتەوە بشارنەوە.
بەو جۆرە کت و پڕەش کە ئیعلانی پێکهێنانی جندالاسلام کراو، یەکسەر ناوچەیەکیش کەوتە دەستیان و، هەموو کاربەدەستانی رەسمی و ئەوانەی یەکێتی نیشتمانی کوردستانیان لەوێ دەرکرد و، بەر لە رووداوەکەی ٩/١١ بە ماوەیەکی یەکجار زۆر کەم ئیمارەتی ئیسلامی لێ دامەزرێنرا، جێی سەرنجی ناوخۆ بوو. ئێستا کە تێڕوانینی چاودێرانی جیهان بۆ خەیارەکانی رۆیینی بن لادن دەخوێنینەوە و دەزانین کوردستانیان لە دوای چیچان و ئەلبانیا و ئەمەریکای باشوور داناوە، ناکرێت لەو کارتێکەرە خۆمان بێ ئاگا بکەین کە دەشێت هەموو ئەوەی لە کوردستاندا بەرپا کرا لە ئینشیقاق و شەڕو شۆڕی ئیسلامییەکان، بۆ ئەوە بوو کە سەرنجی هەردوو ئیدارەکەی کوردستان و

www.kurdistannet.org

حزبەکان و رای گشتی بە لای ئەو رووداوانەدا ببرێت و، ئەوانیش لە پشت ئەو تەپ و تۆزەوە خەریکی ئامادە کردنی جێ و رێی نوێی بن بۆ شێخ ئوسامە، یان وەک مەلا کرێکار ناوی ناوە: **(تاجی سەری هەموو موسوڵمانان)**!!

* * *

**بۆ ئەم بابەتە سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە:**

**١- بابەتێکی بورهان غلیون لەناو ئەنتەرنێتدا.**
**٢- قبل السقوط - د. فرج فودە.**
**٣- حسن البنا، متی، کیف،الی این - د. رفعت السعید.**
**٤-عودە الارهاب المتاسلم - د. رفعت السعید.**
**٥- تەقاندنەوەی هەزارە - زنجیرە بابەتێک لە گۆڤاری گوڵان دا.**
**٦- راپۆرتە هەواڵ و دیمانە تەلەفزیۆنییە جۆراوجۆرەکانی ئەم ماوەیە.**

www.kurdistannet.org

لە دەفتەری یادەوەریی ڕۆژنامەوانیمدا
**وڵاتێک لە خۆڵ، ئاسمانێک لە خۆڵ**
**مەنجەڵەکان پڕیان دەبێت لە خۆڵ**

**ئازا حەسیب قەرەداغی**

**(١)**

هەموو کەناڵە جیاجیاکانی ڕاگەیاندن لە وڵاتانی عەرەبی- ئیسلامی دا و، زوربەی هەرە زۆری ڕۆشنبیرانیان و سیاسەتمەداران و سەران و سەرۆکی ئەو وڵاتانە، لە ١١/٩ دا پێیان وابوو ئەمە ئەو دەرفەتە زێرینەیە کە بە هۆیەوە خۆیان لە شاڵاوی تورەبوونی توندرەوانەی ناوخۆ دەپارێزن و، بۆشایی نێوان خۆیان و جەماوەر ناهێڵن و، یەکبوونەوەی ڕا و هەڵوێست دروست دەکەنەوە و، شانازییەکانی شەپۆلی نەتەوەیی دەورانی جەمال عەبدولناسر دەگەڕێننەوە، بۆیە سەرچڵانە سواری شەپۆلی سۆز و هەڵچوونی نەستی نازانستی و نابینای سەر شەقام بوون و، بەردەوام گوتارێکیان ڕادەگەیاند کە لەسەر بناغەی **«گومان کردن»** دامەزرا بوو، هەڵگری **« بەڵام»** بوو بۆ هەڵوێست وەرگرتن لە دژی تیرۆری نێودەوڵەتیی سنووربەزێن و، ڕاکێشەری ژمارە ڕایەڵێکی گرێدانی نادروستانە بوو لە نێوان ڕووداوە تیرۆرییەکەی ١١/٩ و چەندین بابەتی سیاسی هەرێمایەتیی عەرەبی بە تایبەتیش کێشەی ڕەوای فەلەستین. دەرەنجام:

* ئەو ئامانجەیان بۆ نەهاتە دی، چونکە ئەو بۆشاییە لەدایک بووی ڕووداوە کتوپڕەکان نییە، تا بە هەڵوێستێکی کتوپڕانە پڕ بکرێتەوە. ئەو بۆشاییە بەرهەمی کەڵەکەبوونی سیاسەتە دیکتاتۆری و نادیموکراسییەکان و، فەراهەم نەبوونی ئازادییە گشتییەکان و، کاریگەریی دابونەریتە سەرکوتکەرەکان و، ئاڵۆزیی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و، جیاوازییە کۆمەڵایەتییە زەقەکان و هەژاری و بێکاری و نەخوێندەواری و دواکەوتوویی و، نا بەهرەمەندییە لە پەرەسەندنەکانی کایە جۆراوجۆرەکانی زانست لەناو وڵاتانی عەرەب-ئیسلامدا.

* بەشی هەرە سەرەکی ئەو بایەخ و ڕۆڵە نێودەوڵەتییەی سەرانی عەرەب هەیانبوو بۆ هەڵسوڕاندنی مەسەلە هەرێمایەتییە عەرەبییەکان، لە دەستیان دا و، لەم بابەتە جیهانییەدا جێیەکی ئەوتۆ کاریگەریان نەدرایە و، ئیدارەی ئەمەریکا بەشێوەیەکی تایبەتی و، کۆمەڵگای ئەوروپیش بە گشتی سارد و سڕانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کردن و، ڕای گشتی ئەو وڵاتانەش لە هەڵوێستی حکومەتەکانیان توندتر بوو بەرامبەریان.

بۆیە لە دوادوایی ڕەوشەکەدا ئەمان بەدوای ڕووداوەکە و دەرهاویشتە و ئاسەوارەکانیدا ڕایان دەکرد، بەڵام هیچ یەکێک لە پەیوەندیداران بانگیان نەدەکردنە ناو مەیدانی بابەتەکەوە.

**(٢)**

گوتار و هەڵوێستی وڵاتانی عەرەبی- ئیسلامی لە بابەت کارە تیرۆرییەکەی ١١/٩ لە ئەمەریکا، گوتار و هەڵوێستێکی گومانکەر و بە بەڵام بوو، بۆیە لە هەموو کەس زیاتر داوای **« بەڵگەی حاشاهەڵنەگر»** یان دەکرد لەبارەی ئەوەوە کە بن لادن و ئەلقاعیدە و گروپی دیکەی ئیسلامی توندرەو کردبێتیان.

کەچی بەهۆی ئەو هەڵوێستەیانەوە، ئەمەریکا کە هەموو هاوپەیمانەکانی خۆی لەو بەڵگانە ئاگادار

www.kurdistannet.org

کردەوە، عەرەبی لێ بێ بەش کرد... فەرەنسا کە سەرەتا داوای دەکرد هەرچییەک دەکرێت لە ڕێی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بکرێت، کە بەڵگەکانی نیشاندرا ڕایگەیاند کە بە تەواوی پشتگیری ئەمەریکا دەکات و ئامادەیە هێزە سەربازییەکانیشی ڕەوانەی گۆڕەپانی شەڕی تیرۆریستان بکات.... ڕووسیاش هەمان هەڵوێست... خودی کوفی ئەنانی ئەمیندداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانیش هەمان هەڵوێستی هەبوو... دواجار وا تەواوی ئەندامانی ئەنجوومەنی ئاسایشیش ئەو هەڵوێستەیان تۆمار کرد و بووە هەڵوێستێکی سەرتاپاگیریی جیهانیی... بە واتایەکی دیکە بۆ وڵاتان و ڕاگەیاندن و لێکۆڵەرەوانی عەرەب- ئیسلام شتێک نەمایەوە گومانی لێ بکەن کە گوایە بەڵگە نییە لەدژی بن لادن و ڕێکخراوەکەی و گروپە تیرۆریستەکانی دیکە. هەروەها شتێک نەماوە بەلامی لە پێشەوە دابنێن، چونکە لەو هەڵوێستەیاندا بە تەنیا مانەوە و، تەنانەت لاتەریکیش بوون.

(٣)

وادیارە خودی بن لادن خۆی هەستی بەم حاڵەی عەرەب- ئیسلام کردبێت، کە تا چ ڕادەیەک هەستیان بە کەموکورتی دەکرد کە کەس نییە لەو هەموو بەڵگە حاشاهەڵنەگرانەی نیشانی هەمووان دەدرێت، یەک دانەیشی نیشانی ئەمان بدات، بۆیە خۆی ئەمەی بۆ کردن و، لە دوا دەرکەوتنی خۆیدا لەسەر شاشەی کەناڵی ئەلجەزیرە، نەیگووت من ئەو کارەم نەکردووە، بەڵکو جگە لەوەی هاوەڵەکانی دانیان بە هەموو کارە تیرۆرییەکانی پێشوودا نایەوە، هەروەها ئەمیش دەستخۆشانەی لەوانە کرد کە تیرۆرە بەکۆمەڵەکەی ٩/١١ یان جێبەجێ کرد و، هەموویانی بە **«شەهید»** لە قەڵەم دا کە جێیان لە **«فـــردەوس»** دا، واتە لە بەرزترین پلەکانی بەهەشتدا دەبێت. هەڵبەت هەر عەرەب- ئیسلامێکیش دەزانێت کە بەپێی شەرعی ئەو گروپە ئیسلامییە سیاسیانە تەنها ئەو موسوڵمانانە شایانی دەرەجەی شەهادەتن کە ئیسلامی ڕاستەقینەن و لە کارێکی جیهادییانەدا گیانیان لە دەست داوە!!

(٤)

لەماوەی نێوان کارەساتەکەی ٩/١١ وە تا هەڵمەتی **« ئازادی تاهەتایی»** ڕاگەیاندن و لێکۆڵەرەوانی جیهان هەوڵی ئەوەیان دەدا کە مرۆڤایەتی بزانێت ئەو کارە تیرۆرییە لەدژی هەموو مرۆڤایەتی کراوە، بۆیە دەبێت بەو هۆیەوە مرۆڤایەتی ڕیزبەندی خۆی لە دژی تیرۆر ڕێکبخات. کەچی ڕاگەیاندن و لێکۆڵەرەوانی عەرەبی- ئیسلامی ڕای گشتی ئەم ناوچەیەیان بەوە چەواشە دەکرد کە ئەو ڕووداوە لە خودی ئەمەریکا ڕووی داوە و، ئەوەش بەرهەمی سیاسەتەکانی خۆیەتی و، ناکرێت بەو هۆیەوە جیهان بکرێتە دوو دەستە، یەکێکیان دژی تیرۆر و ئەوی تر لەگەڵ تیرۆردا.

بن لادن لەم ڕووەشەوە تێفکرین و بیانووەکانی عەرەب-ئیسلامی مایەپووچ کردوو، بە پێچەوانەی ئەوانەوە ڕای گەیاند کە بەڵێ جیهان دوو دەستەیە، یەکێکیان ئیماندارە و لەگەڵ خۆیانە، ئەویتر کافرە و لەگەڵ سەری کوفری جیهانیدایە.

ئەگەر لە ڕیزبەندییەکەی ئەولادا خۆیان یەکلا نەکردەوە، ئەدی وەڵامیان بۆ ئەم دەستەبەندییەی بن لادن چی دەبێت؟!... دەستەبەندییەکەی یەکەم هەڵوێستێکی زیاتر ئەخلاقیی بوو ،کەچی لە ترسی ڕق و تیرۆری گروپە تیرۆریستییەکانی لای خۆیان لێی نزیک نەکەوتنەوە، بەڵام ئەوەی بن لادن تەکفیرییە، ئیتر چۆن خۆیان لە بە کافربوون ڕزگار دەکەن؟!

(٥)

لەماوەی نێوان ڕووداوەکەی ٩/١١ تا جەنگی ئازادی تاهەتایی، ڕاگەیاندنی عەرەبی- ئیسلامی، لە پشتیانەوەش سیاسەتمەدرانی عەرەب- ئیسلامی، جگە لەوەی گومانکەر و بە بەڵام بوون، هەروەها بۆ ڕای گشتی ناوچەکە و، بۆ بن لادن و ئەفغانییەکان زۆر هاندەرانە و تەحریزی و پڕاوپڕانە بوون.

www.kurdistannet.org

تەنانەت بەو رادەیە کە ماوەیان نەهێشتبووە بۆ بیرکردنەوەی هێمن و تێرامانانە. کەچی لە رۆژی دووەمی جەنگەوە ئیتر کێرڤەکەیان دابەزی و خۆیان خاو کردەوە و، هەموو هەواڵ و لێدوانەکانیان لە کرۆکی مەسەلەکە دوورخستەوە کە جەنگە لەدژی تیرۆر کە ئەوەتا لەناو ماڵەکانی ئەماندا خۆی حەشار داوە. لەناو ماڵەکانی ئەماندا و، بەهۆی سیاسەت و گەندەڵی و دیکتاتۆرییەتی ئەمانەوە تیرۆر دروست دەبێت و نەشونما دەکات.

## (٦)

گوتارێکی دیکەش هەبوو کە خۆی چەپانە نیشان دەدا و، بانگهێشتی بۆ ئەوە دەکرد کە ئەگەر ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی دەیانەوێت جەنگی تیرۆریزم بکەن با بگەڕێنەوە بۆ رەگوڕیشەی ئەم دیاردەیە و هۆکارەکانی پەیدابوونی چارەسەر بکەن.

هەرچەندە لە رووی تیۆرییەوە ئەم بانگهێشتە راستیی زۆری تێدایە و، بەشێکە لە ئایندە بینی و جیهانبینی ئەوتێفکرینە و، کردنەوەی مەوداکانی خەباتی مرۆڤایەتییە بەسەر فەزاکانی کایە بنەڕەتییەکانی کێشەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، بەڵام بەرنامەی لایەنی هەنووکەیی کەمە، بەو واتایە ئا ئێستا چی بکرێت کە تیرۆر هەیە و گەیوەتە ئاستی سنووربەزێنی و، هەڕەشە لە تەواوی مرۆڤایەتی دەکات و، بووەتە تیرۆرێکی **«عەقلانی»** کە سوودمەندە لە پەرەسەندنە بێ سنوورەکانی زانست و تەکنەلۆجیای گواستنەوە و گەیاندن؟ چی بکەین بەرامبەر تیرۆرێکی رێکخراو کە فرەرەگەز و کۆمەڵکوژ و پیرۆزکراوە؟

ئاخۆ دەکرێت شەڕی هەنووکەیی ئەم تیرۆرە نەکرێت، تا رەگوڕیشەکانی دەدۆزرێتەوە و، هۆکارە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی چارەسەر دەکرێن؟

بۆ نموونە: ئاخۆ دەکرێت لە سەر سیسەمی نەخۆشخانە واز لە کابرایەکی سیلدار بهێنین کە هەرچەند دەکۆکێت بە هەزاران میکرۆبی سیل بە دەوروبەری خۆیدا بڵاو دەکاتەوە و، بچین لە ناو سروشتدا بە دوای میکرۆبەکە و هۆکارەکانی سیل دا بگەڕێین چارەسەریان بکەین؟ مەگەر نابێت سەرەتا ئەم نەخۆشە کە حاڵەت و هەڕەشەیەکی هەنووکەیی کاریگەر و بەرجەستەیە چارەسەر بکرێت، ئەوسا بە پێی بەرنامەیەکی سەرتاپاگیر هەڵمەت بۆ پاکژ کردنەوەی ژینگە لە میکرۆبەکانی سیل ببرێت؟

## (٧)

ئەگەر دوا وتاری بن لادن بکەینە پێوەر، دەکرێت بەو ئەنجامە بگەین کە، کەسایەتییەکە جیهان بینی سیاسی تەسکە و، خوێندنەوە و لێکدانەوەی ئایینی رواڵەتانە و بیانووگەرایی (تبریری)ە و، لە گەڵ پەرەگرتنی رووداوەکان دا شڵەژاو و کورت بینە.

ئەو سێ ئامانجی بۆ کارە تیرۆرییەکانی کردە بیانوو ( عێراق، قودس، خاکی جەزیرە) کە هەر یەکێک لەمانە لە دەیان کەناڵی تێکۆشانی جۆراو جۆرەوە، خەباتی سەراپاگیرییان لە پێناودا بە برەوە و، تەنانەت رۆژانە دۆستی زیاتریان لە سەرتاسەری جیهانەوە بۆ کۆ دەبێتەوە و، رەوتێکی دروستی مرۆڤانەیی نێودەوڵەتی وەردەگرن کە چ لە شێوازی خەبات و، چ لە ئامرازە بەکارهێنراوەکان و، چ لە ئاراستەدا راست و دروست و مرۆڤدۆستانەن. لەم ئاقارەشدا تەنها شێوازی تیرۆریزمانە بە زیانە بۆ ئەو ئامانجانە و، هەرچی زیاتر ئاڵۆز و بێچارەسەریان دەهێڵێتەوە.

بن لادن بە رادەیەک رواڵەتانە دەدوا کە تەنانەت توانای ئەوەیشی نەمابوو، قوڵ لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام بڕوانێت و، رەهەندە مرۆڤدۆستی و ژیاندۆستیەکانی هەڵهێنجێنێت. ئەو وەک پیشەی بەردەوامی ئایینی بۆ ئەوەندە دەویست کە بژارکارییانە مامەڵە لەگەڵ دەقەکانیدا بکات و، لە سیاقی

www.kurdistannet.org

زەمەنی خۆیان دایانبېڕێت و، بەو جۆرە لێکیان بداتەوە کە بۆ پاساوی کردەوەکانی ئێستای بشێن.
گەلی ئەفغانستان باجی ئەوە دەدەن کە ئەوەندە ساڵە میواندارییی بن لادن و رێکخراوەکەی و سەربازگەکانی مەشق و خۆراهێنانی دەکەن، کەچی بن لادن بەو رادەیە شلەژاو بوو کە تەنانەت ئەو میللەتەی لە یاد نەمابوو، کە وەک یەکێک لە ئامانجەکانی خەباتەکەی رایبگەیەنێت.

**(٨)**

لەناو گەلی کوردی خۆشماندا لایەنگران و قوتابیان و هاوەڵانی بن لادن هەن. ئەم لایەنگری و قوتابێتییە لەوەوە نییە کە بن لادن هەڵوێستی هاو ئایینی و جوامێرانەی بەرامبەر کێشەی کورد هەبووبێت، یان رێکخراوەکەی ئەو پەلێک بووبێت لە پەلەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان، یان ئەوانی دیکە لە گروپ و حزبە ئیسلامییەکانی وڵاتانی عەرەب لە پێناوی دۆزی رەوای ئێمەدا بۆ یەکجاریش بووبێت هاتبێتنە دەنگ، کە هاتوونەتە دەنگیش بە ئیسرائیلی دووەم و عومەلای غەرب و لەتوپەتکەری خاکی ئیسلام ناوزەدیان کردووین. رێکخراوەکەی بن لادنیش بەردەوام یارمەتی ئەوانەی داوە و مەشقی پێکردوون کە کاریان لە دژی ئەزموونەکەمان کردووە و ئیرهابی خەڵکی کوردستانیان کردووە. خودی خۆیشی، واتە بن لادن هەرگیزاو هەرگیز لێمان نەبیست فەتوایەک، یان ئیجتیهادێکی شەرعی لە پێناوی رزگاری و یەکگرتنەوەی خاک و گەلی کورددا رابگەیەنێت، تەنانەت لە دوا وتاریشیدا بە هیچ کلۆجێک ئامـاژەی بەوە نەکرد کە گەلێکی موسوڵمان هەیە، نەوەی سەلاحەدینی ئەیووبی رزگارکەری قودسە و، کێشەیەکی رەوای هەیە و دەبێت چارەسەرێکی عادیلانە بکرێت. وەک ئەمەیشی لە فەرهەنگ و بەرنامەدا نییە، بەر دەوام دژی ئێمە بووە، لەلایەک هاوەڵ و برادەرێکی نزیکی سەدام حوسەینی ئەنفالکەرمانە و، لەلایەکی دیکەش نێرەر و مەشق پێدەر و خەرجیدەری هەموو ئەوانەیە کە، بەشدارییان لە دۆزی گەلەکەماندا، دروستکردنی کارتێلات و، میلیشیای نهێنی دوورەدەست و، رەشەکوژی ئافرەتان و تۆقاندنی لاوان و هەرەشەلێکردنی رۆشنبیران و تەکفیر کردنی موخالیفانیان و، تێزاب رشتن و تەقاندنەوەی شوێنە گشتییەکان و تیرۆرکردنی کەسایەتییە سیاسی و ئەکادیمی و رۆشنبیرییەکانمان و سەربڕینی دیل و بریندارانە.

**(٩)**

بە پێی ئەوەی لەسەر شاشەکان دەیبینین، ئەوە دەرەنجام دەگرین کە لەسایەی حوکمڕانیی تاڵیبان و بن لادن دا، ئەفغانستان بووبێتە کۆمەڵگایەک لە خەڵکی هەژار و برسی... بووبێتە وڵاتێک لە وێرانە و، خانووی قوڕ و خۆڵ... بووبێتە ئاسمانێک لە تەپوتۆز.
ئێستاش لەژێر بۆردوومانی رۆکێت و فرۆکەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانانیدا و بە تەئیدی کۆمەڵگای نێو دەوڵەتیی چی لە وێرانییەکانی ئەفغانستان و، خانووە قوڕ و خۆڵەکانی دەکرێت؟! چ جۆرە تەپوتۆزێکی ژەهراوی تێکەڵ بە فەزا ژەهراوییەکەی دەبێت؟! قاپ و قازانی برسییەکان چی تێ دەکرێت؟!
بەڵێ، ئەوسا و ئێستاش ئەفغانستان: وڵاتێکە لە خۆڵ.. ئاسمانێکە لە خۆڵ.. مەنجەڵی برسییەکانیش پڕیەتی لە خۆڵ.

www.kurdistannet.org

## ئەزموونی دارستان و ئەزموونی دیموکراسیەت•
## چەند سەرنجێک لە ڕووداوەکانی ئێستای دنیا و کوردستان

**بەختیار عەلی**

دوای رووداوەکانی مانهاتن، نووسەری ئەمەریکی پۆل ئەستەر گووتی:« *ئێستاکێ سەدەی بیست و یەک دەستی پێکرد*».
لە راستیدا مایەی شەرم و پێکەنینیشە سەدەی بیست و یەک بەو جۆرە دەست پێبکات. بەڵام خۆی ئەو شەرم و پێکەنینە هیچ لەو راستییە ناگۆڕیت کە ئێمە لەبەرامبەر سەدەیەکی تاڵ و تاریکی دیکە داین، سەدەیەک وەک سەدەی بیست ناتوانێت لەبۆنی باروت، لەڕق، لەبوغزو یەکدی سوتان جیاببێتەوە.
دیارە خودی ئەو جەنگەی ئەمڕۆ لەبەر دەرگاکاندایە، ئەو جەنگەی دەزانین لەکوێدا دەستپێدەکات و نازانین لەکوێدا دواییدێت، وەک هەر جەنگێک رۆژانە قسەیەکی زۆر لەهۆکار و دەرەنجامەکانی دەکرێت.
ئەوەی لێرەدا من دەتوانم قسەی لەسەر بکەم، هەندێ خاڵی بچووکن سەبارەت بەکولتوورو ئازادی و جەنگ، سەبارەت بەدلالەتی هەموو رووداوەکان بۆ ئێمەی کورد. سەبارەت بە گواستنەوەی ئەو جەنگە لە نێوان شتێکی بێ ڕوخساردا کە ناوی تیرۆرەو، شتێکی بێ ڕوخساری دیکەدا کە ئازادییە بۆ ناو کوردستان.
ناوەکانی ئەم جەنگە تازەیە لیستێکی سەیرە لەناوی نادیارو بێ پێناسە. لەلۆژیکی ئەمریکییەکاندا ئەمە شەڕی نێوان «تیرۆر» و «ئازادی»یە، لەلۆژیکی تیرۆریستەکاندا شەڕی نێوان کوفرو ئیمانە، لەلۆژیکی هەندێکدا شەڕی نێوان کولتوورەکان و شارستانییەتەکانە.
هەر یەکێک لەو تەفسیرانەش، بێبەری نین لەتەفسیری موتڵەقگەرا، بێبەری نین لەخۆجوانکردن و بەشەیتانیکردنی ئەوەی دی..
بەهەرحاڵ من دڵنیام ئەم جەنگە جەنگی نێوان دوو هێزی دزێوە، کە یەکێکیان خۆرئاوا بەرەو تاریکی دەبات و ئەوی دییان دەیەوێت خۆرهەڵات و وڵاتانی ئێمە هەتا هەتایە لەچنگی ڕابردوو و زوڵمەت و نەگۆڕاندا بمێنێتەوە.
ئەمەریکا لەدوای هاتنە دەرەوەی لە ڤێتنام، دنیای ناشیرینتر کردووەو جوانتری نەکردووە، گوتاری ئیسلامییە توندڕەوەکانیش رژێمێکی وەک تالیبانی بەرهەم هێناوە.
ئەوەی لەهەموو ئەم چیرۆکەدا خەمهێن و مایەی پەژارەیە ئەو کەرتبوونە قوڵ و بێ سنوورو لەیەکدی دابڕانە گەورەیەیە کە ساڵ دوای ساڵ و رۆژ دوای رۆژ لە نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوادا دروستبووە..

www.kurdistannet.org

خودی ئەم چیرۆکە ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەو لۆژیکەی ڕۆژێک لە ڕۆژان کیپلنگی شاعیر تەعبیری لێکردو گوتی:« *خۆرهەڵات خۆرهەڵاتەو خۆرئاوا خۆرئاوایەو هەرگیز بەیەک ناگەن*».

دیارە چۆنێتی دروستبوونی دوو وێنەی موتڵەق بۆ خۆرئاوا و خۆرهەڵات لای هەریەکێکیان قسەی زۆری لەسەر کراوە، من مەبەستێکم نیە قسەکانی لە مەڕ خۆرهەڵاتناسی و خۆرهەڵاتناسی پێچەوانە، یان خۆرئاواناسی لەسەرهەمان ئیقاعی هەڵەکانی خۆرهەڵاتناسی دووبارە بکەمەوە.

کتێبگەلێکی زۆر لەو ڕووەوە هەیە کە خوێنەر لەوەدا پێویستییەکی بەمن نەبێت، سنووری پرسیارەکەی من بچووکترو ڕاستەوخۆترە.

من لەو زیانە کوشندیە دەڕوانم کە ئەو ڕووداوانە لەسەر تێگەیشتنی کولتوورەکان لەیەکدی جێیدەهێڵێت.

تێبینی یەکەم ئەوەیە، هەندێ لە ڕۆشنبیران لەخۆرئاواو هەندێک لەڕۆشنبیرانیش لە خۆرهەڵات، هەردوو لایەن بەشێوەیەکی بەربڵاو کەوتنە ناو جەنگێکی دژوارەوە، جەنگی قسەکردن بەو زمان و عەقڵییەتە ئامادەیەی هێزەکان و دەوڵەتەکان بەرهەمی دەهێنن و دەیخەینە بازاڕەوە.

لەپشتگیریکردنی ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆشنبیرانی خۆرئاواوە بۆ ئەمەریکا و لەیادکردنی ماهییەتی ئەمەریکاو سیاسەتە ناشیرینەکانی ئەمەریکا دەرهەق بەهەموو دنیای دەرەوە بۆ پشتگیری کردنی ژمارەیەک لە ڕۆشنبیرانی خۆرهەڵات بۆ لێدانی ئەمەریکا بەهەر شێوەیەک و بەهەر ئایدیۆلۆژیاو بەهەر دیدگایەکی فیکری بێت، بەرجەستەبوونی خودی ئەو قەیرانەیە، کە هەردوو ئەم کولتوورەی دنیا تیا دەژین.

ئەم کێشەیە بەجۆرێک لەجۆرەکان هاتە ناو دنیای کوردیشەوە، لێرەوە سەیر نیە گوێمان لە مامۆستای زانکۆ دەبێت وەک پۆلیسێکی ئەمەریکی قسەدەکات، گوێشمان لە موسڵمان دەبێت وەکو بن لادن دەدوێت.

پێم وایە لەجەوهەردا لە نێوان شارستانیەت و کولتوورەکاندا بڕێکی دیاریکراو لە لەیەکترنەگەیشتن هەیە و هەمیشەش هەر دەمێنێتەوە، بەڵام ئەوەی کە ئەو لەیەکدی نەگەیشتنە بگاتە ئەو ئاستەی ئەمڕۆ، ئەوا ئەمەیان گەڕانەوەیەکی ترسناکە بۆ دواوە، پرۆسەیەکە پێچەوانەی ئەو ڕۆحی یەکترناسین و لەیەکدی نزیکبوونەوەیەیە کە ماوەیەکی درێژە ڕۆشنبیران و ژیاندۆستە گەورەکان لەخۆرهەڵات و خۆرئاوا خەونی پێوە دەبینن.

واتە بەجۆرێک لە جۆرەکان بەربەستدانان و کەمکردنەوەی دەرفەتەکانە لەبەردەم گەشەی ئەو لایەنە ڕووناکانەدا، کە لەپرۆسەی گلۆبالیزەیشندا هیوامان پێی بوو؛ واتە دەکرێت کەمێک بەدوودڵییەوە قسە لەسەر سەرکەوتنی هێزە تۆتالیتار و دەسەڵاتخوازەکانی ناو گلۆبالیزەیشن بکەین.

ئەگەر ئەم سەرکەوتنە سەرکەوتنێکی کاتیش بێت، خۆی لەخۆیدا گورزێکی کوشندە بوو لەمانا ئەخلاقییەکانی جیهانگیری.

ڕاستە لەجەوهەردا خوێندنەوەی ئەم ڕووداوانەی ئێستا بەشێکە لەستراکتوری پرۆسەی گلۆبالیزەکردن (عولمە)، بەڵام لەهەمانساتدا ئاماژەن بۆ سەتحییەت و سادەیی هەندێک لەو خەونانەی لەسەر گلۆبالیزەیشن بونیاد نرابوو.

گلۆبالیزەیشن، لەسادەترین مانایدا بریتییە لەنزیکردنەوەی دنیا لە یەکتر. بەڵام ئەمە ڕۆ ئاشکرایە ئەم نزیکبوونەوەیە لەبری ئەوەی جیهان بکاتە یەک یەکەی سەرەکی کە کۆمەڵێک بەهاو نرخی دیاریکراودا کۆی بکاتەوە، جیهانی کردۆتە دووبەش کە وەک بۆش و بن لادن هەر کەسەو بەشێوازی خۆیان دەیڵێن تیایدا ناچاریت بەرەیەک هەڵبژێریت، یان بەعەقڵییەتی پۆلیسێکی ئەمەریکی بیرلەدنیا بکەیتەوە یان بەعەقڵییەتی بن لادن . پێداگرتنی ئەمەریکا لەسەر ئەوەی «*لەگەمدایت یان دژمیت*» نەوەک گورزێکی گەورەیە لە گلۆبالیزەیشن، بەڵکو گورزێک لە کولتووری دیالۆگ و قەناعەت

www.kurdistannet.org

پێهێنان و هەڵبژاردنی ئازاد کە دەگەڕێتەوە بۆ بنەما سەرەتاییەکانی دیموکراسییەت.
دەبێت ئێستا بڵێین کە گلۆبالیزەیشن، هیچ نەبیت لەم قۆناغەیدا نەیتوانی دونیا بکاتە یەک، بەڵام توانی دابەشبوونەکانی زیاتر بەرجەستەبکات. لێکدابڕانەکان زیاتر قووڵبکاتەوە..

ئەمڕۆ کە هەموان لەبەر دەرکی شەڕێکی نوێداین، لەبەردەم شەڕێکدا نین لە نێوان ئازادی و بەربەرییەتدا وەک بۆش بانگەشەی بۆ دەکات، بەڵکو لەبەردەم شەڕێکداین لە نێوان بەربەرییەتی مۆدێرن و بەربەرییەتی بەر لە مۆدێرنەدا.

گلۆبالیزەیشن ئەگەر لەئاستی عەقڵی و رۆحیشدا توانیبێتی دنیا کەمێک لەیەک نزیک بکاتەوە، ئەم ڕووداوانە ئەوەیان سەلماند کە هێشتا رەهەندە کولتووری و ئەخلاقیەکانی لەڕەهەندە ئابووری و سەربازی و تەرفیهیەکانی لاوازترە.

ئەوەی گلۆبالیزەیشن تا ئێستا چالاکانە لەیەکیان نزیک دەکاتەوە مرۆڤەکان و میللەتەکان کولتوورەکان نیە، بەڵکو بازرگانەکان و حوکمڕانەکان و دیکتاتۆرو تیرۆریستەکانە.

ئەونوخبەیەی لە خۆرهەڵات وخۆرئاوا بەشێوەیەک لەشێوەکان لەدەوری خەونی هاوبەش و پرۆژەی مرۆڤدۆستانەی هاوبەش کۆبوونەتەوە ، ئەمڕۆ هەست بەدابەشبوونێکی دیکەی قوڵ دەکەن،
هەست بەدوورکەوتنەوەو بچووک بوونەوەی رێگاکانی بەیەکتر گەیشتن دەکەن.

ئەم قۆناغەی گلۆبالیزەیشن کە قۆناغێکی گرنگ بوو بۆ ئەوەی خۆرهەڵات خۆی لەترسی توندڕەویی ئاینی و داخران و ترس لەخۆرئاوا ئازاد بکات، دەرفەتێکی گرنگ بوو بۆ خۆرئاوا تا خۆی لە میراتی خوێناوی ئیمپریالیەت و هاوپەیمانییە خراپەکانی قۆناغەکانی پۆستکۆلۆنیالی ئازاد بکات، دەرفەتێکی گرنگ بوو دونیای ویران بتوانێت بەرێگای ئاشتی فشار بخاتە سەر دونیای ئاوەدان.

کەچی توندڕەوەکان لە خۆرهەڵات و خۆرئاوا، لەسەر زیندووکردنەوەی ئیرسی قۆناغە دێرینەکانی جاران دەژین. لەسەر ئیرسی ئیشکردن بەموتڵەق، ئیرسی «رەش /سپی» «من/ دوژمنەکەم » «هەق /ناهەق».

ئەو ئیرسەی من بۆ خۆم خەونی ئەوەم دەبینی گلۆبالیزەیشن بتوانێت بیشکێنێت و بیخاتە مۆزەخانەکانەوە.ئەو ئومێدەی جیهانگیری جۆرێک لە هێمنی و عەقلانیەت بچێنێت، ئێستا لەوێستگەیەکی لاوازدایە.

بەپێچەوانەوە ئەو جەنگە کوێرەی هەندێ لە دەستگا گەورەکانی میدیا لە خۆرهەڵات و خۆرئاوا تێیکەوتوون توانیوێتی دۆخێک دروستبکات، هەر کەسەو بەراورد بەوانی دی خۆی باشتر ببینێت.

واتە ئەمڕۆش وەک هەموو سەردەمەکانی پێشوو، کەمن ئەو کەسانەی ئامادەن لەجوغزە بچووکەکانی خۆیان بێنەدەرێ، کەمن ئەوانەی هەستی دینی و ناسیۆنالی و قوتبپەرستیان بۆ خۆشەویستییەکی کراوەو رەهای ئینسان و ژیان جێبهێڵن.کەمن ئەوانەی ئامادەنین بەرۆحێکی جیهانگیرانە وەلامی هەستە تەسک و توندڕەوەکان بدەنەوە، ئەم جەنگە ئەوەی دەرخست ژمارەی ئەوانەی سنوورە بچووکەکانی خۆیان بەزاند، هێشتا لەوە بچووکترە لەئاستی دنیادا ببنە هێزێکی راستەقینە.

ئەوانەی بەتەواوی دەرگای ماڵی خۆیان کردەوە، هێشتا هەر کەمایەتیین.ئەوانەش کە باسی قایم کردنی دەرگاکان دەکەن، باس لەسواغدانی پەنجەرەو کلاوڕۆژنەو دیوارەکان دەکەن، زۆرایەتی زۆری دنیان.

لەم جەنگەدا وەک هەموو جەنگە کۆنەکان، وەک هەموو ئەو شەڕانەی لەسەردەمەکانی دیکەدا روویداوە هەر کەسەو لەسەر رۆشنایی ئەو وێنەیەدا کە بۆ ئەوەی دی دورستی دەکات، دووبارە وێنەیەکی تایبەتی و رەها بۆ خۆی دروست دەکاتەوە.

مەترسی ئەم پرۆسەیە چەندە لەسەر ئێمەی خەڵکی خۆرهەڵات گەورەو ترسناکە، هێندەش لەسەر

www.kurdistannet.org

خۆرئاوا قورس و گرانە.

کێشەی هەرەگەورە لەم پرۆسەیەدا ئەوەیە هەر پاشەکشێیەکی خۆرئاوا لەنرخ و بەهاکانی رۆشنگەری، لەو ماف و ئازادی و عەقڵانییەتەی دوای خەباتێکی دوورودرێژ هاتۆتەدی.

هەر گەڕانەوەیەکی سیستەمی سەربازی و سیاسی خۆرئاوا بۆ خۆسەپاندنی کوێرانە، بۆ سەرخستنی بەهاکوێرەکانی قازانج بەسەر بەها گەورەکانی ئازادیدا، ڕەنگدانەوەیەکی کوشندەی لە دنیای ئێمەشدا هەیە.

پێشێل کردنی مافێک لە خۆرئاوا، بەهانەیەکی گەورەیە تا دیکتاتۆرەکانی خۆرهەڵات دە ماف پێشێل بکەن، بۆردوومانکردنی ناهەقی شارێک لەلایەن ئەمەریکاوە، بەهانەیەکی گەورەیە بۆ حوکمڕان و دیکتاتۆرەکان بۆ بۆردوومانکردنی و پلیشاندنەوەی کۆمەڵێک میللەت و کەمایەتی تر. کە ئەمەریکا گەڕەکێک وێران دەکات، ئەوە بۆ خۆی بەهانە بەخشییە بەدیکتاتۆرەکان تا شارێک وێران بکەن، لێرەوە لەم ساتەدا هەڵەیە، گەر گەورەیی ئەمەریکا بەگەورەیی هەڵەکانی تاڵیبان بەراوردبکەین، بۆ ئێمە تاڵیبان لەو جێگایەدا نیە کەم و زۆر بەرگری لێبکرێت، یان هەر بیر لەوە بکەینەوە،جۆرە رژێمێکی وەها سەرکووتکەر قابیلی بەرگری لێکردنە. ئەوەی لەم شەڕەدا زیانی لێدەکەوێت ئەو بەهایانە نیە کەتاڵیبان نوێنەرایەتی دەکات، چونکە تاڵیبان دواجار نوێنەری شەرفرۆشتنێکی گەورەی هێزە تاریکەکەکانی ناو مێژووی ئیسلامە بەهەموو پرۆژەیەکی نوێکردنەوە، تاڵیبان خۆی دروستبووی مێژوویەکی گەورەیە لە کوشتار و توندوتیژی، لێرەوە هیچ بەهایەکی مانەوی ئەوتۆی نیە لەم شەڕەدا بیدۆڕێنێت، بەڵام خۆرئاوا و لیبرالیزم لەرووی مانەوییەوە شتیان زۆرە بیدۆڕێن.

وەک چۆن دیکتاتۆرێکی وەک سەددام لە شەڕی کەنداودا لەرووی ئەخلاقییەوە هیچی نەبوو بیدۆڕێنێت، ئێستاش تاڵیبان هیچی نییەلە دەستی بدات؛ ئەوەی گورزی بەردەکەوێت پشتهەڵکردنی نوخبەی دەسەڵاتدارانی ناتۆ و ئەمەریکایە لەهەندێ نرخ و ماناو شێوازی ژیان کە لەوڵاتەکانی ئێمەدا وەک ئاوات و خەون تەماشا دەکرێن، دیارە ئەمە مانای کۆتایی هەموو شتێک و مردنی خۆرئاواو شکستی ئەخلاقی خۆرئاوا ناگەیەنێت، وەک چۆن هەر یەکێک لە ئێمە بەرپرسیار نین لەتاڵیبان، هەر وەک چۆن بوونی کەسانی وەک بن لادن مانای کۆتایی ئەخلاقیانەی خۆرهەڵات و ئیسلامیش ناگەیەنێت، بەڵام کەمکردنەوە لەنرخی ئەم رووداوانەش لەسەر لیبرالییەتی خۆرئاوا وەک کەمکردنەوە هەندێ لەمارکسییەکان وایە لە کاریگەری ئەزموونی بلۆکی خۆرهەڵات لەسەر بەها ئەخلاقییەکانی مارکسییەت.

کارەساتی گەورە ئەو کاتە دەستپێدەکات کە خۆرئاواش دەکەوێتە ئەو دۆخەوە کەسایەتی ئەوتۆ بەرهەم دەهێنێت کە شیاوی بەراورد بن بە«بن لادن»، «مەلا عومەر» و «سەدام حسێن».

لەم ساتەدا کە دەکەوێتە جەنگی نێوان دوو هێزەوە کە هەر یەکەیان خۆیان وەک دوو موتڵەق نیشان دەدەن، گلۆبالیزەیشن زۆر لەماناکانی خۆی دەدۆڕێنێت، چونکە لە بەهانەو ماناکانی گلۆبالیزەیشن ئەوەیە جەنگ نەکەوێتە نێوان دوو موتڵەقەوە.

هەڵەیەکی گەورەیە واتێ بگەین کە بن لادن گیرفانێکی کولتووری بچوکەو دیاردەیەکی تێپڕو ناوازو نائاسایی دنیای ئیسلامە. هەڵەش لەوە گەورەتر ئەوەیە وا تێبگەین کە بۆش بەناعەقڵانیەتی، بەجەنگ خوازی، بەو عەقڵایەتی تۆڵەو بێباکی وکەمتەرخەمی و بەهیچ تەماشاکردنی بۆ دەرەوەی خۆی تەعبیر لەدیوێکی ڕەسەن و گرنگی کولتوری خۆرئاوا ناکات.

دیارە من خۆرهەڵات و خۆرئاوا وەکو دوو قەوارەی موتڵەق سەیر ناکەم، بەڵکو مەبەستمە بڵێم لەهەناوی ئەم دوو شارستانییەتەدا دوو هێزی گەورە هەن، مەیلیان لەوەیە ئەوی بەرامبەریان تا دوا ئەندازە بچووک بکەنەوە، ئەم دوو مەیلەش دوومەیلن لەدنیای ئێستادا توانای گەورەبوونیان تیایە، ئەمە بەو مانایە نییە کە من خۆرئاوا بەموتڵەقێک دەبینم بەرامبەر بەخۆرهەڵات وەک موتڵەقێکی دژ،

www.kurdistannet.org

بەڵکو بەو مانایە کە موتڵەقگەراکان لەخۆرهەڵات و خۆرئاوا دەتوانن، دزەبکەنە پێشەوەو ببن بەو هێزەی مێژوو دروست دەکەن، ببن بەو هێزەی ڕووداوەکان دروست دەکەن و ئاڕاستەیان دیاری دەکەن، کێشەکە ئەو کاتە دەستپێدەکات کە موتڵەقگەرایی لەجۆرێک تێڕوانینەوە دەبێتە جۆرێک لە سیاسیەت.

کەتووندرەوی و رەهاگەریی بوو بەسیاسەت ئەوکات مرۆڤدۆستەکانی خۆرئاوا، ئەوانەی باوەڕیان بەدروستکردنی هیستیریاو فۆبیا نییە دەکەونە پەراوێزەوە، دەبن بە درووستکەری رێکخراوی خێرخواز، دەبن بە دامەزرێنەری گروپی بچووک و بەرێکخەری خۆپیشاندانی پەراوێزی لەدنیایەکدا کە پێویستی بە فشاری راستەقینە هەیە، تا عەدالەت رەوتی خۆی وەرگرێتەوە.

کێشەکە ئەوکات رووە دزێوەکانی خۆی بەرجەستە دەکات کەهێزە کراوەکانی خۆرئاوا لەبری ئەوەی ببن بەخاوەنی بڕیار، ببن بەهێزی کۆکردنەوەی پاڵتۆو چاکەتی کۆن و جلی لەنگە بۆ خاچی سوور.

هیچ سیستەمێک تا ئەندازەیەکی زۆر بەسروشتی ئۆبۆزیسیۆنەکەی دیار ناکرێت، بەڵکو بەسروشتی ئەو هێزانە دیاری ئەکرێت لەسەرەوەرا دەسەڵات دەئاژوون. دیارە من باوەڕم بەوە نییە کە خۆرئاواو ئیسلامیش جەوهەرێکی نەگۆڕیان هەبێت، بەڵام باوەڕم بەوە هەیە کەوەک چۆن ئیسلام دەشێت تووشی دەردی توندڕەوی بێت، تووشی گروپێک بێت بیگۆڕێتەوە سەر ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسی نەگۆڕو دژ بەمرۆڤ، هەروەها لیبرالیزمیش دەشێت تووشی دەردی توونڕەوی تاک دیدی و تەسکبینی و یەکرەهەندی ببێت.

کە دەڵێن خۆرئاوا وەک قەوارەو مێژوو جەوهەرێکی موتڵەقی نییە، ئەمە وادەکات هەندێک کەس واتێبگەن کە لیبرالیزمی خۆرئاوا توانای بەرهەم هێنانی وێنەی موتڵەقی نییە بۆ خۆی، ئەمەش هەڵەیەکی کوشندەیە.

وەک چۆن مارکسییەکان کاتی خۆی کەوتنە ئەو هەڵە دژوارەوە کە پێیان وابوو مارکسیزم و مارکسییەکان ناکرێت لەوە مەعسومترین کۆیلەیەتی وئیستبداد بەرهەم بهێنن، لێرە پێیان وابوو ئەوەی سیستەمە مارکسییەکان دەیکەن هەمیشە هەنگاوە بەئاراستەی ئازادی، لەم ساتەدا ئێمە بەرامبەر هەمان هەڵە دەوەستینەوە، کاتێک دەبینین هەندێک لە دیموکراسەکان واتێدەگەن سیستەمە لیبرالەکانی ئەورۆ ناتوانن تۆتالیتارییەک لە ئاستی دنیادا بەرهەم بهێنن، ئیدی هەرچیەک دەیکەین دووا چار باشترە لەوەی کە هەیە.

ئەوەی ئەم جەنگە هێنایەوە پێش ئەو راستییەیە کە لیبرالیزم وەک سیستەم و خۆرئاوا وەک شارستانیەت هێشتا لە مەیلی موتڵەقگەرایی پاکنەبۆتەوە.

ئەمە دروستکردنی وێنەیەکی موتڵەق نییە بۆ خۆرئاوا، بەڵکو بینین و چاودێرییەکی دروستبوونی وێنەیەکی موتڵەقە لەناو خۆرئاوادا، ئەوەش ئەم دوو پرۆسەیە لەیەک جیاناکاتەوە، پێوەرەکان و دیدگاکان و تێکەڵاو دەکات.

ئەمە جەنگە لە نێوان دوو فەنتازیادا، جەنگە لەنێوان«هەڵەمووت»و«هۆلیۆد»دا جەنگە لە نێوان دوو هێزدا یەکێکیان هێشتا لە«هەلەمووت» دەژی، لەو چیایە دەژی کەحەسەنی کوڕی سەباح جەنگاوەرەکانی خۆی بەدنیادا دەنارد تا دوژمن و نەیارەکانی خۆی بکوژێت، لەنێوان فەنتازیایەکی دیدا کە دەیەوێت قارەمانە سینەمایەکانی خۆی لەدەرەوە تاقی بکاتەوە.

ئەم دوو فەنتازیەش لە ئاستی کۆمەڵایەتی و کولتووریدا دوو کارەساتی گەورە دروست دەکەن.

کێشەی هەرە گەورەی گلۆبالیزم ئەوەیە کە بوار دەدات فەنتازیای پۆلیس و تیرۆریستەکانی ببێتە راست، بەڵام بوار نادات فەنتازیای شاعیرییەکان شوێنەکیان لەسەر زەوی هەبێت.

نۆڤالیس بەدوای رۆژێکدا دەگەڕا « *واقیع ببێتە خەیاڵ و خەیاڵ ببێتە واقیع*».

www.kurdistannet.org

ئەمڕۆ ئەوڕۆژە نۆفالیستییەیە، بەڵام ئەو واقیعیەی دەبێتە خەیاڵ ئەو واقیعیە نییە، ئەو خەیاڵەش کە دەبێتە واقیع ئەو خەیاڵە نۆفالیستییە نییە.

لەپشت ئەو ئاڵوگۆڕەوە تەکنەلۆژیای هێزی کەرستە فەنتازیاکانی خۆی تاقی دەکاتەوە و ئیمان توانا خەیاڵیەکانی خۆی دەخاتە سەر مەحەک.

ئەوەی لەمانهاتن روویدا سەرەتای سەدەیەکی تازە نییە، بەڵکو درێژکراوی سەدە کۆنەکانە، درێژکراوەی ئەو فاشیزمە خەوتوو و شاردراوەیەی ناو هەناوی دونیایە، بنبەستی سیستەمەکانی ئێمەیە لە تێپەڕاندنی دواکەوتنی خۆیان و بنبەستی سیستەمی باڵادەستی خۆرئاوایە لەوەی «مانای مرۆڤ» «بخاتە سەرووی» «مانای خۆرئاواوە»و، بنبەستی خۆرهەڵاتە لەوەی بتوانێت کێشەکانی ناوەوەی خۆی ببینێت، بتوانێت لەوە تێبگات کێشەکانی ناوخۆ، بەپلەی یەکەم ریشەکانی لەناوخۆدایە، بونبەستی ئەخلاقی هێزگەلێکی گەورەو چالاکی ناو لیبرالیزمیشە کە دووبارە بە شێوەی تر دەگەڕێتەوە بۆ سەر میراتی ئیمپرالیزمی دێرین.

ئەوەی لەمانهاتن دا روویدا دونیای لەبەر بەریەرییەتدا یەکسان کردەوە، ئەو موسڵمانەی وا تێدەگات، خۆرئاوا تەنیا فەسات دەهێنێت و ئەو خۆرئاوا پەرستنەش پێیوایە خۆرهەڵات تەنیا تیرۆر بەرهەم دەهێنێت ، دوو دیوی عەقڵیەتن. ئەو کردارەی لە مانهاتن روویدا لەبری ئەوەی ببێتە ساتی یەکتری بیستن، ببێتە ئەو بەهانەیەی هەمووان باشتر گوێ لەهەمووان بگرن، بووە سەرەتای دەستپێکردنی رۆژگارێکی دی لە نەبیستن و دابەشبوون و دوورەپەرێزی و یەکتر نەناسین.

ئەمڕۆ هەوڵێکی گەورە دەدرێت ئەو رەنجەی پیاوانی کولتوور و رۆشنبیران چەندین سەدەیە دەیدەن تا کۆمەڵگا و شارستانییەتەکان لەیەکتر نزیک ببنەوە، بنێژرێت و لە چاڵ نرێت.

لەمێژە مرۆڤایەتی بەقۆناغی درێژی یەکدی نەبیستندا دەڕوات، لەمێژە گوتارێک هەیە مەبەستیەتی «خۆرهەڵات بەخۆرهەڵاتی و خۆرئاوا بەخۆرئاوایی» بمێنێتەوە، دەیەوێت درێژە بەژیانی بەربەست و دیوارەکانی بدات.

دەیەوێت دوو پۆلی موتڵەق و دژ وپێچەوانە دروستبکات، ئەگەر ئەوەشی بۆ نەکرا ئەوا ئەو دابەشبوون و پارچەپارچەبوونە بباتە ناومانەوە.

سیفەتی گەورەی رۆژگاری نەبیستن تەنیا ئەوە نیە کولتوورەکان و شارستانییەتەکان دەرگا لەخۆیان داخەن و دەرەوەی خۆیان نەبیستن، بەڵکو پارچەپارچەکردنی مرۆڤەکان لە ناوەوەش، دروستکردنی مرۆڤێکە ئەمدیوی لەگەڵ ئەودیویدا نەوێت، مرۆڤێکی پارچەپارچە کە ئەوەی کولتوور فێری کردووە سیاسەت و دین دەیکوژێت، ئەوەی ویژدان پێیدەڵێت عەقل رەتیدەکاتەوە، ئەوەی کەلەپوورو دین فێری دەبێت لە بەردەم مۆراڵی ئازاددا بیشارێتەوە، ئەوەی لە خۆرئاوا فێری دەبێت لە خۆرهەڵات ئاشکرای ناکات، ئەوەی لەخۆرهەڵات فێری بووە لەخۆرئاوا شەرمی لێبکات.

هەموو رۆشنبیرێک لە جەوهەریدا پرۆژەیەکی چکۆلانەی «دیالۆگ، کولتوور، دین و شارستانییەتەکان». رۆشنبیر مانای نیە گەر «فرەکولتوور» نەبێت، گەر لەسەر سنووری زیاد لەشارستانییەتێک، رۆشنبیرییەک، زمانێک و هەستێکدا نەژی.

رۆژی یازدەی سێپتەمبەر، رۆژێکی تاریکە بۆ هەموو ئەوانەی لاناو زیاد لە کولتورێکدا گەورەبوون و خەیاڵیان کراوەتەوە.

چونکە لەو رۆژەدا ئەوانەی کە بڕیاردەدەن دەرگاکانی خۆیان داخەن و ماڵی خۆیان قایمبکەن و لەناو حوجرەی کولتوورەکانی خۆیاندا دانیشن، رێگا سووک و ئاسانەکە دەگرنەبەر، هەموو ئەوانەی چاو دەنوقێنن و دەڵێن خۆرئاوا خراپەی موتڵەقە و شایستەی سزایە، رێگا ئاسانەکە هەڵدەبژێرن.

هەموو ئەوانەش کە دەڵێن با ئەمەریکا بێت و بەدەستێکی پۆڵایی لە ئیسلامییەکان بدات رێگا ئاسانەکە هەڵدەبژێرن، رێگای هەڵبژاردنی یەکێک لەو دوو موتڵەقەی کە دوو تاقم سیاسەتمەداری

www.kurdistannet.org

نەفام لەخۆرئاواو خۆرهەلات بەرهەمی دەهێنن.

هەریەکێک لەم دوو جەریانە پێشتر بڕیاری داوە جەنگێک لەگەڵ ئەوی تردا بەرپابکات و بیگەێنێتە کۆتایی، هەریەکێک لەم دوو جەریانە بڕیاریداوە لایەنگری راهای خۆی بۆ یەکێک لەو دوو کولتوورە ساغبکاتەوەو دەستبەرداری سەر کێشی و ریسکی گەڕان بێت.

هەموو ئەوانەی ئەم ـلەولە خۆرئاوا هەلهەلە بۆ جەنگ لێدەدەن، پێیان وایە موشەکەکان دەتوانن کورتترین رێگای نزیکخستنەوەی کولتوورەکان بن لەیەک، هەموو ئەوانەش لەولاتی ئێمەدا دیسانەوە هەلهەلە بۆ جەنگ لێدەدەن، ئەوانەن کە پێیانوایە موشەکەکان و فڕۆکە هەڵگرەکانی ئەمەریکا دەتوانیت کێشە ناوخۆییەکانی خۆمان بۆ چارەسەر بکات و لەدەردی موسڵمانە توندڕەوەکان ئازادمان بکات، دیسان ئەو هێزانەن کە توانای ئیشکردنیان لەسەر واقیعی خۆیان نیەو چاوەڕوانن لەدەرەوە فریادڕەسە خورافییەکان بێن.

لەلای هەموو ئەو رۆشنبیرانەی لەسەر سنووری زیاد لە کولتوورێکدا دەسوڕێنەوە، هیچ کولتوورێک ئەوەندە پاک نیە بەتەنیا خۆی حوکمی دونیا بکات، هیچ کولتوورێکیش ئەوەندە پیس نیە دەریکەینە دەرەوە و بەسەرچاوەی خراپەکانی دونیای بزانین، نە کولتووری سیاسی ناو ئیسلام هێندە پاکە بتوانێت، هیدایەتی مرۆڤایەتی بکات بۆ رزگاری، نە کولتووری خۆرئاواش خاوەنی ئەو مۆراڵە پاک و بەرزەیە کە بەتەنیا بریار لەسەر چارەنووسی مرۆڤایەتی بدات. هەموو ئەوانەی پێیان وایە ئیسلام دەتوانێت بەتەنیا بەشەرییەت ئازاد بکات، دوور نین لەو فەزا فکرییەی تیرۆر بەرهەم دەهێنێت، هەموو ئەوانەش پێیانوایە سوپاکانی خۆرئاواو فرۆکەکان کیشەکانی ئێمە چارەسەردەکەن دیسان بەدوور نین لەو فەزایەی گەشە بەزەمینەکانی تیرۆر دەدات.

هەر یەکێک لەم دوو بۆچوونە دونیاو کولتووری خۆی بەپاک دەزانێت و ئەوانی دی بەپیس تەماشا دەکات. «پیسی»لەو لۆژیکەدا لەناوەوە نیە، بەڵکو شتێکە لەدەرەوە دێت.

«تیرۆر»و توندوتیژی سروشتی خەڵکی شارستانی و مۆراڵ بەرزی خۆرئاوا نیە، بەڵکو لەدەرەوە هاتووە.

لای ئەوان ئەمجۆرە پیسییە کۆمەڵگای ئەمەریکی بەرهەمی ناهێنێت، بەڵکو سروشتێکی دەرەکی هەیە. لای ئوسامە بن لادنیش پیسی شتێکە لەدەرەوە هاتووە، مێژووی ئەم پیاوە مێژووی ترس و حیرس نیە بۆ ئیسلام، بەڵکو مێژووی پاراستنی جیهانی ناوەوەی ئیسلامە لەدەرەوە.

فۆبیای یەکەمی ئوسامە لەو کاتەوە دەسپێدەکات کە روسەکان خاکی ئەفغانستان «پیسدەکەن»، لەدوای ئەوە ترسی دووەمی سەرهەڵدەدات کاتێک «ئەمەریکییەکان» دوورگەی عەرەبی پیسدەکەن، کە لەسعودیە دەڕواتە دەرەوە دەچێت بۆ جەنگ لەگەڵ مەسیحییەکانی سوداندا کە بەبۆچوونی ئەو هەرێمی دەوڵەتێکی ئیسلامی گڵاودەکەن.کێشەی ئەم پیاوە زۆر دوور نیە لەکێشەی راستییەکانی ئەورووپا کە پێیان وایە بێگانەکە سەرزەمینی ئەوان پیس دەکا ، ئەم دیدەو بەهەموو وردەکارییەکانیشەوە لەدنیای ئێمەدا دەبینرێتەوە، ئەوەتا هەندی لەرۆژنامەنووسەکانی ئێمە لەسەر رۆشنایی هەمان لۆژیکی منداڵانەی«پاک یان پیس» دنیا دابەش دەکەن، ئەو لۆژیکەی وتارە زۆر نزمەکانی بۆش (کە بەئەندازەیەک نزمە، وتاری هەندێ لە سیاسییە گەمژەکانی(جیهانی سێ)مان وە یاد دەهێنێتەوە) شەرعییەتی پێ دەبەخشێ . یەکێ لەو رۆژنامەنووسانە پێی وایە ئیسلامیەکان کێچ و ئەسپێ یان لە ئەفغانستانەوە بۆ هێناوین، وەک ئەوەی لە ولاتی خۆمان کێچ و ئەسپێمان کەم بێت، یان کۆمەڵگای ئێمە بەهەرەی هەڵهێنانی کێچ و ئەسپێی تیانەبێت . گرفتی ئەم دوو تێڕوانینە ئەوە نیە کە خەڵکێک هەیە وابیر دەکاتەوە، بەڵکو ئەوەیە ئەم تێڕوانینە لە دونیای ئێستادا لە دەسەڵاتدایە وەدەشتوانێت ملیۆنەها خەلک لەخۆر ئاواو خۆر هەلات لەدەوری خۆی کۆ بکاتەوە. ئەم دوو کولتوورەی تووشی ئەم دەردە بوون ئەگەر چی دووکولتووری گرنگی دنیای ئەمڕۆن ، بەلام لەقووڵایدا

www.kurdistannet.org

ئەوە ئاشکرا دەکەن مرۆڤایەتی لە قەیرانی قووڵی دۆگماو داخران و لەیەکدی نەگەیشتن رزگاری نەبووە. لە راستیدا دیدی ئیسلامیەکان و ئەمەریکایەکان لەزۆر رووەوە لەیەک دوور نین، هەردووکیان دوو هێزن تەبان لەسەر ئەوەی کۆمەڵگاکانی ئێمە بەقۆناغێکی گەشە و تازەکردنەوەی راستەقینەدا تێنەپەڕێت. ئیسلامیەکان دوژمنی ناوەکیی مۆدێرنەن، ئەمریکاییەکانیش دوژمنی دەرەکیی هەمان پرۆژەن، هەردووکیشیان لەبنەڕەتدا بۆیە لەوێن وچالاکن و ململانێکان لە نێوان خۆیاندا گەمارۆ دەدەن، تا هەرگیز ململانێی راستەقینەی کۆمەڵگاکانی ئێمە، ململانێی ئەو نوخبە رۆشنگەرانەی خەون بەئازادی راستەقینە، عەدالەتی راستەقینە وگۆڕانی راستەقینەوە دەبینن، لەگەڵ ئەو هێزە تاریکانەی ناوەوەدا بەرجەستە نەبێت. ستراتیژی بن لادن و جۆرج بۆش دواجار یەک ستراتیژە ئەویش ئەوەیە کۆمەڵگاکانی ئێمە پێنەنێنە نێو جۆرێک لە رۆشنگەرییەوە کە لەسەر بنەمای دادپەروەریەکی ناوخۆو جیهانی بەرقەرار بێت. دیالۆگ لە نێوان شارستانیەتەکاندا دروست نابێت، گەر پێشتر لەناو خودی شارستانیەتەکاندا دروست نەبووبێت.

رووداوی یازدەی سپتەمبەر، تەنیا خەوش و گرێکانی پەیوەندی نێوان خۆرهەلات و خۆرئاوای ئاشکرا نەکرد، بەڵکو خەوشە قووڵ و ناوەکییەکانی هەر یەکێک لەم دوو شارستانیەتە گەورەو مەزنەشی ئاشکراکرد. لەڕووییەکەوە ئەوەئاشکرا بوو، هەولی ئەو چەند ساڵەی دوایی بۆ بەخشینی روخسارێکی مۆدێرن بەئیسلام هەوڵێکی بێمایەبووە، هەوڵێکە توندڕەوەکان دەتوانن بیکەنە ژێرەوەو زیانی کوشندەی لێبدەن و بیخەنە ژێرگومانەوە، خودی تاڵیبان نیشانەی ئەو ئاڕاستە تاریک و ترسناکەی دنیای ئێمەیە کە بەردەوام لەدیالۆگ و لەشێوە ژیانی ئەوی دی ڕادەکات ، نیشانەی ئەو هێزانەیە کە ناتوانن لەدینەوە بێنەوە بۆ دنیا . لەڕوویەکی دیشەوە، یازدەی سپتەمبەر ئەو توندڕەوییە پەنهانەی ناو خۆرئاوای هێنایە سەرەوە، ئەوەی دەیانکرد لەوەی کە هەولی بەخشینی روخسارێکی ئینسانی بەسەرمایەداری و بەگلۆبالیزەیشن بدەن هێشتا زۆرلاوازە، نەک هەرئەوەش بەڵکوئەمڕۆ مەترسی گەورە لەخودی بەکارهێنانی ئەو نرخانەدایە بۆ نوێکردنەوەی کۆلۆنیالیزم .ئەمڕۆ دوو میراتی پێچەوانە لەجیهاندا کەوتوونەتە بەرامبەریەک: میراتێک هێشتا لەفەنتازیای سەردەمی فتوحاتدا دەژی و یەکێکی دی لەفەنتازیای رۆژگاری جارانی ئیمپریالییەتدا دەژی.

ئەوهەولانەی کەلەئاستی دیالۆگی شارستانیەتەکاندا دەدرێت، جگەلەهەولی بچوک بەولاوە هیچی تر نین، دیالۆگ ئەوەنیە ژوورێک بدەیتەکولتوورەکانی تر لەناوجوگرافیای کولتووری خۆتدا، ئەوە نیە مزگەوتێک بدەیتە موسڵمانەکان نوێژی تیا بکەن و دواتر ئەمە ناوبنێن کۆمەڵگای(فرەکولتوور)، بەڵکو ئەوەیە شوێنێکیان لەناوژیانی فیکری وعەقڵی و ویژدانی وسیاسی و ئابووری وئەخلاقی و رۆحی ئەم کۆمەڵگایانەدا بدەیتێ .کۆمەڵگای فرەکولتوور ئەوەنیە وەک سیستەم، وەک تێکستی قانوونی کولتوورەکانی تر قەبوڵ بکەیت ،کەچی وەک کۆمەڵگا رەتیان بکەیتەوە. لەسەدەی بیستدا، دوو کارەساتی گەورە هەیە کە مرۆڤایەتی نرخی گەورەی بۆ دانەناون: یەکەمیان ئەوەیە خۆرهەلات لە تازەکردنەوە و پێشخستن و کردنەوەی ئیسلامدا تا ئەندازەیەکی بەرچاو نوشووستی دەهێنێت، بەهۆی ئەوەشەوە لەشکاندنی کۆی دۆگماکانی تریشدا نوشووستی دەهێنێت، چونکە هەموو دۆگمایەک دۆگمای پێچەوانەی خۆی بەرهەم دەهێنێت، واتەهەر دۆگمایەیەک جگەلەخۆی، دۆگمایەکی دژی دیکەش دەخاتە بازاڕەوە کە دۆگما دژەکەیەتی. دووەمیشیان ئەوەیەکە خۆرئاوا لەڕووبەرێکی زۆریدا نەبووە بەکۆمەڵگایەکی فرەکولتووری راستەقینەو بەردەوام لەهەناوی ئەم کۆمەڵگایانەدا هێزگەلێک هەن زۆربەهێزن و لەگەڵ داخستنی هەموودەرگا وپەنجەرەکاندان.دیارەئەم هێزانە نوێنەری هەموو خۆرئاوانین، بەلام ئەوەندش بەهێزن کەئیدارەیەکی پۆلیسی بۆ کۆمەڵێک گروپی کۆمەلایەتی ودەزگای گرنگ دابنێن. ئەوەی پێی وابێت ئەم رووداوانەی دوایی زەبری لەچەمکی کۆمەڵگای فرەکولتوورنەداوە، بەسووک و ئاسانی هێشتا دەیەوێت لەسەر خەیاڵە کۆنەکانی بخەوێت

www.kurdistannet.org

دیاره زیان لەچەمکی کۆمەڵگای فرەکولتوور لە ڕاستیدا گەڕانەوەیە بۆعەقڵییەت وفۆڕمی نزیک لەفۆڕم و ڕەفتاری دەوڵەتی ناسیۆنال.. ئەوشەپوڵە بەرزە لەهەستی ناسیۆنالیزم و لەختوکەدانی ڕۆحی نیشتمانپەروەری وگۆڕینی ئالآی ئەمریکی بۆ جۆرە سمبولێکی ئازادی و عاتیفی، کەشوهەوای شەڕە ناسیۆنالییەکانی سەدەی بیستمان بەیاد دەهێنێتەوە.

لەڕاستیدا دوای یازدەی سپتەمبەر هەزاران بەڵگەمان لەبەردەستدایە کە بیسەلمێنێت تائەم ساتە سەرمایەداری لەگوتاری دەوڵەتی ناسیۆنالی پاک نەبۆتەوە. واتە ئەو کاراکتەرەی خۆرئاوا لەقۆناغی ئیمپریالیزمدا پێیدەگات، تائێستا گۆڕانێکی ڕیشەیی بەسەردا نەهاتووە. دیارە من دەزانم دنیا بەخەیاڵی دوژمنانی گلۆبالیزەیشن ناگەڕێت، بەڵام جیهانگەراییەکیش کە بەڕۆح و عەقڵییەتی دەوڵەتی ناسیۆنالییەوە بەڕێوە بچێت، مەترسییەکی گەورەی لەسەرمرۆڤایەتی هەیە. من وێنەکە وانابینم مرۆڤ لەم ململانێ جیهانییە گەورەیەدا، لەنێوان دۆڕاوە شەریفەکان وبراوە بێشەڕە فەکاندا، دەبێت یەکێک هەڵبژێرێت، نەوەک لەبەر ئەوەی مێژوو پڕیشە لەدۆڕاوی زۆردارو دڕندە. بەڵکو هەموو چارەسەرییەکی ئەفسانەیی جگە لەتراژیدیای گەورە هیچی تر بەرهەم ناهێنێت. وەرگرتنی هەڵوێستی ڕۆمانسی لە مێژوو زۆربەی کات دەرئەنجامی نا ڕۆمانسییانەی هەیە. ئەمڕۆدەبێت بەهەموو توانای بچوکی خۆمانەوە نەکەوینە ئەو هەڵوێستەوە وا تێبگەین ئەم جەنگە ئەمڕۆ لەبەردەرکی دنیا دایە جەنگی چاکەو خراپەیە، وەک بۆش دەڵێت، یان جەنگی ئیسلام و کوفرە وەک بن لادن دەڵێت، نەجەنگی گۆڕینی خۆرهەڵاتە، نەجەنگی خۆپاراستنی خۆرئاوایە لەمەترسییەکی گەورە. ئەم جەنگە جەنگێکی کۆنە، هەمان لۆژیک دەیبات

بەڕێوە، کە لەسەدەی بیستدا کیشوەرەکانی ئێمەی هەژاندو دنیای ئێمەی خاپوور کرد، بنەمای یەکەمی ئەم جەنگە قەرارنەگرتنی مرۆڤە لەسەر وێنەیەک بۆ خۆی. بنەمای یەکەمی لەسەر دوورخستنەوەی کولتوورەکان و کۆمەڵگاکان لەیەکتر دامەزراوە، بەمانایەکی تر یەکەمین جەنگی سەردەمی جیهانگیری،تەواو دژ بەهەموو ئەوبنەمایانەن کە جیهانگیری وەک مژدە لەتەک خۆیدا پەیمانی پێدەداین، چۆن شەڕەکانی ناپلیۆن بەناوی دروشمەگرنگەکانی ڕۆشنگەرییەوە لەناوەڕۆکدا جەنگ بوو لە دژی خودی ڕۆشنگەری، ئێمەش لەم ساتەدا لەجەنگێکی ناپلیۆنی سەردەمی جیهانگیریدا دەژین. بەو جیاوازییەی کەبۆش ئەم ناپلیۆنەتازەیەی سەردەمی جیهانگیری، لەڕووی کاراکتەرو مۆڕاڵی سیاسییەوە، شایستەی بەراورد نییە بەناپلیۆنی یەکەم. ئەو تەنیالەوخاڵەدا لەناپلیۆن دەچێت کە بەپێشێلکردنی ئەگەرە ئەخلاقیەکانی ناو جیهانگەرایی دەست پێدەکات.لەم ساتەدا پێم وایە هەموو ئەوانەی پەروەردەی کولتوورێکی ڕەخنەیین، سیاسەتی دروستکردنی مێگەل و جولآندنی گارانانەی سۆزە ناسیۆنالیستی وئاینییەکانن، چارەیەکیان نییەجگە لەوەرگرتنی هەڵوێستێکی ئاشکرا، لەم ساتەدا چەندە پێویستە دژ بەجۆرە ڕژێمێکی تاریکی وەک تاڵیبان بین، چەندە دژ بە خولقاندنی فەزایەک بین، کە وا دەکات، ئیسلامی سیاسی لە مۆدێلی تاڵیباندا بگیرسیتەوە، چەندە پێویستە لەسەر جیا کردنەوەی دین و سیاسەت پێدابگرین، ئەوەندەش پێویستە درێژە بەو کولتوورە ڕەخنەییە بدەین کە خۆرئاوای والێکردووە، لە ناو کوولتوورێکی تردا شوێنێکی گرنگی هەبێت. کارەساتێکی گەورەیە ڕۆشنبیران و هێزە عەلمانییەکانمان لەساتێکی بێزاریدا لەدەست توندڕەوی بکەونە ئەو هەڵوێستەوە کەیەکێکی وەک «شتاینبک»لەکاتی شەڕی ڤێتنامدا تێیکەوت، کاتێک پەنجەی فڕۆکەوانەکانی ئەمەریکای لەکاتی بۆمب هاویشتندا بەپەنجەی پیانۆژەنێک لەسەر دوگمەکانی پیانۆکەی دەشوبهاند. چۆن ڕەخنەگرتن لەتاڵیبان وهەموو دواکەوتنێکی هاووێنەی تاڵیبان تاکە ڕێگایە بۆ ڕزگارکردنی خۆرهەڵات لەو وێنانەی پێوەی دەلکێن، تاکە ڕێگایە بۆنیشاندانەوەی خۆرهەڵات وەک لانکەی شارستانیەتەکان، وەک شوێنی گەشەی لێبوردنی فیکری و دینی و مەڵبەندی هەزاران ساڵەی پێکەوە ژیانی ئەتنییەتەکان وئاینییەکان و

www.kurdistannet.org

نەتەوەکان، رەخنەگرتنیش لەئەمەریکا تاکە رێگایە بۆ رێزگرتنی  ئەو وێنەیەی کولتووری خۆرئاوا بەدرێژایی دوو سەدە بەرهەمی دەهێنێت. گەر دەمانەوێت رێزی خۆرئاوا بگرین، رێزی ئەو بەشە لەم کولتوورە گەورەیە بگرین کەتا ئەندازەیەکی زۆر بووە بەبەشێک لەپێکهاتی فیکری ورۆحی ئێمەش، ناتوانین ئەمرۆ لەپاڵ ئەمەریکاوە بوەستین و هەزار نیشانەی پرسیار دانەنێین. بەناوی رێزگرتنی هەموو ئەو شتانەی لە خۆرهەلات و دنیای ئێمەوە فێری بووین، ناچارین دژ بەتالیبان و بن لادن بین. بەناوی هەموو ئەو کولتوورە فیکری و رەخنەیی و هیومانیستییەی کە خۆرئاوا پێی بەخشیووین، ناکرێت لەگەڵ پەنجەی ئەو فرۆکەوانەدا بین کە موشەکەکان دەنێت بەکابول و قەندەهارەوە. گەر ئێمە بەراستی و بێ درۆکردن باوەڕمان بەکۆمەڵێک نرخی جیهانگیرانە هەیە، باوەڕمان بە کولتووری رێزگرتنی ژیان هەیە و پێمانوایە توندرەوی و تیرۆرو کوشتن و پێشێلکردنی ئەوانی دی لەسەر ئەم ئەستێرەیە بەگشتی مەحکوم کراوە، گەر پێمانوایە ئەوەی حەلاڵ و حەرامە لە سنوورێکی بچوکدا نەبێت، دەبێت وەک سیستەمێکی یەککرتووی مرۆڤایەتی تەماشا بکرێت، گەر باوەڕمان بەدنیایەک هەیە کەدەبێت کۆمەڵێک نرخی هاوبەش و جیهانگیرو جەمسەرەکانی کۆبکاتەوە، بەناوی ئەو بیروباوەڕانەوە ناکرێت لەدژی توندرەوی ئیسلام بیت و لەگەڵ توندڕەوی ئەمەریکادا بێت، ناکرێت دژی ئەمەریکا بیت و لەگەڵ بن لادندا بیت. تاکە رێگایەک بۆ رێزگرتنی رووە رووناکەکانی خۆرهەلات و خۆرئاوا ئەوەیە نەکەوینە ئەو جوغرەوە ناچاربین لە نێوان «توندرەو» و «توندرەو»دا یەکێک هەڵبژێرین، لە نێوان تیرۆریست و «تیرۆریست» دا یەکێک هەڵبژێرین(ئەوەی کوڕی ئەو دنیایە بێت کە «ئەبونەواس»و «خەییام» و «فیردەوسی» و «ئەبوعەلای مەعەری» و «مەحوی» بەرهەمهێناوە، ناتوانێت لە گەڵ بن لادندا بێت). ئایین ئەو کانگای بوغزە نیە کە بن لادن دەیجولێنێت، بەڵکو دەکرێت وەک ئەو کانگای مەحەبەت و تێڕامانەش سەیر بکرێت کە نالی و مەحوی و دیینداره گەورەکانی مێژووی ئێمە ئیشیان پێکردووە(ئەوەی کوڕی ئەو کولتوورەش بێت کە«رۆسۆ» و «مارکس» و «فۆکۆ»ی بەرهەمهێناوە، ناتوانێت لەگەڵ بۆش دا بێت). من لەگەڵ جیهانگیرییەکدا  نیم کە بۆش و بن لادن قارەمانەکانی بن، لەگەڵ جیهانگیرییەک دام مۆزارت و شەجەریان لە سەر یەک سفرە کۆدەکاتەوە ، مارکس و مەحوی دەخاتە دیالۆگەوە، خەییام و چۆمسکی لە یەک ماڵدا دادەنێت. ئەمەش نە خەیاڵێکی رۆمانسییانەیە نە رێگایەکی داخراو، بەڵکو ئەگەرێکە لە ئەگەرە گەورەو کراوەکانی ناو مێژووی ئێستای دنیا، ئەگەرێکە دەشێت دەنگی جەنگ و بۆنی باروت و سەدای موشەک بۆ ماوەیەکی درێژ بخنکێنێت.ئەوەی لەگەڵ جیهانگیرییەکی مرۆڤدۆستانەدایە، لە گڵ جیهانگیرییەکی کولتووری و ئەخلاقییانەدایە، ئەوەی دنیا کورتناکاتەوە بۆ بۆرسەکان و کارگەکان، ئەوەی نایەوێت شارستانییەتەکان تەنیا بەبڕی تەکنۆلۆژیا بپێوێت، ناکرێ لەم جەنگەدا هەڵوێستێکی رەخنەگرانەی دوو جەمسەریی نەبێت. ئەوەی پێیوایە جیهانگیری لە گەڵ موشەک و ژمە ساردەکانیس خواردەمەنیدا لە ئاسمانەوە بۆ میللەتانی پلیشاوەی وەک کورد و ئەفغان فرێدەدرێتە خوارەوە، هەڵەیەکی کوشندە دەکات. ئەو خوێنەی ئەمرۆ دەرژێت، خوێنێک نییە پاشەرۆژ درووست بکات، بەڵکو خوێنێکە تاریکییەکانی رابوردو لەخەو هەڵدەستێنێت. بن لادن و تالیبان بەرهەمی جەنگن، بەرهەمی وێرانکردنن، بەرهەمی خاپوورکردنی ولاتان و میللەتانن، ئەم جەنگەی دیش، ئەم وێرانکردنەی دیش لە بن لادن و تالیبان رووناکتر دروست ناکات.

بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەمەریکا ئێستا لەگەڵ دیکتاتۆرەکانی ئۆزبەکستان و تاجیکستان و پاکستاندا هاوپەیمانییەک مۆردەکات کە زەمینەیەکی لەبارە بۆ ئەوەی ماوەیەکی دی  سەدام حوسێنی دی لەو جێگایانەوە سەر دەربهێنێت. ئەو سیاسەتەی ئەمەریکا«دیکتاتۆرێک لابە و سیان بەجێبهێڵە» لەوە تاریکترە بن لادنی تر دوست نەکات. لێرەوە خۆشحاڵبوون بە شەڕ خۆشحاڵبوونە بەسبەینێیەکی تاریک. ئەوانەی بەناوی جیهانگیری و دیموکراسییەتەوە بەهانەتاشی بۆ ئەم جەنگە

www.kurdistannet.org

دەکەن، گورزێکی کوشندە لەو ئەخلاقیاتە دەدەن کە دەشیا جیهانگیری هەڵگری بێت. لە هەموو ئەمانە کارەساتتریش ئەوەیە، کە ئێمە جەنگی بن لادن و بۆش بگوازینەوە بۆ ناو کۆمەڵگاکانی خۆمان؛ چونکە نە براوەی ئەم جەنگە و نە دۆڕاوەکەی گۆڕانکارییەک بۆ دنیای ئێمە ناهێنن. بەڵام کارەساتەکە لەوەدایە لەم ساتەوە زۆربەی کۆمەڵگا ئیسلامییەکان خەریکی دروستکردنی«بۆش »و «بن لادن »ی خۆیانن. گوستنەوەی وێنەی ئەو ململانێیە لەئاستی گلۆباڵەوە بۆ ئاستی لۆکاڵ مەترسییەکی ئێجگار ترسناکی هەیە، کە لەم ساتەوە دەبێت رۆشنبیران بەو هێزە

بچوک و فەرامۆشکراوەی خۆیانەوە وەک ستراتیژ لەدژی ئیشبکەن. کۆمەڵگەی ئێمە لەهەموو کۆمەڵگاکانی تر خێراتر، هەوڵی دارِشتنەوەی نوسخە کوردییەکەی ململانێی بۆش و بن لادنی دا، پێم وایە سیاسەتمەدارانی کورد لەبەرەی حزبیە(عەلمانییەکان)و (ئیسلامییەکان)یشدا دەبایە بیانزانیایە ئێستا کاتێکی گونجاو نییە بۆ هیچ جەنگێک، چونکە ئەم جەنگە راکێشانی جەنگێکی دەرەکی و کوشتدەیە بۆ ناو کوردستان کە دڵنیام گەر هەلومەرجی ناوچەکە بەهەندێ ئاستدا گەشە بکات، دەرەنجامەکانی لە دەرەنجامی شەڕی یەکێتی و پارتی کوشندەتر دەبێت. ئەمەش جارێکی ترئەو تراژیدییەی سیاسەتمەداری کوردمان نیشاندەدات ، کە تائێستا نەیتوانیوە یەک دەسکەوتی جیهانگیری لە دنیای کورددا خۆجێ و لۆکالیزە بکات، کەچی زۆر بەپەلەیە بۆ لۆکالیزەکردنی جەنگەکانی جیهانگیری. من درانم سەرکەوتن و باڵا دەستبوونی گروهێکی وەک جوندی ئیسلام، مانای مردن و قەدەغەکردنی هەموو شتێکە من باوەرم پێیەتی، مانای کۆتایی ئازادی نووسین، ئازادی بیر کردنەوە، ئازادی خۆشەویستی و هەموو شتەکانی تریش، بەڵام لە هەمانکاتیشدا دەزانم ئەم وێنەیەی راگەیاندنی ناوخۆ ئێستا لەسەر ئەم گروهە بڵاوی دەکاتەوە لە سەد لاوە ترسناک و نامەسئولانەیە. ئەوەی وا خەیاڵ بکەین جوندی ئیسلام بەرهەمی ئەفغانستانەو بۆ ئێمە نێردراون، هەڵەی یەکێکە ناتوانێت واقیعی خۆی بخوێنێتەوە، من کارم بەسەر ئەوەوە نییە چەند کوردی ئەفغان و عەرەبی ئەفغان لەرێزی ئەم گروپ یان ئەو گروپدان، ئەوانە هەر تاوانبار بن بەئەندازەی ئەو ئەنفالچییانە تاونبار نین کە خۆمان لێیان خۆشبووین، من ئەوەم مەبەستە بڵێم توندرەوی ئیسلام هەڵقولاوی دنیای کوردە، ئەوەی لەم راستییە سادەیە تێنەگات، واتە نایەوێت دژایەتی توندرەوی بکات. توندرەوی دینی بەشێکی لە سیستەمی توندرەوی سیاسی کە دینەمۆی ژیان و بیرکردنەوەی سیستەمی ئێمەیە. چونکە ئیسلام بەرهەمی ئەفغانستان نیە، بەڵکو بەرهەمی هەموو کەشوهەوا رۆحییەتێکشکاوەیە کە ساڵهای ساڵە لەدنیای ئێمەدا جڵەوی شتەکانی لە دەستدایە، جوندی ئیسلام دەرەنجامێکی سروشتی ئەو واقیعە سیاسییە دارِوخاوەیە کە ئێمە تیا دەژین. ئەوانە پێیانوایە توندرەوی ئیسلام لە ئەفغانستانەوە بۆ ئێمە هاتووە،دەیانەوێت خەوشەکە لەشانی ئەو پێکهاتە سیاسییە دووربخەنەوە کە خۆی دروستکارو رابەرو ئەندازیاری بوو.. هەرکەسێک نەتوانێت کێشەکان لە سیاقی خۆیدا ببینێت،ناتوانێت چارەسەریان بکات، یان راستتر وایە بڵێین نایەوێت چارەسەریان بکات. ئەمە چ کۆمەڵگایەکە ئێمە تیادەژین، کوشتنی هەزاران بەگوللەی شەڕی ناو خۆ دەبێتە ئاسایی، بەڵام کوشتنیان بەقەمە دەبێتە کارەسات. ئەخلاقی سیاسی ئێمە تا ئەو ئەندازەیە دابەزیوە، کە گفتوگۆ و هەڵا لەسەر خودی کوشتنەکان نییە، بەڵکو لەسەر شێوەی کوشتنەکانە. کوشتن هێندە بۆتە ئاسایی، کێشەکە لەخودی کردارەکەدا نییە، بەڵکو لە چۆنییەتیەکەی دایە. لێرەوە ئەم پاترۆنە تازەیەی جەنگ دوو جۆری تازە لە بکوژو کوژراومان پێشکەش دەکات، یەکێکیان کوژراوێکی ئاساییە، کوژراوێکە باش کوژراوە، لەبەرئەوەدەبێت دەنگمان لێوەنێیەت بۆی، لەگەڵ کوژراوێکی دیکەدا خراپ کوژراوەو دەبێت بیکەینە هەرا دووجۆر پیاوکوژیمان پێشکەشدەکات، پیاوکوژێک کە باش دەکوژێت و لاشەی قوربانییەکانی خۆی ناشێوێنێت، لەگەڵ پیاوکوژێکدا کە خراپ دەکوژێت و لاشەکان ناشیرین دەکات. ئەمە چ جوغرێکی ئەهریمەنانەیە ئێمە تیادەژین، کە

www.kurdistannet.org

لەبری ئەوەی تا دوا دەنگ کوشتن رەتبکەینەوە، سنووری بۆ دانێین، لەژیانی سیاسی بیکەینە دەرەوە، قسە لەشێوە باش و شێوە خراپەکانی دەکەین، قسە لەپیاوکوژە باشەکان و پیاوکوژە خراپەکان دەکەین.. ئەمە چ جوغزێکی تاریکە هەموومان وەک سیاسەتمەدار، رۆشنبیر، مرۆڤی ئاسایی تیا دەسوڕێینەوە.

ئەم وێنەیە لەجەوهەردا گەورەترین پشتگیریکردن وکۆمەکە بەتێرۆر، چونکە لەناکۆکیدا گۆڕینی بەشێکی زۆری کوشتنەکانی بۆ شتێکی ئاسایی، ئەوانە کە دەکوژرێن و برینەکانیان دیار نیە، دەبێت بێدەنگبن و بەزامی خۆیانەوە دانیش ، لەمرۆبەدواوە تەنیا ئەو کوژراوانە بۆیان هەیە کارمان تێبکەن کە برینەکانیان بەرچاوەو دەتوانێت کارمان تێبکات، لەمرۆبەدواوە ئیدی ئێمە خودی کوشتن کارمان تێناکات، گەر پێشوەخت چۆنێتییەکەیمان نەزانی.

لەهەر کۆمەڵگایەکدا کوشتن بووە بە بەشێک لەپێکهاتنی ژیانی سیاسی، ئەوە مانای ئەوەیە تیرۆر بۆتە بەشێک لەژیانی سیاسی. شەڕی ناوخۆ خۆی گەورەترین تێرۆر بوو دەرهەق بەسەرجەمی کۆمەڵگا، ئەوەی ئێمە پێویستمان پێیەتی ئەوە نییە، پرۆسەی کوشتن پارچەپارچە بکەین و نیوەیمان بەدڵ بێت و نیوەیمان بەدڵ نەبێت، لەنیوەی تورە بین و لەنیوەی بێدەنگ بین، نیوەی مەحکوم بکەین و نیوەی بسەلمێنین.

کۆمەڵگا لەیەک ساتدا بۆی هەیە قسە لە ناشیرینیی تیرۆر بکات، ئەویش ئەو ساتانە کە کۆی کۆمەڵگا لەسەر دەرکردنی کوشتن لەژیانی سیاسیدا رێکبکەوێت، ئەوکات هەر کەسێک ئەو رێکەوتنە دەستەجەمعییەی شکاند، دەکرێت شوێنی نەفرەتی گەورە بێت، بەڵام لە کۆمەڵگایەکدا حیزبەکانی دەستیان بەخوێنی یەکتر سووربووە، هەر شەش مانگ جارێک یەکێک قەسابخانەیەک بۆ ئەوی تر دادەمەزرێنێت، لافاوێکی بێبڕانەوەی خوێن هەیە کە کەس ناپرسێت کەی ئەم شەڕە مەوسمییە بێماناو یەک لەدوای یەکانە دواییدێت، کەس ناپرسێت کە دواجار شەڕەکان بەدەست لەملانێی سیاسییەکان لەسەر جومجمەی قوربانییەکانی کۆتاییدێت ،ئەو هەموو خوێنە بۆ؟ کەس ناپرسێت ئەو ئیعلامییانەی کە شەرعییەت دەبەخشنەئەو هەموو قەسابخانەی ، ئەو پیاوە ئایینی و ئایدیۆلۆژییانەی بەهانەی بۆ دەهێننەوە، بەئەندازەی هەموو تاوانبارەکانی تر تاوانبار نین؟ ئەمە دینە یان بەربەرییەتە شەعییەت دەبەخشێتە ئەم هەموو کوشتارەو گەنجانی کورد دەکات بە«سەفاح»ی یەکتر، ئەمە ئەزموونی دیموکراسییە یان ئەزموونی دارستانە، کە دە ساڵە لەم خوێنەوە دەمانباتە سەر ئەو خوێنی تر، لەم قەسابخانەوە دەمانباتە سەر ئەو قەسابخانەی تر. بەجۆرێک هەموو خەیاڵی مرۆڤی کورد لەسەر ئەوەیە، ئاخۆ شەڕی دواتر لەنێوان کێ و کێدایە؟ وەرزێ کە دادێت لەکوێ و لە چ بنکەیەک و لەچ گوندێک و ترۆپکێکی کوردستاندا خەڵکانی کورد، پێشمەرگە هەژارەکانی سەردەبڕێن. ئەو پێشمەرگانەی بەگیرفانی بەتاڵەوە، بەبڕوای سادەو پاکی خۆیانەوە بڕوا دەبەخشنە ئەو سیاسییانەی وەرز لەدوای وەرز دەیاننێرن بۆ مردن. ئاخر ئەمە دیموکراسییەتە بەبنەماکانی مەدەنییەت، یان دیموکراسییەتە بەئەخلاقی جەنگەڵ و بەیاسای دارستان.

چەند وەختە لە کوردستاندا جەنگی ناوخۆ هەیە، بەڵام کەمجار حیزبە کوردییەکان یەکتریان بەتیرۆریست ناوزەد کردووە، سەرکەوتنی ئەم ناوە و دەرکەوتنی بەخستی لەژیانی سیاسی ئەم ماوەیەی کوردستاندا، نیشانەیەکی زەقی لۆکالیزەکردنی ئەو کێشە جیهانییایە، کە ئەمڕۆ لە نێوان «ئیسلامییەکان»و «ئەمەریکا» دا هەیە. زاراوەی تێرۆریست زاراوەیەکی تازەو خوازروو درەنگوەختە و لەناکاو لەزاری میدیای دەرەوە پەڕیوەتەوە بۆ زاری سیاسییەکانی ئێمە. لەم فەزای گواستنەوە و خۆجێکردنەوەی تێڕوانینەکان و زاراوەکان و وێنەکانی دەرەوەدا بۆ ناوەوە ئیسلامییەکانی کورد بەپەلەن بۆ پێشکەشکردنی «بن لادن»ی خۆیان بەکۆمەڵگای ئێمە، هێزەکانی تریش بەپەلەن لە خۆدەرخستندا وەک فەرمانڕەوا ئەمەریکییەکان. واتە خودی ئەم وشەیەو بەکارهێنانی دوورونزیک

www.kurdistannet.org

پەیوەندییەکی نییە بەنەفرەتکردن لەکوشتن لەژیانی سیاسیدا، بەڵکو پەیوەندی بەو نمایشە جیهانییەوە هەیە کە ئەمڕۆ هەموو فەرمانبەران و حوکمڕانی دنیا تیا بەشدارن. ئەوەی دەیەوێت نەفرەت لەتێرۆر بکات، دەبێت پێشوەخت نەفرەت لەهەموو ئەوانە بکات کە کوشتن دەکەنە تاکە ڕێگای سەپاندنی باڵادەستیی حوکمکردنی سیاسی، دەبێت نەفرەت لە هەموو ئەو ستراکتۆرە سیاسییە بکات کە هەموو شەش مانگ جارێک پێویستی بەکوشتارێکی قورس هەیە بۆ ئەوەی بژی. ئەوەی تەنیا چاوێک بەشەڕەکانی ئەم دوو ساڵەی ئاشتیدا بخشێنێت، تێدەگات، تیرۆر بەشێکە لەژیانی سیاسی ئێمە و هەرگیز لێیجیانابێتەوە. بەڵێ ئەم ساتە ئەوەیە بەڕاشکاوی بلێین « بەڕێزان.. دڕندەیی جوندی ئیسلام بەشێکە لەدڕندەییەکی گشتی کە هەمووان سەرلەبەر لەچنین و ڕسکان و بەهێزبوونیدا بەشداربوون»،دڕندەیی هێزێکی تازە، وەحشیگەرییەک لە شێوەیەکی نوێ ناتوانێت شێوە کۆنەکانی توندوتیژیمان لەبیرباتەوە.ئەوەی ئێستا ڕوودەدات بەشێکە لەو قانونی دارستانەی ساڵ بەساڵ پایەکانی لەزیندەگی سیاسی ئێمەدا ئەستور دەکرێت. دڕندەیی جوندی ئیسلام و هەر جۆرە جوندێکی تر کە سبەی دروستبێن، درێژکراوەی ئەو «دیموکراسییەتی جەنگەڵە»یە کە لێرە حوکمدەکات، گەر دەتانەوێت جوندی ئیسلام وهەموو گروهێکی دژ بەئازادی و نەتەوەو مەدەنیەت دروستنەبن، دەبێت لەو دیموکراسییەتی جەنگەڵە بێینە دەرێ، دەبێت توندوتیژی ناوخۆمان دەستەمۆ بکەن. هەموو ئەو هێزانەی لەم بیست ساڵەی ڕابردوودا نەوەیەکیان بە شیری شەڕی ناوخۆ گۆشکردووە، گەر دەیانەوێ دژ بە تێرۆر بجەنگن دەبێت لەسەرەتاوە خۆیان لە کولتووری شەڕ پاکبکەنەوە. شەڕی دژ بەتێرۆر لەڕێگای درێژدان بەشەڕی ناوخۆوە کۆتایینایەت، بەڵکو بەکۆتاییهێنانی بەشەڕی ناوخۆ، بەحەلکردنی میلیشیای حیزبی سنووری بۆ دادەنرێت، تەنیا کۆمەڵگەیەکی ئازادو کراوە کە مافی سیاسی مافێکی ڕاستەقینەبێت، نەوەکو پرۆپاگەندەی ناوگەرووی قسە بێژەکانی حیزب، دەتوانێت شەڕ لەگەڵ تیرۆر و توندوتیژی بکات. لە کۆمەڵگایەکی پارچەپارچەو بریندارو هەلاهەلای وەک ئێمەدا دیموکراسییەتێکی کارتۆنی لە دیموکراسییەتێکی وەحشیگەردا کۆتاییدێت. تا ئەو شوێنەی دوو هێزە گەورەکەی کوردستان سوورن لە سەر ئەوەی بیروڕا سیاسییەکانی تر، تەنیا وەک حیزبی کارتۆنی و بێکاراکتەر بوونیان هەبێت، سوورن لەسەر ئەوەی ئەوانە لەپاڵ ئەواندا «یان وەک خۆیان دەڵێن لەسایەی ئەواندا»چالاکی سیاسی دەکەن، سیفەت دیکۆریان هەبێت نەوەک حیزب، تا سووربن لەسەر هەموو مساوەمەیەک لەگەڵ دەوڵەتانی دەوروبەردا، ئامادەبن لەسەر سیاسەتێکی ناڕوون و بێبنەماو بێئاڕاستەدا بەردەوامبن، ئەو سیاسەتە گەورەترین دەرفەتە، کۆمەڵگای ئێمە پڕبێت لەگیرفان چکۆلە چکۆلەی هێزی وەک جوندی ئیسلام تیا چەکدار دەکات و گەورە دەبێت. ئەو سیاسەتەی یەکێتی نیشتمانی و پارتی دیموکرات لەم ساڵانەدا گرتوویانەتە بەر، دوو ڕێگای بۆ حیزب و شوناسە سیاسییەکانی تر جێهێشتووە، یان ئەوەی ببن بە «حیزبی دیکۆر» «حیزبی ئیمزاکردنی بەیاننامەکانی حیزبی گەورە»«حیزبی نووسینی پیرۆزبایی وتەعزێنامە»، یاخود ببن بەتێرۆریست وتوندڕەو . هەوڵدانی بەردەوام بۆ سڕینەوەی کارەکتەری سیاسی هێزەکانی تر، بەشێکی سەرەکی و ستراتیژی ئەو دوو حیزبە گەورییەیە، ئەوانەش کە سوورن بەکارەکتەری خۆیانەوە بگرن یان وەک حیزبی کۆمەنیستی کرێکاران «کە گرووپێکی سەد دەر سەد سیاسی بوو» بەهێزی چەک بێدەنگ دەکرێن و دەکرێنە دەرەوە، ئەوانەش کەپاڵپشتێکی دەرەکیان هەیە واپێویست دەکات گیرفانێکیان بۆ بەجێبهێڵێت «وەک پ. ک. ک و ئیسلامیەکان» ئەوە لە ناوچەیەکی گۆشەگیرو دابڕاو دا جێدەهێڵرێن، ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕاستەقینەیان لێ حەرام دەکرێت ، دەکرێنە دەرەوەی جوگرافیای سیاسی. دیارە ئەم گیرفانانە، جگە لە گرووپی توندڕەو هیچیدی بەرهەم ناهێنن، ئەم گیرفانانە دواتر گەشەیەکی ناسروشتی دەکەن توانای کۆکردنەوەو داکێشانی هەموو دەنگە نارەزایەکانی دی بەدەس دەهێنن و ئەو مینبەرە ئازادە بچوکانەی

www.kurdistannet.org

لەســەراتادا تیـا گـەورەبوون وەک خـۆیان نامـێننـەوە، بەڵکو لـەو جـێگایانە دێنە دەرێ و لەواقـعی کۆمەڵایەتیشدا هەموو زەمینەیەکی گەشەیان هەیە.

ئەوەی ئەوحیزبە کوردیە دەسەڵاتدارانە تێیان ناگەن ئەوەیە کۆمەڵگای ئێمە لێوان لێوە لە ناڕازی، پڕە لەتوڕەیی، کەنارەزایی و توڕەیش تەعبیری لە خۆی نەکرد، دەبێتە توندوتیژیەکی کوێرانە. جوندی ئیسلام بەرهەمی شەڕی ناوخۆییە، ئەم دۆخەی ئێستاش لە کوردستان هەیە، هێزی زۆر ترسناکتر لە جوندی ئیسلام بەرهەمدەهێنێت. کۆمەڵگایەک کێشەکانی خۆی بێ چارەسەرکردن جێ بهێڵێت، ساڵ بەدوای ساڵ درێژە بەدرۆکانی بدات، پێیوابێت ئەو تریاکانەی لەرێگای راگەیاندنەوە پەخشیدەکات دەتوانێت هەموو دەردەکان تیماربکات، کۆمەڵگایەکە دەرگا لەسەر توندوتیژی و سەرپەڕی دەکاتەوە. ئەو گوتارەش کە دەڵێت جوندی ئیسلام نامۆن بەکولتوری سیاسی کورد، گوتارێکە ئەگەر برێکی زۆر کەم لەراستیشی تێدا بێت، هیچ لەوە ناگۆرێت ئەم کوولتورە سیاسییە لەم ساڵەدا گۆڕانکاری قوڵی بەسـەر داهاتووە، بەجـۆرێکیش خـوێناوی و پڕفـێڵ و پڕ لەخـەڵاتەندنی خـەڵک بووە، بەجـۆرێک پڕ فەسادی و هەمەجۆر بووە دەرگای لەسەر هەموو هێزێکی دزێوتر کردۆتەوە، خودی ئەو گوتارە کاتێک دەخرێتە سەر زمانی راگەیاندنی حیزبی مانایەکی نامێنێت، چونکە جوندی ئیسلام تاکە هێزنین کەپێیان گوتراوە«نامۆن بە کورد» پێشتر ئەم گوتارە پارتی و یەکێتی و بەیەکەوەیان گوتووە، هەردووکیشیان بەرێزێک حیزبی تری وەک پ. ک. ک. و کۆمەنیزمی کرێکاری و ئیسلامیەکانی تریشیان گوتوە. ئەوانەی دەیانەوێ شەڕی جوندولئیسلام بکەن، دەبێت یەکجار ئازا بن و تەماشای ئەو برە بێئەندازەیە لەدرۆ و ناشیرینی بکەن کە لەواقعی سیاسی ئێمەدا هەیە، تێبگەن کە لەو سێ ساڵەدا کە ئەوانەی بێ ماندوو بوون درێژە بەسیاسەتی نەشەڕ و نەئاشتی دەدەن، درێژە بە موجامەلەکردنی بێبەهانەی بەعس و جێبەجێکردنی دواکارییەکانی ئێران ، تورکیا دەدەن کۆمەڵگای ئێمە لە ژێر سایەی کەڵەکەبوونی ئەو هەموو هەڵەیەدا رۆژبەرۆژ سوچ و کونجی تاریکترو تاریکتری تیا دروست دەبێت. ئەوانە تا ئێستا ناتوانن بەر لەژن کوژی بگرن، بەدڵنیاییەوە سبەینێ ناتوانن بەرلە توندوتیژی دینی بگرن، دروستبوونی جوندولئیسلام، جەوهەرو مانای شەرعییەتی هەموو ئەو نوخبە حکومڕانەی ئێستا دەخاتە ژێر پرسیارێکی گەورەوە.

لە هەموو ئەوەش بترازێت، کۆمەڵگایەک مافی ئەوەی هەیە باس لەتیرۆر بکات کەساڵەهای ساڵ کەس لەسەر بیروڕای سیاسی نەکوژرابێت، ساڵەهای ساڵ مۆڕاڵێکی سیاسی ئاشتیخواز پایەداربووبێت، لەکۆمەڵگایەکدا سەرتاپا کولتوورە سیاسییەکەی و مێژووە سیاسییەکەی شەڕی خوێناوی دروستی کردووە، قسەکردن لەسەر تیرۆر مایەی پێکەنینە.

کۆمەڵگایەک خانە بەخانەی شێوە جۆراوجۆرەکانی تیرۆر دەیبات بەڕێوە، مافی نییە وەک کۆمەڵگایەکی جێگیرو ئاسوودە باس لەتیرۆر بکات. حیزبیەکانی ئێمە لەیەککاتدا دەتوانن بەڕوونی قسە لەسەر ئیدانە کردنی تیرۆر بکەن، ئەویش ئەو کاتەیە کەئامادە بن قسە لەسەر مێژووی خۆیان بکەن، پەشیمانی خۆیان لەڕۆژە تاریکەکانی ئەو مێژووە نیشان بدەن. حیزبی کوردی تا ئەو شوێنە خاوەنی شکۆیە کە دژ بەداگیرکەر شەڕی کردووە، لەوە بترازێت مێژووی ئەو حیزبانە لەگەڵ پڕۆسەی بونیادنانەوەی کۆمەڵگای کوردیدا تاریکستانێکی گەورەیە. شەڕ دژ بەتیرۆر لەشەڕەوە دژ بەو مێژووە دەستپێدەکات. ئەمرۆ نە لەجیهاندا و نەلەکۆمەڵگەی ئێمەشدا شتێکی نوێ نییە؛ ئەو جەنگەی ئەمەریکاو بن لادن دەگێڕن کۆپییەکەشی لە کوردستان لە نێوان یەکێتی نیشتمانی وجوندەکاندا بەر لە دەقە ئەسڵییەکەی لەچاپخانە هاتۆتەدەرەوە . لەسەر ئاستی جیهانیدا لە نێوان دوو هێزدایە کە هیچیان لەبن نایەن، دەرەنجامی ئەم شەڕە هەرچییەک بێت نەخۆرئاوا وەک شارستانییەت، نەئیسلام وەک دین و شێوازێک لەژیان گورزی کوشندەیان پێناکەوێت ومەترسی لەسەربوون ونەبوونیان نیە، بەڵام ئەوانەی عەودالی بەکوردیکردنی ئەو شەڕەن، ئەوانە دەیانەوێت بەپەلە کۆپییەکی کوردییانەی

www.kurdistannet.org

ئەم جەنگە بخەنە بازاڕی ئێمە، ئەوە لەیاد دەکەن ، هەمووشەڕێک لەدنیای ئێمە، لەپێکهاتە هەڵوەشاو وخۆنەگیرو پارچەپارچەیەدا دەشێت دەرەنجامی کوشندەی هەبێت . گەر ئەمەریکا هێزێکی ئەوتۆی هەبێت بواری پێبدات، بێموراجەعەی سیاسەتە خراپەکانی خۆی درێژە بەخۆکۆکردنەوە وشەڕ بدات، حیزبە کوردییەکان ئەو هێزەیان نیە بتوانن بەبێ ئەو پێداچوونەوەیە بچنە شەڕێکەوە رەهەندی دینی و سیاسی لەخۆیان گەورەتری هەیە. ئەمەریکا دەتوانی پشت لەوپرسیارە بکات کە رۆژ بەرۆژ رووبەڕووی دەبێتەوە« چی وایکرد دنیابن لادنێک بەرهەمبهێنێت؟»چونکە فەرامۆشکردنی ئەم پرسیارە تەنها لە قازانجی یەک گرووپی سیاسی دایە کە ئەویش جوندولئسلام خۆیەتی.

وەک چۆن شەڕ لەئاستی دنیادا لەنێوان شەیتانێک و فریشتەیەکدانیە.شەڕلەدنیای ئێمەشدا لەنێوان شەیتان و فریشتەدا نیە، هیچ وەختیش لەدنیای ئێمەدا شەڕلەنێوان شەیتان وفریشتەدا نەبووە، هیچ شەڕێکی کوردستان بەدرێژایی ئەم دەساڵە، ئەوفیشەکەکەمانەی لێدەرچێ کەنراون بەبەعسەوە شەڕی هەق وناهەق نەبوون، نەشەڕی یەکێتی وپارتی ، نەشەڕەکانی ئەوانیش لەگەڵ بزووتنەوەو پ.ک.ک و کۆمۆنیزم و جوندولئیسلامدا شەڕی هەق و ناهەق نەبوون، شەڕی ئازادی دژ بەدیلی، شەڕی زانین دژ بەجەهل، شەڕی هیواو خەونەکانی کۆمەڵگا دژ بەدوژمنی ئەو هیوایانە نەبوون، بەڵکو شەڕی کۆمەڵێک هێزبوون کە بەکۆ بەشداربوون لەدورستکردنی ئەم دنیایەدا کە جوندولئیسلامی دروست کردووە. راستە جوندولئسلام بەرهەمی خەونەکانی کۆمەڵگای کوردی نیە، بەڵام بەدڵنیاییەوە بەرهەمی سیاسەتی ئەوحیزبانەیەکە هونەرمەندێکی گەورەبوون لەکوشتنی ئەوخەونانەدا، راستەپرۆژەی جوندولئیسلام پرۆژەی نیشتمانی پارچە پارچەو برینداری کورد نیە، بەڵام بێگومان بەرهەمی مردنی ئەو پرۆژانەیە لەسەر دەستی نوخبە سیاسییەکانی ئەمرۆدا. راستە جوندولئیسلام دوجارناتوانێ عەشقی خوداوعەشقی نیشتمان لەیەک یەکەدا کۆبکاتەوە کەپێویستەبۆسەرکەوتنی هەر گروپێکی دینی ، واتە لە ئێستادا ناتوانێت ئەو موتوربەکردنە پێویستە ئەنجام بدات لە نێوان دین و ناسیونالێزمدا کە مەرجی یەکەمی بڵاوبوونەوەی هەر گروپێکی دینییە، بەڵام دەتوانێت عەشقی کوشتن و دەسەڵات لە ئاوێنەیەکی نوێدا پێشکەش بکات و بگونجێنێت و ماوەیەکی درێژ هەموو کێشە گەورەکانمان لەپێناو جۆرە شەڕێکی وادا بخەینە دواوە.

ئەمرۆ بە پێچەوانەی بۆچوونی کەسانگەلێکی زۆرەوە لەسەرەتای سەردەمێکی تازەدا نین. سەردەمی تازە بەجەنگ دەست پێناکات، جەنگ جگە لە دووبارە کردنەوەی تراژیدیاکان و قوڵکردنەوەی برینەکان و تۆخکردنەوەی رقەکان هیچی تر ناکات، ئەوەی ئەمرۆ دەیبینین لەسەر ئاستی جیهانیدا سەرەتایەکی تازە نیە، بگرە رێگرتنە لە سەرەتایەکی تازە، ئەوەی لە کوردستانیش دەیبینین درێژەکردنەوەی پێکهاتی هەموو ئەو ژینگە سیاسییە تاریکایە، کە جوندولئیسلام دواهەمین داهێنانێتی.

*** ئەم وتارە بەدوو بەش لە ژمارە(٤٤ و ٤٥)ی رۆژنامەی هاوڵاتی دا بڵاو بۆتەوە.**

www.kurdistannet.org

# گوتاری تێکەڵکردن

**ڕێبوار سیوەیلی**

ئێمە هەمووومان شتەکان تێکەڵ بەیەکتر دەکەین ، ئەمەش زۆرجار کارێکی لەززەتبەخش و دڵخۆشکەرە: مرۆڤ بۆی هەیە بەئارەزووی خۆی مەسەلەکان وەها وەسف بکا و لێکیان بداتەوە، کە چێژی پێدەبەخشن. جاری وا هەیە تێکەڵکردن دەبێتە جێگای پێکەنین، چونکە هێندە جەمسەری دوور لە یەکتر پێکەوە بەستراونەتەوە، کە ئیدی هیچ پەیوەندییەک لە نێوانیاندا نەماوە. وشەیەکی دیکە بۆ ئەم دۆخە بریتیە لە وڕێنەکردن، بەڵام لە نێوان تێکەڵکردن و وڕێنەکردندا جیاوازییەکی بنەمایی هەیە: **وڕێنەکردن بریتیە لە تێکەڵکردنێکی بێ مەبەست و بێ بەرنامە و بێ ئەنجام، وەلێ تێکەڵکردن بریتیە لە ئاڵۆزکردن و شێواندن و دەستێوەردانێکی مەبەستدار و بەرنامە بۆ دارێژراو، کە دەبێت ئەنجامێکی تایبەت بدات بە دەستەوە.** لێرەشەوە وڕێنە هیچ مەترسییەک دروست ناکات، لەکاتێکدا تێکەڵکردن مەترسی ئەوەی لێدەکرێت وێنەیەکی شێواومان لەسەر واقیع بداتێ و ئێمەش وابزانین ئەوە حەقیقەتی واقیع خۆیەتی.

لەهەمووی مەترسیدارتر ئەوەیە کە تێکەڵکردن ببێتە گوتارێک و لە کەناڵە ڕەسمییەکانەوە ئیشی پێبکرێت و ئاوێزانی زمانی سیاسەت بکرێت. ئالێرەدا ئیتر ناتوانین وەک حاڵەتێکی بێگوناه تەماشای بکەین و پێویستە هەوڵدەین لێی تێبگەین و چاودێری ئەو کەسانە بکەین، کە تێکەڵی دەکەن و، بەوکارەش مەترسیی بۆ سەر ژیانی هەمووومان و دۆخی وڵاتەکەمان دروست دەبێ. من دەمەوێت لەمیانەی وەرووخستنی هەندێ بۆچوونەوە لەسەر ڕووداوەکانی ئەم دواییەی ئەمەریکا و کوردستان، بەڵگە بۆ ئەوە بهێنمەوە، کە لە سیاسەتی ئێستای کوردی و لە ڕاگەیاندنی حزبی کوردیدا، تێکەڵکردن بۆتە گوتارێک و بەردەوام بەرهەم دەهێنرێتەوە. سرووشتی ئەم تێکەڵکردنە لەوەدایە، کە ڕێگای خۆشکردووە، تا ئێمە بە وردی و بە قووڵی بیر لە ڕووداوەکانی دەوروبەرمان نەکەینەوە و پترلە پەلەی هەڵوێست وەرگرتن و حوکمدان و بەدەستهێنانی چەند ئەنجامێکدا بین. لێرەشەوە،تێکەڵکردن ڕەهەندە چێژبەخش و بێگوناهەکەی خۆی لەدەست داوە و وەک مەترسییەک بەرجەستە بووە، کە پێویستی بە قسە لەسەر کردن هەیە.

* * *

با لەسەرەتاوە ئەو ڕستە کلێشەییە دووبارە بکەینەوە کە دەڵێت: لە یازدەی ئەیلوولەوە، کە بەپێی نەخشەیەکی تیرۆریستانە هەردوو تەلاری بازرگانی نێودەوڵەتی تەقێنرانەوە و، پاشان لە هێرشەکانی جوندی ئیسلامەوە بۆ سەر خێڵی حەمە، ئێمە کەوتینە ناو دنیایەکی ترەوە. دنیایەک، کە جێگەی لێخووردبوونەوەی ورد و تێرامانی جیدییە. ئەوەی کە بەلای منەوە زیاتر لەهەر شتێ جێگەی تێرامانە، (فیکر و ڕۆشنبیری) خۆیەتی، چونکە پێموایە ئەو ڕووداوانە چەندە جوگرافیای تیرۆری بەرینکرد و دڕندەیی کائینێکی پیشاندایین، کە بەناوی عەقیدە و ئیمانەوە تیرۆر دەکا، هێندەش زیاتر ڕووە تاریکەکانی فیکری پیشانداین کە بەناوی «حەقیقەتی ئایدیۆلۆژیا» و «حەقیقەتی ڕاگەیاندنەوە» ئیش دەکات و بەشێوازێکی ناواقیعی و هەندێ جاریش بریندارکەر تەعبیر بۆخۆی دەدۆزێتەوە.

ئێمە لەو ڕووداوەوە جارێکی تریش بۆمان دەرکەوت، کە تیرۆر یەک سیمای نییە، یەک ناسنامەی

www.kurdistannet.org

نییە و یەک بەرجەستەبوونیشی نییە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا لێمان ئاشکرا بوو کە شێوازی قسەکردنی مرۆڤەکان و ڕاگەیاندنەکانیش لەبارەی ئەو ڕووداوانەوە و تەنانەت لە دژیشیان، جۆرێکە لە زەمینەخۆشکردن بۆ مانەوەی تیرۆر، نەک سڕینەوە و بێ ناسنامەکردنی.

ئەو ڕووداوانە بەدەگمەن، بەتایبەتی لە ڕاگەیاندنی حزبی کوردی و لە ڕۆشنبیریی ئێمەدا، (کە لێرەدا زیاتر مەبەستی منە قسانی لەبارەوە بکەم)، ئەو سیمایەی ئیشکردنی فیکری پیشاندراین، کە بەدوای حیکمەت و ڕۆشنگەری و بڕیاری عەقڵانیدا دەگەڕێت و، پەلەیەکی نییە لە بەدەستەوەدانی ئەنجامگیرییەکان و حوکمدانەکان. هەربۆیەشە وەک بینیمان و دەبینین، لەدوای ئەو ڕووداوانەوە لێشاوێک لە قسە و ژمارەیەکی زۆر لاپەڕە پڕ کرانەوە، کە مرۆڤ لە نێوان ڕستە و دێڕەکانی بەشێکی زۆریاندا، نەک هەر سەنگینی فیکر و حیکمەتی تێڕامان نابینێت، بەڵکو مەزەندەی ئەوەش دەکا، کە بەشێکی زۆری ئەو قسە و وتارانەی ئێمە نووسیمانن، تۆوی شەڕە دەروونییەکانی داهاتوویان هەڵگرتوون. دیارە ئەمەش لە مێژووی بەشەریەتدا دیاردەیەکی تازە نییە و پێشینەیەکی لە مێژینەی هەیە: جەنگە ئایینیەکان و پاکتاوکردنەکان و قەڵاچۆکردنەکانی ناو مێژوو، لەسەرەتاوە زۆربەیان پرۆژەی ڕۆشنبیرانی ئایینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی بوون و، لەپاشاندا بوونەتە پرۆژەی مەیدانەکانی جەنگ و پێکدادانە سەربازییەکان. بۆیە لەدوای ئەو ڕووداوانەوە، ئەوەندەی ئێمە بە پرۆفیسۆرەکانی شەڕ و دکتۆرە پسپۆڕەکانی تیرۆر و سیاسەتمەدارەکانی هەڵوێست و مامۆستا و ڕۆشنبیرەکانی تەکتیک و ستراتیژ و شاعیرەکانی حەماسەت، ئاشنا بووین، ئەوەندە مرۆڤی حیکمەتدۆست و سیاسەتمەداری بە ئەزموون و ڕۆشنبیری ئاشتیخوازمان نەبینی، کە لە ساتەوەختی گرژییەکاندا، گوتاری ئاشتبوونەوە و لێکبووردن بەرهەم بهێنێت و باس لە ئایندەیەک بکا، کە دەبێت بەهەموو جیاوازییەکانمانەوە تیایدا بژین. من لە بەشێکی زۆری ئەو وتارانە نائومێدبووم، کە تیرۆریان کردە بابەتی بیرکردنەوە، بەڵام نەیانتوانی بیرکردنەوە خۆی، لە گرژی و توندو تیژی بەدوور بگرن.

ڕەنگە بەشێکی ئەمە پەیوەندی بە خێرایی ڕووداوەکانەوە هەبێت کە بواریان نەداینێ بە هەدادانەوە بیریان لێبکەینەوە، بەڵام پێدەچێت بە زۆری پەیوەندی بە نەبوونی کولتوورێکەوە هەبێت، کە ڕێگە نەدات ڕووداوەکان لەگەڵ خۆیان ڕاپێچمان بکەن و، ڕێگە نەدات ڕووداوێکی تایبەت بکەینە قیاس بۆ حوکمدان بەسەر گشتێکدا و، ڕێگەش نەدات بەوەی بەر لە دڵنیابوونی تەواومان لە شەرعیەتی بڕیارەکانمان، هیچ حوکمێک بدەین، چونکە هەموو ئەنجامگیرییەک لە بەشێکی بچووکەوە و سەپاندنی بەسەر گشتێکدا و هەموو گومانێک لەبارەی شەرعییەتی بڕیارێکەوە، دواجار حوکمێکی هەڵەمان پێدەدات. کاتێکیش ئەو حوکمە لە ڕاگەیاندنی ڕەسمییەوە دەردەچێت، ئەوە دەبێتە حوکمی هەموان و گشت کۆمەڵگا بەهەڵەدا دەبرێت!

من دەپرسم بۆچی ئەو ڕووداوانە لە لای ئێمە بوونە دەروازەیەک بۆ ڕەخنەگرتنێکی هەمە لایەن لە ئایینی ئیسلام و لە هەموو ئەو کەسانەی بڕوایان بەم ئایینە هەیە؟، **بۆچی لە پشت هەر ڕەخنەیەکمانەوە لە تیرۆریستان و جوندی ئیسلام، نییەتێک و فرسەتێکیش بۆ ڕەخنەگرتن لە ئیسلام وەک ئایینێک بەدی دەکرێ، کە خاوەنی جیهانبینییەکی تایبەت بە خۆیەتی و دەتوانین ئەم جیهانبینییە لە ناو دەقەکانی ئەو ئایینەدا دەربهێنین؟**. بەمانایەکی دیکە: بۆچی ئێمە یەکسەر پەیوەندییەکمان لە نێوان کردەوەی کەسانێکدا، کە بە (مسوڵمان) خۆیان پێناسە دەکەن و ئایینێکدا، کە سەرچاوەکانیمان لەبەر دەستایە، دروستکرد و لێرەشەوە: دەرگامان کردەوە بۆ تێکەڵکردنی حوکمدان و سزادان بەسەر کەسانێکدا لەگەڵ حوکمدان و سزا برینەوە بۆ باوەڕێک؟ دیارە هەموو ئەمەش لە سەردەمێکدا کە ئێمە ئەزموونێکی دوور و درێژی مێژووی بەشەریەتمان لەبەر دەستایە، کە پێمان دەڵێت: **مەرج نییە ئەوەی بەناوی ئایینێک و ئایدیۆلۆژیایەک و هزرێکەوە دەکرێت، ماهییەت و**

www.kurdistannet.org

**جەوهەری ئەو ئاین و ئایدیۆلۆژیا و هزرە بێت. مێژوویەکمان لەبەر دەستایە، کە پێمان دەڵێت، مەرج نییە ئەوانەی بەناوی بیروڕایەک و جیهانبینیەکەوە کردەوەیەکی ناپەسند دەکەن و خۆیان لە سێبەری ئەو جیهانبینییە هەڵدەخەن، تەعبیر لە جەوهەری ئەو جیهانبینییە بکەن و ئەو کارەیان پراکتیزەکردنی خاڵ بەخاڵی ئەو دنیابینییە بێت. دواجار مەرج نییە ئاین و ئایدیۆلۆژیا و جیهانبینییەکان لەساتەوەختی سەرهەڵدانیاندا هەمان ئامانج و چارەنووسیان بۆ خۆیان لەبەر چاو گرتبێ، کە لە ئێستادا و لە کردەوەی کەسانێکدا وەک (ئامانج) و چارەنووسی ئەو ئاین و بیروباوەڕانە خۆی ئاشکرا دەکا.. وێڕای ئەوانەش: ئێمە مێژوویەکمان هەیە کە دەریدەخات، مرۆڤ توانایەکی بێسنووری هەیە لە شێواندن و بەلاڕێدا بردن و هەڵخلیسکاندنی بەرهەمەکانی بیر و بەرنامەکانی عەقڵ و، بچووککردنەوەی خەونە ڕزگارکەرەکان و یۆتۆپیاکان؛ لە بەندیخانەی دۆگماکان و چەقبەستن لەناو بەرنامەکانی حزب و درێژەدان بە کۆنەخوازی لە سێبەری ئاییندا.**

بۆیە چەندە قسەکردن لەسەر ڕووداوەکانی ئەم دواییە لە ڕووی سیاسییەوە گرنگە، (کە ڕاگەیاندنی جیهانی و کوردی هانمان دەدەن بۆ هەڵوێست وەرگرتن لە ئاستیاندا لە پێناوی لایەنگیری کردن و ڕەتکردنەوەیان)، هێندەش گرنگە باس لەو گوتارانە بکەین، کە ئەم ڕووداوانە لە ئاستی فیکری و ڕاگەیاندندا بەرهەمیان دەهێنن و لەسەر لۆژیکی تێکەڵکردن ئیشدەکەن. من لێرەدا سێ هۆی سەرەکیی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی پێشوو دەستنیشان دەکەم و دەیانبەستم بە واقیعی خۆمانەوە:

**یەکەم: غیابی هزر لە ژێر کاریگەریی ڕووداودا:**

لە واقیعێکدا کە بچووکترین ڕێز لە عەقڵ بگیرێت و لێکدانەوەی عەقڵی حسابی بۆ بکرێت، ئەوە ڕووداوەکان چەندە لەپڕ بێن و چەندەش تەکاندەر بن، هێشتا قابیلی ئەوەن بەشێوەیەکی عەقڵانی لەبارەیانەوە تێفکرین، تاکو بوار بە هەستەکانمان نەدەین بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ ڕاپێچی ژێر کاریگەریی خۆیانمان بکەن. بەمجۆرەش ڕووداوەکان یەکەمجار ڕووداون بۆ هەستەکانمان: چونکە یەکەم پەرچەکرداری مرۆڤ لە ئاست هەر ڕووداوێکدا، پەرچەکردارێکی هەستەوەرانەیە، کە لەهەمان کاتیشدا بەڵگەیە بۆ زیندوویی ئێمە وەک مرۆڤ و تەندروستبوونمان لەڕووی فەسلەجییەوە. بەڵام کێشەی هەستەکان لەوەدایە گومان هەیە لەوەی کە دەتوانن بەهەڵەماندا ببەن و ڕێگای گەیشتن بە ئەنجامگیری و تێگەیشتنی مەعریفیانەمان لێبگرن، کە ئەم کێشەیە هەر لە (ئەفلاتوونەوە تا دیکارت و لۆک و کانت و کەسانی پاشتریش) مشتومڕێکی زۆریان لەبارەوە کردووە. بۆیە لە پێناوی ئەوەدا، کە پەرچەکرداری هەستەوەرانە نەبێتە تاکە پەرچەکردار، مرۆڤ توانای ئەوەی هەیە لە ڕووی عەقڵیشەوە پەرچەکردار لە ئاست ئەو واقیعەدا بنوێنێت، کە تیایدا دەژی، واتە دەبێت ڕووداوەکانی واقیع بکەینە ڕووداوی فیکر، بەو مانایەی پێویستە ڕووداوەکان لە هەستەوەری ڕزگار بکەین و بیانخەینە بەردەمی لێکدانەوە عەقڵییەکان.. دیارە ئەمەش بەو مانایە نییە، کە عەقڵ دەتوانێت حوکمی کۆتایی بەسەریاندا دەربکات، چونکە دواجار عەقڵیش هەڵگری تاریکاییەکانی خۆیەتی و وەک تیۆری زانین پێماندەڵێت: بابەتگەلێک هەن عەقڵ ناتوانێت چارەیان بکات. ئەوەی لەم پرۆسەیەدا گرنگە، پەلکێشکردنی هوشیاریی مرۆڤە بۆ بەدەستهێنانی زانینێکی ڕاستەقینەی نیسبی و ئەنجامگیرییەکی تەندروستانە لەبارەی ئەو واقیعەی، کە تیایدا دەژی و، بەگەڕخستنی توانایی تاکەکەسەکانە بۆ چالاکبوون لەو واقیعەدا بەمەبەستی گۆڕین و ڕەتکردنەوەی.

کێشەی هەرە گەورە لە وڵاتی ئێمەدا ئەوەیە، کە ڕووداوەکان بەدەگمەن دەبنە (ڕووداو بۆ فیکر و هزری مرۆڤ) و تەنیا وەک (ڕووداو بۆ هەستیاری) مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، بەمجۆرەش تاکەکەسی ناو واقیعی ئێمە ڕێگەی لێدەگیرێت تاکو تێگەیشتنێکی هوشیارانە لەسەر دنیای خۆی بەرهەم بهێنێت. بۆئەوەی بزانین ئەو هێزە کامەیە کە ڕێدەگرێت لەوەی ڕووداوەکانی دنیا و واقیعی خۆمان بۆ

www.kurdistannet.org

مرۆڤی کورد ببنە ڕووداوی فیکری و ئاستی هەستەوەرانە جێبهێڵن، دەبێت چاوێ بە میکانیزمی ڕاگەیاندنی حزبە کوردییەکاندا بگێڕینەوە، بەتایبەتیش ڕاگەیاندنی هەردوو حزبە زلەکەی کوردستان: پارتی و یەکێتی (کە بێگومان لە دیدی کەسانێکەوە ئێمە بەم قسەیە تاوانێکمان کرد!) دیارە ئەم دەستنیشانکردنەش لەوێوە هاتووە، کە تاقە دەنگێکی ڕەسمی لە وڵاتی ئێمەدا لە ڕاگەیاندنی ئەو دوو حزبەوە دەردەچێت؛ بەبێ ئەوەی مەسەلەکان تێکەڵ نەکات و زەمینەی شێواندنیان نەڕەخسێنێ.

* * *

ڕاگەیاندنی حزبیی لە کوردستاندا، بە درێژایی ئەم دە ساڵەی ئازادی و سەربەخۆیی و پێشتریش، بەدەگمەن گوتارێکی بەرهەم هێناوە، کە تیایدا دواندنی عەقڵ ببێتە «ئامانج»ی ئەو گوتارە و هوشیاریی مرۆڤی کورد بێدار بکاتەوە. **ئەوەی لە بۆنە و ڕووداوەکاندا دەبێتە ئامانج بۆ ڕاگەیاندنی حیزبەکان، بێدارکردنەوەی هوشیاریی مرۆڤی ئێمە نییە، بەڵکو دواندنی هەستەکانیەتی و ڕاپێچکردنەوەیەتی بۆ ناو یادەوەرییەکی پڕ لە هەرەس و تێکشکان و نائومێدی.** ئەو دوو حزبە هیچ یادەوەرییەکییان نییە کە بەدەست دوالیزمی (تراژیدیا و کەرنەڤاڵ، سەرکەوتن و نوشوستی و دۆڕان و بردنەوە)وە، گیری نەخواردبێت و ئەمەش بەشێوەیەکی هەستیارانە لە ڕاگەیاندنەکانیانەوە یادی نەکرابێتەوە. بەشێکی ئەوەی کە دواندنی هەستەکانی مرۆڤی کورد بوونەتە ئامانجی ڕاگەیاندنی کوردی، پەیوەندی بەوەوە هەیە کە بۆ دواندنی هەستەکان پێویستیمان بە شێوازێکی ئینشانووسیی و هۆنینەوەیەکی تایبەت هەیە، کە بتوانێت ڕاستەوخۆ کاریگەر بێت بۆ سەر دڵی مرۆڤ و ڕێگەی لێکدانەوەی هۆشمەندانەی لێبگرێت. ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە سەرلەنوێ گوێ لەو وتارانە بگرینەوە کە ڕادیۆی هەردوو ئەم حزبە لە قۆناغی شاخدا، بڵاویان دەکردنەوە، دەبینین بەردەوام لە هەوڵی خوڵقاندنی کەشێکی حەماسی و هاندەرانەدا بوون و، ئێستاش بەشێکی زۆری بێژەرەکانی تەلەڤزیۆن و ڕادیۆکان لەسەر هەمان ئیقاع دەنگوباس بروسکە و وتارەکان دەخوێننەوە. بەڵگەیەکی دیکەی قسەکانم ئەوەیە، کە ئەم شێوازی ئینشانووسییە لە ڕاگەیاندنی کوردیدا، هەردەم بۆتە ڕێگر لەبەردەم دروستبوونی «دەماغێکی حزبیی بیرکەرەوە» و سەرهەڵدانی ئەو کەسەی کە «تیۆریزە» بۆ حیزب و پەیامەکانی دەکات.

هەر لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا، ئێمە شایەتی چەندین بۆنەی گرنگ بووین: یادی دامەزراندنی یەکێتی نیشتیمانی و شۆڕشەکانی ئەیلوول و گوڵان و پاشان تیرۆرکردنی ئەندامانی بەرزی ئەم دوو حیزبە و هەڵبژاردنەکان و هتد.. بینیمان ڕاگەیاندنەکانیان چۆن مامەڵەیان لەگەڵ ئەم ڕووداوە گرنگانەدا کرد و لە کەشێکی موناسەبەیی و حەماسەسازی و درووشمخوازیدا قەتیس و سەقامگیریان کردن. هۆی ئەمەش هەر ناگەڕێتەوە بۆ ئەو نەرگسیەتەی، کە هەر حیزبێکی سیاسی هەیەتی بۆ ئەوەی بەردەوام گوێی لە مەدح و سەرکەوتنەکانی خۆی بێت، بەڵکو دەشگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ئەو عەقڵە هوشیارەی، کە بتوانێت بۆنە و ڕووداوەکان لە ڕاگەیاندنی ڕەسمیدا، لە (ڕووداو بۆ هەستەکان)ەوە بکاتە (ڕووداو بۆ هزر و تێڕامانی فیکری).

بەمجۆرەش لە کەناڵی ڕەسمیی قسەکردنی ناو واقیعی ئێمەدا، هزر، وەک داینەمۆی چالاککردنی تاکەکەسی ئێمە، غائیبە و ئەم کەناڵە ڕەسمییە تەنیا هەستەکانمان دەدوێنێت، بەجۆرێ کە ئیدی ئێمە لەگەڵ ڕووداوەکان ڕاهاتووین و پێش ڕوودان و یادکردنەوەیان (ئاشناین) بەوەی چییان لەبارەوە دەگوترێت و، هەر ئەوەش وادەکا، کە هیچ سەرنجمان ڕانەکێشن. ئەوەی ڕاگەیاندنی حیزبی لەم دۆخە ڕزگار دەکات، بەرزکردنەوەی زیاتری تۆنی خوێندنەوەی وتارە ڕەسمییەکان و جۆشدانی زیاتری حەماسی جەماوەر نییە لە ئاست ئەم، یان ئەو ڕووداودا، بەڵکو (نائاشناکردنەوە)ی ئێمەیە بە لۆژیکی ئەو ڕاگەیاندنە خۆی. (دیارە من لێرەدا چەمکی نائاشناکردنەوە لە قوتابخانەی

www.kurdistannet.org

فۆرمالیستەکانی ڕووسەوە قەرز دەکەم). بەرجەستەترین خاڵ لە ڕاگەیاندنی حیزبی کوردیدا ئەوەیە، کە لە«دوا»ی ڕووداوەکانەوە دێتە قسەکردن و کاتێکیش قسان دەکا هەمیشە بەجۆرێ دێتە ئاخاوتن، کە ئێمە لەگەڵ ڕووداوەکاندا ئاوێزان بین، یاخود ڕەتیان بکەینەوە. بەمانایەکی دیکە، ئەم ڕاگەیاندنە بواری گفتوگۆی عەقڵی لەگەڵ ڕووداوەکاندا ناهێڵێتەوە: ئەگەر ڕووداوەکە ڕووداوێک بێت لە دژی، ئەوا گوتاری ڕاگەیاندن دەبێتە هاندانمان تا ئێمەش لە دژی بین و؛ ئەگەر لەبەرژەوەندیشی بێت ئەوا داوای هەماهەنگی و قەبووڵکردنیمان لێدەکا. بەمجۆرەش ئێمە لەگەڵ لۆژیکی ڕاگەیاندنی حیزبەکاندا ئاشنابووین و لەگەڵ ڕوودانی هەر ڕووداوێکدا دەزانین چی لەبارەیەوە دەگوترێت و پێویستە هەڵوێستمان چۆن بێت، تاکو دووچاری کێشە و لێپرسینەوە نەبینەوە. زۆرجاریش ڕووداوەکان وەک ئەوەی لەواقیعدا ڕوودەدەن هێندە تازە و تەکاندەرن کە ئێمە بۆخۆمان لەئاستیاندا ئەو هەڵوێستە دروستە عەقڵییە هەڵدەبژێرین، کە پێویستە هەمانبێت، کەچی هەر لەم کاتەدا ڕاگەیاندن دێت و هەڵوێستە عەقلانیەکان دەکاتەوە بە هەڵوێستی هەستەوەرانە.

نموونەم بۆ ئەم قسەیە بریتییە لەو مامەڵەیەی، کە ڕاگەیاندنی هەردوو حیزبی ناوبراو لەگەڵ ڕووداوی تیرۆرکردنی فرەنسۆ حەریری و ڕووداوی خێڵی حەمەدا کردیان و لە ئیقاعێکی حەماسیانە و هەستیارانەدا بچووکیان کردنەوە، ئەمەش لەکاتێکدا **دەبوو هەردوو ئەو ڕووداوە وەک دەروازەیەک بۆ بەخۆداچوونەوە و خۆ قاییمکردنی زیاتر، تەماشا کرابان و ڕاگەیاندن ئاسۆی قسەکردنی دیکەی بۆ هەردوو لایەنی ناوبراو دەستنیشان کردبا. دەمەوێت بڵێم: ئەو دوو ڕووداوە وەک ئەوەی لە واقیعدا ڕوویان دا، زۆر گەورەتر بوون لەوەی کە لە ڕاگەیاندنی حیزبدا باسیان لێوە کرا.** خاڵی هاوبەشی هەردووک ئەو ڕووداوە، لەوەدا بوو کە کەسانێک لە پشتیانەوە بوون کە خۆیان بە (ئیسلامی) پێناسە کردووە، خاڵی هاوبەشی هەردوو ئەو ڕاگەیاندنەش لەوەدایە کە نەیانتوانی ئەم خۆ بە (ئیسلامی) پێناسەکردووانە لە (ئیسلام) وەک ئایینێک جیا بکەنەوە، کە هەزاران کەسی دیکە لەم وڵاتەدا باوەڕیان پێیەتی و لەدژی ئەو ڕووداوانەشن.

بۆیە لە هەردوو دۆخەکەدا بینیمان هەموو مسوڵمانێک لەم وڵاتەدا هەستیانکرد هەڕەشەیەکیان لەسەرە و دەشێت بەو دەلیلەی «بڕوایان بە ئایینێکی دیاریکراو هەیە» دووچاری مەترسی ببنەوە. هەڵەیەکی گەورە کە ئەم دوو حیزبە دەیکەن ئەوەیە، کە وا دەزانن ئیسلامییەکان تەنیا لە ناو توێژی هەژارانی ئەم وڵاتەدان، بۆیە هەرکات ڕووداوێک بەناوی ئیسلامییەکانەوە دەکرێت، یەکسەر هێزەکانیان دەنێرنە گەڕەک و ناوچە هەژارنشینەکان و ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی هەموو مسوڵمانانی هەژاری ئەم وڵاتە ترس دایان بگرێ. ئەوان بیریان دەچێت کە زۆرینەی خەڵکی وڵاتی ئێمە، بە دکتۆر و مامۆستاکانی زانکۆ و دادوەر و قوتابی و گەنجەکان و کاسبکار و کەسانی دیکەی پایە بەرزیشەوە بڕوایان بە ئیسلام هەیە وەک ئایینێک، بەڵام بەشێکی زۆریان بە مانا سیاسییەکەی (ئیسلامی) نین. لێرەشەوە دەچمە سەر خاڵێکی دیکەی جەوهەریی، کە لە گوتاری ڕاگەیاندنی ئێمەدا بەردەوام بەهۆی میکانیزمی تێکەڵکردنەوە بزر دەبێت.

**دووەم: نەبوونی ستراتیژێک بۆ ئاییندەی هاوبەش:**

تێکەڵکردنی کەسانێک کە بەناوی ئایینێکی دیاریکراوەوە کاری تیرۆریستی ئەنجام دەدەن، لەگەڵ کەسانێک کە بڕوایان بە ئایینێکی دیاریکراو هەیە، تێکەڵکردنێکە زیان لە ئاییندەی هاوبەشی ئێمە بە ئیسلامی و موسوڵمان و ڕەخنەگرەکانیشیانەوە، دەگەیەنێت. ئەم تێکەڵکردنە لەلایەکەوە خەڵکێکی زۆرت لێ دەتۆرێنێت و زویریان دەکات (کە لە ئاستی نەتەوەییدا بەهەزاران داو پێکەوە بەستراویتەوە) و لەلایەکی تریشەوە، کردەی باوەڕهێنان بە ئایینێکی دیاریکراو دەکاتە کردەیەکی (یاساخ). دیارە ئەمەش لە کاتێکدا کە ئێمە دەمانەوێ نموونەی دیموکراتیەتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و پێشەنگ بین لە چەسپاندنی کۆمەڵگایەکی فرە فەرهەنگی و فرەئایینیدا!

www.kurdistannet.org

ئەمڕۆ لە کۆمەڵگای کوردیدا ژمارەیەکی زۆر مسوڵمانت هەیە کە هەستی کوردبوونەکەی لاوازتر نییە لە باوەڕدارییەکەی: ئەو وەک کوردێک لەناو ئەم کۆمەڵگایەدا گونجانێکی نەتەوەیی هەست پێدەکا و وەکو باوەڕدارێکیش پراکتیزەی سلووکی ئایینێکی تایبەت. بۆیە هەموو زویرکردنێکی ئەم حەشاماتە لە مرۆڤ، بەتایبەتی لە گەنجەکان و لاوان، لەلایەکەوە دەبێتە هۆی کەمکردنەوە و زەبر وەشاندن لە ڕێژەی ئەو گونجانە نەتەوەییە و، لەلایەکی دیکەیشەوە دەبێتە هۆی زیادکردنی ژمارەی تیرۆریستەکان، چونکە وەک لە شوێنێکی دیکەشدا نووسیومە: «تیرۆریستەکان لە ئەستێرەیەکی ترەوە نەهاتوون، بەڵکو مرۆڤگەلێکن وەکو هەمووومان، لەناوماندا دەژین و لە خۆمان دەچن و ئەندامانی بە حەقی ئەم کۆمەڵگایەن. ساتەوەختی خزانی مرۆڤ بەرەو ئەنجامدانی کارێکی تیرۆریستانە، ساتەوەختێکە لە چاوەڕوانیی هەمووماندا. بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، بەرەنگاربوونەوەیە لەگەڵ ئەو ساتەوەختەدا و لەگەڵ ئەو هێزەدا کە توانا ئینسانییەکانمان هەڵدەگێڕێتەوە بۆ توانایەکی وێرانکەر» (بڕوانە وتاری: تیرۆری ئاشکرا، تیرۆری داپۆشراو).

* * *

مەرج نییە تەنیا هەژاری و دەستکورتی، ئینتیما بۆ چین و توێژێکی خوارووی کۆمەڵ و نەخوێندەواری، بمانکاتە کەسانی توندڕەو، کەیەکێک لە بەرجەستەبوونەکانی توندڕەویی، تیرۆرە؛ بەڵکو بۆی هەیە دڵشکاندنێک، لەبیرچوونەوەیەک و حساب بۆ نەکردن و بەپەراوێزکردنێک ببنە هۆی بێداربوونەوەی هەستێکی توندڕەوانە لە مرۆڤدا و ئاراستەکردنی ئەمەش لە ژێر سایەی بیروباوەڕێکدا: توندڕەوی چ بەناوی نەتەوەخوازییەوە بێ، چ بەناوی ئیسلامباوەڕی و چ بەناوی چەپگەرایییەوە، هەر توندڕەوییە، هەر بۆیەشە ئەم توندڕەوییە ماهییەتی ناسیۆنالیزم و ئایین و ئایدۆلۆژیا پێکناهێنێت و پتر دەربڕی کاراکتەری توندڕەوانەی ئەو کەسانەیە کە لەژێر سێبەری ئەو بیروڕایانەدا کردەوەکانیان ئاراستە دەکەن. ئەو کاتەی تۆ ناتوانیت مسوڵمانبوونی گەنجێکی کورد قەبوڵبکەیت، دەشبێتە مەترسی بۆ سەر کوردبوونەکەی، تەنیا لەبەر ئەوەی بیروڕاتان و سەرچاوەی باوەڕهێنانتان جیاوازە. بیروڕای جیاوازیش مەشرووعیەت نادات بە هیچ جۆرە ستەمێک لەبەرامبەر ئەویتردا، با ئەو ستەمە تەنیا لە ڕێگەی قسەکردنیشەوە بێت. بۆیە گرنگە لە ڕەخنەگرتندا لە کەسانێک کە خۆیان بە ئیسلامی پێناسە دەکەن و تیرۆرکاریی پیشەیانە، پێویستە ئاگاداری گەورەیی ئینسانیەتی کەسانێک بین کە تەنیا سلووکێکی مسوڵمانانەیان هەیە. بەمانایەکی دیکە: ڕەخنەگرتن لە توندڕەوی ئیسلامیانە، نابێت ببێتە دەروازەیەک بۆ ڕەخنەگرتن لە سلووکی مسوڵمانانە. ئەمەش لەبەر ئەوەی توندڕەوی ئیسلامیانە و هەر توندڕەوییەکی دیکە، بەڵگەی پچڕاندنی پردی پەیوەندیی نێوان ئێمە و توندڕەوەکانە؛ لە کاتێکدا لە نێوان ئێمە و کەسانێکدا کە سلووکێکی مسوڵمانانەیان هەیە، (جیاوازی) لەئارادایە و جیاوازیش ئەو دۆخەیە کە دەبێت لەئاستیدا لێبووردوو بین. هەر قسەگوتن و هێرشکردنە سەر کەسانێک و گرووپگەلێک لەسەر بیروڕای جیاواز، ئەو قسە و هێرشانە ماهیەتی ئەوان ئاشکرا ناکات، بەڵکو دەریدەخات کە ئێمە چۆن شتەکان تێکەڵ دەکەین و چەندەش توندڕەوین. بەرامبەرەکەم هەرچەندە بیروڕاشی لەگەڵ من جیاواز بێت، ناگا بەوەی من بتوانم و ڕێگە بەخۆم بدەم وەک مرۆڤ، وەک هاووڵاتی و وەکو کوردێک ناوبانگی بزڕێنم و بەدگومانیی لەسەر دروستبکەم و هەوڵبدەم لە کۆمەڵگای بتۆرێنم و تێکی بشکێنم.

تێکەڵکردنی تیرۆر لە ئەمەریکا و بەستنەوەی ئەمە بە کاری تیرۆریستانەی جوندی ئیسلامەوە لە دژی خێڵی حەمە، تەنیا یەک حەقیقەتی تێدایە، کە ئەویش (تیرۆریستانەبوونی) هەردوو حاڵەتەکەیە. ئەم دوو کردەوەیە، وەک کردەوە، یەک جەوهەریان هەیە بە دوو ئاست و تەکانی جیاواز، بەڵام هەڵەیە گەر سەرچاوەی ئەم کردەیە ببەستین بە بنەمای ئایینێکەوە کە ئایینی ئیسلامە. سزا بڕینەوە و سەرزەنشتکردنی کەسانێکی تیرۆریست، بەپێی ئەو کردەوەیەی ئەنجامیانداوە و شێرازەی ژیانی

www.kurdistannet.org

ئێمەیان پێ شێواندووە و لەبەهای ئاشتیخوازانەی مرۆڤیان هێناوەتە خوار؛ لە ژێر ناوی هەر ئایین و پەیامێکدا بێت، سزایەکە مەشرووعیەتی خۆی هەیە، وەلێ هەرکات ئەم سزایەمان کردە سزا بەسەر هەر بڕوادار و پەیامهەڵگرێکەوە، ئەوە مەشرووعیەتی خۆی لە دەست دەدات و خودی ئەو حوکمدانەی ئێمە دەبێتە تێکدەری شیرازەی ژیانی هاوبەش و نرخە ئینسانییە هاوبەشەکانمان. لە سزادانی یەکەمدا ئێمە (حەق و یاسا و شەرعییەت) دەکەینە پێوەر بۆ حوکمدانەکانمان، بەڵام لە جۆری دووەمدا خۆمان کارێکی ناحەق و بەدوور لەیاسا و ناشەرعی ئەنجام دەدەین.

من لەم دۆخەدا پێویستیم بەوە نییە ئەو مرۆڤە بکەمە بەرپرسیاری کارێک، کە تا تۆزێ پێشتر پێکەوە ئیدانەی ئەو کارەمان دەکرد و ئێستا هەمان ئەو مرۆڤە چووە لەمزگەوت نوێژ بکا و سلووکێکی ئایینی جێبەجێ بکات. لەنێوان من و ئەم کەسەدا تێگەیشتنێکی هاوبەش و پێکهاتنێکی عەقڵی هەیە لەسەر ئەوەی، ئەو کردەیەی لە ئەمەریکا و لە هەڵەبجە بەناوی ئیسلامەوە ئەنجامدرا، کردەیەکی توندڕەوانەی دژ بە ژیانی مرۆڤە، لەکاتێکدا لە نێوان ئێمە هەردووکمان و ئەوانەدا کە هەستان بەو کردەیە، هیچ پێکهاتن و تێگەیشتنێکی هاوبەش لەئارادا نییە. دروستکردنی ستراتیژێک بۆ ئایندەیەکی هاوبەش لەگەڵ ئەم مرۆڤەدا بەوە نایەتە دی کە بەجۆرێ هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەم، کە ئەو وا بزانێت من لە ڕیزی توندڕەوەکاندا حسابی بۆ دەکەم، بەڵکو ئەوە منم دەبێت بەبیری بهێنمەوە، کە حسابی بۆ دەکەم و حساب بۆ ئەو مێژووەش دەکەم، کە ئەو لە ئاستی باوەڕداریەکەیدا خۆی بە خاوەنی دەزانێت، تاکو مێژوویەکی لەگەڵدا دروستبکەم کە لەئاستی هاووڵاتی بوون و ئەندامبوونمان لە هەمان کۆمەڵگادا، ببێتە مێژووی هاوبەشمان و پڕۆژەیەک بۆ پێکەوە ژیانی ئایندەمان. لێرەوە، پڕۆژەی من بریتی دەبێت لە دڵڕاگرتنی گەنجێکی کوردی ئیماندار، نەک سازشکردن و هاوپەیمانێتی بەستن لەگەڵ سەرکردەی حیزبێکی ئیسلامیی توندڕەودا. بەمانایەکی دیکە: هیچ کردەیەکی توندڕەوانە کە بەناوی ئایینێکی تایبەتەوە دەکرێت، ڕێگەم لێناگرێت تا پڕۆژەی هاوبەشم لەگەڵ ئیماندارەکانی ئەو ئایینەدا نەبێت، چونکە من ئیماندارەکانی ئایینێک لەو کەسانە جیا دەکەمەوە کە توندڕەوی خۆیان بەناوی ئایینەوە ئاراستە دەکەن.

لێرەشەوە دەچمە سەر هۆیەکی دیکەی ئەو تێکەڵکردنەی مەسەلەکان، کە لە گوتاری سیاسی و ڕاگەیاندنی ئێمەدا دووبارە دەبێتەوە و ئەویش نەبوونی کولتووری لێبوردن و ئامادەیی حوکمە پێشینەکانە.

**سێیەم: نەبوونی کولتووری لێبووردن و ئامادەیی حوکمی پێشینە:**

لۆژیکی سیاسەت لە وڵاتی ئێمەدا لۆژیکێکە تا سەر ئێسقان پابەندی حوکم و بەدگومانیی پێشینەیە. ڕەگوڕیشەی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەموو بەدگومانییەی مێژوو لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی ئێمەدا دروستیکردووە و، هەر لێرەشەوە پەڕیوەتەوە بۆ ناو یەکبەیەکی ئەندامەکانی کۆمەڵ و ناو ئەو گوتارەشەوە کە پێی دەگوترێ گوتاری ڕۆشنبیری کورد.

لە کولتوورێکدا کە هزر و ئاوەز نەتوانن دادوەری بکەن، ئەوە یادوەرییەکان بەردەوام خۆیان لە شێوەی حوکمی پێشینە و بەدگومانیدا دەسەپێنن و داوای حەقسەندنەوە و تۆڵەمان لێدەکەن، کەئەمەش دەبێتە هۆی لاوازکردنی هەر پڕۆژەیەکی ستراتیژی هاوبەش بۆ داهاتوو: هەر هێزێکی کوردی دەگرێت خاوەنی چەندین یادەوەری خوێناوی و تاڵە لەگەڵ هێزەکانی دیکەدا و ئەمەش لۆژیکێکی بۆ دروستکردووە بەردەوام پێیدەڵێت: تۆ لە ڕابردوودا و لەگەڵ هێزی بەرامبەردا ئەزموونی تاڵ و ناخۆشت هەیە و نابێت ڕێگە بەخۆت بدەیت پێکەوە بچنە ناو یەک ئایندەوە. ڕێک ئالێرەشەوەیە کە ئیرادە و خواستی حیزب زاڵ دەبن بەسەر ئیرادە و خواستی نەتەوەدا. حیزب ناتوانێت لە پێناوی ڕزگارکردنی مێژوو و هەیبەتی نەتەوەدا، کە مێژوویەکی پڕ لەتراژیدیایە و هەیبەتێکی بریندارە؛ دەست لە یادوەرییەکانی خۆی هەڵبگرێت و بە سارێژکردن و دڵدانەوەی

www.kurdistannet.org

برینەکانی نەتەوە، برینداریيە تايبەتييەكانی خۆی سارێژ بكاتەوە، بە وەدەستهێنانی دەستكەوتێكی ستراتيژی بۆ نەتەوەش دڵی ئازارەكانی خۆی بداتەوە. بەمجۆرەش زەمینەی بەردەوامیی حوكمە پێشینەكان دووبارە دەبێتەوە و «لێبووردن» لەسیاسەتی ئێمەدا، تەنیا وەک دروشمێک دەمێنێتەوە. هەر بۆيەشە هیچ كامێک لە ڕووداوەكان و هیچ یەكێک لە چالاكییە تیرۆریستيیەكان و پلانە دوژمنكارييەكان، كە لە وڵاتی ئێمەدا و لە ناوچەی ئیداریی هەردوو حیزبە گەورەكەدا ژمارەیان زۆرە و مەترسیی جیدییشیان بۆ هەردوو لا دروستكردووە، نابنە هاندەر و دەرس بۆ داڕشتنی ستراتيژێكی هاوبەش..

لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا ژمارەیەكی زۆر ناڕەوايی و دەستدرێژی كرانە سەركۆمەڵگای ئێمە، كە بەرژەوەندی هەموو هێزە كوردييەكانیشیان خستنە بەردەم مەترسیی زۆر جیدييەوە، كەچی پەرچەكرداری ئەوان لە بروسكە ناردن و هاودەردیكردن و دەستگیرۆییكردنی مادیی تێپەڕی نەكرد. لەكاتێكدا ئەگەر لۆژیكی بەدگومانی و حوكمی پێشینە هێندە لە سیاسەتی كورديدا ئامادەییان نەبوايە، دەبا ئەو ڕووداوانە ببوونايەتە هاندەر بۆ بە عەقڵانیكرنی سیاسەت و داڕشتنی پەیماننامەیەكی نەتەوەیی و دامەزراندنی دادگایەكی سەراپاگیر بۆ سزادان و حوكمدان بەسەر هەموو ئەوانەدا كە بەناوی عەقیدە و ئایین و ئایدیۆلۆژیاوە، دەستدرێژی دەكەنە سەر تەبایی كۆمەڵایەتی و فرسەت لە دابەشبوونی ئیدارەی كوردی وەردەگرن بۆ جێبەجێكردنی ئەو پلانانەی كە ئەزموونی ئێستامان دەخەنە مەترسییەوە.

لەدۆخی ئێستای كۆمەڵگای ئێمەدا، ئەوەندەی پێویستیمان بە ڕاگەیاندنی سەركەوتنەكان و دروستكردنی لایەنگر هەیە لەدژی تیرۆریست و خراپكارەكان، هێندەش زیاتر پێویستە ئیش بكرێت بۆ ڕزگاركردنی سیاسەت لە بەدگومانی و حوكمە پێشینەكان و دەیان ئەوەندەش پتر پێویستیمان بە دامەزراندنی كولتووری لێكبووردن و مودارا هەیە. لە ڕووی مێژووييەوە بەدگومانی دۆخێكە لەناو هەموو كولتوورەكاندا هەبووە و هەیە، بەڵام لێكبووردن كولتوورێكە دەبێت دروستبكرێت و یەكێک لە گرنگترین جۆرەكانی لێكبووردنیش سازدانی لێبووردوويی سیاسییە. ئێمە ئێستا لە وڵاتێكدا دەژین كە هەموو شتێک تێكەڵ بە هەموو شتێكی دیكە دەكرێت و هیچ شتێک لەبەر هۆی تايبەتيی خۆی هەڵناسەنگێندرێت، ئەمەش بۆتە هۆی لاوازكردنی بڕیاری عەقڵانی و سڕینەوەی خەونی هاوبەش و حوكمدانی ناشەرعی و نغرۆبوون لە ناو بڕیارە پێشینەكاندا. مەترسیی گەورە لە دروستبوون و گەورەبوونی هێزە توندڕەوەكان و زۆربوونی پلانە دوژمنكارييەكان و زیادبوونی هەڕەشەكاندا نییە، بەڵكو مەترسی هەرە گەورە مانەوەیە لە دۆخی تەسلیمبوونی هەمیشەیی بە یادوەری و گوێگرتن لە حوكمەپێشینەكان و ڕەواجدان بە بەدگومانی، كە هەموو ئەمانە ڕێگرن لەبەردەم عەقڵانیەتی سیاسیدا كە یەكێک لە ئەنجامەكانی هەر عەقڵانیەتێک بریتیە لە دروستكردنی كولتووری لێكبووردن.

* * *

هیچ گەرانتێک نییە بۆ دووبارە نەبوونەوەی ڕووداوەكان بە شێوەی دیكە و لە ئاستی دڵتەزێنی تردا، هیچ گەرانتێک نییە كە سبەی هەردوو حیزبە گەورەكەی كوردستان ڕووبەڕووی كۆستی دڵتەزێن نەبنەوە و، زەفەریان پێنەبرێت و ئەندامی بەرزی خۆیان لەدەست نەدەن، هیچ گەرانتێک نییە ئەو ئاسایشە نیسبی و دەستكەوتە سیاسی و كەلتووری و ئابووری و ئیداریانەی ئێستای ئەم بەشەی كوردستان كۆتاییان پێنەیەت. هیچ گەرانتێک نییە كە ئێمەی كورد لە موعادەلە سیاسییەكانی سبەینێی جیهاندا، ئەو خەسڵەتەمان تیا دەمێنێت كە دەبێتە هۆی ئەوەی پشتگیریمان لێبكرێت. هیچ گەرانتێک نییە كە سەركردەی هەردوو حیزب و ئیدارییە بەرزەكانی حكومەتی هەرێم، دووچاری ڕووداوی سرووشتی و تەندروستی ئەوتۆ نابن، كە ببێتە هۆی لەناوچوونیان.. ئەوەی دەبێتە گەرانتی بۆ هێشتنەوەی ئەم دۆخە و پاراستنی بەرژەوەندييەكان،

www.kurdistannet.org

ئیشکردنی عەقڵانیانەیە بۆ گۆڕینی شێوازی ململانێکان: لە ململانێی نێوان دوو (هێز)ەوە کە بەردەوام لە نیەتی یەکتری بەدگومانن و ترس نێوانیانی داگیرکردووە، بۆ ململانێی نێوان دوو (دەسەڵات)ی سیاسی، کە ڕووبەڕووی یەکتری دەبنەوە و دەتوانن لەسەر ناکۆکیەکانیان گفتوگۆ ساز بکەن و لەپێناوی بەرژەوەندییەکانیاندا هاوکاریی ئیداریانەی یەکتری بکەن. تەنانەت (ئاشتی)ش ناتوانێت گەرانتێک بێت لەبەردەم ڕووداوە گریمانەکراوەکانی داهاتوودا، چونکە ئاشتی بۆتە یۆتۆپیایەک، کە دەشێت لەداهاتوودا خۆی بسەپێنێت، بەڵام نابێت چاوەڕوانیکردنی ئەو ئاشتییە یۆتۆپیایە، ببێتە ڕێگر لە بەردەم هەنگاو هەڵهێنانەوەی هەنووکەییدا لە دژی هەڕەشەکان.

کێشەکە لەوەدایە هەردوو هێزی ناوبراو، وەها تەماشای ئاشتی دەکەن، کە دۆخێکە تیایدا ئەوان (تێکەڵ) بە یەکتر دەبن و هەریەکەیان سەربەخۆیی تایبەت بەخۆی لەدەست دەدات. ئەوەی ئەم تێگەیشتنە هەڵەیە لە دۆخی ئاشتی هەڵدەگێڕێتەوە بۆ تێگەیشتنێکی واقیعیانە، بریتییە لە دامەزراندنی ئەو دەزگا و دامەزراوانەی کە بارودۆخی ناوخۆیی لە هەڕەشەی دەرەکی و ناوەکی دەپارێزن.

لەبەر ئەوە ئاشتی تێکەڵبوون نییە بەیەکتر، بەڵکو ئیشکردنە بۆ هێنانەکایەی دۆخێک کە تیایدا ئاساییش بێتە کایەوە و لە سایەیدا دەسەڵاتە جیاوازەکان ململانێ بکەن بەبێ ئەوەی وزەی خۆیان بۆ چاودێریکردنی یەکتر تەرخان بکەن. ئەوەی پێویستە چاودێری بکرێت، ئەو هێزانەن کە مەترسی لەسەر هەنووکە دروست دەکەن و بەم یان بەو شێواز، شیرازەی کۆمەڵگاکەمان دەشێوێنن. دەمەوێت جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە، کە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ جوندی ئیسلام و هاوکارەکانیان، بەس نییە هەڵەبجە ڕزگار بکرێت و بکوژانی فەرەنسۆ حەریری و هاوڕێکانی بە سزای خۆیان بگەن، بەڵکو دەبێت ئەم ڕووداوانە هاندەر بن بۆ دامەزراندنی ئەو دەزگایانەی ئاسایشی گشتی دەپارێزن و، دەزگا ئەمنیەکانی یەکێتی و پارتی ڕزگار دەکەن لەوەی لە پێناوی چاودێریکردنی یەکتریدا، ببنە پرد بۆ پەڕینەوەی تیرۆریست و توندڕەوەکان بەناو مەڵبەندەکانی وڵاتدا. ئەمکارە پێویستی بە ئاشتی نییە وەک بنەمایەک و وەک یۆتۆپیایەک، کە بۆی هەیە لەداهاتوودا بێتە دی، بەڵکو پێویستی بە وازهێنانە لە بەدگومانی و یادەوەرییە تاڵەکان و دامەزراندنی کولتووری لێکبووردن و مودارا، چونکە بەبێ دامەزراندنی کولتوورێکی ئەوتۆ، هیچ ئاشتییەک بە پایەداری نامێنێتەوە. ئەوەی ئەم دوو حیزبە پێی دەڵێن: «ڕێکخستنەوەی ناو ماڵی کوردی» شتێک نییە لە دەرەوەی «ڕێکخستنی دەزگا ئاسایشەکانی حیزب» و دروستکردنی تیمی هاوبەشی تایبەت لەهەردوولا، کە لە ڕووی دەروونییەوە ئامادەکرابن بۆ هاوکاریکردن لەسەر ئەو مەبدەئەوە کە دەڵێت: کورد لەسەرووی پارتی و یەکێتییەوەیە. چونکە بەڕاستی ئەگەر ماڵی کوردی ڕێکبخرێتەوە، دەبێت پارێزگاریشی لێبکرێت..

**ئەنجامگیری:**

دەشێت تێکەڵکردن و وڕێنەکردن دوو ڕووی یەک سکە بن و لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا دوو کردەی چێژ بەخش بن، وەلێ کاتێک لەسیاسەت و ڕاگەیاندندا شتەکان تێکەڵ دەکەین، ئیدی دەبێت لەسەر ئەم دۆخە بوەستین و بیری لێ بکەینەوە.

سیاسەتی ئێستای هێزە کوردییەکان، لە ئاست ڕووداوەکاندا، سیاسەتێکی ناواقیعییە ، ئەمەش وایکردووە سیاسەتێکی ناعەقڵانی بێت. ناعەقڵانی بەو مانایەی کە عەقڵ لەم سیاسەتەدا نەبۆتە بەهایەک و ڕەگەزێکی بنەمایی بۆ گەیشتن و بەدەستهێنانی زانین و مەعریفە لەسەر بارودۆخەکانی کۆمەڵگا و ڕووداوەکان. لێرەشەوە ئەوەی لەم سیاسەتەدا بۆتە پارسەنگ بریتییە لە یادەوەری حزب و تێگەیشتنێکی هەستەوەرانەی پڕ لە بەدگومانیی دەستوپێگر، کە هەمیشە داوای ڕێژەیەک لە لایەنگیری و تەئیدکردنمان لێدەکات. ئەمەش لەکاتی سەرهەڵدانی ڕووداوەکاندا، دەبێتە سیمای دیاری ڕاگەیاندن و گوتاری سیاسی و ناهێڵێت ڕووداوەکان لە ئاستێکی هەستەوەرانەوە بچنە

www.kurdistannet.org

ئاستێکی فیکرییەوە، کە تیایدا هێزی ڕەخنەگرتن و بەخۆدا چوونەوە چالاک بن.

دوو حیزبە گەورەکەی کوردستان، لەکاتی ڕووداوەکان و یادکردنەوەکاندا چاوەڕوانی ئەوەمان لێدەکەن لە تراژیدیا و کەرنەڤاڵەکانیاندا بەشدار بین و برژێینە سەر شەقامەکان و ڕۆژنامەکان بە وتاری لایەنگیریکردن پڕ بکەینەوە، بەبێ ئەوەی ڕەخنە و پێشنیارەکانمان لێ قەبوڵ بکەن. لەوکاتانەشدا کە ئێمەی هاوولاتی دەمانەوێ بەشداری لە بەرهەمهێنانی تێگەیشتنێکی دیکەدا بۆ ڕووداوەکان بکەین و یادکردنەوەکان بکەینە دەروازەیەک بۆ خوێندنەوەی ڕابردووەکان، بەوە تاوانبارمان دەکەن، کە لە دژی بەرژەوەندی نیشتیمانی دەجووڵێینەوە و ئەزموونی کوردی بەرکەند دەکەین و چەواشەکاری دەکەین. لەو کاتەشدا کە خۆمان تەسلیم ناکەین بەو گوتارە سادانەی کە ڕاگەیاندنی ئەوان لەسەر ڕووداوەکان بەرهەمی دەهێنن و ئینشانووسەکان دایدەڕێژن، بە نەیاری خۆیانمان لەقەڵەم دەدەن. کێشەکە لەوەدایە، حیزب تا هەنووکەش نەیتوانیوە جیاوازی بکات لە نێوان هەڵوێستی ڕەخنەیی هاوولاتیان و هەڵوێستی تێکدەرانەی تیرۆریستەکان، تا ئێستاش زەرووەرەتی ڕەخنەگرتن و گفتوگۆی کراوە لە کردەی تیرۆریستی و خەراپکاری جیا ناکەنەوە.. حیزبەکان بیریان دەچێت کە لە ساتەوەختی هەر ڕووداوێک و تیرۆرکردنی هەر کەسایەتی و شیرازەتێکچوونی هەر ساتەوەختێکدا، ئێمەش خەمدەخۆین و بریندار دەبین و ترس یەخەمان دەگرێت. حیزب نایەوێت بزانێت، کە دڵسۆزەکانی ئەو لەم وڵاتەدا گەلێک لە ئەندامە ڕەسمییەکانی زیاترن. لێرەشەوە حاڵەتەکان تێکەڵ بەیەکتر دەکرێن و هاوولاتی لە نەیار و، تیرۆریست لە ڕەخنەگر و، خۆبە ئیسلامی پێناسەکردوو لە مسوڵمان جیاناکرێنەوە و، بەمجۆرەش پانتایی توندڕەوی بەرین و بەرینتر دەبێت.

تێکەڵکردن خۆش و چێژ بەخش و ئاسانە، وەلێ نەک لەسەر حسابی جیاکردنەوەی ورد و دیققەتی تێڕامان و ئایندەیەکی هاوبەشەوە، کە هەموومان بەرپرسیارین لە دروستکردنیدا.

**٢٠٠١/١١/١٥ هەولێر**

**تێبینی:ئەم گوتارە پێشتر بە دووبەش لە هەفتەنامەی(گوڵان)دا بڵاو بۆتەوە**